حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی زمانی کوردی

# هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا

## (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە)

نامەیەکە

ژاوەرۆ عباس عمر

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە
لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح

٢٧٢٢کوردی

٢٠٢٢ زاینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشت

ئەم نـــامەیەی خوێنـــدکار (ژاوەرۆ عبـــاس عمـــر) بەناونیشـــانی (هێـــزی ڕاکێشـــان لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا- لێکـــۆڵینەوەیەکی زمـــانەوانی کـــۆمەڵایەتییە)، بە چـــاودێری مـــن لە کـــۆلێجی پەروەردەی بـــنەڕەت/ زانکـــۆی ســـلێمانی ئامـــادەکراوە و بەشـــێکە لە پێداویســـتییەکانی بەدەســـتهێنانی بڕوانـــامەی ماســـتەر لە زمـــانی کوردیـــدا، پێشـــنیاز دەکەم پێشـــکەش بە لیـــژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
بەروار:

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
پ.ی.د.
بەروار:

## ڕاپۆرتی لیژنەی وتوێژو هەڵسەنگاندن

ئـــێمە وەک ئەنـــدامانی لیـــژنەی وتـــوێژ و هەڵســـەنگاندن، ئەم نامەیەمـــان خوێنـــدەوە، کە بەناونیشـــانی (هێـــزی ڕاکێشـــان لە کـــوردەی ئاخاوتنـــدا- لێکـــۆڵینەوەیەکی زمـــانەوانی کـــۆمەڵایەتیی)یە، لەگەڵ خوێنـــدکار (ژاوەرۆ عبـــاس عمـــر)دا گفتوگۆمـــان لەبـــارەی نـــاوەڕۆک و لایەنەکـانی تـری کـردو بڕیارمانـدا، کە شـایەنی ئەوەیە بە پـلەی (      ) بڕوانـامەی ماسـتەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ
ناو: پ.د. عبدالواحید موشیر دزەیی
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
بەروار:

واژۆ
ناو: پ.د. صباح موسى علی
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام
بەروار:

واژۆ
ناو: پ.ی.د. عبدالله عزیز محمد بابان
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار:

واژۆ
ناو: پ.ی.د. دەرون عبدالرحمن صالح
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار:

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی پەسەند کرا.

واژۆ
ناو: پ.ی.د. علی قادر عثمان
ڕاگری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەروار:

**پێشکەشە بە**

- دایک و باوکی میهرەبانم، کە خۆنەویستانە منیان گەیاند بەم ڕۆژە.
- ئەو کەسەی هەمیشە ئاسودەیم پێدەبەخشێت هاوسەری خۆشەویستم (محمد).
- بینایی چاوەکانم (میلان گیان).
- خوشک و برا ئەزیزەکانم.

ژاوەرۆ

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ:

- بۆ خوای گەورەو باڵادەست، کە دەرفەتی پێدام بەم ڕۆژگارە بگەم.
- مامۆستاو سەرپەرشتیاریی بەڕێز و ئازیزم (پ.ی.د.دەرون عبدالرحمن صالح)، کە بەوپەڕی لەخۆبوردوییی و دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی نامەکەمی لە ئەستۆ گرت و بە هەموو تواناو وزەی خۆیەوە پێ بە پێ لە نوسینی نامەکەدا هاوکار و پاڵپشت و هاندەرم بووە هیوادام هەمیشە لەش ساغ و تەمەن درێژ بێت.
- بۆ هاوڕێ و هاوژینی ئازیزم (محمد)، کە هەمیشە هاندەرو پاڵپشتم بووە بۆ گەیشتن بەم قۆناغەی ئێستام.
- بۆ سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی لە قۆناغەکانی خوێندندا وانەیان پێوتوومەتەوە هەر لە قۆناغی سەرەتاییمەوە تاوەکو قۆناغی ماستەر.
- سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم، کە بە درێژایی کارکردن لە توێژینەوەکەم و لە بەئەنجامگەیاندنیدا هاوکارم بوون، بەتایبەت سەرۆکایەتی بەشی کوردی، ڕاگرایەتی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی، کە هەردەم پاڵپشتی پرۆسەی خوێندنی باڵا دەکەن.

# لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
| --- | --- |
| Action model | کردە مۆدێل |
| Body communication | پەیوەندیکردنی جەستەیی |
| Channel | کەناڵ |
| Communication proses | پرۆسەی پەیوەندیکردن |
| Communication theory | تیۆرەکانی پەیوەندیکردن |
| Constructivist model | مۆدێلی دارێژەر |
| Context | دەوروبەر |
| Element of communication | بنەماکانی پەیوەندیکردن |
| Environment | ژینگە |
| Feedback | فیدباک |
| Formal style | شێوازی فەرمی |
| Functional grammar | رێزمانی ئەرکی |
| Functional theory | تیۆری ئەرکی |
| Group communication | پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ |
| Halliday school | قوتابخانەی هالیدای |
| illocutionary act | کردەی مەبەست |
| Informal style | شێوازی نافەرمی |
| Interaction model | مۆدێلی کارلێککردن |
| Interpersonal communication | پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان |
| Intonation | ئاوازە |
| Intrapersonal communication | پەیوەندیکردنی خودی |
| Language and culture | زمان کلتور |
| Language and society | زمان و کۆمەڵ |
| Language style | شێوازی زمان |
| Lectionary act | کردەی دەربڕین |
| Mass communication | پەیوەندیکردنی جەماوەریی |

| | |
|---|---|
| Message | پەیام |
| Morphology Level | ئاستی وشەسازیی |
| Non-verbal communication | پەیوەندیکردنی نازارەکی |
| Paradigmatic | پەیوەندی واتایی ستونی |
| Pauses | وەستان |
| Perloctionary act | کردەی پاشکار |
| Phonetic and phonology | ئاستی دەنگسازی |
| Power of speech/ attraction | هێزی ڕاکێشان |
| Powerful | بەهێز |
| Powerless | بێهێز |
| Pragmatic Level | ئاستی پراگماتیک |
| Receiver | وەرگر |
| Semantic Level | ئاستی سیمانتیک |
| Sender | نێرەر |
| Stress | هێز |
| Supra segmental phoneme | فۆنیمە ناکەرتییەکان |
| Syntagmatic | پەیوندی واتایی ئاسویی |
| Syntax Level | ئاستی ڕستەسازی |
| The London school | قوتابخانەی لەندەن |
| The Prague school | قوتابخانەی پراگ |
| Theme and Rheme | باس و خواس |
| Topicalization | ڕستەی باسمەند |
| Transaction model | مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن |
| Verbal communication | پەیوەندیکردنی زارەکی |
| Voiceprint | مۆری دەنگی |
| Written communication | پەیوەندیکردنی نوسراو |

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| (١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە | ١ |
| (٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە | ١ |
| (٣/٠) کەرەستەی نامەکە | ١ |
| (٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە | ١ |
| (٥/٠) گرنگی نامەکە | ١ |
| (٦/٠) بەشەکانی نامەکە | ٢ |
| **بەشی یەکەم: پرۆسەی پەیوەندیکردن پەیوەست بە کۆمەڵەوە** | ٢-٢٥ |
| (١/١) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن | ٣ |
| (٢/١) چەمک و پێناسەی پەیوەندیکردن | ٤ |
| (٣/١) بنەماکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن | ٥ |
| (١/٣-١) نێرەر | ٥ |
| (١/٣-٢) پەیام | ٦ |
| (١/٣-٣) کەناڵ | ٧ |
| (١/٣-٤) وەرگر | ٧ |
| (١/٣-٥) ژینگە | ٧ |
| (١/٣-٦) فیدباک | ٨ |
| (٤/١)جۆرەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن | ٨ |
| (١/٤-١)پەیوەندیکردنی خودی | ٨ |
| (١/٤-٢)پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان | ٩ |
| (١/٤-٣)پەیوەندیکردنی بە کۆمەڵ | ٩ |
| (١/٤-٤)پەیوەندیکردنی جەماوەریی | ١٠ |
| (٥/١) ئامانجەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن | ١٠ |
| (١/٥-١)دۆزینەوەی زانیاریی | ١٠ |
| (١/٥-٢)مەبەستی یارمەتیدان | ١١ |
| (١/٥-٣)مەبەستی ڕازیکردن | ١١ |
| ١/٥-٤)مەبەستی کاتبەسەربردن | ١١ |
| (٦/١) شێوەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن | ١٢ |
| (١/٦-١)پەیوەندی زارەکی (گوتەیی) | ١٢ |
| (١/٦-٢)پەیوەندی نازارەکی (ناگوتەیی) | ١٢ |
| (١/٦-٢/آ)پەیوەندیکرنی نوسراو | ١٣ |

| | |
|---|---|
| (١/٦-٢/ب)پەیوەندیکردنی جەستەیی | ١٣ |
| (٧/١) تیۆرەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن | ١٤ |
| (١/٧-١)کردە مۆدێل | ١٤ |
| (١/٧-٢)مۆدێلی کارلێککردن | ١٥ |
| (١/٧-٣)مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن | ١٥ |
| (١/٧-٤)مۆدێلی داڕێژەر | ١٦ |
| (٨/١) زمان و کۆمەڵ | ١٧ |
| (٩/١) زمان و کلتور | ١٩ |
| (١٠/١) کاریگەریی زمان و کلتور لەسەر یەکتری | ٢١ |
| (١١/١) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا | ٢٣ |
| (١٢/١) ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان | ٢٣ |
| (١٣/١) پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان | ٢٤ |
| (١/١٣-١)پەیوەندی ستوونی | ٢٤ |
| (١/١٣-٢)پەیوەندی ئاسۆیی | ٢٥ |
| **بەشی دووەم: هێزی ڕاکێشان پەیوەست بە تیۆریی ئەرکییەوە** | ٢٦-٧٨ |
| (١/٢) هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا | ٢٦ |
| (٢/١-آ) ڕێزگرتن | ٢٨ |
| (٢/١-ب) ڕەگەز | ٢٩ |
| (٢/١-ج) زمانی جەستە | ٣٠ |
| (٢/٢) هۆکارە کاریگەرەکانی سەر هێزی ڕاکێشان لە نێوان ئاخێوەراندا | ٣٠ |
| (٢/٢-١) هۆکاری دەرونی | ٣٠ |
| (٢/٢-٢) هۆکاری ئاینی | ٣١ |
| (٢/٢-٣) هۆکاری سیاسی | ٣٢ |
| (٢/٢-٤) هۆکاری ئابوریی | ٣٣ |
| (٢/٢-٥) هۆکاری کۆمەڵایەتی | ٣٣ |
| (٢/٢-٦) هۆکاری ڕۆشنبیری | ٣٤ |
| (٣/٢) تیۆری ئەرکی | ٣٥ |
| (٢/٣-١) قوتابخانەی پراگ | ٣٧ |
| (٢/٣-٢) قوتابخانەی لەندەن | ٣٧ |
| (٢/٣-٣) قوتابخانەی هالیدای | ٣٩ |
| (٤/٢) بنەماکانی تیۆری ئەرکی | ٣٩ |
| (٥/٢) تایبەتمەندییەکانی تیۆری ئەرکی | ٤١ |
| (٦/٢) ڕەنگدانەوەی هێزی ڕاکێشـــان لەئاســـتەکانی زماندا پەیوەســـت بە تیۆری ئەرکییەوە | ٤٢ |

| | |
| --- | --- |
| (٦/٢-١) ئاستی دەنگسازی | ٤٣ |
| (٦/٢-١/١) فۆنیمە ناكەرتییەكان | ٤٤ |
| (٦/٢-١/١-ا) هێز | ٤٤ |
| (٦/٢-١/١-ب) ئاوازە | ٤٥ |
| (٦/٢-١/١-ج) وەستان | ٤٧ |
| (٦/٢-١/١-د) قەبارەی دەنگ (بەرزی و نزمی دەنگ) | ٤٨ |
| (٦/٢-١/١-ه) جۆری دەنگ | ٤٩ |
| (٦/٢-٢) ئاستی وشەسازی | ٥٠ |
| (٦/٢-٣) ئاستی ڕستەسازی | ٥٤ |
| (٦/٢-٣/آ) ڕستەی باسمەند | ٥٧ |
| (٦/٢-٤) ئاستی واتا | ٦٠ |
| (٦/٢-٤/١) ئاستی سیمانتیک | ٦١ |
| (٦/٢-٤/٢) ئاستی پراگماتیک | ٦٤ |
| (٧/٢) كاریگەریی شێواز لەهێزی ڕاكێشان لە نێوان ئاخێوەراندا | ٧٢ |
| (٧/٢-١) شێوازی زمان | ٧٢ |
| (٧/٢-٢) جۆرەكانی شێواز | ٧٣ |
| (٧/٢-٢/١) شێوازی نافەرمی | ٧٤ |
| (٧/٢-٢/٢) شێوازی فەرمی | ٧٥ |
| (٧/٢-٢/٢-آ) بەهێز | ٧٦ |
| (٧/٢-٢/٢-ب) بێهێز | ٧٦ |
| **بەشی سێیەم: پراكتیزەكردنی هێزی ڕاكێشان پەیوەست بە ئەركەكانی زمان** | ٧٩-١٢٦ |
| (١/٣) هێزی ڕاكێشان لە ئەركەكانی زماندا لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەركییەوە | ٧٩ |
| (١/٣-١) هەواڵگەیاندن | ٧٩ |
| (١/٣-٢) پرسیاركردن | ٨٠ |
| (١/٣-٣) داخوازی/ فەرماندان | ٨٠ |
| (١/٣-٤) ڕاپەڕاندن | ٨١ |
| (١/٣-٥) هەست دەربڕین | ٨١ |
| (١/٣-٦) وروژاندن | ٨١ |
| (١/٣-٧) جێخۆشكردن | ٨٢ |
| (٢/٣) پەیوەستبوونی هێزی ڕاكێشان بە ئەركەكانی زمانەوە لە بۆنە كۆمەڵایەتییەكاندا | ٨٢ |
| (٢/٣-١) ڕازیكردن | ٨٣ |
| (٢/٣-٢) هەڵخەڵەتاندن | ٨٦ |
| (٢/٣-٣) ستایشكردن | ٨٩ |
| (٢/٣-٤) ماستاوكردن | ٩١ |

| | |
|---|---|
| (٣/٢-٥) دڵدانەوە | ٩٤ |
| (٣/٢-٦) هاندان | ٩٧ |
| (٣/٢-٧) سوێندخواردن | ١٠٠ |
| (٣/٢-٨) خۆهەڵکیشان | ١٠٣ |
| (٣/٢-٩) هێرشکردن | ١٠٥ |
| (٣/٢-١٠) توانج و تانە | ١٠٨ |
| (٣/٢-١١) داواکردن | ١١٠ |
| (٣/٢-١٢) تکاکردن | ١١٣ |
| (٣/٢-١٣) پاڕانەوە | ١١٥ |
| (٣/٢-١٤) دوعاکردن | ١١٨ |
| (٣/٢-١٥) هەڕەشەکردن | ١٢٠ |
| (٣/٢-١٦) پۆزشهێنانەوە | ١٢٣ |
| ئەنجام | ١٢٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٢٨ |
| ملخص البحث | ١٣٧ |
| Abstract | ١٣٨ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشـــانی ئەم نـــامەیە بـــۆ (هێـــزی ڕاکێشـــان لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا- لێکـــۆڵینەوەیەکی زمـــانەوانی کـــۆمەڵایەتییە) تەرخـــانکراوە، مەبەســـتی ســـەرەکی لێکـــۆڵینەوەکەش ناســـاندن و ڕوونکـردنەوەی پرۆســـەی هێـزی ڕاکێشـانە لەکـردەی ئاخاوتنـدا لە سـەرجەم ئاسـتەکانی زمـانی کوردیـــدا پەیوەســـت بە ئەرکەکـــانی زمـــان لە بـــۆنە کۆمەڵایەتییەکانـــدا وەک (ڕازیکـــردن، ستایشکردن، ....هتد).

## ٢/٠) هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

هێـزی ڕاکێشـــان وەک ئامـــانجی ســـەرەکی و بنەڕەتـــی پرۆســـەی پەیوەنـدیکردن لە کـردەی ئاخاوتنـدا، بە یەکێـک لەو کـردە پـڕ بایەخـانە هەژمـار دەکرێـت، کە لەزمـانی کوردییـدا پەیوەسـت بە تیـۆری ئەرکیـیەوە لێکـۆڵینەوەی لەبـارەوە نەکـراوە، هەروەهـا لەڕوانـگەی زانسـتی زمـانەوانی کـۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکـی گرنگـی لە کـردەی ئاخاوتنـدا پەیوەسـت بە بـۆنە کۆمەڵایەتییەکـانەوە هەیە، چـــونکە ئـــاخێوەران بەبەردەوامـــی لە ژیـــانی ڕۆژانەدا بـــۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکانیـــان سودی لێوەردەگرن.

## ٣/٠) کەرەستەی نامەکە:

لەنوسینی ئەم نامەیەدا، زمانی کوردی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەکارهێنراوە و نموونەکان لە خودی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەرگیراوە.

## ٤/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم نامەیەدا پەیڕەوی ڕێبازی (وەسفی شیکاریی) کراوە لە چوارچێوەی تیۆریی ئەرکیدا.

## ٥/٠) گرنگی نامەکە:

گرنگـی هەر لێکـۆڵینەوەیەکی زانسـتی بەوە دیاریـدەکرێت، تـا چەنـد سـودمەندە بـۆ کـۆمەڵ و لایەنـی زانسـتی ئەو بـوارە، هەر بـۆیە گرنگـی ئەم لێکـۆڵینەوەیە لەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کە شـــیکاریی بـــۆ زمـــانی ئاخـــاوتنی ڕۆژانەی کـــۆمەڵ لەئەرکەکـــانی زمـــان لەڕوانـــگەی بـــۆنە کۆمەڵایەتییەکانـــدا دەکـــات، هاوکـــات بـــۆ یەکەمجـــارە پەردە لەســـەر ئەو دەربـــڕینە زمانییـــانە پەیوەسـت بە ئاسـتەکانی زمـانەوە لە چوارچێـوەی تیـۆری ئەرکیـدا هەڵـدەماڵین، کە ئـاخێوەران لە ژیـــانی ڕۆژانەیانـــدا لە پێنـــاو سەرنجڕاکێشـــانی بەرامبەرییـــان بـــۆ گەیشـــتن بە خواســـت و ویسـتەکانییان بەکاریـدەهێنن و سـودی لێـدەبینن، هەربۆیەشـە پرۆسـەی هێـزی ڕاکێشـان وەکـو پرۆسەیەکی بەهادار و مەبەستدار لە کردەی ئاخاوتندا سەیر دەکرێت.

## ٦/٠) بەشەکانی نامەکە:

نـــامەکە جـــگە لە پێشـــەکی و ئەنجـــام و لیســـتی ســـەرچاوەکان لە ســـێ بەش پێکهـــاتووە بەمشێوەیە:

### بەشی یەکەم:

لەبەشـی یەکەمـدا بـاس لە پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن پەیوەسـت بە کـۆمەڵەوە کـراوە، کە تێیـدا بەشـێوەیەکی تیـۆری ئەم بابەتـانەی لەخۆگرتـووە: زمـان و پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن، چەمـک و پێناســەی پەیوەنــدیکردن، جۆرەکــانی پەیوەنــدیکردن، ئامانجەکــانی پرۆســەی پەیوەنــدیکردن، شـێوەکانی پەیوەنـدیکردن، تیۆرەکـانی پەیوەنـدیکردن، پاشـان زمـان و کـۆمەڵ و زمـان و کلتـور و کــاریگەریی زمــان و کلتــور لەســەر یەکتــری، هەروەهــا کــارابوونی زمــان لە پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکانــدا و ئەرکــی کــۆمەڵایەتی زمــان و پەیوەنــدی کــۆمەڵایەتی نێــوان تاکەکــان خراوەتەڕوو.

### بەشی دووەم:

لەبەشـی دووەمـدا بـاس لە (هێـزی ڕاکێشـان پەیوەسـت بە تیـۆریی ئەرکـی)یەوە کـراوە، لەم بەشــەدا تیشــکخراوەتە ســەر هێــزی ڕاکێشــان لە کــردەی ئاخاوتنــدا، فــاکتەرە کاریگەرەکــانی ســەرهێزی ڕاکیشــان لەنێــوان ئاخێوەرانــدا، هاوکــات باســمان لە تیــۆری ئەرکــی و قوتابخــانەو بنەمــا و تایبەتمەنــدییەکانی ئەم تیــۆرە کــردووە، هەروەهــا بەشــێوەیەکی وردو چــڕ کارمــان لەســەر ڕەنگــدانەوەی هێــزی ڕاکێشــان لە ئاســتەکانی زمــانی کوردیــدا پەیوەســت بە تیــۆری ئەرکیــیەوە کــردووە وەک ئاســتی (دەنگســازی، وشەســازی، ڕستەســازی، واتاســازی، پراگماتیک)، جگە لەمەش ڕۆڵ و کاریگەری شێوازمان لە هێزی ڕاکێشاندا ڕوونکردووەتەوە.

### بەشی سێیەم:

نــاوەڕۆکی ئەم بەشــە بــریتییە لە (پراکتیزەکردنــی هێــزی ڕاکێشــان پەیوەســت بە ئەرکەکــانی زمــان)ەوە، کە تێیــدا بەشــێوەیەکی کــورت ئامــاژەکراوە بە (هێــزی ڕاکێشــان لە ئەرکەکــانی زمانــدا لە ڕوانــگەی ڕێبــازی ئەرکیــیەوە) وەک ( هەواڵگەیانــدن، پرســیارکردن، داخــوازی، ڕاپەڕاندن،......هتـد)، چـونکە تیشـکی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەیە لەسـەر بـۆنە کۆمەڵایەتییەکـانە، هەربــۆیە لەم بەشــەدا بەشــێوەکی پراکتیکــی هێــزی ڕاکێشــان تەرخــانکراوە بــۆ بــۆنە کۆمەڵایەتییەکـان لە ژێـر ناونیشـانی (پەیوسـتبوونی هێـزی ڕاکێشـان بە ئەرکەکـانی زمـانەوە لە بــۆنە کۆمەڵایەتییەکانــدا) وەک (ڕازیکــردن، هەڵخەڵەتانــدن، ستایشــکردن، ماســتاوکردن، دڵــدانەوە، هانــدان، ســوێندخواردن، خۆهەڵکێشــان، هێرشــکردن، تــوانج و تــانە، داواکــردن، تکاکردن، پاڕانەوە، دوعاکردن، هەڕەشەکردن، پۆزشهێنانەوە) کاری تێدا کراوە.

# بەشی یەکەم

# پرۆسەی پەیوەندیکردن پەیوەست

# بە کۆمەڵەوە

## ١/١) زمان و پرۆسەی پەیوەندیکردن

زمـــان وەکـــو دیـــاردەیەکی زینـــدوو مـــرۆڤ لە دێـــر زەمـــانەوە لە پرۆســـەی پەیوەندیکردنـــدا بەکاریـــدەهێنێت و ئامرازێـــک بـــووە بـــۆ پەیوەنـــدیکردن و لەیەکتـــر گەیشـــتن لەنێـــوان تاکەکـــانی کۆمەڵـــدا، بەدرێژایـــی مێـــژووی مرۆڤـــایەتی زمـــان بەهەردوو شـــێوەکەی (گـــوتەیی و نـــاگوتەیی) ڕۆڵێکـــی گرنگـــی لە بنیاتنـــانی پرۆســـەی پەیوەندیکردنـــدا بینیـــووە و هەر ئەمەش وایکـــردووە بـــێ بـــوونی زمـــان پرۆســـەی پەیوەنـــدیکردن کـــارێکی ئەســـتەم و نـــاتەواو بێـــت، ئاشـــکرایە هەمـــوو ئەو پێشـــــکەوتن و گەشەســـــەندنانەی مێـــــژووی مرۆڤـــــایەتی بەخـــــۆیەوە بینیـــــوە ســـــەرچاوەکەی دەگەڕێـــتەوە بـــۆ زمـــان و پرۆســـەی پەیوەنـــدیکردن، چـــونکە لەڕێـــگەی زمـــانەوە مـــرۆڤ هـــزر و بیـــر و ئەندێشـــەی خـــۆی بەیانـــدەکات و بۆچوونەکـــانی لەســـەر بـــابەتە جـــۆراو جۆرەکـــان دەخـــاتە ڕوو، جـــــا چ لەســـــەر ئاســـــتی پەیوەنـــــدی خـــــودی (Communication Intrapersonal)، یـــــاخود پەیوەنـــــدی کەســـــی لەگەڵ ئەوانیتـــــردا، یـــــان بە ئاڕاســـــتەی پەیوەنـــــدیکردنی بەکـــــۆمەڵ (Group Communication) ، یاخود پەیوەندیکردنی جەماوەری(MassCommunication).

هەمـــــوو ئاخـــــاوتن و جـــــوڵە و کردارەکـــــانی ڕۆژانەی مـــــرۆڤ وابەســـــتەیە بەپرۆســـــەی پەیوەنـــدیکردنەوە، ئەمەش لەڕێـــگەی زمـــانەوە بەئەنجامـــدەگەیەنرێت. (جـــۆن لایەنـــز) دەڵێـــت : (( ئەگەر بڵێـــین زمـــان ئـــامێرێکە خزمەتـــی پرۆســـەی پەیوەنـــدیکردن دەکـــات ڕاســـتمان گوتـــووە.))( عەبـــدولکەریم ،٢٠٠٧، ١٥٧)، هەروەهـــا (دی سۆســـێر)یش بەمشـــێوەیە لەزمـــانی ڕوانیـــووەو دەڵێـــت: ((زمـــان دیـــاردەیەکی کـــۆمەڵایەتییە بەو مانـــایەی زمـــان بەردەوام پەیوەنـــدی نێـــوان تاکێـــک و تاکەکـــانی دیـــکەی کۆمەڵگـــا دروســـتدەکات، واتە زمـــان لە ڕووە کـــۆمەڵایەتییەکەیەوە جـــگە لە ڕێکخســـــتن و پێکهێنـــــانی پەیوەنـــــدی نێـــــوان تاکەکـــــانی نـــــاو کۆمەڵگـــــا هـــــیچ ئەرکێکیتـــــری نیـیە.))(موحسـین،٢٠٠٨، ١١٣)، سـەرەڕای ئەمەش(( خەڵـک زمـان تەنهـا بـۆ گەیانـدنی بیـر و هەسـت بـۆ بەرامبەرییـان بەکارنـاهێنن، بەڵکـو بەشـێوەیەک بەکاریـدەهێنن تـا بتـوانن پەیوەنـدییان لەگەڵ یەکتـر بەباشـی پەسـن بـکەن و شـوناس بەخۆیـان ببەخشـن.))(عـارف،٢٠١٢، ٤)، کەواتە زمـان بە پـردی پەیوەنـدی نێـوان تاکەکـانی کـۆمەڵ و کۆمەڵەکـانی جیهـان دادەنرێـت، زمـان پـێگە و ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و کەســـایەتی و تەمەن و تـــوخم و شـــوێن و مەبەســـتی مـــرۆڤ ئاشـــکرا دەکات، بەم پێیەش گرنگترین ئەرکی زمان بۆ پەیوەندیکردن و لەیەکتر گەیشتنە.

لەم ســـۆنگەیەوە دەتـــوانین بڵێـــین، بەشـــێوەیەکی گشـــتی ســـێ ئەرک بـــۆ زمـــان دەستنیشـــانکراون ئەوانـــیش بـــریتین لە((گوزارشـــتکردن، پەیوەنـــدیکردن، کـــاریگەری، واتە گوزارشـــــتکردن لە بیـــــروڕا و هەســـــت گەیانـــــدنی بە کەســـــانیتر و کـــــاریگەری دروســـتکردن.))(مغلـی،١٩٧٨، ٩)، واتە ئەوە زمـــانە وا لە مـــرۆڤ دەکـــات بەشـــێوەیەکی کـــاریگەر

پەیوەنــدییکات و مەبەســت و پەیامەکــانی بگەیەنێــت هەر دەربــڕاوێکیش ئەگەر نەچێــتە پرۆســەی پەیوەنــدیکردنەوە چــالاک نابێــت و ڕۆڵ دروســتناکات.((پەیوەندی پــتەوی نێــوان زمــان و مــرۆڤ وایکــردووە بڵێــین مــرۆڤ زمــانە و مرۆڤــایەتی بــێ زمــان بــوونی نیــیە.))( نهـر،١٩٨٨، ١٩)، لێـرەوە دەکرێــت بگوترێــت پەیوەنــدیکردن پرۆســەیەکە پەیوەســتە بە ئــاڵوگۆڕکردنی زانیــاری لە نێــوان تاکەکــانی کــۆمەڵ، کە بەهــۆی ئەو هێمایــانەی لەســەری ڕێککەوتــوون و ڕاهــاتوون بیــرۆکە و زانیارییەکانیــان ئــاڵوگۆڕ دەکەن بەئامــانجی تێگەیشــتنێکی هــاوبەش لە نێوانیــان. لە ئەنجــامی ئەم پەیوەنــدیکردنە کــاریگەری و کــاردانەوە دروســتدەبێت، واتە تێگەیشــتن مەرجــی ســەرەکییە بــۆ بــوونی کــاریگەری و کــاردانەوە، هەربــۆیە دەتــوانین بڵێــین زمــان و پرۆســەی پەیوەنــدیکردن دوو دوانەی لەیەک دانەبــڕاون و نەبــوونی یەکێکیــان مانــای نەبــوونی ئەوەی تریشــە، چــونکە مــــرۆڤ بــــونەوەرێکی کــــۆمەڵایەتییە و لەڕێــــگەی پەیوەنــــدیکردنەوەیە دەتوانێــــت مەبەســــت و ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

## ٢/١) چەمک و پێناسەی پرۆسەی پەیوەندیکردن

زۆرێـــک لە زانایـــان هەوڵیانـــداوە واتـــایەکی ڕوون و ئاشـــکرا بـــدەن بە پرۆســـەی پەیوەنــدیکردن (Communication) و پێیــانوایە، کە پەیوەنــدیکردن لەوشــەی لاتینــی (کۆمــۆنیس) هوە(Communes) ســەرچاوەی گرتــووە، کە بەمانــای (هــاوبەش) یــان (گشــتی) دێــت. بەمشــێوەیە پێویســتە تێگەیشــتنێکی هــاوبەش یــاخود گشــتی هەبێــت بــۆ گەیانــدنی ئەو پەیــامەی، کە لەنێــوان نێــرەر و وەرگــردا مەبەســتە.(Foluke,2018,1)، ئاشــکرایە (ئاســتی تێگەیشــتنی هــاوبەش لەنێــوان ئاخێوەرانــدا لە کەســێکەوە بــۆ کەســێکی تــر جیــاوازە بەشــێوەیەک دەکرێــت ڕســتەیەک کــار لە گوێگرێــک بکــات، بەڵام هەمــان ڕســتە کــاریگەری لەســەر گــوێگرێکی تــر نەبێــت بەهــۆی دابــو نەریـــت و جیـــاوازی بیرکـــردنەوە و تەمەن و ڕەگەز و بۆمـــاوە و پەروەردە و ئاســـتی ڕۆشــنبیری....هتد، بەم پێــیەش هەر هۆکارێــک کاربکــاتە ســەر بــاری دەرونــی و کــۆمەڵایەتی مــرۆڤ کاردەکــاتە ســەر شــێوازی پەیوەندیکردنیشــی، ئاشکراشــە هەمــوو ئەوانەی وڵاتــی خۆیـــان جێـــدەهێڵن و کۆچـــدەکەن بـــۆ وڵاتێـــک، کە جیـــاوازە لە ڕووی زمـــان و کلتـــورەوە، بێگومـــان گۆڕانکـــاری لە پەیوەنـــدیکردنی ئەم جـــۆرە کەســـانەدا ڕوودەدات و پەیوەنـــدییەکانیان ڕەنگــدانەوەی ئەو کلتــورە دەبێــت، کە تێیــدا دەژیــن.)(عەبــدولرەحمان ،٢٠٠٩، ٢٠). چەنــدین بۆچــوون و تێڕوانینــی جۆراوجــۆر بــۆ پرۆســەی پەیوەنــدیکردن وایکــردووە پێناســە گەلێکــی زۆر هەبێــت بەجۆرێــک هەریەکە و لە ڕوانــگەی بــابەت و پســپۆڕی خــۆیەوە پێناســەی بکــات بەشــێوەیەک وابەستە بێت بەبوارەکەی خۆیەوە، بۆ نموونە:

(گـــیڤن و پـــاتین- Giffin&Patten ) بەمجـــۆرە پەیوەنـــدیکردن دەناســـێنن و دەڵـــێن:(( پەیوەنــدیکردن پرۆســەی دروســتکردنی واتــا و ئــاڵوگۆڕکردنی زانیــارییە لە نێــوان ئەنــدامانی گروپێکــدا، یــاخود کــرداری گواســتنەوەی زانیــاری و پەیــامە لە شــوێنێکەوە بۆشــوێنێکیتر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر بەشێوەیەکی پەیوەندیدار.))(Foluke, 2018, 3).

(ڕیچــاردز)یش بەمجــۆرە پێناســەی پەیوەنــدیکردن دەکــات و دەڵێــت: ((بنەمــای ســەرەکی پەیوەنــدیکردن بــریتییە لە نێــرەر و وەرگــر، ئەو بیــرۆکەیەی لەمێشــکی نێــرەردا هەیە هەمــان بیرۆکە لە مێشکی گوێگریشدا بوونی هەیە.))(الموسی،٢٠٠٣، ١٧).

پەیوەنــدیکردن لای (ڕۆجەرز-Rogers )یــش بــریتییە لە: ((پرۆســەی گواســتنەوەی بیرۆکەکــان و هەڵوێســتەکان لە ســەرچاوەوە بــۆ وەرگــر بەمەبەســتی کــاریگەری دروســتکردن لەســەر واتــای مەبەست.))(Lunenburg, 2010, 2) .

(کــار-Kar)یــش بەمجــۆرە لە پرۆســەی پەیوەنــدیکردنی ڕوانیــووە و دەڵێــت: ((پەیوەنــدیکردن بــریتییە لە هاوبەشــیکردنی مەعــریفە لەڕێــگەی بەکارهێنــانی کۆمەڵێــک هێمــاوە، کە زانیــاری هەڵدەگرن.))(Keyton, 2011, 13).

(کــارل هۆفلانــد)یش بۆچــوونی وایە: ((پەیوەنــدیکردن پرۆســەیەکە نێــرەر دەیەوێــت لەڕێــگەی ناردنی پەیامەوە بۆ گوێگر هەڵسوکەوت، یاخود ڕەفتاری بگۆڕێت.))(عەبدولرەحمان،٢٠٠٩، ٢٢).

بەوردبــوونەوە لەو بۆچوونــانەی ســەرەوە ســەبارەت بە پرۆســەی پەیوەنــدیکردن، دەتــوانین ئەوە هەڵهێنجــین، کە بەگشــتی هەموویــان کــۆکن لە ســەرئەوەی پەیوەنــدیکردن پرۆســەیەکە لە ڕێــگەیەوە ئــاڵوگۆڕی بیــرو پەیــام و زانیــاری لەنێــوان نێــرەر و وەرگــردا دەکرێــت، لەبەرئەوەی مــرۆڤ بــونەوەرێکی کــۆمەڵایەتییە، بــۆیە پەیوەنــدیکردن وەک پێویســتییەکی ســەرەکی ژیــانی تاکەکــانی کۆمەڵگــا لێیــدەڕوانرێت و بە پرۆســەیەکی ســەرەکی نێــوان مــرۆڤ دادەنرێــت، ئاشکراشــە پەیامەکــان لە ڕێــگەی کەنــاڵێکەوە دەگــوازرێنەوە ئەم کەنــاڵەش دەکرێــت (ئاخــاوتن ، نوســین ، جــوڵە یــاخود ڕەفتــار) بێــت، کە نێــرەر ئاڕاســتەی وەرگــری دەکــات و وەرگــریش وەڵامــدانەوەی دەبێــت بــۆی لە چوارچێــوەیەکی کــۆمەڵایەتی هاوبەشــدا، چــونکە لە پرۆســەی پەیوەندیکردنــدا پێویســتە تێگەشــتنێکی هــاوبەش لە نێــوان نێــرەر و وەرگــردا هەبێــت، بــۆ ئەوەی پەیامەکە بەڕوونی شوێنی خۆی بگرێت.

### ٣/١) بنەماکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن (Elements of the communication process)

بەشــێوەیەکی گشــتی دەتــوانین بلێــین، تــوخمە ســەرەکییەکانی پرۆســەی پەیوەنــدیکردن بریتین لەمانەی خوارەوە: ئەم چەشنە دابەشکارییە وەرگیراوە لە: (صالح،٢٠٢٠، ١٢٢).

**١-٣/١) نێــرەر (Sender):** یەکــێکە لە تــوخمە ســەرەکییەکانی پرۆســەی پەیوەنــدیکردن، کە تێیــدا نێــرەر(( بیــر و پەیــامی خــۆی ڕێکــدەخات و ئاڕاســتەی وەرگــری دەکــات، گەیانــدنی ئەم

پەیامەش لە کات، شوێن، بارودۆخی تایبەتی خۆیدا دەبێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکاندا.))(دزەیی،٢٠١٠، ٢٩)، دەتوانرێت بوترێت نێرەر ئەو کەسەیە، کە پەیامێک ئاڕاستەی کەسێک، یاخود کۆمەڵە کەسێک دەکات بۆ ئەوەی بەو مەبەستە بگات، کە دەیەوێت و پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی گوێگر بکات لە ڕووی پلە و پایە و تەمەن و ڕەگەز و ئاستی ڕۆشنبیری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئاینی، تاوەکو پەیامەکە بەڕوونی بگاتە شوێنی خۆی و کاردانەوە لای گوێگر دروستبکات، (ئۆستن) پێیوایە نێرەر، کە قسەدەکات سێ کردە بەئەنجامدەگەیەنێت ئەوانیش بریتین لە: ( دزەیی،٢٠١٤، ٨٣ ).

**ا – کردەی دەربڕین (LectionaryAct):** کردەی گۆکردن دەگرێتەوە لەگەڵ لێکدانی وشەکان بە شێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان.

**ب – کردەی مەبەست (illocutionaryAct):** کاردانەوە لای وەرگر دەگەیەنێت ئەمەش دەچێتە دەرەوەی پشکنینی واتا و زمان، چونکە مامەڵە لەگەڵ هۆو ئەنجامدەکرێت، وەک کاریگەری وشە لە سەر ڕازیکردنی کەسێک، ئەمەش پەیوەندی بە بنەمای کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەیە، وەک(ترساندن، ڕازیکردن، دڵنەوایی،.......هتد).

**ج – کردەی پاشکار (PerloctionaryAct):** ئەو کاریگەرییە دەگرێتەوە، کە کار لە وەرگر دەکات وەک ڕازیبوون، جەختکردنەوە، یان ڕەتکردنەوە.

**٢-٣/١) پەیام (Message)**: بریتییە لەو بۆچوون و زانیارییەی، کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت بەشێوەیەکی (زارەکی یان نازارەکی)، کە دەکرێت لەشێوەی دەربڕیندا بێت، یان نوسراو، یاخود هێما و جوڵەیی بێت، یان ئاوێتە بوونێک بێت لە نێوان هەردووکیان.(اصبع،١٩٩٩، ١٢)، باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی پەیامەکەی لێوە ئاڕاستە دەکرێت بۆ گوێگر دەگۆڕێت، پێویستە قسەکەر زۆر بە وریایانە پەیامەکە بنێرێت بەشێوەیەک، کە لەگەڵ بارودۆخی گوێگردا بگونجێت و بتوانێت کاردانەوە(feedback) لای گوێگر دروستبکات و وەڵامدانەوەی بۆی هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەمیشە لەکاتی تێگەیشتن لە مەبەستی گوتراوەکانی قسەکەردا کاردانەوە لە لای کەسی گوێگر دروستبێت، هەروەک لە کاتی پێشکەشکردنی هەندێک وتار و بەرنامەدا گوێگر، یان جەماوەر ناتوانن وەڵامدانەوەیان هەبێت، وەک ئەو وتارانەی لەلایەن مامۆستایانی ئایینی لە ڕۆژی هەینیدا لە مزگەوت پێشکەشدەکرێت، یان ئەو بەرنامانەی، کە لە کەناڵە ڕاگەیاندنەکانەوە پێشکەشدەکرێت، هەربۆیە پێویستە نێرەر زۆر ئاگادار بێت لە پێگە و ئاستی ڕۆشنبیری وەرگر، چونکە هەندێک بابەتی پەیام بۆ هەندێک شوێن و کەس و بارودۆخ دەستدەدات، بەڵام دەکرێت هەمان بابەت بۆ هەندێک شوێن و بارودۆخی تر دەستنەدات، کەواتە سەرکەوتنی پەیام بەندە بە جۆری پەیامەکە و گونجانی لەگەڵ گوێگر و

ئەو چوارچێـوە و بـارە كـۆمەڵایەتییەی تێیـدایە بـۆ ئەوەی كـاردانەوە دروسـتبكات، بەمشـێوەیە دەكرێـت بڵێـین ئەوە پەیـامە، كە قسـەكەر هەڵدەسـەنگێنێت ئایـا سـەركەوتوو بـووە لە گەیانـدنی پەیامەكە یاخود نا؟

**٣-٣/١) كەنـاڵ (Channel) :**((كەنـاڵ ڕەگەز و هۆكـاری گەیانـدن و بەسـتنەوەی قسـەكەرو گـوێگرە بە یەكتـرەوە، كە بەپێـی جـۆری پەیوەنـدییەكە جـۆری كەناڵەكەش دەگۆڕێـت.))(سـەعید ،٢٠١٣ ، ١٦ )، بەواتـایەكیتر ئەو ئـامرازەیە، كە بەكاردێـت بـۆ گەیانـدنی پەیـامەكە لە نێـرەرەوە بـۆ وەرگـر، ئەگەر نێـرەر لەڕێـگەی كەنـاڵێكی نەشـیاوەوە پەیـامەكە بگـوازێتەوە لەوانەیە پەیـامەكە نەگـاتە شـوێنی خـۆی، بـۆیە پێویسـتە نێـرەر بیـر لەوە بكـاتەوە، كە دیـاریكردنی كەنـاڵێكی گونجاو یارمەتیدەرە بۆ گەیشتنی پەیامەكە بەوەرگر.

ئەم كەناڵەش بەسەر سێ جۆردا دابەشدەبێت: (صالح،٢٠٢٠، ١٢٢).

آ – ئامرازی كەسی : لە نێوان تاكەكاندا دروستدەبێت لەڕێگەی ڕوبەڕووبونەوە.


ب – ئامرازی نێوانگەریی : وەک (مۆبایل ، ئەنتەرنێت ، فاكس ، ئیمەیڵ).

ج – ئامرازی جەماوەری : وەک ( تەلەفزیۆن ، ڕۆژنامە ، گۆڤار ، كتێب ، سۆشیەڵ میدیا).

**٤-٣/١) وەرگــر (Receiver) :** یەكێكیتــر لە ڕەگەزەكــانی ئەم پرۆســەیە وەرگــرە، واتە ئەو كەسـەیە قسـەكەر پەیـامەكەی ئاڕاسـتە دەكـات و گـوێگریش هەوڵـدەدات واتـای كـۆد كـراو شـیبكاتەوە و پەیـامەكە بە ڕوونـی تێبگـات، بەواتـایەكیتر(( ئەو كەسـەیە، كە پەیـامەكەی ئاڕاسـتە دەكرێـت جـا ژن، پیـاو، منـداڵ، جەمـاوەر بێـت و هەر كەس لەڕێـگەی خـۆیەوە وەریـدەگرێت بـۆ كـردنەوەی كـۆد و تێگەشـتن لە مەبەسـت.))(سـەرچاوەی پێشـوو،٢٠٢٠، ١٢٢)، وەرگـر هەڵگـری كۆمەڵێـک نەریـت و بەهـای كـۆمەڵایەتی و ڕۆشـنبیرییە وروژانـدنی هەریەک لەم بەهایـانە بە ئاڕاسـتەی ئەرێنـی كـاردانەوەی ئەرێنـی و بەپێچەوانەشـەوە كـاردانەوەی نەرێنـی دروسـتدەكات، ئەم جـۆرە كـاردانەوەیە كـار لە قسـەكەر دەكـات، كە لەسـەر چ بنەمـایەک گـوێگری خـۆی هەڵبژێرێـت، هەروەهـا كـار لە گـوێگر دەكـات، كە چ هەڵوێسـتێک بنوێنێـت لە بـابەتی دیـاریكراودا، هەروەک زانـای ئەمەریكـایی(تۆم بـێفەر) لە كتێبەكەیـدا بەنـاوی (The cognitive basis for linguistic structures) پێیوایە(گـوێگر گوێبیسـتی ئەوە دەبێـت، كە چاوەڕوانـدەكات گوێبیسـتی بێـت، ئەوەی یارمەتیـدەدات زانیـارییەتی لەبـارەی دەنـگ و ڕێزمـان و واتای وشەكانی زمانەكەی، تاوەكو واتای كۆدكراو شیبكاتەوە.)( خرما،١٩٧٨، ٢٠٣).

**٥-٣/١) ژیـــنگە (Environment) :** ئەو شـوێنەیە، كە پرۆسـەی پەیوەنـدیكردنەكەی تێـدا ئەنجامـدەدرێت لەم پرۆسـەیەدا ژینگەیەكـی گونجـاو و لەبـار یارمەتیـدەرە بـۆ تێگەیشـتن و ئـاڵوگۆڕ كردنـی بیـر و بۆچـوون و زانیارییەكـان لەنێـوان نێـرەر و وەرگـردا بەئامـانجی هـاتنە كایەی تێگەیشتنێكی هاوبەش لە نێوان هەردوو لادا. (kapur,2020,6 ).

**٦-٣/١) فیدباک (Feedback)** : ((کاردانەوە توخمێکی تری پرۆسەی پەیوەندیکردنە، کە تێیدا فیدباک بە سەرچاوەکە دەڵێت وەرگرەکە چۆن لێکدانەوەی بۆ پەیامەکە کردووە زۆرجار کاردانەوەکان ئەرێنین و زۆرجاریش بە پێچەوانەوە نەرێنین.))(Lunenburg,2010,4)، واتە فیدباک خاڵی کۆتاییە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، هەروەها پێکهاتەیەکی سەرەکیشە، چونکە ڕێگە بە وەرگر دەدات هەڵسەنگاندن بۆ پەیامەکە بکات، کە تاچەند کاریگەری دروستکردووە. لەم هێڵکارییەدا بنەماکانی پەیوەندیکردن خراونەتەڕوو. ئەم هێڵکارییە وەرگیراوە لە (صالح،٢٠٢٠، ١٢٣).




**هێڵکاری (١)**

## ٤/١) جۆرەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن (Type of communication process)

بەشێوەیەکی گشتی پرۆسەی پەیوەندیکردن پۆلێنکراوە بەسەر چەند جۆرێکدا، کە بریتین لە : ئەم چەشنە پۆلێنکارییە وەرگیراوە لە: (Hanson, 2005,27 ).

### ١-٤/١) پەیوەندیکردنی خودی (Intrapersonal communication)

ئەو پرۆسەیەیە، کە تاک لەگەڵ خودی خۆیدا پەیوەندیدەکات، واتە وەک نێرەر و وەرگری پەیامەکان مامەڵە دەکات، ئەم جۆرە پەیوەندییە دەکرێت لەڕێگەی قسەکردنەوە بێت لەگەڵ خودی خۆت، یاخود لە ڕێگەی نوسینەوە بێت، یان لە شێوەی بیرکردنەوەدا بێت،((باشترین نموونەی ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە پرۆسەی بیرکردنەوەیە کاتێک مرۆڤ بیردەکاتەوە قسە لەگەڵ خۆیدەکات زۆر شت تاوتوێدەکات، لەم پرۆسەیەدا زمان ڕۆڵی سەرەکی هەیە، چونکە بەبێ زمان ئەستەمە پرۆسەی بیرکردنەوە بەڕێوەبچێت.))(عەبدولکەریم،٢٠٠٧، ١٥٨)، لەپەیوەندی خودیدا زۆرجار مرۆڤ هەوڵدەدات لەڕێگەی گفتوگۆکردنەوە لەگەڵ خودی خۆیدا زۆر بابەت تاوتوێبکات و باوەڕ بەخۆیبهێنێت لەسەر هەندێک بابەت، کە ڕەنگە قورس بێت بۆی، تاوەکو ئەنجامیبدات، جا چ لەڕێگەی ئاخاوتنەوە بێت، یاخود نوسینەوە بێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئێمە مەبەستمانە ئەو هێزەیە، کە لەڕێگەی کردەی ئاخاوتنەوە ئەنجامدەدرێت، تاوەکو قەناعەت بە خودی خۆیبکات بۆ ئەنجامدانی کارێک، یاخود بابەتێکی دیاریکراو.

### ٢-٤/١) پەیوەندیکردنی نێوان کەسەکان (Interpersonal communication)

لەم جــۆرە پەیوەنـــدییەدا دوو کەس، یـــاخود کـــۆمەڵە کەســـێک ڕووبەڕوو قســـەدەکەن و بیـــرۆکە و تێڕوانینەکانیـــان تـــێکەڵ بەیەکـــدەکەن و هەموویـــان لەئـــاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانیـــان لەگەڵ یەکتریـدا بەشـدار دەبـن.(صـالح،٢٠٢٠، ١٢٣)، واتە لەم جـۆرە پەیوەنـدییەدا مـرۆڤ دەتوانێـت لەگەڵ کەســانیتردا هەڵســوکەوتبکات و زانیاریــان پێببەخشــێت، هەروەهــا لێشــیان وەربگرێــت، بەڵام ئەوەی ئــــێمە لێــــرەدا مەبەســــتمانە تیشــــکی بخەینەســــەر ئەو هێــــزەیە، کە ئــــاخێوەر هەوڵــدەدات لەڕێــگەی دەنــگ، یــان وشــەیەک، یــاخود ڕســتەیەک بگــات بەو مەبەســتەی، کە ئامــانجیەتی لە پرۆســەی گفتوگــۆکەدا، بۆنمــوونە قســەکردنی دوو هــاوڕێی هەمــان ژوور لەســەر نــانی بەیــانی پەیوەنــدیکردنی کەســییە و قســەکەر دەتوانێــت لەڕێــگەی بەکارهێنــانی وشــەیەکەوە گــــوێگرەکە ڕازیبکــــات بەخــــواردن ،یــــان نەخــــواردنی یەکێــــک لەو بەرهەمــــانەی، کە لەژەمــــی بەیانیانـدا بەکاردەهێنرێـت وەک (هـێلکە، ماسـت، سـەمون، پەنیـر، چـا، .....هتـد)، یـاخود هەرجـۆرە خــــواردنێکیتر ، کە مەبەســــتییەتی،، بــــۆ زیــــاتر ڕوونکــــردنەوەی ئەمە ســــەیری ئەم نمــــوونەیە دەکەین:

- ئازاد : ئەم بەیانییە حەزم لێیە چایەکەم زۆر شیرین بێت .
- شادمان : شیرینی بۆ کێش زۆری خراپە و چەندان نەخۆشی بەدواوەیە .

گەر لەم ئاخــــاوتنەی نێــــوان (ئــــازاد و شــــادمان) وردببیــــنەوە دەبینــــین (شــــادمان) دەیەوێــــت لەڕێـــگەی بەکارهێنـــانی ئەو ڕســـتەیەی ســـەرەوە ســـەرنجی ئـــازاد ڕابکێشـــێت و ڕازیبکـــات بە نەخــــواردنی شــــەکری زۆر، ئەمەش ئەو هێــــزەیە، کە قســــەکەر بــــۆ ڕازیکردنــــی بەرامــــبەر بەکاریدەهێنێت.

### ٣-٤/١) پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵ (Group Communication)

لەم جۆرەیانــدا ســەرچاوەکە یەک کەســە، کە تێیــدا پەیــام بــۆ کۆمەڵێــک خەڵــک دەنێرێــت، جیــاوازی ئەم جۆرەیــان لەگەڵ جۆرەکــانی تــردا ئەوەیە، کە ژمــارەی گوێگرەکــان زیــاترە و هەلــی بەشــداریکردن و وەڵامــدانەوە و کــاردانەوە کەمتــرە بە پــێچەوانەی ئەوانیتــر، چــونکە لێــرەدا وەرگــر سەرپشــک نیــیە لەوەی، کە بتوانێــت قســە بە نێــرەرەکە ببڕێــت ئەگەر هــاتوو کــــاردانەوەیەکی لەلا دروســــتبوو.(Hanson,2005,32)، بــــۆیە لەم حــــاڵەتەدا قســــەکەر دەرفەتــــی زیــاتری هەیە بــۆ ئەوەی ســەرنجی ئامــادەبوان ڕابکێشــێت و تیشــکبخاتە ســەر ئەو بــابەتەی، کە مەبەســـتیەتی بیگەیەنێـــت و ئامـــادەبووان ڕازیبکـــات لەســـەر ئەو بۆچوونـــانەی، کە خـــۆی مەبەسـتییەتی، بـۆ نمـوونە پێشکەشـکردنی سـیمینارێک لەلایەن تـوێژەرێکی کـۆمەڵایەتی، یـاخود دەرونــی دەرفەتێکــی ئەوتــۆی تێــدانیە بــۆ ئامــادەبووان بتــوانن بەشــدارییکەن و بۆچــوون و کاردانەوەکانیان بە ئازادانە بخەنە ڕوو.

### ٤/١-٤) پەیوەندیکردنی جەماوەری (Mass Communication)

بـریتییە لەو پرۆسـەیەی، کە لە ڕێـگەی یەکێـک لە ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدنەوە ئەنجامـدەدرێت بە ئاڕاسـتەی جەمـاوەرێکی بەرفـراوان، هەروەهـا (خـاڵی جیـاکەرەوەی لەگەڵ ئەوانیتـر ئەوەیە، کە توانـایەکی باشـی لە گەیانـدنی پەیـام بـۆ ژمـارەیەکی بەرفراوانـی جەمـاوەر هەیە، کە خاسـیەتی جیاوازیـان لەڕووی تەمەن و ڕەگەز و ئاسـتی ڕۆشـنبیری و کـۆمەڵایەتی و حەز و خولیای جیاواز هەیە.)(اصبع،١٩٩٩، ١٨).

(چـارلس ڕایـت) پسـپۆڕ لە بـواری میـدیادا پەیوەنـدیکردنی جەمـاوەری لەم سـێ خـاڵەی خوارەوەدا چڕکردۆتەوە: (عەبدولکەریم،٢٠٠٧، ١٥٩).

ا – ئاڕاستەی جەماوەرێکی زۆر و هەمەچەشن و نەناسراو دەکرێت.

ب – پەیـامەکە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا دەگـوازرێتەوە لەیەککاتـدا دەگـاتە تـاکە تـاکەی جەماوەرەکە.

ج – پەیوەندییەکی ئاڵۆز چانسی پەیوەندیکردنی دوو لایەنەشی نییە.

لەڕۆژگـاری ئەمـڕۆدا ئامرازەکـانی ڕاگەیانـدن ڕۆڵ و کـاریگەرییەکی زۆریـان هەیە، چـونکە لەنـاو هەمـوو ماڵێکـدا هەیە و هەمـوو ڕەگەز و تەمەنێـک بەکاریـدەهێنێت و کـاریگەری لەسـەری دروسـتدەکات، بـۆیە ڕاگەیانـدنەکان هەمیشـە کـار لەسـەر ئەوە دەکەن چـۆن بتـوانن زۆرتـرین بینـەر، یـاخود بیسـەر بۆخۆیـان ڕابکێشـن، لەڕێـگەی بەکارهێنـانی دەیـان بەرنـامەی تەرفیهـی بێـت، یـاخود پیشـاندانی کەسـانی هەژارو کەمـدەرامەت، کە ئەمەش دەچێـتە بـواری پرۆسـەی هێـزی ڕاکێشـانەوە، کە ئـێمە باسـی دەکەیـن بۆگەیشـتن بە ویسـت و ئامانجەکانیـان، بەڵام ئەو کـاریگەری هێـزە مەرج نیـیە هەمیشـە خـراپ بێـت، بەڵکـو زۆرجـار دەکرێـت ئەم کـاریگەرییە بەشێوەیەکی ئەرێنی بۆ جەماوەرەکەی بێت.

## ٥/١) ئامانجەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن

هەمـوو پرۆسـەیەک کۆمەڵێـک مەبەسـت و ئامـانجی لە پشـتەوەیە بـۆ گەیشـتن بەم ئامانجـانە زمـان ڕۆڵێکـی گرنـگ و کـاریگەر دەبینێـت لە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا، ئەوەی لێـرەدا ئـێمە مەبەسـتمانە ئەوەیە، کە چـۆن بتـوانین لەڕێـگەی (دەنـگ، وشـە، کـۆد، ڕسـتە)وە سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکێشـین و کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکەین، دەکرێـت ئەم ئامانجـانە لە کۆمەڵێـک خاڵدا کۆبکەینەوە لەوانە:

### ١-٥/١) دۆزینەوەی زانیاری

مـرۆڤ لەڕێـگەی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردنەوە دەتوانێـت دەسـتی بەزۆر زانیـاری شـاراوە و نهێنـی بگـات، کە مەبەسـتییەتی، هەروەهـا زۆرجـاریش مـرۆڤ پەیوەنـدیکردن بە ئامـانجی پتەوکردنـی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان بەکاردەهێنێـت، بێگومـان هەمـوو ئەمـانەش لەڕێـگەی

زمـــانەوە ئەنجامـــدەدرێت، (کاتێـــک مـــرۆڤ پەیوەنـــدی لەگەڵ کەســـانی دەوروبەریـــدا دەکـــات دەتوانێـــت دوو ئامـــانج بپێکێـــت یەکێکیـــان ئەوەیە لەم ڕێـــگەیەوە لە کەســـــانی دەوروبەری کۆمەڵێـــــک زانیـــــاری بەدەســـــت دەهێنێـــــت، لەهەمانکاتیشـــــدا کۆمەڵێـــــک زانیـــــاری دەبەخشێت.)(عەبدولکەریم،٢٠٠٧، ١٦١).

**١/٥-٢) مەبەستی یارمەتیدان**

یارمەتیـــدان یەکێکیتـــرە لە مەبەســـتەکانی پرۆســـەی پەیوەنـــدیکردن، چـــونکە تاکەکـــانی هەر کۆمەڵگـــایەک لەژیـــانی ڕۆژانەیانـــدا پێویســـتیان بەیـــارمەتییە لە زۆربەی کاروبارەکانیانـــدا بەتـــایبەت لە چارەســـەرکردنی کێشـــەو گـــرفتە خێزانیەکـــان، یـــاخود کێشـــە سیاســـیەکانی نێـــوان وڵاتـــان، کە دەکرێـــت بڵێـــین زۆربەی ئەمـــانە لەڕێـــگەی پەیوەنـــدی و گفتوگـــۆی زمـــانیەوە چارەسەر دەکرێن.(سەعید،٢٠١٣، ٢٥) .

**١/٥-٣) مەبەستی ڕازیکردن**

جوڵانـدنی هەسـت و سـۆزی گـوێگر بـۆ ڕازیکـردن بەشـدارییەکی کـارای هەیە، تـا قسـەکەر لەڕێـیەوە بەو مەبەسـتەی کە خـۆی دەیەوێـت بگـات، تەنـانەت (ئەرسـتۆ) یەکەم فەیلەسـوفە دەڵێـت: ((بەکارهێنـانی زمـان بەشـێوەیەکی زارەکـی یەکـێکە لە گرنگتـرین ئامرازەکـانی ڕازیکـردن لە پرۆســـەی پەیوەندیکردنـــدا.))(Elgindi&Youssef,2001,18)، چـــونکە مـــرۆڤ هەمیشـــە لە پرۆســـەی پەیوەندیکردنـــدا هەوڵـــدەدات گـــوێگر ڕازیبکـــات، ئاشکراشـــە توانـــای ڕازیکـــردن لە تـــاکێکەوە بـــۆ تـــاکێکیتر دەگۆڕێـــت، بەڵام ئەوەی ئـــێمە لەم تـــوێژینەوەیەدا مەبەســـتمانە ئەمجـــۆرەی پەیوەنـــدیکردنە ، کە تێیـــدا قســـەکەر هەوڵـــدەدات لەڕێـــگەی بەکارهێنـــانی هەنـــدێک وشـــە و دەســـتەواژەی ســـەرنجڕاکێش بەرامـــبەر ڕازیبکـــات و کـــاریگەری لەســـەر دروســـتبکات، ئەمەش لەڕێـــگەی بەکارهێنـــانی چەنـــد خـــاڵێکەوە، وەکـــو (بەڵگەهێنـــانەوە، شـــێوازو پێکهـــاتەی زمـانیی، ڕێکخسـتن و ڕیزکردنـی شـێوازی قسـەکردن)، دواجـار هەمـوو ئەمـانە هاوکـار دەبـن لەوەی قســـەکەر ســـەرکەوتوو بێـــت لە بەدیهێنـــانی ئامـــانجەکەی و بەرامـــبەر ڕازیبکـــات بەو ئاڕاســـتەیەی، کە خـــۆی دەیەوێـــت، بەڵام ئەوەی پێویســـتە لێـــرەدا ئامـــاژەی پێبکرێـــت ئەوەیە، کە مەرج نیـــیە ئەو کـــردەیە بە ئاڕاســـتەی نەرێنـــی کاربکـــات، بەڵکـــو زۆربەیکـــات بە ئاڕاســـتەی ئەرێنی کاردەکات و هەردوولا سودمەند دەبن.

**١/٥-٤) مەبەستی کاتبەسەربردن**

هەر لە ســـەرەتای دروســـتبوونی مـــرۆڤەوە هەتـــاوەکو ئەمـــڕۆ پەیوەنـــدی نێـــوان تاکەکـــان گەشـــە و گـــۆڕانی زۆری بەخـــۆیەوە بینیـــووە. (ئەگەرچـــی لەســـەردەمی ئەمـــڕۆدا مـــرۆڤ بەهـــۆی زۆر ســـــەرقاڵبوونی بە کاروبارەکـــــانی ڕۆژانەیەوە پەیوەندییەکانیشـــــی تـــــاڕادەیەک ســـــنوردارو ئـــاڵۆزتر بـــووە.)(ســـەعید،٢٠١٣، ٢٥)، بـــۆیە زۆرجـــار مـــرۆڤ بـــۆ دەربـــازبوون لەو جەنجـــاڵی و

سەرقاڵیەی پەنا دەباتە بەر هاوڕێ، یاخود خزم و کەسوکاری، تا لەو ڕێگەیەوە کاتێکی خۆش بەسەرببات و کەمێک لەو ستریس و پاڵنەرە دەرونیانە دوور بکەوێتەوە، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە بەدەستدەهێنرێت، ئەمەش بەو واتایەی مرۆڤ دەتوانێت لەڕێگەی زمانەوە بە هەر ئامانجێک، کە دەیەوێت بگات.

**٦/١) شێوەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنType of Communication process**

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین پەیوەندیکردن بەسەر دوو شێوەی جیاوازدا دابەشدەبێت ئەوانیش بریتین لە (پەیوەندیکردنی زارەکی (گوتەیی) و پەیوەندیکردنی نازارەکی( ناگوتەیی). ئەم پۆلێنە وەرگیراوە لە: ( اصبع،١٩٩٩، ٤٢).

**١-٦/١) پەیوەندیکردنی زارەکی (گوتەیی) Verbal Communication**

پەیوەندی زارەکی بەکارهێنانی وشەیە بۆ هاوبەشیکردنی زانیاری لەگەڵ کەسانیتر بەئامانجی گواستنەوەی پەیام لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، هەربۆیە ئاخاوتن ڕێگەیەکی کاریگەرە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا، واتە ((کاریگەری ئەم جۆرە پەیوەندییە پەیوەستە بە ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری و زمانزانی قسەکەرەوە، کە دەتوانێت لەڕێگەی ئەم ئاستانەوە بیرو باوەڕی کەسانی بەرانبەری بگۆڕێت.))(صالح،٢٠٢٠، ١٢٥). ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی تەواو ئاڵۆزە، چونکە پێویستە لە هەموو بارێکدا مێشک بەتەواوی ئامادە بێت بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان ((مێشک ڕۆڵێکی گرنگی لە پرۆسەی ئاخاوتندا هەیە، بەشی(برۆکا) بەرپرسیارە لەبەکارهێنانی زمان و بەشی (ڤێرنیکا)ش، کە بە (برۆکا)وە نوساوە بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نوسین و قسەکردن مێشک پاش تێگەشتن و لێکدانەوەی دەیەوێت هەڵویستی خۆی بنوێنێت، بۆیە ڕوو لەفەرهەنگی مێشک دەکات و پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت لە وشە و ڕستە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان.))( دزەیی،٢٠٠٥، ٥٤)، لەم جۆرەیاندا وشەکان وەک هێما کاردەکەن و هەریەکە لە ئاوازەی دەنگ و جوڵەی دەم و چاو بەشدار دەبن، بەمەش پرۆسەی گەیاندنی پەیامەکان ئاسانتر دەبن. ئەم جۆرە پەیوەندییە بەراورد بە جۆرەکانیتری پەیوەندی زیاتر جێگەی بایەخ وگرنگی پێدانە، چونکە تاک بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژانە ئەم پەیوەندیە بەکاردەهێنێت وسودی لێدەبینێت لە پەیوەندیکردنی بەکەسانی دەوروبەرەوە، هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، کە ئەم تویژینەوەیە زمانی ئاخاوتن دەکاتە بنەمای سەرەکی کارکردنی وئاخاوتنی ڕۆژانە بە نموونە وەردەگرێت نەک زمانی نوسین.

**٢-٦/١) پەیوەندیکردنی نازارەکی (ناگوتەیی) Non- Verbal Communication**

پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییە لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی جەستە و جوڵە فیزیکییەکان بەشێوەیەک، کە قسەکەر دەیەوێت ئەو پەیامەی مەبەستیەتی بیگەیەنێت بە

گــوێگر لەڕێــگەی ئــاوازەی دەنــگ، یــاخود بەکارهێنــانی جــوڵەی دەموچــاو و جەســتەوە، وەک (ئیچیســۆن) دەڵێــت : ((مرۆڤەکــان دەتــوانن چــاو لەیەکــدابگرن بایبــای لەیەک بــکەن بەیەک پێــبکەنن دەســت لەشــانی یەک بدەن...هتــد.))(عەبــدولکەریم،٢٠٠٧، ١٦٠)بەبــێ بەکارهێنــانی وشــەو پێکهاتەکــانی زمــان، جــگە لەمەش پەیوەنــدیکردنی نــازارەکی بە پەیوەنــدییەکی گرنــگ ئەژمــار دەکرێــت، چــونکە زانیــاری بەنرخمــان دەداتــێ ســەبارەت بەکەســانی دەوروبەر بەوەی، کە لە چ بارودۆخێکــدان و چــۆن مامەڵەیــان لەگەڵــدا بکرێــت، هەروەهــا یارمەتیــدەرێکی باشــە بــۆ هاوکــاریکردنی پەیوەنــدی زارەکــی، چــونکە ئــاخێوەر لەکــاتی قســەکردندا زۆربەی کــات جــوڵە جەســتەییەکان هاوکــارێکی ســەرکییەتی بــۆ گەیانــدنی ئامــانج و پەیــامەکەی و گەیشــتن بەو مەبەســتەی، کە خــۆی دەیەوێــت، بەشــێوەیەکی گشــتی دەتــوانین بڵێــین ئەم جــۆرە پەیوەنــدییە دەکرێت بەدووبەشەوە: (صالح ،٢٠٢٠، ١٢٧).

**١/٦-٢/آ) پەیوەندیکردنی نوسراو(written communication)**

هەمــوو جــۆرە کارلێکێــک و پەیوەنــدییەک لەخۆدەگرێــت، کە لەڕێــگەی بەکارهێنــانی تێکســت و وشــــەوە دروســــتدەبێت، ئەم پەیوەنــــدییەش بە ئاڕاســــتەی ژمــــارەیەکی بەرفــــراوان لە وەرگر(خــوێنەر) بنیاتــدەنرێت. ئەم شــێوازی پەیوەنــدیکردنە بــاوترین ئــامرازە، کە لە ســەرجەم بوارەکــــانی ژیانــــدا بەکــــارهێنراوەو ئامــــانج لێــــی بــــرەودانە بە کــــارامەیی و پەیوەنــــدییە کۆمەڵایەتییەکــان.(William,2003,46)، بەڵام ئەوەی لێــرەدا پێویســـتە ئامــاژەی پێبــدرێت ئەوەیە، کە ئەم جۆرەیــان کــاری ئــێمە نیــیە، چــونکە تــوێژینەوەکە کــار لەســەر زمــانی نوســین، یــاخود پەیوەندی نوسراو ناکات، بەڵکو زمانی ئاخاوتن بنەمای سەرەکی کارکردنییەتی.

**١/٦-٢/ب) پەیوەندیکردنی جەستەیی( Body Communication)** :


جــۆرێکە لە پەیوەنــدی نــازارەکی و بــریتییە لەڕێــگەی بەکارهێنــانی جــوڵە و ئاماژەکــانی وەک دەموچــاو ، تــۆنی دەنــگ و جــوڵەی ئەنــدامەکانی لەش و شــێوەی ڕوخســــار .....هتــد، بەبــێ بەکارهێنــــانی هــــیچ پەیوەنــــدییەکی زارەکــــی(William,2003,46)، ئەم جۆرەیــــان هاوشــــانی پەیوەنــدیکردنی زارەکــی بەکاردێــت و ئــاخێوەر لە قســەکردنی لەگەڵ بەرامــبەرو ڕاکێشــانی ســەرنجی بەلای خۆیــدا ســودێکی زۆر لە زمــانی جەســتە دەبینێــت، تــاوەکو کــاریگەری لەســەر بەرامــبەرەکەی دروســتبکات، یــاخود هۆکــارێکی گــرنگە و دەتوانرێــت پشــتی پــێ ببەســترێت بــۆ تێگەیشــتن لە سروشــتی تاکەکــان و ئەو بــارودۆخە دەرونــی و کــۆمەڵایەتییەی تێیــدایەتی، بەشــێوەیەک، کە زۆرجــار هەنــدێک لە جــوڵە و ئاماژەکــان زۆر کــاریگەرتر دەبــن لە وشــە و ڕســتەکان و زیــاتر دەبــنە جــێگەی بایەخپێــدانی بەرامــبەر و ئامــاژەی ڕوون دەدەن بە قســەکەر و ئاسانتر گوێگر تێدەگەن.

## (٧/١) تیۆرەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن (The Theories of Communication process)

تیۆری پەیوەندیکردن پرۆسەیەکی زانستییە، کە تێیدا ناردن و وەرگرتنی زانیاری لەخۆدەگرێت. ئەم زانستە زۆر بەخێرایی لە گەشەسەندن دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ فراوان دەبێت و بەرەو پێش دەچێت، بۆیە جیاکردنەوەی تیۆرەکانی هەروا کارێکی ئاسان نییە، لەبەرئەوە تیۆرستەکانی بواری پەیوەندیکردن بۆ ئاسانکردنی ئەم تیۆرانە چەند مۆدێلێکیان دانا، کە تێگەیشتن لەم مۆدێلانە تا ڕادەیەک ئاسانتر بووە. کاری سەرەکی مۆدێلەکانی پەیوەندیکردن بۆ بەرزکردنەوەی لێهاتوویی و توانای تاکەکانە بەشێوەیەکی کاریگەر، هەربۆیە تاکەکان لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا پێویستە هۆشیاری دروستبکەن لەڕووی توخمە جۆراو جۆرەکانەوە، کە بەشدارن لە ناردن و وەرگرتنی پەیامەکان، واتە مۆدێلەکانی پەیوەندیکردن نوێنەرایەتییەکی بینراو بۆ چەمکێک پێشکەشبکەن بەمەبەستی ئاسانکردنی تێگەیشتن، ئێمە لێرەدا دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆر مۆدێل لەیەک جیابکەینەوە بەمشێوەیە : جۆرەکان وەرگیراوە لە: (Pearson , 2003, 21-23).

### (١-٧/١) کردە مۆدێل (Action Model)

ئەم جۆرە مۆدێلە بە پرۆسەیەکی یەک لایەنانە دادەنرێت، کە تێیدا قسەکەر پەیام ئاراستەی گوێگر دەکات بەبێ ئەوەی هیچ چەشنە کاردانەوەیەک ڕووبدات، ئەم مۆدێلە لە دونیای ئەمڕۆدا تا ڕادەیەکی زۆر بەکارهێنانی کەمبووەتەوە بەتایبەت لای کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان بەتەواوی پوکاوەتەوە و نەماوە، چونکە بە گوێرەی ئەم مۆدێلە پەیامەکان بەیەک ئاراستە دەڕۆن و وەرگر هیچ کاریگەرییەکی پێچەوانەی بەسەر نێرەرەوە نییە، بەڵام لە (کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکاندا دەتوانین بڵێین تاڕادەیەک ئەم مۆدێلە لەکاردایە، چونکە لەم کۆمەڵگایەدا هەم دەسەڵاتی سیاسی زاڵە، هەمیش لەڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە قسەکەر تاڕادەیەکی زۆر بۆچوونەکانی زاڵە لەبەرئەوە تاک لەسەر ئەوە ڕاهێنراوە پێویستە هەمیشە گوێگر بێت نەک قسەکەر بەتایبەتیش ئەم مۆدێلە زیاتر بەسەرتوخمی مێینەدا زاڵترە تا توخمی نێرینە.)(عەبدولرەحمان ،٢٠٠٩، ٢٧).ئەم هێڵکاریە زیاتر ئەم جۆرە مۆدێلە ڕووندەکاتەوە (Rasul,2006,19):.




هێڵکاری (٢) کردە مۆدێل

### ٢-٧/١) مۆدێلی کارلێککردن (Interaction Model)

لەم مـۆدێلەدا قسـەکەر بەو مەبەسـتە پەیـامەکە دەنێرێـت بـۆ گـوێگر، کە کـاردانەوەیەک لای گـوێگر دروسـتبکات و وەڵامـدانەوەی بـۆی هەبێـت. لەم جـۆرە مـۆدێلەدا گرنگییەکـی بەرچـاو بە کـاردانەوە (Feedback) دەدرێـت، هەر بۆیە(چـارلس ئۆسـگۆد) پێیـوایە: (پەیوەنـدی بـریتییە لە پرۆسـەیەکی داینـامیکی، کە تێیـدا پەیوەنـدییەکی کارلێـک لەنێـوان نێـرەر و وەرگـردا هەیە.) (kapur,2020,6)، هەروەهـا ئەم مـۆدێلە سـەرنجەدەخاتە سـەر سروشـتی کـۆمەڵایەتی پەیوەنـدیکردن، واتە کاتێـک تاکەکـان پرسـیار دەکەن ئەوانیتـر پێویسـتیان بە وەڵام هەیە، کە ئەمەش دەبێـتە هـۆی بەدەسـتهێنانی تێگەیشـتنێکی گشـتگیر لە چەمکەکـان و کـاردانەوەیەکی گونجـاو نیشـاندەدەن لەم مـۆدێلەدا چوارچێـوەی کـۆمەڵایەتی و کلتوریەکـان کاریگەرییـان لەسـەر شـێوازی پەیوەنـدییەکە دەبێـت. بەم پێیە دەکرێـت زۆرجـار کاردانەوەکـان بەشـێوەیەکی ئەرێنـی بێـت، یـاخود بە پـێچەوانەوە نەرێنـی بێـت.)(Pearson,2003,21)، ئەمەش دەگەڕێـتەوە سـەر شـێواز و بـابەتی پەیـامەکە، کە ئایـا بە چ شـێوازێک ئاڕاسـتەی گـوێگر کـراوە و چ کـاردانەوەیەکی دروسـتکردووە. ئەم هێڵکـارییە زیـاتر ئەم مـۆدێلە ڕوونـدەکاتەوە: (عەبدولکەریم،٢٠٠٧، ١٦٢).





هێڵکاری (٣) مۆدێلی کارلێککردن

### ٣-٧/١) مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن (Transaction Model)

ئەم مـۆدێلە لەلایەن (کلـۆد شـانۆن و وارن ویـڤەر)وە دەسـتپێکرد، کە بەیەکێـک لە مـۆدێلە گرنگەکـانی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن دادەنرێـت. لەم مـۆدێلەدا تاکەکـان دەتـوانن زانیارییەکـان لەڕێـگەی کەنـاڵێکی گونجـاوەوە بگـوازنەوە بـۆ وەرگـر.(kapur,2020,7)، واتە ئەو پرۆسـەیەیە، کە پەیوەنـدیکەرەکان لە چوارچێـوەیەکی کـۆمەڵایەتی و فەرهەنگیـدا هاوبەشـن و واقیعێکـی کـۆمەڵایەتی دروسـتدەکەن، ڕۆڵـی نێـرەر و وەرگـر لەم مـۆدێلەدا جیـاوازییەکی بەرچـاوی هەیە لەگەڵ مۆدێلەکـانیتر، چـونکە پرۆسـەکە دوولایەنەیە، واتە ئەم مـۆدێلە لەسـەربنەمای ئـاڵوگۆکردنی زانیـارییە لەنێـوان نێـرەر و وەرگـر بەشـێوەیەک هەردوولا زانیاریـان هەیە لەبـارەی ئەو پەیـام و بـابەتەی، کە لە نێوانیانـدا ئاڵوگۆڕدەکرێـت.(Transaction Model of

وەک لەم هێڵکارییەدا بەڕوونی.([Communication – Introduction to Communication in Nursing (ryerson.ca)](#)
دەردەکەوێت : (عەبدولکەریم،٢٠٠٧، ١٦٢)




هێڵکاری (٤) مۆدێلی ئاڵوگۆڕکردن

### ٤-٧/١) مۆدێلی داڕێژەر(Constructivist Model)

یەکێکە لە مۆدێلە نوێیەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، کە تێیدا وەرگر چیتر ئەوکەسە نییە، کە پەیامەکە بەو شێوازە لێکبداتەوە، کە نێرەر مەبەستییەتی، بەڵکو گوێگر بەو زانیاری و مەبەست و باکگراوندە کۆمەڵایەتییەی، کە خۆی دەیەوێت واتای پەیامەکە لێکدەداتەوەو وەڵامدانەوەی بۆی دەبێت، هەروەک چۆن (پێرسۆن) پێیوایە: ( لەمۆدێلی داڕێژەردا وەرگر واقعێک لە مێشکی خۆیدا گەڵاڵە دەکات و مەبەست و ئاماژەکانی نێرەر لێکدەداتەوە و واتایەکی تایبەت بەخۆی دادەڕێژێت، کە ڕەنگە لەگەڵ ویست و خواستی وەرگرەکە یەکنەگرێتەوە.) (pearson,2003, 23)، ئەوەی لەمۆدێلەدا گرنگە ئەوەیە وەرگر پێویستە زۆر ژیرانە مامەڵە لەگەڵ پەیامی نێرەردا بکات و نەکەوێتە ژێر کاریگەری بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو بەگوێرەی ویست و ئارەزووی خۆی کاردانەوەی هەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم جۆرە مۆدێلە ئەوەیە، کە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا وەک یەک نییە و گۆڕانی بەسەردا دێت بەپێی جۆری کۆمەڵگاکە، بەشێوەیەک دەکرێت لە کۆمەڵگایەکدا ئاسایی بێت و لە کۆمەڵگایەکیتردا بەهۆی دابو نەریت و کلتورەوە ئاسایی نەبێت.

زمان هۆکاری سەرەکی جێبەجێکردنی هەموو مۆدێلەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، هەروەها دەکرێت لە هەموو سیاقەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا بەکاربهێنرین و جێبەجێ بکرێن بە پێی کلتوری ئەو کۆمەڵگایە، واتە کلتور ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە بەکارهێنانی هەریەک لەم مۆدێلانەدا، چونکە ئەم مۆدێلانە لەوانەیە لەگەڵ کلتورە ڕۆژئاواییەکاندا ڕێک بڕۆن، بەڵام لەگەڵ کلتورە ڕۆژهەڵاتییەکان توشی کێشە و بەربەست ببن، لەبەرئەوەی ئەمانە لە بنچینەدا بۆ فۆرمەکانی ڕۆژئاوا دانراون، کە زۆر جیاوازە لەگەڵ کلتورە ڕۆژهەڵاتیەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لەم مۆدێلانە دەکرێت کەم تا زۆر پەیوەست بن بە باسەکەی ئێمەوە، چونکە ئێمە باس لە هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا دەکەین،

واته پەیوەنــدی باســەکە لەنێــوان قســەکەر و گــوێگر دایە بەشــێوەیەک قســەکەر پەیامێــک ئاڕاســتەی گــوێگر دەکــات، ئەم پەیــامەش بــۆ هەردوولا ئاشــنایە و کــاردانەوە دروســتدەکات، واتە دەکرێــت بڵێــین هەمــوو مۆدێلەکــان بەشــێوەیەک لە شــێوەکان پەیوەســتن بە بــاتەکەی ئــێمەوە، بەڵام لەنــاو هەموویانــدا مــۆدێلی (کــارلێککردن و ئــاڵوگۆڕکردن) زیــاتر نــزیکن لە باســەکەی ئــێمەوە، چــونکە لەم دوو مــۆدێلەدا هەردوولا زانیاریــان هەیە لەبــارەی ئەو پەیــام و بــابەتەی، کە لە نێوانیانــدا هەیە، هەروەهــا ســەرنجدەخەنە ســەر سروشــتی کــۆمەڵایەتی پەیوەنــدیکردن، کەواتە مۆدێلەکــانی پەیوەنــدیکردن بەشــێوەیەکی ڕێکوپێــک پرۆســەی پەیوەندیکردن ئاساندەکەن.

## ٨/١) زمان و کۆمەڵ

پەیوەنــدی زمــان و کــۆمەڵ پەیوەنــدییەکی بەهێــز و پــتەوە و هەر لەبەرئەوەشــە، کە دەوترێــت زمــان ڕەوشــتێکی کــۆمەڵایەتییە. زمــان بەرهەمهێــنەری ڕەفتــاری تاکەکــانە ئەو ڕەفتــارە بــاش، یــان خــراپ بێــت، هەروەهــا زمــان پێویســتییەکی کــۆمەڵە بــۆ لەیەکتــر گەیشــتن و گــۆڕینەوەی بیــروڕاو گواســتنەوەی کلتــور بەکاردێــت و هــۆیەکە بــۆ بەیەکگەیانــدنی نێــوان کەســەکان، یــاخود ((زمــان ڕەنگــدانەوەی پێکهــاتەی کــۆمەڵایەتییە.))(Snell,2014,1)، واتە ئــاخێوەری هەمــوو زمانێــک دابــو نەریــت و کلتــوری ئەو کــۆمەڵە کــاریگەری زۆری لەســەر دەربڕاوە زمانییەکانی هەیە.

بە ئــاوڕدانەوە لە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێــت هــیچ کۆمەڵێــک بەبــێ زمــان نیــیە و بەپێچەوانەشــەوە هــیچ زمانێــک نــادۆزیتەوە بەبــێ کــۆمەڵ و نەتەوە، هەرئەمەشــە وایکــردووە بڵێــین پەیوەنــدی زمــان و کــۆمەڵ لە ترۆپکــی بەهێــزی پێویســتیدایە و ناتوانرێــت لەیەک جیــــــــابکرێنەوە. هەریەکە لە (ســــــــاپیرSapir و وۆرف Whorf) بۆچوونیــــــــانوایە (دەربڕاوەکــانی زمــان ڕەنگــدانەوەی گرنگــی پێــدانەکانی کــۆمەڵن.)(عەلــی،٢٠١١، ٢٠)، هەروەهــا (فێردینانــد دی سۆســێر)یش، کە بەدامەزرێــنەری قوتابخــانەی کــۆمەڵایەتی لەزمانــدا دادەنرێــت دەڵێــت : ((زمــان وەک هەر دیــاردەیەکیتری کــۆمەڵایەتی و بگــرە ڕێکخســتنی کــۆمەڵی مرۆیــی بەهــۆی زمــانەوە دەکرێــت، هەروەهــا پێیــوایە زمــان ئەرکێکــی مــرۆییە مــرۆڤ تەنیــا لەسروشــتدا لەدایــک نابێــت، بەڵکــو لەنــاو کۆمەڵێکــدا لەدایــک دەبێــت و بەپێــی کلتــوری ئەو کــۆمەڵە ڕەفتــار دەکــات، ئەگەر بێــت و لەنــاو کۆمەڵگــا دایبــڕین دەتوانێــت بــڕوات و بگەڕێــت و بەســەرداردا هەڵگەڕێــت و خــواردن بخــوات، بەڵام فێــری زمــان و قســەکردن نابێــت، چــونکە هــیچ کەســێکی لەدەورە نیــیە، تــاوەکو لێــیەوە فێــر بێــت، لەبەرئەوە زمــان چــالاکییەکی مــرۆییە و تەنیــا لە ژیــنگەی مــرۆییەوە گەشــەدەکات.))(محمــد،٢٠١٣، ٣). هەر پەیوەســت بە پەیوەنــدی زمــان و کــۆمەڵ (ئەنتۆنیــۆ مێڵــت) دەڵێــت :((دەبێــت بچــین زانســتی کــۆمەڵایەتی و لایەنەکــانی

کۆزمـــانەوانی ئەو زمـــانە بخـــوێنینەوە، چـــونکە مـــادام زمـــان واقیعێکـــی کـــۆمەڵایەتییە و تـــاکە هۆکارێـــک بـــۆ لێکـــدانەوەی گـــۆڕانە زمانییەکـــان گـــۆڕانە کۆمەڵایەتییەکـــانن .))(موحسـین،٢٠٠٨، ١١٢)، جـــگە لەمە پەیڕەوکەرانـــی (قوتابخـــانەی ئەرکـــی)یش بۆچوونیـــانوایە( زمـــان یەکـــێکە لە دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکـان و ڕەگـی زمـان بـۆ نـاو بینـای کـۆمەڵایەتی درێـژ دەبێـتەوە و لە کلتـور و دابـو نەریتی کۆمەڵ دانابڕێت.)(فەرهادی،٢٠٠٨، ١٥).

هەمـــوو زمانێـــک کۆمەڵێـــک پەیوەنـــدی کـــۆمەڵایەتی بەهێـــز و بەرژەوەنـــدی هـــاوبەش بەیەکیـــانەوە دەبەســـتێتەوە، هەروەهـــا پەیوەســـتن بە کۆمەڵێـــک کلتـــورو دابـــو نەریـــت، کە لە باوانیـــانەوە بۆیـــان مـــاوەتەوەو ئەم پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییـــانە و زۆرێـــک لە چالاکییەکانیـــان لەڕێـــگەی زمـــانەوە ئەنجامـــدەدەن، بەمشـــێوەیە کـــۆمەڵ دەبێـــتە تـــاکە ناوەنـــدی بەکـــۆمەڵایەتی بـوونی زمـان، واتە ئەگەر مـرۆڤ لە کـۆمەڵ دابـڕین و تـێکەڵ بە کـۆمەڵ نەبێـت هەرگیـز فێـری زمـان نابێـت.(خۆشـناو و عەبـدوڵلا،٢٠١٠، ٥١). بـۆیە زمـان بەرهەمـی بیـری کـۆمەڵە و دروسـتکراوی دەســـتی تاکەکـــان نیـــیە، بەڵکـــو سروشـــتی کـــۆمەڵ بەرهەمیـــان دەهێنێـــت و دیـــاردەیەکی هاوبەشـــن.(عـــومەر،٢٠١٦، ٤). هەرئەمەشـــە وادەکـــات گرنگیـــدان بە کـــۆمەڵ و پەیوەنـــدی کـــۆمەڵایەتی لەنـــاو چوارچێـــوەی زمانەوانیـــدا بـــابەتێکی ئاســـایی بێـــت، چـــونکە پەیوەنـــدییەکی بەتین لەنێوانیاندا هەیە، وەک لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: (فەتاح،٢٠١٠، ١٣٧ –١٣٨).

١ – مـــرۆڤ بەهـــۆی زمـــانەوە دەتوانێـــت لەنـــاو کۆمەڵـــدا بـــژی و بمێنێـــتەوە زمـــان زیـــاتر چـــالاکییەکی کـــۆمەڵایەتییە نەک هـــۆیەک بێـــت بـــۆ هەســـتدەربڕین و زانیاریگەیانـــدن، زۆربەی کـات زمـان بـۆ گەیانـدنی هەواڵ و زانیـاری بەکارنـایەت، بەڵکـو بـۆ جێخۆشـکردن و خـۆبردنە پێشـــەوە و خۆچەســـپاندن و شـــوێن گـــرتنە لەنـــاو خەڵکیـــدا، بەڵـــگەش بـــۆ ئەمە دەیـــان پێکهـــاتەی وەک ((چۆنی؟)،(چاکی؟)،(بەیانیـــت بـــاش) ).... هتـــد، کە لە ژیـــانی ڕۆژانەی مرۆڤـــدا دەیـــان جـــار دووبارە دەبنەوە بەمەبەستی ڕازیکردنی خەڵک.

٢ – زمـــان شوناســـی کـــۆمەڵایەتی قســـەکەر دیاریـــدەکات، چـــونکە هەر بەهـــۆی ئاخـــاوتنەوەیە دەتـــوانین بڕیـــار لەســـەر ئەوەبـــدەین، کە قســـەکەر خەڵکـــی کـــوێیە ســـەر بە چ چینـــێکە و ئاســـتی خوێندەواری چەندە و لەچ بارێکی دەروونیدا دەژی؟

٣ – زمـــان مـــرۆڤ و دەوروبەر بەیەکتـــری دەگەیەنێـــت و لەهەمانکاتیشـــدا ڕەنگـــدانەوەیەکی ئەو بـارە کـۆمەڵایەتییەیە، کە قسـەکەرانی تێیـدا دەژیـن بەڵگەشـمان بـۆ ئەو بـاوەڕو بۆچـوونە دەیـان وشـــەن، کە بـــێ لێکـــدانەوەو بەســـتنەوەیان بە بـــاری کـــۆمەڵایەتی خەڵـــکەوە ئاســـان نیـــیە لە واتاکانیـــان تێـــبگەین وەک وشـــەی (مســـکێن ، دەرەبەگ ، مەیـــتەر، پـــایزەبرا ، ئەســـتێرەی سیوەیل،....هتد).

ئـاخێوەری هەمـوو زمانێـک تـاڕادەیەکی بـاش شـارەزایی وشـەو واتاکـانی زمانەکەیـانن، بەڵام زۆرجـار بەتێـپەڕ بـوونی کـات هەنـدێ وشـە هەن گـۆڕان لەواتاکانیانـدا ڕوودەدات و بەهەمـان واتـای پێشـوویان بەکارنـایەن، لەبەرئەوە ((وشـەکانی زمـان بەپێـی بـاری کـۆمەڵایەتی و ئـابوری و ڕامیـاری و ئـایینی خۆیـان دەگـونجێنن.))(معـین،٢٠٠٥، ٧٢)، ئەمەش دەرئەنجـامی کۆمەڵێـک هۆکـارە، کە کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیە، وەک کلتـورو دابـو نەریـت و پـێگەی کـۆمەڵایەتی و بـارە دەرونـی و ڕۆشـنبیرییەکان، ((کە تـا چەنـد ئەم لایەنـانەی کۆمەڵگـا گەشـە بـکەن بێگومـان لایەنـی زمـانیش گەشـەدەکات.))(وافـی،١٩٧١، ١٠)، بەمەش زمـانی ئەو کۆمەڵگـایە لەڕووی دەسـتەواژە و وشـەی تـازەوە فەرهەنگـی زمـانەکەی دەوڵەمەنـد دەبێـت ، کەواتە کـاریگەری زمـان لەوەدا دەردەکەوێـت، کە مـرۆڤ هەمـوو چالاکییەکـانی لەڕێـگەی زمـانەوە بەئەنجامـدەگەیەنێت، بـۆیە زمـان و کـۆمەڵ وەک دووڕووی یەک دراو وان و بەتەواوکەری یەکتـر دادەنـرێن. ئاشـکرایە لەنـاو کۆمەڵیشـدا تاکەکـان خـاوەنی تایبەتمەنـدیی خۆیـانن لە زمانـدا، کە لە تاکەکـانی هەمـان کـۆمەڵ جیایـان دەکـاتەوە، بـۆ نمـوونە لەڕێـگەی قسـەکردنەوە دەتـوانین ڕەگەز و تەمەن و ئاسـتی ڕۆشـنبیری....هتد کەسـی قسـەکەر بـزانین هەر لەڕێـگەی ئاخـاوتنەوە دەتوانرێـت تـاڕادەیەکی زۆر بزانرێـت قسـەکەر خەڵکـی کـوێیە و چ پلەوپـایەیەکی کـۆمەڵایەتی هەیە، جـگە لەوەی هەنـدێک دەربڕینـی تـایبەت هەن لە ئاخـاوتنی کەسـێکدا زۆر دووبـارە دەبـنەوە، بـۆ نمـوونە هەنـدێک کەس زۆر خێـرا قسـە دەکەن، هەنـدێک زۆر هێـواش هەنـدێکیتر لەو نێـوانەدایە ئەمـانەو چەنـدین تایبەتمەنـدی و جیـاوازیتر هەن، بەڵام هیچیـان نـابنە هـۆی تێنەگەیشـتن لە نێـوان تاکەکـانی یەک کـۆمەڵ، چـونکە لایەنە هاوبەشـەکانیان زۆر زیاترن.(حوسێن،٢٠١٠، ٨).

بـاری ئـابوری و پێشـکەوتنی کـۆمەڵ و یاسـاو دابـو نەریـت و لایەنـی ڕۆشـنبیری و فکـری و تێـڕوانین بـۆ ژیـان و بـارە کۆمەڵایەتییەکـانی تـر کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیە، بـۆیە هەر چەشـنە گۆڕانکـارییەک کـاریگەری لەسـەر دەربڕینەکـانی ئـاخێوەرانی ئەو زمـانە دەبێـت، واتە دەکرێـت لەڕێـگەی ئاخاوتنەکـانەوە بیـرو بۆچـوون و تێڕوانینـی کـۆمەڵ بـۆ ژیـان و دەوروبەر بزانرێـت، جـگە لەمەش هەرچەنـدە هەنـدێ لە زانایـانی زمـانەوانی بۆچوونیـانوایە، کە بنـاغەو سـتراکچەری زمـان سـنوری بیرکـردنەوە دیاریـدەکات و زاڵیشـە بەسـەریدا و کـاریگەری ڕاستەوخۆشـی لەسـەر بیرکـردنەوەو ڕەوشـتی مـرۆڤ هەیە، کەواتە دەتـوانین بڵێـین هەر ڕوداوێـک، کە لەم جیهـانەدا ڕوودەدات ڕاسـتەوخۆ پەیوەسـتە بە زمـانەوە، هەر لەبەرئەمەشـە کـۆمەڵ هەمیشـە لە سروشـتی زمـانەکەی خـۆیەوە دەڕوانێـتە دنیـا، بـۆیە تـا شارسـتانیەتیەکان گەورەتـربن پێویسـتی و وێسـتگەکانی ژیـان زیـاتر دەبـن و تێڕوانینەکـان جـوانتر و لایەنە دەروونییەکان جێگیرتر دەبن و فەرهەنگی زمانیش دەڵەمەندتر دەبێت.

## ١/ ٩) زمان و کلتور

زمــان بەرهەمــی کلتــوری نەتەوەیەکە، کە بــۆ گواســتنەوەی شارســتانیەت لە نەوەیەکەوە بــۆ نەوەیەکیتــر بەکاردێــت، بەم پێــیە هەر چەشــنە گۆڕانکــارییەک لەشارســتانیەتی هەر نەتەوەیەک ڕووبــدات بێگومــان گــۆڕان لە زمــان و کلتورەکەشــیدا ڕوودەدات، (مالینۆفســکی) دەربــارەی گرنگــی کلتــور لە زمانــدا دەڵێــت: ((بە پشتگوێخســتنی پێشــینە و کلتــور و ڕەنگــدانەوەیان لە زمانـــــدا ناکرێـــــت لە زمـــــان بکـــــۆڵینەوە.))(عەبـــدوڵلا،٢٠١٦، ١٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــــت پەیوەنــدییەکی تونــدوتۆڵ لەنێــوان زمــان و کلتــوردا هەیە و ناتوانرێــت لەیەکتــر جیــابکرێنەوە. زمــان پــارێزەر و گەیەنەری پەیوەنــدییە کلتورییەکــانە، هەروەهــا ((زمــان ڕەنگــدەرەوەی کلتــوری ئەو خەڵـــکەیە، کە قســـــەی پێـــــدەکەن نـــــوێنەری شوناســـــی ئەوانە و دونیـــــای ئەوان ڕاڤە دەکـــات.))(عـــارف،٢٠١٢، ١٥). ئەنـــدامانی کـــۆمەڵ لە مێژوویەکـــدا هاوبەشـــن، (کە سیســـتەم و دابونەریتێــک بــاڵی کێشــاوە بەســـەریدا و لەســـەری ڕێککەوتــون و ڕەفتــاری ئەنــدامانی ئەو کــۆمەڵە ڕێکــدەخات و ڕادەی گونجــانی لەچەنــد لایەنــێکەوە دەردەخــات، لەوانە نــانخواردن، گەشــەکردنی کــۆمەڵایەتی نەوەکــان، ئاهەنگەکــان، ژنهێنــان و شــوکردن ....هتــد، ئەمەش بە کــۆی کلتـــوری کـــۆمەڵ نـــاودەبرێن.)(گـــوڵمحەمەدی، ٢٠٠٧، ١١٨)، بەم پێـــیە زمـــان و کلتـــور بەیەکەوە شـــوناس و پـــێگەی نەتەوە پیشـــاندەدەن و کلتـــوری هەر نەتەوەیەک چ ئەرێنـــی، یـــاخود نەرێنـــی بێــت لە زمــانی ئەو نەتەوەیەدا ڕەنگــدەداتەوە، هەربــۆیە (هدســن) دەڵێــت: ((کلتــور زانیــارییەکی وەرگیراوی کۆمەڵایەتییە.))( Hudson,1996,73) و ناتوانین لە کۆمەڵ دایبڕین.

بەبۆچـــوونی (بـــراون و یـــوڵ) زمـــان بـــۆ دوو ئەرک بەکاردێـــت: ((یەکەمیـــان ئەرکـــی گــوێزانەوەیی(transactional)ە، کە بــۆ دەربڕینــی نــاوەڕۆک و نــرخ و بەهــای بەکارهێنــانی زمــان بـــۆ گەیانـــدنی زانیـــاری، چـــونکە ئەوە زمـــانە هێـــزی بە مـــرۆڤ بەخشـــیووە کلتـــورە جۆربەجۆرەکــان پەرەپێبــدات، دووەمیــان ئەرکــی کــارلێکەری (interactional)ە، کە بــۆ دەربڕینــی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان و تێـــڕوانین و هەڵوێســـتە تاکەکەســـییەکان بەکاردێـــت.)) (ســورخی،٢٠١٦، ٢)، بــۆیە ئەگەر بمانەوێــت ((بچینــە نــاو نــاخی نەتەوەیەکەوە زمــان کلیلــێکە بــۆ کــردنەوەی دەرگاکــانی کلتــور و بیرکــردنەوە و پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکانیــان.))(یوســف،١٩٩٠، ٣٢)، هەروەهــا ((زمــان بەرهەمێکــی کەڵەکەبــووی کلتــوری و مــرۆییە، کە لەڕوانــگەی پێویســتی پەیوەنـــدیکردن و بەیەکگەیشـــتنی خەڵکـــی لە ژینگەیەکـــی دیـــاریکراو بەرهەمهێنـــراوە.)) (فەرەج،٢٠١١، ٤). گرنگیــدان بەکلتــور لەزمانــدا دەگەڕێــتەوە ((بــۆ لێکــدانەوەی هەنــدێک وشــە و ڕســـتە وەک پێویســـتییەکی گرنـــگ، کە بەلەبەر چـــاوگرتنی کلتـــور لێکـــدەدرێتەوە.))(دزەیـــی،٢٠٠٩، ١٢١). کلتــوری هەر کۆمەڵێــک پەیــڕەو و یاســای تــایبەت بەخــۆی هەیە، کە لەنــاو دابــو نەریــت و ڕەفتارەکـــانی مـــرۆڤ و فەرهەنگـــی زمـــانی ئەنـــدامانی کۆمەڵـــدا هەڵگیـــراون، بـــۆیە زمـــان وەک

ئـامرازێکی گرنگـی مـرۆڤ خـاوەن پـێگەو بەهـای تـایبەت بەخـۆیەتی و یەکـێکە لە دیـارترین هۆکارەکـانی جیـاکردنەوەی مـرۆڤ لە گیانـدارانیتر، هەروەهـا زمـان یەکـێکە لە ڕەگەزە هەرە سـەرەکییەکانی کلتـور، کە مـرۆڤ لە کۆمەڵگاکەیـدا بەدەسـتی دەهێنێـت. زمـان باکگراونـدی بیـری کلتـوری هەر میللەتـێکە وەکـو ئـاین، سیاسـەت، ئـابوری، زانسـت، ڕۆشـنبیری،....هتد ،((شـێوازی ژیـانی گەلێـک، یـاخود کـۆمەڵێکی دیـاریکراو، هەروەهـا تێڕوانینیـان بـۆ ژیانیـان، کە خـۆی لە کلتـور و نەریـت و ئەدەب و هـونەر و شـێوازەکانی ڕەفتـارو ....هتـد دەبینێـتەوە، هاوکـات ئەمـانە چەنـد ڕەگەزێکـن، کە تـاک لە کـۆمەڵەکەی خـۆیەوە وەریانـدەگرێت.))(عبـدالعزیز، ١٩٨٣، ٩٣).

## ١٠/١) کاریگەری زمان و کلتور لەسەر یەکتری

زمـان ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێـت لە دامەزرانـدن و پاراسـتنی ئەوەی ئـێمە پێـی دەڵێـین کلتـور، چـونکە هەمـوو کـردارە کـۆمەڵایەتی و کلتورییەکـان لەڕێـگەی زمـانەوە دروسـتدەکرێن، بـۆیە ((لێکـۆڵینەوە لە چـۆنیەتی بەکارهێنـانی کلتـورێکی تـایبەت بەزمـان دەتوانێـت لایەنە گرنگەکـانی کـۆمەڵایەتی و هەڵسـوکەوت ئاشـکرا بـکەن، زمـان لە چوارچێـوەیەکی کلتـوری تایبەتـدا ئەوە نیشـاندەدات، کە چـۆن واتاکـان لەڕووی کلتـوری و کـۆمەڵایەتییەوە بەرهەمهێنـراون.)) (Keating,2013,1)، بەهـۆی بـوونی ئەو پەیوەنـدییە بەهێـزەی نێـوان زمـان و کلتـور بێگومـان کاریگەریشـیان لەسـەر یەکتـر دەبێـت، ((کلتـور بەشـێکی پـێکەوە گرێـدراوی کـردە بەرانبەرییەکـانی زمـان و هـزرە، بەڵگەیەکـی گرنگـی پەیوەنـدی نێـوان زمـان و کلتـور ئەوەیە، کە بەبـێ ناسـینی ئەو کلتـورەی زمـانی تێـدا بەکاردەهێنرێـت فێربـوونی زمـان زۆر سـەرکەوتوو نابێـت.))(سـورخی،٢٠١٦، ٦)، هەر سـەبارەت بە کلتـور (گلیسـۆن)(Gleason) دەڵێـت : ((زمانەکـان تەنها بەرهەمی کلتور نین، بەڵکو هێمای کلتوریشن.)(Mu-Kuo,2016,2).

ئەنترۆپۆلۆجیسـتەکان و زمانەوانەکـان پێیـانوایە ((کـاریگەری و پەیوەنـدی نێـوان زمـان و کلتـور لەسـەر یەکتـری بەشـێوەیەکە، کە نـاتوانین لەیەکتریـان جیـابکەینەوە، چـونکە واتـای دەربـڕاو تەنهـا لە واتـای وشـەکانەوە بەدەسـتنایەت، بەڵکـو لەو ڕێکەوتـنەوەیە، کە کـۆمەڵ و کلتـور لەسـەری ڕێکـدەکەون.))(فەرەج،٢٠١١، ٣٨)، واتە زمـان بەشـێکە لە کلتـورو کلتـوریش بەشـێکە لە زمـان و بەشـێوەیەک تێکئـالاون، کە کەس ناتوانێـت بەبـێ واتـا و لەدەسـتدانی چەمکـی ڕاسـتەقینەی زمـان، یـان کلتـور لەیەکتریـان جیابکـاتەوە، لەمبـارەیە (تۆمـاس) پێیـوایە (کلتـور سیسـتەمێکی بەرفـراوان و گشـتییە و لەهەمانکاتـدا بـۆ هەمـوو تاکەکـانی کـۆمەڵ دامەزراوە، هەروەهـا ئەم سیسـتەمە کاردەکـاتە سـەر تێگەشـتن، هـزر ، هەڵسـەنگاندن و ڕەوشـتی گشـت ئەنـدامەکان، بەواتـایەکیتر کلتـور وەک سیسـتەمێکی دیـاریکەر بوارێـک لە نەریـتە ڕەفتارییەکـان بنیاتـدەنێت، کە تاکەکـانی کـۆمەڵەیەک ڕەچاویانـدەکەن.) (سـورخی،٢٠١٦،

٦)، بـۆ نمـوونه کلتـوری ڕێزگـرتن له نەتەوەیەکەوە بـۆ نەتەوەیەکیتـر دەگۆڕێـت بەپێـی کلتـوری ئەو نەتەوەیە، ( فنـدریس) لەمبـارەیەوە دەڵێـت : ((کـۆمەڵ سەرپەرشـتی ڕەفتـاری کەس دەکـات و له قاڵبێکـدا دایـدەڕیژێت و هەر کەسـێک لێـی لابـدات ڕووبەڕووی سـزای کـۆمەڵ دەبێـتەوە، کە سوکترینیان گاڵتە پێکردنە.))(دزەیی،٢٠٠٩، ١٢٥).

له کلتـــور و داب و نەریتـــی هەر کۆمەڵەیەکـــدا هەنـــدێک ڕەفتـــار و هەڵســـوکەوت هەن له هەنـدێک بـاردا مانـای ڕێزگـرتن دەگەیەنـن، بەڵام لەهەنـدێک بـاریتردا بێڕێـزین ئەمەش شـتێکی ئاسـاییە، چـونکە لەزۆربەی کلتورەکانـدا ئەمە بەدیـدەکرێت، بـۆ نمـوونە شـەرمەزارکردن ریسـواکردن بەکارهێنـانی هەنـدێ وشـەی نەشـیاو بەرانـبەر بەخەڵکـی، بەڵام شـێوازی بەکارهێنانیـان دەکرێـت له کلتـورێکەوە بـۆ کلتـورێکیتر جیـاواز بێـت.(حەمەڕەشـید،٢٠١٢، ٤٥)، هەربـۆیە دەکرێـت ((هەر گەلێـک کلتـوری تـایبەت بەخـۆی هەبێـت و له سـنوری ئەو کلتـورەدا، زۆر لەدەربـڕینە زمانییەکـانی بەکاربهێنێـت و هەوڵـی گەیانـدنی واتایـان بـدات بە پێـی کلتـورەکەی خـۆی.))(مەحمـود،٢٠٠٠، ٨٩)، لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین زمـان و کلتـور بەجۆرێـک لە جۆرەکـان کاریگەریـان لەسـەر یەکتـر هەیە، لەم سۆنگەیەشـەوە دەتـوانین ئامـاژە بە دوو بۆچوون بکەین: (فەرەج،٢٠١١، ٤٣)

یەکەم/ هەریەکە لە (سـاپیر و وۆرف)پێیـانوایە : ((پێکهـاتەی زمـان کاردەکـاتە سـەر چـۆنیەتی بینینـی جیهـان، یـاخود دەوروبەر لەلایەن قسـەکەرەوە.))(سـورخی، ٢٠٠٦، ١٠٥) ئەمـان پێیـانوایە زمـان دەسـەڵاتێکی تەواوی بەسـەر کلتـورەوە نیـیە، بەڵگەشـیان بـۆ ئەم بۆچـوونە ئەوەیە، کە کـۆمەڵی جیـاواز بە زمـانی جیـاواز قسـەدەکەن، دەکرێـت لە کلتـوردا هاوبەشـبن، وەک لە شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامیدا دەبینرێت.

دووەم/ ((کلتـوری خەڵکـی ڕەنگـدانەوەی هەیە لەسـەر ئەو زمـانەی بەکاریـدەهێنن.)) (Wardhaugh,1990,212)، ئەم بۆچـوونە لەوەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کە ئەو خەڵکـانەی کۆمەڵێـک شـت هەیە بەلایـانەوە بەنـرخە و بەڕێگـایەکی تـایبەت هەڵسـوکەوتی پێـدەکەن، زمانەکەیـان بەجۆرێـک بەکـاردەهێنن تێیـدا ڕەنگـدانەوەی ئەو شـتانەی تێـدا بێـت، کە بەنـرخ و پیـرۆز دادەنـرێن، لەمبـارەیەوە (چیمۆبـۆ و ڕۆزبێـری و ڤانـدایک) دەڵـێن : ((کلتـور زمـان له قاڵبـدەدات.))(فەرەج، ٢٠١١، ٤٢)، بەڕای ئەم نوسـەرانە دەوروبەر لە دایکبـووی کلتـورو بـارودۆخی قسـەکردنە، واتە بـارودۆخی کلتـوری و کـۆمەڵایەتی دەستنیشـانی شـێوازی قسـەکردن دەکـات و لەقـاڵبی دەدات، بـۆ نمـوونە ئەگەر ئاوڕێـک لە ڕابـردووی کلتـوری کـوردی بـدەینەوە قسـەکردنی ئەنـدامانی خێـزان پەسـەند نەبـووە لە کاتێکـدا، کە بـاوک ئامـادە بووبێـت، بەڵام لە ئێسـتادا گـۆڕانی زۆر بەسـەر ئەم کلتـورەدا هـاتووە و بەو شـێوەیە نیـیە، هەروەهـا هەر لەنـاو کلتـوری کوردیـدا تـاڕادەیەک ئاسـایی نەبـووە لەکـاتی چـوونە ژوورەوەدا ئـافرەت

پــێش ڕەگەزی بەرانبەر(نێــر) بکەوێــت، بەڵام لە کلتــوری هەنــدێک نەتەوەیتــردا ڕەنــگە ئەمە شــتێکی زۆر ئاســایی بێـت، بـۆیە دەوترێـت کلتـور زمـان لە قاڵبـدەدات، لەم ڕوانـگەیەوە دەکرێـت بوترێـت کلتـور وا وێنـا کـراوە، کە ڕووبەرێکـی بەرفراوانـی ژیـان و ڕەفتـاری مـرۆڤ دەگـرێتەوە و زمـان بەشـێکە، یـاخود بەشـێکی هەرە گرنگـی ئەو کلتـورەیە ، بەم پێـیە زمـان و کلتـور وەک دوو ئەڵــقەی بەیەکەوە گرێــدراو وان و ناتوانرێــت لەیەکتــر جیــابکرێنەوە، ئاشــکرایە هەبــوونی کلتـوری هــاوبەش لەنێـوان قســەکەر و گــوێگردا بەشـێکی گرنگـی پەیوەنـدی نێـوان تاکەکـانە، چــونکە ئەو کارلێــک و کــاردانەوەی، کە لەنێــوان ئــاخێوەرانی یەک کلتــوری هاوبەشــدا دێــتە کــایەوە زۆر زیــاترە لەو کارلێــک و کــاردانەوانەی، کە لەنێــوان هاوبەشــانی دوو کلتــوری جیـاواز دێـتە کـایەوە، چـونکە ئاسـتی تێگەیشـتنی هاوبەشـان لە کلتـوری یەکتریـدا تـا ڕادەیەکـی زۆر سنوردارە بە بەراود بە دوو ئاخێوەری هەمان کلتور.

## ١١/١) کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا

زمــان هۆکــاری ســەرەکی لەدایکبــوونی پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکــانە، چــونکە هــۆیەکە بــۆ لەیەکگەیشــتن و دروســتبوونی پەیوەنــدی لەنێــوان ســەرجەم چــین و توێژەکانــدا، ئەمەش پەیوەنـدییەکی بەهێـز لە نێـوان زمـان و کـۆمەڵ دروسـتدەکات، بـۆیە (زمـان گرنگتـرین ئـامرازە بــۆ جێبەجێکردنــی ســەرجەم چــالاکییە کــۆمەڵایەتی و ڕۆشــنبیری و زانســتییەکانمان، هەر لە ســڵاوکردن و خواحــافیزی و هەواڵپرســین کــۆڕو کۆبــوونەوە ڕۆشــنبیرییەکان.....هتد زمــان لەکــاردایە لە بەجێگەیانــدنی ســەرجەم کارەکانــدا.)(شــەمس،٢٠٠٦، ١٦). زمــان ڕۆڵــی لە دروســتکردنی ئاشــتی و پــێکەوە ژیــان و چەســپاندنی یاســاو دادپەروەری لەنێـوان تاکەکـانی کۆمەڵــدا هەیە، هەروەهــا لەنێـوان دەوڵەتــان و نەتەوە جیاجیاکانــدا لەپــاڵ ئەمەشــدا دەتوانێـت هۆکارێــک بێـت بــۆ دروســتکردنی کێشــە و شــەڕ و ئــاژاوە لەنێـوان نەتەوە جیــا جیاکانــدا، لەبەرئەوە دەتوانرێــت بوترێـت زمــان دەتوانێـت دوو لایەنە هەم بە ئەرێنــی هەم بە نەرێنــی کــار بکـــات .(عەبـــدولرەحمان،٢٠٠٩، ١١٩)، لەســـەر ئاســـتی تاکەکەســـیش (ئاخـــاوتن کردەیەکـــی کــۆمەڵایەتییە و هۆکــارێکی زۆر گونجــاوە بــۆ دەرخســتن و پیشــاندانی کەســێتی قســەکەر لەنــاو کۆمەڵــدا.) (هدســن،١٩٨٧، ١٩٧)، هەروەهــا زمــان ڕۆڵێکــی کــارای هەیە لە دەربڕینــی هەســتەکانی مــرۆڤ وەک (خۆشــی و ناخۆشــی، هەڵچـون و تورەبـوون، یـاخود ستایشـکردن و پیاهەڵـدان و لاوانــدنەوە و ڕازیبــوون و نەبــوون .....هتــد) لەگەڵ هەمــوو ئەمانەشــدا لەبــواری ئەدەبیاتــدا ڕۆڵێکـی یەکجـار کـاریگەری هەیە، چـونکە (نوسـەر یـان شـاعیر) دەتوانێت لەڕێـگەی زمـانەوە بەرهەمە ئەدەبــی و شــعرییەکانی بە گــوێگر یــاخود خــوێنەر بگەیەنێـت، لەبەرئەوە دەتــوانین بڵێـین زمـان ڕۆڵێکـی یەکجـار بـاڵا دەبینێـت لەسـەرجەم پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی مرۆڤـدا و بەردەوام لەکاردایە لەتەواوی کایەکانی ژیانیدا.

## ١٢/١) ئەركی كۆمەڵایەتی زمان

زمـــان ڕۆڵێكـــی بـــاڵای لە ژیـــانی كـــۆمەڵایەتی تاكەكانـــدا هەیە، چـــونكە لە زۆربەی بوارەكـــانی ژیانـــدا زمـــان ئەركێكـــی زۆری ژیـــانی ڕۆژانەی تـــاك جێبەجێـــدەكات، هەربـــۆیە زمـــان بەرهەمـــی كـــۆمەڵایەتی بـــوونی مـــرۆڤە و تـــاك لەڕێـــگەی تێكەڵبـــوون و ژیـــانی ڕۆژانەیەوە وەریـــدەگرێ.( قـــادر و شـــەمس، ٢٠١٠، ٢٦٦)، بەم پێـــیە ((زمـــان پەیوەنـــدییەكی تونـــدوتۆڵی بە كـــۆمەڵەوە هەیە لە كۆمەڵگـــــادا تـــــاك و دەوروبەر كارلێكـــــدەكەن و هەریەكەیـــــان كـــــاریگەری لەســـــەر ئەویتـــــر هەیە.))(دزەیـــی، ٢٠٢١، ١٥)، لەبەرئەوە ئەو زمـــــانەی كـــۆمەڵ پێیـــدەدوێت تـــایبەتییە كـــۆمەڵایەتی و كلتـــوری و ڕۆشـــــنبیرییەكانی ئەو كـــــۆمەڵەیە دەنوێنێـــــت، لەهەمانكاتـــــدا دەتوانرێـــــت لەڕێـــــگەی زمـــــانەوە ئەركە كۆمەڵایەتیەكـــانی تاكێـــك، خێزانێـــك ، كۆمەڵێـــك وەیـــان نەتەوەیەك بزانرێـــت، لەبەرئەوە زمـــان ئەركێكـــی گرنگـــی كـــۆمەڵایەتی لەســـەر شـــانە.(بـــرزو و عەزیـــز،٢٠١٩، ٢)، كەواتە زمـــان لەنـــاو كۆمەڵـــدا بـــۆ گوزارشـــتكردن لەچەنـــدین ئەرك و دەربـــڕین بەكاردەهێنرێـــت، وەك ســـڵاوكردن، ئاخـــاوتن لەگەڵ ناســـیاو و نەناســـیاودا، ئاهەنـــگ و كـــۆڕ و كۆبـــوونەوە، بـــۆنە ئاینییەكـــان و پرســـە و مـــاتەمینی و .....هتـــد، لەم ڕوانگەیەشـــەوە ((كۆزمـــانەوانی خەریكـــی لێكـــدانەوەی ئەو پەیوەنـــدییانەیە، كە لە نێـــوان هەڵوێســـتی كـــۆمەڵایەتی و هەڵبژاردنـــی زمـــان، یـــان زاردا هەیە و هەوڵـــی ئەوە دەدات تێمـــان بگەیەنێـــت، كە چـــۆن خەڵكـــی دەتـــوانن كەڵـــك لە كانگـــای زمانیـــان وەربگـــرن و بەپێـــی ئەو دەورەی لەكۆمەڵـــدا دەیبینـــن قەنـــاعەت بگـــۆڕن.))(فەتـــاح،١٩٨٦، ١١٥)، بەم پێـــیە زمـــان دوو ئەركـــی كـــۆمەڵایەتی دەبینێـــت: (ئەركـــی دەربـــڕین، ئەركـــی گەیانـــدن) ئەم دوو ئەركەش یەكتـــــری تەواو دەكەن، واتە كـــــۆمەڵ تەواوكەری تـــــاكە و تـــــاكیش تەواوكەری كـــۆمەڵە، هەرلەبەرئەمەشـــە ئەركـــی كـــۆمەڵایەتی زمـــان خـــۆی لە ســـێ بـــابەت دەبینێـــتەوە: (دزەیـــی، ٢٠٢١، ١٦).

١ – جێگیركـــردن : تەواوی زانیـــاری و داهێنانەكـــانی مـــرۆڤ لە ڕێـــگەی زمـــانەوە تۆمـــاردەكرێن، بـــۆ نمـــوونە لەڕێـــگەی زمـــانەوە ئەوە جێگیـــر كـــراوە، كە ســـەركردەیەكی وەكـــو (ســـەلاحەدینی ئەیوبی) كوردە.

٢ – گواســـــتنەوە : هەر زمـــــانە زانیارییەكـــــانی تـــــاك نەوە بەنەوە دەگـــــوازێتەوە و تـــــاڕادەیەكی باش لە فەوتان و نەمان دەیپارێزێت.

٣ – كـــۆكردنەوە و پاراســـتن : یەكێكـــی تـــر لە ئەركە كۆمەڵایەتییەكـــانی زمـــان كـــۆكردنەوەو پاراستنی تەواوی زانیاریە كلتوری و ڕۆشنبیرییەكانە، كە لەڕێگەی نوسینەوە دەپارێزرێن.

## ١٣/١) پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان

لەبەرئەوەی پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، هەربۆیە کاریگەری ئەم پەیوەندییە لە زۆر لایەنەوە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، بەم پێیە دەکرێت بڵێین ئەم پەیوەندییە بە دوو ئاڕاستە کار دەکات :ئەم چەشنە دابەشکارییە وەرگیراوە لە (دزەیی، ٢٠٠٩، ١٧).

**١٣/١-١) پەیوەندی ستوونی :** (ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو کەس یاخود دوو چین دایە، بەشێوەیەک کە یەکێکیان بەدەسەڵاتە و ئەوەیتریان بێدەسەڵات، ئەم جۆرە پەیوەندییە تا ڕادەیەکی زۆر بێهێزە بەشێوەیەک، کە هەرکات قسەکەر ئەو دەسەڵاتەی نەما پەیوەندییەکەش دەگۆڕێت و تا نزمترین پلە دەڕوات و زۆرکات دەگاتە ئاستی نەمان، یاخود پچڕانی تەواوەتی نێوانیان.)(سەرچاوەی پێشوو،٢٠٠٩، ١٧)، نموونەی ئەم جۆرە پەیوەندییە وەک پەیوەندی نێوان خاوەنی کۆمپانیایەک لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە ئەویش لەگەڵ جێگرەکەی و جێگرەکەشی لەگەڵ سەرۆک بەشەکان و پەیوەندی ئەویش لەگەڵ کارمەندانی کۆمپانیاکە، کە تێیدا پەیوەندییەکی ستوونییە و هەرکات قسەکەر دەسەڵاتی نەما پەیوەندییەکەش بەرەو لەناوچوون دەچێت و دەپوکێتەوە.

**١٣/١-٢) پەیوەندی ئاسۆیی :** پەیوەندی ئاسایی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە، واتە ئەم جۆرە پەیوەندییە (لەنێوان ئەو کەسانەدا دروستدەبێت، کە هاوشان و هاوئاستی یەکترن بەو واتایەی دەسەڵات لەم جۆرە پەیوەندییەدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵکو یاسا کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی خۆیان دەبینن.)(دزەیی،٢٠٢١، ٣٦)، وەک پەیوەندی نێوان دوو سەرۆکی زانک، یاخود دوو مامۆستا، یان دوو ئاخێوەری ئاسایی ناو کۆمەڵگا، بەم پێیە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی لەباری ئاساییدا(ئاسۆیی و ستوونی)ن، لەباری نائاساییشدا دەبێتە ستوونی و لەشوێنە فەرمییەکانیش پەیوەندییەکان ستوونی و ئاسۆیین، بۆ نموونە پەیوەندی بەڕێوەبەرێکی گشتی بە فەرمانبەرێک ستوونییە، پەیوەندی فەرمانبەرەکەش بە فەرمانبەرانیتر ئاسۆییە.

دیارە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەچەندین شێوازی جۆراوجۆر قسەدەکات و هەمیشە هەوڵدەدات پارێزگاری لە بەرژەوەندی خۆی بکات و لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی ئاخاوتنی خۆی و بەرامبەرەکەی نەپچڕێنێت، بەڵام ڕێدەکەوێت زۆرجار تاک بەپێی ئەو دەوروبەرەی، کە تێیدایە شێوازەکەی بگۆڕێت بەشێوەیەک، ئەگەر بەرامبەرەکەی بێدەسەڵات بوو بە زمانی هێز قسەی لەگەڵ دەکات، ئەوەی هاوئاستی خۆشی بێت ئاسایی لەگەڵی دەدوێت، ئەوەی لەخۆشی باڵا دەستتر بێت ئەوە بەشێوازێکی بێهێز قسەی لەگەڵدا دەکات.

# بەشی دووەم

# هێزی ڕاکێشان پەیوەست بە تیۆری ئەرکییەوە

## ١/٢) هێزی ڕاكێشان له كردەی ئاخاوتندا

زمــان ڕەگەزێكــی ســەرەكی و بنەڕەتــی پرۆســەی پەیوەنــدیكردنە، هەروەهــا ئــامرازێكە، كە ئـــاخێوەران بەمەبەســتی پەیوەنـــدیكردن بەكاریـــدەهێنن، لەم پەیوەندییەشـــدا زمـــان وەك هۆكــارێكی گرنــگ و كــاریگەر ڕۆڵــی خــۆی دەگێڕێــت، كە بەهــۆیەوە تاكەكــانی كــۆمەڵ بەردەوامـــی بەو پەیوەنـــدییە كـــۆمەڵایەتییە دەدەن، ئەمەش ئەوەمـــان بـــۆ ڕوونـــدەكاتەوە، ســـەرەڕای ئەوەی، كە زمـــان ئەركـــی گەیانـــدن و پتەوكردنـــی پەیوەنـــدییە كۆمەڵایەتییەكـــان دەبینێـت، لەپـاڵ ئەمەشـدا چەنـدان ئەركیتـر دەبینێـت. هێـزی ڕاكێشـان پرۆسـەیەكە، كە قسـەكەر بەبەردەوامــی لە ژیــانی ڕۆژانەدا بــۆ سەرنجڕاكێشــانی بەرامــبەر ســودی لێــدەبینێت، ئاســتی ســەركەوتنی ئەم پرۆســەیەش وابەســتەیە بە كۆمەڵێــك فــاكتەری وەك (دەرونــی، كــۆمەڵایەتی، ئــایینی، ئــابوری، ڕۆشــنبیری، سیاســی)، بــۆ بەئەنجامگەیانــدنی كــردەی ئاخــاوتنێكی كــاریگەر، ئاخــاوتنیش لەســەر ئاســتی هەردوو ڕەگەزە ســەرەكییەكەی پرۆســەكە، كە بــریتین لە (قســەكەر و گــوێگر) وادەخوازێــت پەیــڕەوی كۆمەڵێــك بەهــای گرنــگ و پــڕ بــایەخی وەك (ڕەگەز، تەمەن، ڕێزگــرتن، .....هتــد) بكرێــت، كە لە شــێوازی داڕشــتنی پەیــام و گەیانــدنی گــوتنەكەدا ڕەنگبــداتەوە، ئەم ڕەنگــدانەوەیەش لە پەیــامەكەدا دەبێــتە خــاڵێكی گرنــگ لە دروســتكردنی كارلێــك لە نێــوان قســـەكەرو گـــوێگردا، ئەم كـــارلێككردنەش ئەو هێـــزەیە، كە لە پرۆســـەی پەیوەندیكردنـــدا دروســـتدەبێت و بەهێــزی ڕاكێشــان لە كــردەی ئاخاوتنــدا ناوزەنــد دەكرێــت، ئەمە لە لایەكەوە لەلایەكـــی تریشـــەوە، پێویســـتە ئـــاخێوەر ڕەچـــاوی ئەركـــی زمـــانیی ئاخـــاوتنەكە لە ئاســـتی (دەنگســـازی و وشەســـازی و ڕستەســـازی و واتاســـازی و پراگمـــاتیكی)دا بكـــات، تـــاوەكو سەركەوتنی پرۆسەكە مسۆگەربكات.

كـــردەی ئاخـــاوتن ســـەنگ و بەهـــای خـــۆی هەیە، مـــرۆڤ بەگشـــتی لەژیـــانی ڕۆژانەدا هەوڵـــدەدات بەشـــێوازێك لەگەڵ كەســـانی دەوروبەری گفتوگـــۆ بكـــات، تـــاوەكو پەیوەنـــدییەكی گونجــاو و پــتەو لەگەڵ بەرامبەرەكەیــدا دروســتبكات، هەربــۆیە ئــاخێوەر بــۆ دروســتكردنی متمـانە پێویسـتە شـێوازی ئاخـاوتنی بگۆڕێـت و هەوڵبـدات سـود لە زمـانێكی ئەرێنـی وەربگرێـت، چـــونكە ((وشـــە و ڕســـتە و دەربڕینەكـــان هێزێكـــی جادوویـــان هەیە و دەتـــوانن گەورەتـــرین كـــاریگەری لەســـەر بەرامـــبەر دروســـتبكەن.))( Fairclough,2001,45)، لەبەرئەوە دەروناســـەكان پێیـــانوایە (عەقڵـــی بـــێ ئاگـــا (عقـــل بـــاطن)ی مـــرۆڤ زۆر تیشـــكدەخاتە ســـەر ئەو وشـــەیەی، كە دەیبیســـتێت، ئینجـــا لێكـــدانەوەی بـــۆ دەكـــات.)(Longumer,2016,8)، هەربـــۆیە بەئاگـــایی قســـەكەر لە هەڵبژاردنـــی وشـــە و ڕســـتەكان و چـــۆنیەتی دەربڕینیـــان بە شـــێوازێكی گونجـــاو بە خـــاڵێكی گرنــگ لە هێــزی ڕاكێشــاندا دادەنرێــت، ئەمەش پاڵپشــت بە ڕەخســاندنی كەشــوهەوایەكی پــڕ لە ئارامی و نەرمونیانی دێتەبەرهەم.

ئاشکرایە زمان پەیوەندییەکی بەتینی بە کۆمەڵەوە هەیە، تاکەکانی ناو کۆمەڵگا کارلێکدەکەن و کاریگەری لەسەر یەکتر دروستدەکەن، زۆرێک لەزمانەوانەکان جەخت لەسەر ئەم ڕاستییە دەکەنەوە و زمان بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، یەکێک لەوانە (سۆسێر)ە، کە پێیوایە (زمان ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و تاکی هەیە و هیچیان بەبێ ئەویتریان کارناکات.) (Saussure,1968,24). زمان هۆیەکە بۆ بەیەکگەیاندنی کەسەکان، بنیاتنانی ئەم پەیوەندییەش پێویستی بەکۆمەڵێک ڕێو شوێن هەیە بگیرێتە بەر بۆ دروستکردنی ئەو هێزەی، کە زمان هەیەتی بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر بۆ ناو کردەی ئاخاوتن بە ئامانجی کاریگەری دروستکردن لەسەری. هێزی ڕاکێشانی زمان هێزێکی لەبن نەهاتووە، کە تەواوی ژیانی تاک وکۆمەڵی پێوە بەندە، چونکە لەڕێگەی ئەم هێزەوە دەتوانین کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکەین، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە مرۆڤ بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی لە ناو کۆمەڵدا سودی زۆری لێدەبینێت، بۆ نموونە بازرگانەکان بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان سودی لێدەبینن، یان پاڵێوراوەکان لە پرۆسەی دەنگداندا بەکاریدەهێنن، یاخود منداڵ بۆ بەدەستهێنانی پارچەکێکێک یان هەرشتێکیتر لەگەڵ دایکو باوکی بەکاریدەهێنێت.

هێزی ڕاکێشان (پێوانەی توانایی کەسێکە بۆ پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی کاریگەر لە زمانێکی دیاریکراودا، بەمەش هێزی زمانی خۆی لە دوو ئاڕاستەدا دەبینێتەوە: یەکەمیان توانای قسەکردن و تێگەیشتن، دووەمیان توانای گوێگرتن و تێگەیشتن.) (Holtgravesa&Lasky,1999,12 )، بێگومان ئەو کەسانەی توانایییەکی بەهێزی زمانییان لە پرۆسەی ئاخاوتندا هەیە، ئاسانتر دەتوانن کاریگەرییان لەسەر بەرامبەر هەبێت، لەمبارەیەوە (دۆن مگویل رویز) دەڵێت: (هێزی ئەو زمانەی ئێمە بەکاریدەهێنین شێوازی خۆی هەیە و پێویستە ئاخێوەران وریابن لە بەکارهێنانی، چونکە ئەو وشانەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت دەسەڵات دەگرێتە دەست بۆسود گەیاندن، یاخود زیان گەیاندن بە ئەوانیتر.) (Longumer,2016,5)، بەو واتایەی بەکارهێنانی زمان بەشێوەیەکی ژیرانە دەتوانێت هەستە قوڵەکانی کەسی بەرامبەر ببینێت و کاریگەرییان لەسەر دروستبکات، لەمڕووەوە دەتوانین بڵێین کاتێک ئاخێوەر قسە دەکات( دوو ئاڕاستەی زمانی بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، ئەوانیش بریتین لە هێزی زمان و زمانی هێز.)(Fairclough,2001,7)، مەبەستیش لە (هێزی زمان) هەموو ئەو وشەو ڕستە و دەستەواژە زمانییانەن، کە ئاخێوەر بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر بەکاریدەهێنێت، ئەمەش بەڕەچاوکردنی چەند فاکتەرێک، کە کاریگەرییان هەیە، وەک فاکتەری (دەرونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، .....هتد)، بەو واتایەی بەکارهێنانی زمان بەدروستی و نەرمی، هێز بە قسەکەر دەبەخشێت تاوەکو کاریگەری لەسەر گوێگر دروستبکات، واتە لێرەدا هێزی ڕاکێشانەکە زمان سەنتەریەتی، بەڵام (زمانی هێز) بە پێچەوانەوەیە و ئاخێوەر

سـود لەو دەسـەڵاتە دەبینێت، کە هۆکـارە (کـۆمەڵایەتی، سیاسـی، ئابوری،......هتـد) پێیبەخشـیوە، تـاوەکو کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر دروسـتبکات، بـۆ نمـوونە کاتێـک سـەرۆک عەشـیرەتێک بڕیارێـک، یـاخود فەرمانێـک دەردەکـات، ئەنـدامانی ئەو عەشـیرەتە نـاتوانن سـەرپێچیبکەن، ئەم هێـزەش پـێگە کـۆمەڵایەتییەکە بەخشـیویەتی، هەربـۆیە لێـرەدا هێـزەکە سـەنتەرە بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر، لەبەرئەوە گـرنگە ئـاخێوەر بـۆ بەدیهێنـانی ئامانجەکـانی ڕێگـای دروسـت و لەبـارو گونجـاو و جۆراوجـۆر بەکاربهێنێـت بـۆ سەرنجڕاکێشانی کەسانی دەوروبەری بۆ ئەوەی بە مەبەستەکانی بگات.

کەواتە دەتـوانین بڵێـین هێـزی ڕاکێشـان پرۆسـەیەکە بـریتییە لە بەکارهێنـانی تەکنیـک و شـێوازێکی گونجـاو، کە لەلایەن ئـاخێوەرەوە بەشـێوەیەکی ئەرێنـی یـاخود نەرێنـی بە ئامـانجی دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر بەکاردەهێنرێـت، بەواتـایەکیتر هێـزی ڕاکێشـان کردەیەکـی مەبەسـتدارە و قسـەکەر بـۆ ئامـانجێکی دیـاریکراو بەکاریـدەهێنێت، ئەم ئامـانجەش دەکرێـت بـۆ (ڕازیکـردن، هەڵخەڵەتانـدن، دڵـدانەوە، هێرشـکردن، توانجـدان، هەواڵگەیەنـدن، جێخۆشـکردن، هەسـتدەربڕین، پرسـیارکردن،......هتد) بێـت، پشتبەسـت بە لایەنـی ئەرکـی زمـانیی ئاخـاوتنەکە، هەروەهـا لەبەرچـاوگرتنی فـاکتەرە کاریگەرەکـانی سـەر هێـزی ڕاکێشـان لە نێـوان ئاخێوەرانـدا لە ڕووی(دەرونـی، ئـاینی، ڕۆشـنبیری ، سیاسـی. کـۆمەڵایەتی، ئـابوری)، بـۆئەوەی سـەرکەوتنی پرۆسـەکە ببـاتە ئاسـتێکی بـاڵاوە، بەمەش هێـزی ڕاکێشـانی زمـانیی دەکرێـت لە بەرژەوەنـدی کـارلێکەر و کـارلێکراودا بێـت، یـاخود بەپـێچەوانەوە لە بەرژەوەنـدی لایەنێکیانـدا بێـت، جـگە لەمەش کۆمەڵێـک خـاڵی گرنگیتـر بەدەر لە لایەنـی زمـانیی هەیە، کە ڕۆڵیان لەهێزی ڕاکێشاندا هەیە. وەک:

## آ) ڕێزگرتن:

ڕێزگـرتن [1]تایبەتمەنـدییەکی زمـانە و پەیوەسـتە بە قسـەکەر و گـوێگرەوە، وەکـو پێویسـتییەکی گرنـگ لە کـردەی ئاخاوتنـدا سـەیردەکرێت، هەروەهـا ڕۆڵێکـی گرنـگ و بەرچـاوی لە هێـزی ڕاکێشـاندا هەیە، بەگشـتی مـرۆڤ حەز بە هەڵسـوکەوت و ڕەفتـاری زمـانیی جـوان و بەڕێـزانە دەکـات، چـونکە نەرمونیـانی و شـێوازی قسـەکردنی شـیاوی تێـدایە، لەبەرئەوە کاتێـک ئـاخێوەر بیەوێـت بەمەبەسـتێک یـان ئامانجێـک بگـات، پێویسـتە بەشـێوەیەکی بەڕێـزەوە مـامەڵە لەگەڵ بەرامـبەرەکەی، یـاخود دەوربەرەکەی بکـات، هەروەکـو (لـیچ) دەڵێـت : ((ڕێزگـرتن ڕۆڵێکـی گرنـگ لەهەر کـارلێککردن و پەیوەندییەکـدا دەبینێـت، هەروەهـا بەردەوامـی بەو هاوسـەنگی و هێـزە کـۆمەڵایەتییە دەدات، کە ڕۆڵیـان لە پەیوەندییەکانـدا هەیە.))(Hurmiz,2009,15) ، بـۆ نمـونە کاتێـک کەسـێک دەچێـتە نـۆرینگەیەکی پزیشـکی و پەلەیەتـی، بـۆئەوەی بەزوویـی بچێـتە ژورەوە، لێـرەدا ئـاخێوەرەکە هەوڵـدەدات لە ڕێـگەی گفتوگـۆیەکی بەڕێـزانەوە سـەرنجی

[1] ) بۆ زانیاری زیاتر لە سەر دیاردەی ڕێزگرتن بڕوانە (مەعروف، ٢٠١٢، ٣) ، هەروەها بڕوانە (شریف،٢٠١٥، ١٠).

بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و ڕازیبکات، لەجیاتی بەکارهێنانی (دەمەوێت زوو بچمە ژوورەوە) ، سود لە هەندێک ڕستەیتر دەبینێت وەک (ببورە خاتوون گیان دەتوانیت یارمەتیم بدەی بۆئەوەی زوو بچمە ژوورەوە، لەبەرئەوەی ماڵمان لەدەرەوەی شارە، یان ئازارم زۆرە، یاخود منداڵەکەم نەخۆشە، .... هتد.) لێرەدا ئاخێوەر لەڕێگەی مامەڵەکردنێکی بەڕێزانەوە دەیەوێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت بۆئەوەی بەمەبەستەکەی بگات.

## ب) ڕەگەز[٢]:

جیاوازی ڕەگەزیی کاریگەرییەکی زۆری لە دەربڕاوە زمانییەکانی مرۆڤدا هەیە، بەشێوەیەک ڕەچاوکردنی ڕەگەزی بەشداربووانی ئاخاوتن لە هێزی ڕاکێشاندا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، هەربۆیە لەسەر ئاخێوەر پێویستە لە کاتی بەرهەمهێنانی پەیامەکانیدا ڕەچاوی جیاوازی ڕەگەزیی بەرامبەر بکات. (زانا ئەمریکییەکانی زانستی لێکۆڵینەوەی مێشک لە دوایین لێکۆڵینەوەیاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان مێشکی ئافرەت و پیاودا هەیە، بەشێوەیەک ڕەگەزی مێ بەراورد بە ڕەگەزی نێر زیاتر دەدوێن، هەروەها ڕەگەزی مێ زیاتر ئارەزووی هۆنینەوەی وشەکان بەراورد بە ڕەگەزی نێر دەکەن، جگە لەمەش پیاو لای چەپی مێشکیان بەکاردەهێنن، کە بەرپرسیارە لە زمان، بەڵام ئافرەت هەردوولای ڕاست و چەپی مێشکیان بەکاردەهێنن، هەربۆیە ئافرەت بەتواناترە لە ئاوێتەبوونی زمان بەهەست و سۆزەوە.)[٣](صالح،٢٠٢٠، ٧١-٧٢)، لەبەرئەوە لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییە ڕەگەزییە هەلی سەرکەوتنی پرۆسەکە زیاتر دەکات، بەجۆرێک ئەگەر قسەکەر بیەوێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت بۆ ئەوەی داوای کارێکی لێبکات، بێگومان شێوازی داواکردنەکە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا هەروەکو ئاماژەمان پێکرد جیاوازە و پێویستە لەبەرچاوبگیرێت، بۆنموونە ئەگەر لە فەرمانگەیەکدا فەرمانبەرەکە لە ڕەگەزی نێر بوو، ئاخێوەر دەڵێت:

- بەئەرک نەبێت دەتوانیت ئەم نوسراوەم بۆ مۆربکەیت؟

بەڵام ئەگەر فەرمانبەرەکە لە ڕەگەزی مێ بوو شێوازی سەرنجڕاکێشانەکە بۆ داواکردنی کارەکە جیاوازتر دەبێت و دەڵێت:

- ببورە خاتوون گیان دەتوانیت ئەم نوسراوەم بۆ مۆر بکەیت؟

ئاشکرایە ڕەچاوکردنی ئەم جیاوازییە ڕەگەزییە لەکردەی ئاخاوتندا ڕۆڵێکی کاریگەر لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینێت و هەلی سەرکەوتنی کردەکە زیاتر دەکات.

---

[٢] ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕەگەز بڕوانە (محەمەد، ٢٠١٣)

[٣] ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر جیاوازی ڕەگەزی (نێر و مێ) بڕوانە (صالح، ٢٠٢٠، ٧١-٧٣)، هەروەها بڕوانە (موسی،١٩٩٨، ١٣-٢٠)

## ج) زمانی جەستە:

مرۆڤ بۆ گەیاندنی بیرۆکەو پەیامەکانی، جگە لە پەیوەندی زارەکی پەیوەندی نازارەکیش بەشێوەیەکی بەرفراوان و کاریگەر بەکاردەهێنێت، بەمەش زمانی جەستە دەبێتە جۆرێک لە پەیوەندی نازارەکی، کە پێکدێت لە دۆخی جەستە ،ئاماژە، دەربڕین و جوڵەی دەموچاو، کە تێیدا کارلێکەر بەشێوەیەکی زۆر وردو ژیرانە هەریەکە لەمانە بەکاردەهێنێت، هەروەها زمانی جەستە هۆکارێکە تا لەرێیەوە قسەکەر هەڵوێست، یاخود باری دەرونی گوێگر هەڵبسەنگێنێت، چونکە جوڵە و دەربڕینە جەستەییەکان لەپاڵ دەنگدا زۆر شت دەربارەی بەرامبەر ئاشکرا دەکەن، لەمبارەیەوە (جۆن بۆرگ- JohnBorg) پێیوایە (( لە٩٣ ٪ پەیوەندی مرۆڤ لە زمانی جەستە پێکدێت، لە کاتێکدا تەنها لە٧٪ ی پەیوەندییەکان لە خودی وشەکان پێکدێن.))(Singh,2018,7).

لە کردەی ئاخاوتندا زمانی جەستە[٤] رۆڵێکی کاریگەر لە سەرنجراکێشانی بەرامبەردا دەگێرێت، چونکە لەهێزی راکێشاندا، جگە لە وشە و دەربڕاوە زمانییەکان جوڵە جەستەییەکانیش هۆکارێکی گرنگن و کاریگەرییەکی باشیان لە سەرنجراکێشانی بەرامبەردا هەیە، هەربۆیە دەوترێت ((زمانی جەستە بەدەنگێکی بەرزتر لە وشەکان قسە دەکات.)) (Liu,2019,298)، هەروەها (زمانی جەستە لایەنی بێئاگای مرۆڤە، کە بەهۆیەوە دەتوانین پەی بەنهێنییەکانی ناخی تاکی بەرامبەر ببەین، لەپاڵ ئەمەشدا لە سەر کارلێکەر پێویستە زمانی جەستەی خۆشی کۆنترۆڵ بکات.)(صالح،٢٠١٨، ١٤٦)، تاوەکو ئاسانتر بتوانێت لە ئامانجەکانی نزیک بێتەوە، هەروەکو (دەیڤد ئەبێرکرۆمبی- DavidAbercrombie) دەڵێت: ((بە ئەندامە دەنگییەکانمان ئاخاوتن دەکەین، بەڵام بەهەموو لەشمان پەیام دەگەیەنین.))(هدسن، ١٩٨٧، ٢٢٨)، بۆ نموونە کاتێک دایکێک لە منداڵەکەی تورە دەبێت و دەیەوێت سەرنجی منداڵەکەی رابکێشێت بۆ ئەوەی هەرەشەی لێبکات دەڵێت: (بەخوا سزات دەدەم.)، لێرەدا قسەکەر لەپاڵ وتنی رستەکەدا ئاماژە جەستەییەکانیشی لەگەڵ بەکاردەهێنێت، وەک (پەنجەراوەشاندن و گرژبوونی دەموچاو ، چاو لێزیتکردنەوە،....هتد)، بەمشێوەیە لەپاڵ دەربڕاوە زمانییەکە زمانی جەستەش کاریگەری لەسەر گوێگر دروستدەکات و پێکەوە لە سەرکەوتنی پرۆسەکەدا بەشدار دەبن.

## ٢/٢) فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر هێزی راکێشان لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەراندا

ئاشکرایە زمان ئامرازێکی گرنگی پرۆسەی پەیوەندیکردنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک فاکتەر کاریگەرییان لەسەر شێوازی ئاخاوتن لەنێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە، لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەش بریتین لە: تەنها ناونیشانی هۆکارەکان وەرگیراوە لە: (هدسن،١٩٨٧، ٢٢٠-٢٢٣)

**١-٢/٢) هۆکاری دەرونیی :** لایەنی دەرونیی مرۆڤ راستەوخۆ کاریگەریی لەسەر کردەی ئاخاوتن دەبێت، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی دەرونیی تاک لە کاتی ئەنجامدانی

---

[٤] ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر زمانی جەستە بڕوانە (صالح،٢٠٢٠، ١٨٦- ٢٣٢).

پرۆسەی پەیوەندیکرنـدا، چـونکە وەک ئاشـکرایە (زمـان تەنهـا هـۆیەک نییە بـۆ پەیوەنـدیکردن ، بەڵکـو هۆیەکیشـە بـۆ کـاریگەری و گـۆڕینی ڕەوشـتی مـرۆڤ.)(اوسـتن ، ١٩٩١، ٣٣)، بەمەش هێـزی ڕاکێشـان دەبێـتە ئامانجێـک، تـاوەکو کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر دروسـتبکات، جـا ڕەوشـت بێـت، یـان ئاڕاسـتە، یـاخود بیـرو بـاوەڕ، لەهەمانکاتیشـدا پەیوەسـتە بەگفتوگـۆ و شـارەزایی لە گەیانـدن، ئەمەش دەبێـتە خـاڵێکی بەهێـز تـا لەڕێـگەیەوە ئـاخێوەر کاربکـاتە سـەر بەرامـبەرو بە ئامـانجەکەی بگـات، هەربـۆیە کاتێـک کەسـێک دەیەوێـت گفتوگـۆ لەگەڵ کەسـێکیتردا بکـات، جـا ئەو کەسـە خـزم، یـان بێگـانە، یـاخود هـاوڕێ بێت، یەکەم کـار پێویسـتە ئەنجامیبـدات خوێنـدنەوەی بـاری دەرونـی بەرامـبەرە، چـونکە ئەگەر بەرامـبەر لە ڕووی دەرونیـیەوە ئامـادە نەبێـت ناتوانرێـت کـار لەسـەر ئەو ئامـانجە بکرێـت، کە مەبەسـتییەتی، هەروەکـو (بـالی) دەڵێـت: ((هەر کردەیەکـی گـوتن هەڵگـری کـاریگەرییەکی دەرونیـیە.))(دزەیـی،٢٠٠٩، ١٢٥)، لەبەرئەوە ڕەچـاوکردنی لایەنـی دەرونیـی بەرامـبەر بە بەشـێکی گرنگـی سـەکەوتنی هێـزی ڕاکێشـان لە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا ئەژمـار دەکرێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک کارمەنـدی فەرمـانگەیەک دەیەوێـت داوای مـۆڵەت لە بەڕێـوەبەرەکەی بکـات، لێـرەدا کارمەنـدەکە ڕەچـاوی لایەنـی دەرونـی بەڕێـوەبەرەکەی دەکـات، تـاوەکو ڕازیبکـات و مـۆڵەتەکەی پێبـدات، چـونکە ئەگەر بەڕێـوەبەرەکەی بـارودۆخی لە ڕووی دەرونیـیەوە جێگیـر نەبێـت، ئـاخێوەر ناتوانێـت بەو مەبەسـتە بگـات، کە ئامـانجییەتی، هەربـۆیە دەتـوانین بڵێـین ڕەچـاوکردنی لایەنـی دەرونـی بەیەکێـک لە فـاکتەرە کاریگەرەکـان لە هێـزی ڕاکێشـاندا دادەنرێت.

**٢/٢-٢) هۆکـاری ئـاینی :** ئـایین وەک بەشـێکی گرنگـی هەر کلتورێـک، سـەرەڕای ئەوەی ڕەنگـدانەوە و کـاریگەریی لەسـەر زمـان و شـێوازی ژیـان و ئاخـاوتن هەیە، هەروەهـا بە یەکێـک لە هۆکـارە گرنگەکـانی سـەرکەوتنی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن پەیوەسـت بە دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر تـاک دادەنرێـت. (بەهـا و ڕێسـا ئاینییەکـان پێگەیەکـی بەرچاویـان لەنـاو کۆمەڵـدا هەیە، بەشـێوەیەک لەسـەر قسـەکەر پێویسـتە ڕەچـاوی بەهـاو ڕێسـا ئاینییەکـان بکـات، بـۆئەوەی بتوانێـت بەردەوامـی بە ژیـان لەنـاو ئەو کۆمەڵگـایەدا بـدات.) (السـعران،١٩٥٨، ٣٤)، چـونکە ڕەچـاوکردنی لایەنـی ئـاینی کەسـی بەرامـبەر وادەکـات پرۆسـەی هێـزی ڕاکێشـان سـەرکەوتووتر بێـت و قسـەکەریش مەبەسـتەکەی بپێکێـت، هەربـۆیە کاتێـک دەمانەوێـت گفتوگـۆ لەگەڵ کەسـێک، یـاخود توێژێـک لە هەڵگرانـی بیـرو بـاوەڕی ئـاینێکی دیـاریکراو بکەیـن، ئەو ئـایینە ( ئیسـلام، مەسـیحی، یەهـودی، یەزیـدی ...هتـد) بێـت، پێویسـتە ئـاخێوەر پیرۆزییەکـان و دۆخـی ڕۆحـی کەسـەکە، یـاخود تـوێژەکە لەپێنـاو لێـک نزیکـی و تەبـایی نێوانیـان لەبەرچـاو بگرێـت، هەرلەبەرئەوەشـە ئـایین و ڕەچـاوکردنی دۆخـی رۆحـی و ڕێزگـرتن لە پیرۆزییەکـانی تـاکێکی پابەنـد بە دیـنەوە بە هۆکـارێکی گرنگـی هێـزی ڕاکێشـان و دروسـتکردنی پەیوەنـدییەکی کـارلێکردن لەکـردەی ئاخاوتنـدا دادەنرێـت، بـۆیە کاتێـک ئـاخێوەر

بیەوێـت گفتوگـۆیەک لەگەڵ کەسـێکدا ئەنجامبـدات بـۆ ئەوەی کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکات، ئەگەر بەرامـبەر لەڕووی دیـنەوە سـەر بەئـاینی ئیسـلام بێـت و پابەنـدییەکی زۆری بەو دیـنەوە هەبێـت، لەسـەر کـاڵێکەر پێویسـتە سـود لەو وشـەو دەربڕینـانە وەربگرێـت، کە بـایەخێکی زۆریـان بـۆ بەرامـبەر هەیە، بـۆ نمـوونە لەکـاتی دادگـاییکردنی تاوانبارێکـدا، زۆرجـار تاوانبـار سـود لە لایەنـی ئـایینی بەرامـبەر وەردەگرێـت و هەوڵـدەدات لەڕێـگەی سـوێند خـواردنەوە دادوەرەکە ڕازیبکات و بێتاوانی خۆی بسەلمێنێت، هەربۆیە دەڵێت:

- سوێند دەخۆم/ بەقورئان/ من ئەو کارەم نەکردووە.

**٢/٢-٣) هۆکـاری سیاسـی :** یەکێکـی تـر لە هۆکـارە کاریگەرەکـان، کە وەک لایەنێکـی گرنگـی ژیـانی مـرۆڤ سـەیر دەکرێـت و ڕۆڵـی لە کـردەی ئاخاوتنـدا هەیە، بـریتییە لە لایەنـی سیاسـی، لەبەرئەوەی تاکەکـان هەڵگـری چەنـد بیروبـاوەڕێکی تـایبەت بەخۆیـانن، بەجۆرێـک لەجۆرەکـان باوەڕیـان پـێ هێنـاوە و پارێزگـاریی لەو بیروبـاوەڕو تایبەتمەنـدییەی خۆیـان دەکەن. (سیاسـەت وەک بەشـێکی دانەبـڕاو لەژیـانی ڕۆژانەی هەر تاکێـک، هەروەهـا بیروبـاوەڕی سیاسـی وەک جۆرێـک لەپیـرۆزی لای تاکەکـان سـەیردەکرێت، کە ئەمەش وا دەخوازێـت شـێوازێکی تـایبەتی کـردەی ئاخـاوتن لەگەڵیـدا پەیـڕەو بکرێـت، کە سـنوری بیروبـاوەڕە سیاسـییەکەی و دۆخـی لایەنـداریی گـروپ و کەسـەکە لەبەرچـاو بگیرێـت.)(امـین،٢٠١٣، ١١٤)، لەبەرئەوە کاتێـک کەسـێک بـاوەڕی بە بەرنـامە و ئەجێنـدای لایەنێکـی سیاسـی وەک (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان-pkk) هەیە وسـەرکردەی پـارتەکەی وەک کەسـێکی نمـوونەیی ژیـانی سـەیر دەکـات، ناکرێـت نێـرەر ئەم دۆخە سیاسـییەی وەرگـر لەبەرچـاو نەگرێـت، یـاخود ئەگەر بمانەوێـت گروپێکـی ناسیۆنالسـتی بـدوێنین، ناکرێـت دۆخـی نەتەوەیـی و پیـرۆزییە کلتورییەکـانی ئەو گـروپە لە کـردەی ئاخـاوتنەکەدا فەرامۆشـبکەین، یـان بەجۆرێـک لە جۆرەکـان ڕەچـاوی بەهـا نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکانی گـروپەکە نەکەیـن، کە وەک بیروبـاوەڕی سیاسـی و پیـرۆزییەک سـەیر دەکرێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک دوو هـاوڕێ گفتوگـۆ لەبـارەی بـابەتێکەوە دەکەن و یەکێکیـان دەیەوێـت کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەرەکەی دروسـتبکات و سـەرنجی ڕابکێشـێت، دۆخـی لایەنـداری بەرامـبەرەکەی لەبەرچـاو دەگرێـت بـۆ ئەوەی ئاسـانتر بتوانێـت بە ئامـانجەکەی بگـات، هەربـۆیە ئەگەر گـوێگر سـەر بەلایەنێکـی سیاسـی وەک (یەکێتـی یـان پـارتی) بێـت، شـێوازی بەرهەمهێنـانی پەیـامەکەی جیـاواز دەبێـت، هەربۆیە دەڵێت:

- مام جەلال و کاک مەسعود لە دەباشان کۆبوونەوە. ⟵ یەکێتی
- کاک مەسعود و مام جەلال لە دەباشان کۆبوونەوە. ⟵ پارتی

ئەم دوو ڕسـتەیە لە ئاسـتی سـینتاکس و سـیمانتیکدا یەک شـتە، بەڵام لە ئاسـتی پراگماتیکـدا لەیەکتـر جیـاوازن، ئەوەش بـۆ دەوروبەرو کەسـانی بەشـداربوو دەگەڕێـتەوە، بەشـێوەیەک

ئەگەر گـوێگر یەکێتـی بێـت قسـەکەر ڕسـتەی یەکەم بەکاردەهێنێـت، بەڵام ئەگەر پـێچەوانە بـوو ڕسـتەی دووەم بەکاردەهێنێـت، هەربـۆیە بەگشـتی لە کـردەی ئاخاوتنـدا ئەوە گـرنگە، کە دەمانەوێـت چـی بڵێـین؟ چـۆن مەبەسـتەکەمان بگەیەنـین؟ سـود لە چ وشـەو ڕسـتەو دەربڕاوێـک وەربگرین؟

**٤-٢/٢) هۆکـاری ئـابوریی:** یەکێکیتـر لە فـاکتەرە کاریگەرەکـانی سـەر هێـزی ڕاکێشـان لە نێـوان ئاخێوەرانـدا ئـابوورییە، کە ڕاسـتەوخۆ کـاریگەریی لە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا هەیە. (ئـابوری وەک فـاکتەرێکی گرنـگ بـۆ بەردەوامیـدان بە ژیـانی کـۆمەڵ لە لایەک، هەروەهـا دابەشـبوونی ئـابوریی تـاک و گروپەکـانی نـاو کـۆمەڵگە بـۆ (هەژار، مامناوەنـد، دەوڵەمەنـد) لە لایەکیتـرەوە، وادەکـات شـێوازی دەربڕینـی زمـانی ئەم گروپـانە لە یەکتـر جیـاواز بـن، لە هەمانکاتیشـدا کـاریگەریکردنە سەریشـیان جیـاواز بێـت.)(یـونس،٢٠٠٤، ٩٧)، بـوونی ئەم جیـاوازیەش لە کـردەی ئاخـاوتنی تـاک و گروپەکانـدا وادەخوازێـت شـێوازێکی تـایبەت بە هەر تـاک و گروپێـک پەیـڕەو بکرێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک خـاوەن دوکانێـک دەیەوێـت سـەرنجی شـاگردەکەی ڕابکێشـێت بـۆئەوەی کـارەکەی بەباشـی ئەنجامبـدات، ئەگەر بەرامـبەر لەڕووی ئـابوورییەوە کەمـدەرامەت بێـت و ئـارەزووی پـارەی زیاتربکـات، ئـاخێوەر لە ڕوانـگەی ئـابوورییەوە هانیـدەدات بـۆئەوەی ڕازیبکات و دەڵێت:

- ئەگەر کارەکانـت بەباشـی ئەنجامبـدەیت، سـەری مانـگ بە پاداشـتێک قەرەبـووت بۆدەکەمەوە.

هێـزی ڕاکێشـان پێویسـتی بە لێهـاتوویی و شـارەزاییەکی باشـی گەیانـدن هەیە و هەمـوو کەسـێک ناتوانێـت ئەو کـارە ئەنجامبـدات، ئەمەش بەواتـای ئەوە دێـت، کە هێـزی زمـان لێـرەدا سـەنتەر دەبێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرجـار کەسـانی دەوڵەمەنـد بەهـۆی پـێگە ئابورییەکەیـانەوە کـۆنترۆڵی چینـی هەژار دەکەن و هەرشـتێک ئەوان بیانەوێـت بەرامبەرییـان ئەنجامیـدەدەن، ئەمەش بەهـۆی ئەوەی قـوت و ژیـانی چیـنە هەژارەکە لە ژێـر دەسـتی خۆیانـدایە و هەر لادانێـک لە ویسـت و ئـارەزووی سـەرمایەدارەکە دەبێـتە مەترسـی لەسـەر بژێوی ژیانی.

**٥-٢/٢) هۆکـاری کـۆمەڵایەتی :** پـلەو پـایەی کـۆمەڵایەتی ڕاسـتەوخۆ کـاریگەریی لەسـەر زمـان و شـێوازی ئاخـاوتنی تـاک هەیە، چـونکە (چینەکـانی کـۆمەڵ دابەشـبوون بەسـەر (سـەرەوە، ناوەڕاسـت، خـوارەوە)، هەر یەکێـک لەم چینـانە بەپێـی پـلە و پـایەی کـۆمەڵایەتی شـێوازێکی تـایبەتی ئاخـاوتنی هەیە.)(خرمـا،١٩٧٨، ٢٣٤)، بـۆیە زمـان بەپێـی چینـی قسـەپێکەرانی دەگۆڕێـت، لەمبـارەیەوە (بـراون) دەڵێـت: (پـێگەی کـۆمەڵایەتی گرنگتـرین هۆکـاری گـۆڕینی شـێوازی ئاخـاوتنە.)(هدسـن، ١٩٨٧، ٢٢٨)، بەمەش زمـان بـۆ جیـاکردنەوەی چینێـک لە لە چینێکـی تـر ڕەگەزێکـی زۆر گـرنگە، کە قسـەکەر پێویسـتە ڕەچـاوی ئەوە بکـات بـۆ ئەوەی بتوانێـت

کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر دروسـتبکات، بێگومـان لە کـردەی ئاخاوتنـدا شـێوازی دەربـڕین و دووری و نزیکـی کـۆمەڵایەتیی قسـەکەرو گـوێگرو دەوروبەری ئاخـاوتنەکە ڕۆڵـی گرنگیـان لە پتەوکردنـی پەیوەندییەکانـدا هەیە، هاوکـات کاریگەریشـی لە هێـزی ڕاکێشـاندا هەیە، بـۆ نمـوونە کاتێـک ئەنـدامی عەشـیرەتێک بـۆ لای سـەرۆک عەشـیرەتەکەی دەچێـت دەیەوێـت کـارێکی بـۆ ئەنجامبـدات، هەربـۆیە بە ڕەچـاوکردنی پـێگەی کـۆمەڵایەتی بەرامـبەر ئـاخێوەر پەیـامەکەی بەهەمـــدەهێنێت، و دەیەوێـــت لەم ڕێـــگەیەوە سەرنجیڕابکێشـــێت و بەمەبەســـتەکەی بگـــات، هەربۆیە دەڵێت:

– گەورەم کارکردن لەگەڵ ئێوە و لەژێر فەرمانی ئێوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە!

وتنـــی ئەم دەربڕینـــانە لە کاتێکـــدایە، کە گـــوێگر پـــلەو پـــایەیەکی بەرزی هەیە و قســـەکەر دەیەوێـت لەڕێـگەی پـێگە کـۆمەڵایەتییەکەیەوە کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکات بـۆ ئەوەی ئامـانجەکەی بپێکێـت، هەربـۆیە دەتـوانین بڵێـین لە هێـزی ڕاکێشـاندا ئـاخێوەر ئەو فـاکتەرە لەبەرچـاو دەگرێـت، کە بـۆ بەرامـبەر جـێگەی بـایەخە، ئەمەش دەبێـتە کلیلـی سـەرکەوتنی پرۆسـەی پەیوەنـدیکردن و هێـزی ڕاکێشـان لە کـردەی ئاخاوتنـدا بەرزدەکـاتەوە، بەڵام بە پێچەوانەشـەوە کەسـانێک هەن لەنـاو کـۆمەڵ خـاوەن دەسـەڵاتن، وەک سـەرۆک هۆزەکـان، کە کـۆمەڵ دەسـەڵاتی پێـداون کەس ناتوانێـت سـەرپێچیان بکـات، بـۆ ئەم مەبەسـتەش بە زمـانی هێـز قسـە دەکەن و دەتـوانن قسـە بەبێدەسـەڵات ببـڕن و نەیەڵـن قسـەکە تەواو بـکەن، ئەمەش دەبێـتە هـۆی سـەرپێچی کـردن لە هاوبەشـیکردنی ئاخـاوتن، بـۆیە لێرەدا زمـانی هێـز دەبێـتە سـەنتەر، هەر لەبەرئەوەشـە فـاکتەریی کـۆمەڵایەتی بە یەکێـک لە فـاکتەرە گرنگەکـانی سـەر هێزی ڕاکێشان لەنێوان ئاخێوەراندا هەژمار دەکرێت.

**٢/٢– ٦) هۆکـاری ڕۆشـنبیریی :** لایەنـی ڕۆشـنبیری لە پەیوەنـدی نێـوان ئاخێوەرانـدا ڕۆڵێکـی گرنـگ و بەرچـاو دەبینێـت و لە گرنگتـرین ئەو دیـاردانەن، کە ڕەنگـدانەوە و کاریگەرییـان لەسـەر زمـان هەیە، بەشـێوەیەک، کە (لە دەربـڕین و شـێوازی ئاخاوتنـدا ڕادەی ڕۆشـنبیری و شارسـتانییەت دەردەکەوێـت، بـۆ نمـوونە ئەگەر لێکـۆڵینەوەیەک لە پەنـد و ئیـدیۆمەکانی هەر کۆمەڵێکـدا بکرێـت بە ئاسـانی دەتـوانین لە ئاسـتی ڕۆشـنبیری و شارسـتانییەتی ئەو کـۆمەڵە تێـبگەین.)(السـعران،١٩٥٨، ٣٤)، لەسـەر ئاسـتی تـاکیش بەهەمـان شـێوەیە، بـۆ نمـوونە زمـانی قسـەکردنی کەسـانی ناوبـازاڕ جیـاوازە لەزمـانی قسـەکردنی کەسـانی ئەکـادیمی، لەبەرئەوە بـۆ ئەنجامـدانی پرۆسـەیەکی پەیوەنـدی گونجـاو لە نێـوان ئاخێوەرانـدا، پێویسـتە ڕەچـاوی ئاسـتی ڕۆشـنبیری تـاک و گروپەکـان بکرێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک خوێنـدکارێکی زانکـۆ بیەوێـت داوای مـۆڵەت لە مامۆسـتاکەی بکـات، پێویسـتە لایەنـی ڕۆشـنبیری بەرامـبەرەکەی لەبەرچـاو بگرێـت بۆ ئەوەی بەداواکەی ڕازیبێت، هەربۆیە دەڵێت:

– ببورە کاک دکتۆر ئەمڕۆ لەوانەکەتدا ناتوانم ئامادە بم، دەتوانیت مۆڵەتم پێبدەیت؟

## ٣/٢) تیۆری ئەرکی(Functionalism)

سـەدەی بیسـتەم بە یەکێـک لە سـەدە گرنگەکـان لە بـواری زمانەوانیـدا دادەنرێـت، چـونکە چەنـدین تیـۆر و قوتابخـانەو ڕێبـازی زمـانەوانی سـەریانهەڵدا، یەکێـک لەو ڕێبـازانەش قوتابخـانەی ئەرکیـیە، زمـانەوانی ئەرکـی (دەروازەیەکە بـۆ زانسـتی زمـان، کە بـایەخ بە زمـان دەدات وەک ئـامرازێکی مـامەڵەکردنی کـۆمەڵایەتی، ئەم دەروازەیەش مـرۆڤ، یـان تـاک بە بـونەوەرێکی کـۆمەڵایەتی دادەنێـت.)(سـەعید،٢٠١١، ١٥)، ئەم ڕێبـازە لە بیـری زمانەوانیـدا چەمکێکـی تەواو جیـاوازی گـرتەبەر لە گرنگیـدان ((بە چـۆنیەتی بەکارهێنـانی زمـان و دیـاریکردنی نرخـی پەیوەنـدیکردن لە زمانـدا، لەگەڵ داکـۆکیکردن لە سـەر توانسـتی کـۆمەڵایەتی زمـان و بـاری دەرونـی قسـەکەر و دەوروبەری ئاخـاوتن.))(امـین،٢٠١٣، ٣)، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکـی تریشـەوە ڕێبـازی ئەرکـی لێکـۆڵینەوە لە ئەرکـی توخمەکـانی زمـان دەکـات و کەرەسـتە زمانییەکانیـان بەپێـی ئەرکەکانیـان پۆلێنـدەکات، واتە ((بەپێـی ئەو ڕاسـتییانەی، کە لە زمـانێکی دیـاریکراو کۆیانـدەکاتەوە لە ئاسـتی دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسـازی و تەنـانەت واتاسـازیش.))(سـەعید، ٢٠١١، ١٥)، کەواتە بەپێـی بۆچـوونی ئەرکییەکـان ئەم ئاسـتانەی زمـان وابەسـتەن بەو ئەرکـانەوە، کە لە ئاخاوتنـدا ئەنجامیـدەدەن، یەکێـک لە جیاوازییەکـانی قوتابخـانەی ئەرکـی لەگەڵ قوتابخانەکـانی تـردا ئەوەیە، کە پێیـانوایە ((بونیـادە دەنگـی و ڕێزمـانی و واتاییەکـان بەو ئەرکـانە کـۆنترۆڵکراون، کە لە کۆمەڵگـادا بەکاردەهێنرێن.))(Seuren,1998,158).

ئەرکییەکـان بـاوەڕی تەواویـان بەوە هەیە، کە ئەو ئەرکەی بە زمـان دەسـپێردرێت پەیـڕەوی زمـان دەستنیشـاندەکات، بـۆ نمـوونە ئەگەر ئـاخێوەر مەبەسـتی ئەوەبێـت لە ڕێـگەی زمـانەوە ئەرکـی فەرمانـدان بەجێبگەیەنێـت، جـۆرە پەیڕەوێـک بـۆ ڕیزکردنـی کەرەسـتەکانی بەکاردەهێنێـت، بەمەش ئەرکەکە دروسـتکەری پەیـڕەی زمـانەکە دەبێـت، بەمشـێوەیە دەتـوانین بڵێـین ((ئەرکییەکـان دروسـتبوونی زمـان بە دوو لایەنەوە دەبەسـتنەوە : ئەوانـیش بـوونی کـۆمەڵ و بـوونی ئەرکـی زمـانە.))(Almurashi,2016,72)، واتە ئەرکییەکـان لە پرۆسـەی بەکارهێنـانی زمانـدا هـیچ گـرنگییەک بە توانـا هۆشـەکی و ئاوەزییەکـانی مـرۆڤ نـادەن، ئەمەش تەواو پـێچەوانەی تێڕوانینەکـانی چۆمسـکییە، کە پێیـوایە زمـان ئـاوێنەی ڕەنگـدانەوەی کـاری مێشـکی مـرۆڤە، هەروەهـا بەلای ئەرکییەکـانەوە (زمـان لەنـاو پێکهـاتە کۆمەڵایەتییەکانـدا ڕۆچـووە و لە کلتـور و داب و نەریـت دانابڕێـت و جیـا نـابێتەوە.)(Zhuanglin,1988,313)، چـونکە شـێوازی ئاخـاوتن لەنـاو تاکەکـانی کۆمەڵـدا جیـاوازە، بـۆ نمـوونە شـێوازی دەربڕینـی دوو هـاوڕێ جیـاوازە لە شـێوازی دەربڕینـی نێـوان نەخـۆش و دکتۆرێـک، هەربـۆیە بەلای

ئەركییەكـــانەوە دیـــاردە كۆمەڵایەتییەكـــان كـــاریگەری ڕاســـتەوخۆیان لەســـەر شـــێوازی ئاخـــاوتن هەیە.

بەبۆچـــوونی زمـــانەوانە ئەركییەكـــان ((ســـەرەتای بەكارهێنـــانی زمـــان بـــۆ ئەركـــی پەیوەنـــدیكردن بەكارهـــاتووە، بەمەش ئەركـــی بنەڕەتـــی زمـــان بریتـــی بـــووە لە كـــردەی گەیانـــدن.))(المتوكـــل،٢٠١٢، ٥٤)، جـــگە لەمەش ئەركییەكـــان گرنگییەكـــی زۆر بە ئەركـــی زمـــان دەدەن وەک ئەوەی بـــۆچی بەكاردێـــت، نەک ئەوەی پێكهـــاتەی زمـــان چییـــە، بەواتـــایەكیتر قوتابخـــانە ئەركییەكـــان پێیـــان وایە ئەركـــی ســـەرەكی زمـــان گەیانـــدنە، واتە ئـــاخێوەر لە ڕێـــگەی زمـــانەوە دەتوانێـــت بۆچوونەكـــانی خـــۆی بە بەرامـــبەر بگەیەنێـــت، لەم ڕوانگەیەشـــەوە ئەركـــی زمـــان یەكســـانە بە ئەركـــی كـــۆمەڵ و ڕۆنـــانی جیـــاواز، ئەركـــی جیـــاواز دەگەیەنێـــت، هەروەهـــا بەپێـــی ئەم تیـــۆرە زمـــان وەک كـــردەی پەیوەنـــدی نێـــوان ئـــاخێوەران خزمەتـــدەكات، لەمـــڕووەوە (هالیـــدای) دەڵێـــت: (قســـەكەر زمـــان وەک ئـــامرازی دەســـتێوەردانی خـــۆی لە ڕووداوی قســـەكردن بەكاردەهێنێـــت، بەمەش بـــاری دەرونـــی یارمەتیـــدەری ئـــاخێوەر دەبێـــت بـــۆ دەربڕینـــی ئەركەكـــانی ئاخـــاوتن وەک (ڕازیكـــردن، سەرنجڕاكێشـــان، هانـــدان، داواكـــردن، بانگهێشـــتكردن، فەرمـــانكردن، پێشـــــــنیازكردن، بەردەوامیـــــــدان، ئینكـــــــاریكردن، ئاگـــــــاداركردنەوە، پرســـــــیاركردن، ســـڵاوكردن،.......هتد)، هەربـــۆیە دەڵێـــت لەڕێـــگەی سیســـتەمی بـــاری دەرونیـــیەوە وشـــە و ڕســـتە و دەربڕاوەكـــان دەتـــوانن ئامـــاژە بـــن بـــۆ فەرمـــانكردن، یـــان پرســـیاركردن، یـــاخود .....هتد.)(Halliday,1971,333).

لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین تیـۆری ئەركـی ناڕاسـتەوخۆ ئامـاژەی بە هێـزی ڕاكێشـان كـردووە و بەیەكێـک لە ئەركە گرنگەكـانی زمـانیی لە پەیوەنـدییە كۆمەڵایەتییەكـان دانـاوە، لە هەریەكێـک لە ئاســـتەكانی زمانـــدا لەژێـــر نـــاوی جیاجیـــادا ئامـــاژەی پێكـــردووە وەک (فـــۆنیمە ناكەرتییەكـــان، هـــاوڕێیەتی نێـــوان وشـــەكان، چەمكـــی بـــاس و خـــواس، پەیوەنـــدییە واتاییەكـــان، دەوروبەر)، كە لە تەوەری دواتـــردا بەوردی لە ســـەرجەم ئاســـتەكاندا كاریـــان لەســـەر كـــراوە، كەواتە ئەركـــی گەیانـدنی واتـاو مەبەسـتەكانی ئـاخێوەر لە زمانـدا بنەمـای سـەرەكی ئەم تیـۆرەیە، هەروەهـا كرۆكـــی ســـەرەكی ئەم تـــوێژینەوەیەیە، چـــونكە تـــوێژینەوەكە تـــایبەتە بەهێـــزی ڕاكێشـــان لە كـــردەی ئاخاوتنـــدا پەیوەســـت بە ئەركەكـــانی زمـــان لە بـــۆنە كۆمەڵایەتییەكانـــدا، واتە ئـــاخێوەر هەوڵـــدەدات لە ڕێـــگەی بەكارهێنـــانی شـــێوازێكی كـــاریگەرو بەپێـــی پلانێكـــی دروســـت كـــار لە هەڵســـوكەوت وڕەفتـــاری كەســـانیتر بكـــات وســـەرنجی بەرامـــبەر بـــۆ خـــۆی ڕابكێشـــێت و بە ئامانجەكـانی بگـات. تیـۆری ئەركـی وەكـو هەمـوو تیۆرەكـانی تـر چەنـدین قوتابخـانەی جیـاوازی هەیە، هەرچەنـــدە هەمـــوو قوتابخانەكـــان لە هـــێڵە گشـــتییەكاندا هەمـــان شـــتن، بەڵام لە وردەكارییەكانـــدا بۆچوونەكانیـــان تـــا ڕادەیەک جیـــاوازن، هەربـــۆیە لێـــرەدا ئامـــاژە بەم چەنـــد

قوتابخانەیە دەکەین، چونکە ئێمە تەنها سودمان لەم سێ قوتابخانەیە وەرگرتووە، قوتابخانەکانیش بریتین لە:

## ١-٣/٢) قوتابخانەی پراگ (The Prague School)

دامەزراندنی قوتابخانەی پراگ دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی یەکەمی زنجیرەی پراگی زمانەوانی، کە لە ساڵی (١٩٢٦) ئەنجامدرا، بەڕابەرایەتی زانای چیکی (ولیەم ماتسیۆس-VillemMuthesius)، لە دیارترین زانایانی ئەم زنجیرەیە (ترۆبتسکۆی، جاکۆبسن، فێرث، هالیدای،....هتد.) بوون، هەربۆیە بازنەی زمانەوانی پراگ[٥] گوزارشتی لە ساتێکی گرنگی مێژوویی زمانەوانی کرد.(هیشن ، ٢٠٠٢، ٥٢)، کارەکانی ئەم قوتابخانەیە لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانی کارەکیدا بوو وەک (پەیوەندیکردن، زمانپژان، فۆنۆلۆژی، ئەو نەخۆشیانەی پەیوەستن بە ئاخاوتنەوە، زمانەوانی دەماری.)(علی،٢٠٠٤، ٧٠)، هەروەها زانایانی ئەم قوتابخانەیە پێیان وابوو (( پێویستە لێکۆڵینەوە لە هەر سێ ئاستی (دەنگسازی و ڕستەسازی و واتایی) لە زماندا بکرێت، چونکە ئەمانە بنچینەی سیستەمی زمانن و توانستی پەیوەندیکردن بۆ ئاخێوەر فەراهەمدەکەن، هەربۆیە لەسەر ئەم بنچینەیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە خودی سیستەمەکەش بکرێت.))(فضل، ١٩٩٨، ١٣٨) ، هەرچی سەبارەت بە هێزی ڕاکێشانە بەپێی بۆچوونی ئەم قوتابخانەیە (زمان بۆ خزمەتکردنی چەند ئامانجێک دروستبووە و یەکێک لەم ئامانجانەش کردەی (سەرنجڕاکێشان)ە، کە مەبەست لێی (هێزی ڕاکێشان)ە و پێیانوایە ئاخێوەران لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا سودیکی زۆر لەم کردەیە دەبینن لەپێناو گونجان و مانەوەیان لەناو کۆمەڵگادا.)(Dik,1978,139).

## ٢-٣/٢) قوتابخانەی لەندەن (The London School)

دروستبوونی قوتابخانەی لەندەن بۆ ئەو بۆچوونە زمانەوانییانە دەگەڕێتەوە، کە لە قوتابخانەی پراگەوە سەریهەڵداوە، ئاشکرایە ئەم قوتابخانەیە بە قوتابخانەی (بەکارهێنان – سیاق – Context)یش ناسراوە، گەشە کردنی ئەم تیۆرە لە قوتابخانەی لەندەندا (بۆ ساڵانی چل و پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.)(روبنز،١٩٩٧، ٣٥١)، کە لەلایەن زمانەوانی ئینگلیزی (جۆن ڕۆبەرت فێرث John.R.Firth[٦])ەوە لە ساڵی(١٨٩٠-١٩٦٠) دامەزرا، ئەم

---

[٥]) بناغەی ئەرکە زمانەوانییەکانی (پراگ) لەلایەن دەروونناس (کارل بوهلەر) ەوە دانران، ئەم دەروونناسە پێیوابوو زمان ئامرازێکە و ئەرکە زمانییە سەرەکییەکان لە (قسەکەر، گوێگر، پرۆسەی پەیوەندی) ەوە دەستپێدەکات، ئەم بیرۆکەیەی (بوهلەر) لەلایەن زمانەوانانی ئەم زنجیرەیە گرنگی پێدرا، بەڵام (ماتسیۆس) ڕەخنەی لەم بۆچوونە گرت، ئەم زمانەوانە جیاوازی لەنێوان دوو ئەرکی سەرەکی زماندا کرد (ئەرکی پەیوەندیکردن، ئەرکی دەربڕین) ، چونکە پێی وابوو پێویست ناکات دەرکەوتە دەربڕینەکان لە دەرکەوتە پەیوەندیدارەکان جیابکەینەوە. Prague Linguistic Circle - New World Encyclopedia.

[٦]) لەڕووی پایەوە فێرث بە پایەبەرزترین زمانەوان دادەنرێت، تەنانەت زۆرجار قوتابخانەی لەندەن بە قوتابخانەی فێرث ناوبراوە. (صدیق،٢٠٠٨، ٥).

زمـــانەوانە (لەژێــر کـــاریگەری زانـــای ئەنترۆپۆلـــۆجی (مالینۆفســـکی) دا کاریـــدەکرد.)(صـــدیق،٢٠٠٨، ٢٦). ئەم زمـــانەوانە لە نوســـینەکانیدا زیـــاتر گرنگـــی بەلایەنـــی دەنگســـازی و واتـــا داوە، بەڵام زمانەوانـــانی دوای فێـــرث، کە ســـەر بەهەمـــان قوتابخـــانە بـــوون گرنگییـــان بەلایەنـــی (ڕێزمـــان) یـــش دەدا، واتە لایەنە زمانەوانییەکانیـــان فراونتـــر دەکـــرد، هەروەهـــا زانایـــانی ئەم قوتابخـــانەیە پێیـــان وابـــوو ((زمـــان دیـــاردەییەکی مرۆڤـــایەتی تەواوەو باســـکردنی بەشـــێوەیەکی بەش بەش لە ڕووی دەنگســـــازی و وشەســـــازی و ڕستەســـــازی و واتاســـــازی ســـــیمای گەیانـــــدنی لێـــوەردەگیرێتەوە.))(بلقاســـم،٢٠٠٩، ٩)، بـــۆیە پێویســـــتە زمـــان بەدەوروبەرەوە ببەســـترێتەوەو نابێـــت زمـــان بەدوور بگیرێـــت لە ڕەهەنـــدە کـــۆمەڵایەتی و کلتـــوری و دەرونیەکـــان ...هتـــد. داهێنەرانـــی ئەم قوتابخـــانەیە دەڵـــێن :((گەلێـــک لە دانە واتادارەکـــانی زمـــان هاوشـــانی یەکەی واتـــاییتر دێـــن، لێکـــدانەوەی واتـــای ئەو دانە زمانییـــانە بەبـــێ تێبینیکردنـــی یەکە واتاییەکـــانی تەنیشـــتییان نـــاکرێن.))(محمـــد،٢٠٠٦، ٣١)، بەمشـــێوەیە لێکـــدانەوەی واتـــای وشـــە بەپێـــی دەوروبەر وادەکـــات زۆرجـــار تـــاکە وشـــەیەک چەنـــد واتـــایەکی جیـــاواز بگەیەنێـــت، کە دوورە لە واتـــا فەرهەنگیـــیەکەی. بـــۆ زیـــاتر ڕوونکـــردنەوەی ئەم بۆچـــوونە ســـەیری ئەم نمـــوونەیە دەکەیـــن، وشـــەی (دڵ) جـــگە لە واتـــا فەرهەنگیـــیەکەی، کە (ئەنـــدامێکی جەســـتە) یە دەشـــێت لە دەوروبەری جیاوازدا بەواتای جیاواز بەکاربهێنرێت وەک :

- منداڵەکە نەخۆشی دڵی هەیە. ⟵ دڵ ئەندامی جەستە
- دڵی وەک بەردە. ⟵ دڵ کەسێکی دڵڕەق
- کەسێکی بە دەست و دڵە . ⟵ دڵ کەسێک کە ڕەزیل نەبێت
- ژنێکی دڵ تەڕە. ⟵ دڵ خۆجوانکردن(دەست بەخۆداهێنان)
- کەسێکی دڵ پیسە. ⟵ دڵ ناخ پیس
- کەسێکی دڵ گەورەیە. ⟵ دڵ قبوڵکردنی زۆرشتی ژیان

وەک لە نموونەکانـــدا دیـــارە وشـــەی (دڵ) چەنـــدین واتـــاو مەبەســـتی گەیانـــدووە، بەپێـــی ئەو دەوروبەرەو ئەو وشـــەو کەرەســـتە زمانیـــانەی، کە هاوشـــانی هـــاتوون، ئەمەش ســـەلمێنەری ئەو ڕاســـتییەیە، کە مەرج نیـــیە بە ئامـــاژە کـــردن بـــۆ دەستنیشـــانکردنی پیشـــاندراوێک هەمـــوو واتاکـــان ڕوونببێـــتەوە، بەڵکـــو ئەوەی ڕۆڵـــدەبینێت لە ڕوونکـــردنەوەی واتـــا و مەبەســـتەکانی وشـــەدا ئەو دەوروبەرە زمـــانییەیە، کە وشـــەکەی تێـــدا بەکاردەهێنرێـــت. یەکێـــک لەســـیما دیارەکـــانی قوتابخـــانەی لەنـــدەن ئەوە بـــوو گرنگیـــان بە لایەنـــی ئەرکـــی زمـــان دەدا، هەروەهـــا زۆر بەوردی کاریـــان لەســـــەر شـــــیکردنەوەو شـــــیتەڵکاری زمـــــان کـــــردووە لە ئاســـــتەکانی (فۆنەتیـــک ومۆرفۆلـــۆژی وســـینتاکس وســـیمانتیک)دا، هەرچـــی پەیوەســـتە بە پرۆســـەی هێـــزی ڕاکێشـــانەوە بەپێـــی بۆچـــوونی ئەم قوتابخـــانەیە (بەکارهێنـــانی زمـــان لەلایەن ئـــاخێوەرەوە زۆرجـــار بـــۆ ئامـــانجێکە، کە لەگەڵ واتـــا فەرهەنگیـــیەکەی یەکنـــاگرێتەوە، بەجۆرێـــک دەشـــێت زۆرجـــار بـــۆ

مەبەستی ڕازیکردن، یان هەڵخەڵەتاندن، یاخود نارەزایی دەربڕین، وەیان کاریگەری دروستکردن لەسەر بیرو باوەڕی بەرامبەر بێت.)(دزەیی،٢٠٠٦، ٩)، بۆنموونە لە ئاستی سینتاکسدا، کە ڕۆنانی ڕستە دەگرێتەوە، واتە لێکدانی وشە وکەرەستە زمانییەکان لەگەڵ پێکهاتە و یاسا ڕێزمانییەکان و هەندێک لایەنیتری وەک ڕێککەوتن، کە(بریتییە لە دراوسێیەتی و پێکەوە هاتنی کەرەستەکان، بۆ نموونە ڕێککەوتنی نێوان ( بکەر و بەرکار یاخود جێناوەکان) ئەمانە هەموو کەرەستەی شیکردنەوەی زمانی قوتابخانەی لەندەن بوونە لە ئاستی سینتاکسدا.)(فەرهادی ، ٢٠٠٨، ٢٧). زانایانی ئەم قوتابخانەیە بڕوای تەواویان بەلایەنی کۆمەڵایەتی زمان لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا هەیە، بۆیە (فێرث) پێشنیازیکرد (زمان وەک بەشێک لە کردە کۆمەڵایەتییەکان بخوێندرێت.)(احمد،١٩٩٩، ٧٨)، پێی وابوو لێکۆڵینەوەی زمانی وەکو ئامێرێکی کۆمەڵایەتییە، کە تاک لەناو کۆمەڵدا بەمەبەستی پێکانی ئامانج و مەبەستەکانی بەکاریدەهێنێت، چونکە بەکارهێنانی زمان لە بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی وەک پرسەدا، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکە زمان ئاراستە دەکات بەوەی، کە پێویستە چ دەربڕینێک بەکاربهێنرێت، هەربۆیە ئەرکییەکان بوونی کۆمەڵ و ئەرکی زمان وەک دوو ڕووی یەکدراو سەیر دەکەن و بەتەواوکەری یەکتریان لە کردەی ئاخاوتندا دادەنێن.

## ٣-٣/٢) قوتابخانەی هالیدای (Halliday School)

ئەم قوتابخانەیە، کە بە قوتابخانەی ڕێزمانی سیستەمی (Grammar Systemic) ناسراوە، سەرەتای گەشەسەندنی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانی بەریتانی (مایکڵ هالیدای–Michael Halliday)، کە لە ساڵی(١٩٦١) دامەزرا و دواتر لە لایەن لایەنگرانی گۆڕانی تێدا کراو فراوانتر کرا، ئەم قوتابخانەیە لەسەر ((بنەمای سیستەم و ئەرکی زمان دامەزراوە.))(مهاجر، ١٩٩٧، ١٤)، بەلای پەیڕەوکەرانی ئەو قوتابخانەیە هەر دروستە و یەکەیەکی زمان ئەرکێکی جیاوازی هەیە، کە هۆکارێکن بۆ ئەوەی ئاخێوەران بتوانن سودی لێببینن و گوزارشت لە ئامانج و مەبەستەکانیان بکەن. لەڕێزمانی سیستەمیدا ئەرکی زمان وەڵامی دوو پێویستی سەرەکی ژیانی مرۆڤ دەداتەوە (( پێویستی دەربڕینی بیرو بۆچوونەکان و پێویستی پەیوەندیکردن بە تاکەکانی کۆمەڵەوە.))(صدیق ، ٢٠٠٨، ٣٩)، بەمەش ئەرکی زمان دەبێتە ئەرکی واتایی، چونکە مەبەست لەبەکارهێنانی زمان گەیاندنی ئەرکی واتایە.

## ٤/٢) بنەماکانی تیۆری ئەرکی

ئاشکرایە تیۆری ئەرکی لەسەر چەند بنەمایەک دامەزراوەو پێویستە لەسەر پەیڕەوکەرانی پێیەوە پابەند بن، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١ – لە دیدی زانایانی ڕێبازی ئەرکییەوە ئەرکی سەرەکی زمان گەیاندنە، واتە گەیاندنی زانیاری و پەیوەندی نێوان ئاخێوەران، هەروەها پێیانوایە مانەوەی مرۆڤ لە کۆمەڵگادا

وابەستەیە بە ئەرکی گەیاندن و بەکارهێنانی زمانەوە، هەر لەبەرئەمەشە زانایەکی وەک (ڕۆمان جاکۆبسن–R,Jacobsn )(ئەو توخم و بنەمایانە دەستنیشاندەکات، کە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە کاریگەرییان لە گەیاندندا هەیە، بەپێی بۆچوونی ئەو زانایە ڕەگەزەکانی ئاخاوتن، یاخود گەیاندن بریتین لە قسەکەر، پەیام، گوێگر، کۆد، کەناڵ، دەوروبەر.)(محمد،٢٠١٤، ٨٧) (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕەگەزەکانی ئاخاوتن بڕوانە بەشی یەکەم لاپەڕە(٥–٨).

٢ – بە بۆچوونی ئەرکییەکان زمان بەشێکی سەرەکییە لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان و پابەندە بە یاسا و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت یاسا کۆمەڵایەتیەکان کاریگەری بەرچاویان لە پەیڕەوی زماندا هەیە، ئەرکییەکان دەڵێن (ڕەگی زمان درێژ دەبێتەوە بۆ بینای کۆمەڵایەتی بە هەموو شێوەکانییەوە و زمان لە دابو نەریت و کلتور جیانابێتەوە، دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش، کە یەکێکیان زمانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا بن دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایە، ئەمەش بەشێوەیەکی ڕوون لە شێوازی ئاخاوتندا دەردەکەوێت.)(فەرهادی، ٢٠٠٨، ١٥)، کە ئاخێوەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریدەهێنێت، بۆ نموونە شێوازی ئاخاوتنی فەرمانبەرێک لەگەڵ بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی زۆر جیاوازە لە شێوازی ئاخاوتن لەگەڵ هاوڕێ و هاوپیشەکەی، هەربۆیە دارشتنی ڕستە تەنها لایەنی ڕێزمانی زمان ناگرێتەوە، بەڵکو مۆرکی کلتوری ئەو کۆمەڵگایەشی پێوە دیارە، کە تێیدا دەژیت.

٣ – ئەرکییەکان لە کەرەستەی زماندا توانیان هەنگاوێک بەرەو پێشتر بڕۆن، چونکە تا ئەو سەردەمە هەموو قوتابخانە زمانەوانییەکان سنوری لێکۆڵینەوەکانیان لە ئاستی ڕستە دەخولایەوە و پێیانوابوو ڕستە دوا دانەی ڕێزمانە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانەوە ئەرکییەکان (بۆ یەکەمجار توانیان ئەو سنورە تێپەڕێنن و بۆ یەکەی گەورەتر هەنگاو بهاوێژن وەک (دەق – تێکست)، یان پارچە ئاخاوتن، یاخود دیدار ....هتد.)(فەتاح ، ٢٠١٠، ١٦٠).

٤ – ئەرکییەکان بەهەمان شێوەی تیۆرو قوتابخانە زمانەوانییەکانی سەردەمی خۆیان و تەنانەت پێش خۆشیان جەختیان لەسەر پەیڕەوی زمان دەکردەوە(لە سەر بنەمای لێکدانی دانە بچوکەکانی زمان بەمەبەستی ڕۆنانی یەکەی گەورەترو جێبەجێکردنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان.)(المتوکل،٢٠١٦، ٣٨٧)، واتە ڕێبازی ئەرکی پەیڕەوی زمان و چۆنیەتی دروستبوونی بۆ پێدانی واتا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش هەڵبژاردنێکی زۆر لەبەردەم قسەکەردا بەشێوەیەک دەبێت، کە بەپێی بارودۆخی گوتنەکان دەربڕینەکانی ڕێکبخات،

هەروەهــا ئەركییەكــان پێیــانوایە هەر پێكهــاتەیەكی كــۆمەڵایەتی لە دەوروبەرێكــی جیــاوازدا دەبێت و ئەركێكی كۆمەڵایەتی جیاوازیش دەگەیەنێت بۆ نموونە :

- هەموو گەشتیارەكان ڕۆشتن.
- گەشتیارەكان هەموو ڕۆشتن.
- ڕۆشتن هەموو گەشتیارەكان.

بەپێــی بۆچــوونی هەنــدێك قوتابخــانە و ڕێبــازی زمــانەوانی ئەم ســێ ڕســتەیە هاوواتــان، بەڵام ڕێبــازی ئەركــی ئەم ڕســتانە بە هاوواتــا دانانێــت، چــونكە هەر یەكێــك لەم ڕســتانە بــۆ دەوروبەرێكــی كــۆمەڵایەتی تــایبەت بەكاردێــت و هەر یەكێكیــان ئەركێكــی كــۆمەڵایەتی جیــاواز بەجێــدەگەیەنن، بەمشــێوەیە ڕێبــازی ئەركــی بەوە لە ڕێبازەكــانی تــر جیــاكرایەوە، كە بــوون و دروســـتبوونی زمـــان لە لایەكەوە بەبـــوونی كـــۆمەڵ و لە لایەكـــی تـــرەوە بەو ئەركـــانەوە گرێدەدات، كە زمان ئەنجامیاندەدات.

٥ – تیــۆری ئەركــی تەنیــا لەو یاســایانە نــاكۆڵێتەوە، كە لە مێشــكی قســەكەردا هەیە، بەڵكــو گرنگییەكــی زۆریــش بەوە دەدات، كە قســەكەر لە كەیــدا و لە كوێــدا چــی دەڵێــت و چــۆن دەیڵێــت.(فەرهــادی،٢٠٠٨، ١٦)، واتە تیــۆری ئەركــی گرنگییەكــی زۆر بەو دەوروبەرە زمــانییە دەدات، كە ئاخاوتنەكانی تێدا بەكاردەهێنرێت.

## ٥/٢) تایبەتمەندییەكانی تیۆریی ئەركی

تیــۆری ئەركــی چەنــد تایبەتمەنــدییەكی هەیە، كە جیایــدەكاتەوە لەتیــۆرو قوتابخانەكــانی تــر، وەك:

١ – ئەركییەكــان زمــان وەك ئــامێرێكی گەیانــدن دەبیــنن، نەك وەك هۆكارێــك بــۆ نوانــدنی جیهــانی دەرەوە.(عمــر،١٩٧٧ ، ٢٢)، واتە بۆچوونیــان وایە ئەركــی ســەرەكی زمــان بــۆ گەیانــدنە و هۆكارێكیشــە بــۆ درێژەپێــدانی ژیــانی تاكەكــان لەنــاو كۆمەڵگــادا، هەروەهــا زمــان لەلای ئەوان بــریتییە لە كۆمەڵێــك بنیــاد، بــۆیە پەیوەنــدی لە نێــوان زمــان و ئەركــدا هەیە و گەیانــدن ئەركە سەرەكییەكەیانە.

٢ – زمــان لەلای ئەركییەكــان بــۆ ئەنجامــدانی چەنــد ئەركێــك دروســتبووە و خۆیشــی لە ژێــر كــاریگەری ئەو ئەركــانەدا كــار دەكــات.(فەرهــادی، ٢٠٠٨، ٤٨)، ئەمەش بەگرنگتــرین تایبەتمەنــدی تیــۆری ئەركــی دادەنرێــت، چــونكە كاتێــك ئــاخێوەر دەیەوێــت لەڕێــگەی زمــانەوە ســەرنجی بەرامــبەر ڕابكێشــێت، پێویســتە ڕەچــاوی بــارودۆخی كــۆمەڵایەتی بەرامــبەر بكــات، بــۆ ئەوەی ئاسانتر بە ئامانجەكەی بگات.

٣ – ئەرکییەکـان داهێنـان دەدەنە پـاڵ قسـەکەر نەک زمـان، چـونکە ئـاخێوەر لە توانایـدا هەیە واتـای نـوێ لە زمانـدا دروسـتبکات.(المتوکـل،٢٠١٢، ٢٦)، هەربـۆیە بەلای ئەرکییەکـانەوە وەسـفی زمـان بـریتییە لە توانـای زانیـاری لە نێـوان قسـەکەرو گـوێگر، واتە ئـاخێوەر لە توانایـدایە بە چەند دانەیەکی زمانی کەم دەیان واتا و مەبەست بپێکێت.

٤ – لە ڕێبـازی ئەرکیـدا ئاسـتی واتـا و پراگماتیـک، وەک دوو ئاسـتی سـەرەکی لێیـان دەڕوانرێـت. (قـادر، ٢٠٢١، ٤٩)، چـونکە پێکهـاتەی ڕسـتە دیاریـدەکەن، واتە دەتـوانین بڵێـین ڕێبـازی ئەرکـی بنیـاتی زمـان و ئەرکەکەی بەیەکەوە دەبەسـتێتەوە و زمـان و کـۆمەڵ لەیەکتـر جیـا ناکاتەوە.

٥ – پێکهـاتە و بنچیـنەی زمـان بەسـتراوەتەوە بەو ئەرکەی کەرەسـتە زمـانییەکە لە کـاتی بەکارهێنانیـدا بەپێـی ئەو دەوروبەرە دەیبینێـت.(دزەیـی،٢٠١٤، ٢)، ئەمەش وایکـردووە پێکهـاتە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەرک بێت.

## ٦/٢) ڕەنگـدانەوەی هێـزی ڕاکێشـان لە ئاسـتەکانی زمانـدا پەیوەسـت بە تیـۆری ئەرکییەوە:

ئەوەی تیـۆری ئەرکـی لە تیۆرییەکـانی تـر جیادەکـاتەوە، تێڕوانینـی ئەرکـی ئەم تیـۆرەیە بـۆ کەرەسـتە زمانییەکـان لە ئاسـتەکانی (دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسـازی و واتاسـازی)، ئاشکراشـە ئەم تیـۆرە بـایەخ بە سـەرجەم ئاسـتەکانی زمـان دەدات و پێیـوایە باسـکردنی هەریەک لەم ئاسـتانە بەشـێوەی جیاجیـا هـیچ و سـیماو ئەرکێکـی گەیانـدنی نابێـت، هەربـۆیە بەپێـی ئەم ڕێبـازە سـەرجەم ئاسـتەکان وابەسـتەن بەیەکەوە و کـردەی ئاخـاوتن بەجێـدەگەیەنن، بێگومـان زمـان فـرە ئەرکە و بـۆ زۆر مەبەسـت بەکاردێـت، هەروەکـو (هالیـدای) جەختـی زۆری لەسـەر ئەم بـابەتە کـردۆتەوە و دەڵێـت:(ئەو پەیوەنـدییەی، کە لە نێـوان قسـەکەرو گـوێگردا لەکـردەی ئاخاوتنـدا هەیە، دەکرێـت بـۆ (ئاگـادارکردنەوە، پرسـیارکردن، سـڵاوکردن، سەرنجڕاکێشـان، ڕازیکردن،...هتـد)، کەواتە یەکێـک لەو ئەرکە کۆمەڵایەتییـانەی، کە ئەم تیـۆرە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئامـاژەی پێکـردووە لەسـەرجەم ئاسـتەکاندا هێـزی ڕاکێشـانە لە کـردەی ئاخاوتنـدا، واتە لە ژێـر نـاوی هێـزی ڕاکێشـاندا کۆمەڵێـک مەبەسـتی گەیانـدووە و هەموویـان دەچـنەوە ژێـر چەتـری هێـزی ڕاکێشـان.)(Halliday,1973,333) لەپرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا کاتێـک قسـەکەر دەیەوێـت پەیامێـک ئاڕاسـتەی گـوێگر بکـات، بەتەنیـا نایەوێـت چەنـد ڕاسـتییەکی بـۆ بگـوازێتەوە، بەڵکـو دەیەوێـت ئامـانج و مەبەسـتەکانی خـۆی دەربـارەی ئەو ڕاسـتییانەش بگـوازێتەوەو سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکێشـێت، هەروەهـا لەم بەشـەدا هەوڵـدەدەین لەهەر ئاسـتێکدا هەنـدێک نمـوونەی تـایبەت بەکـارەکە بهێنیـنەوە، بەڵام

لەبەرئەوەی بەشـــی ســـێیەممان پراکتیزەکردنـــی بەشـــی دووەمە، هەربـــۆیە هەوڵـــدەدەین لە بەشـــی ســـێیەمدا بەشـــێوەیەکی وردو چڕوپـــڕ نمـــوونە بهێنیـــنەوەو ڕوونیبکەیـــنەوە پەیوەســـت بەکارەکەمـــان، بێگومـــان شـــیکردنەوەی زمـــان لەم تیـــۆرەدا لە چـــوار ئاســـتدا مـــامەڵە لەگەڵ زمانـــدا دەکـــات، هەریەکە لەم ئاســـتانەش گرنگـــی و بـــایەخی خۆیـــان هەیە، هەروەهـــا پەیرەوێکـــی جیاوازیشیان هەیە، کە ڕۆڵێکی کاریگەر لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینن. بەمشێوەیە:

## ١-٦/٢) ئاستی دەنگسازی

زمـــانەوانە ئەرکییەکـــان گرنگییەکـــی زۆریـــان بە بـــواری دەنگســـازی دەداو جیـــاکردنەوەی هەردوو ئاســـتی (فۆنەتیـــک و فۆنۆلـــۆژی) بە یەکێـــک لەکـــارە گرنگەکانیـــان دادەنرێـــت، بەتـــایبەتی لە هەردوو قوتابخـــانەی ( پـــراگ) و (فێـــرث)دا، دواتـــریش لەلایەن (ڕۆمـــان جاکۆبســـن و ترۆبتسـکۆی)ەوە گرنگییەکـی زیـاتر بە ئاسـتی دەنگسـازی درا، لە ڕێبـازی ئەرکیـدا هەنـدێک لە زمانەوانەکـــان لە ئاســـتی فۆنۆلۆژیـــدا فۆنیمەکانیـــان بەســـەر دوو پۆلێنـــدا دابەشـــکردبوو، بەڵام (فێـرث) ئەم پۆلێنکـارییە دوانیـیە بە پەسـەند نازانێـت و پێیـوایە ئەگەر فۆنێمەکـان پـۆلێنبکرێن بـۆ دوو جـۆر هەمیشـە جۆرێکیـان بە باشـتر لە جـۆرەکەی تریـان دادەنرێـت، چـونکە (لای (فێـرث) هەمـوو بـابەتە دەنگسـازییەکان (کەرتـی- نـاکەرتی) بەهـا و ڕۆڵـی خۆیانیـان لە ئاخاوتنـدا هەیە و نەبـــوونی هەریەکێکیـــان کاردەکـــاتە ســـەرئەوەی ئاخـــاوتنەکە تایبەتمەنـــدی خـــۆی لەدەســـتبدات.)(بشـــر، ٢٠٠٠، ٤٩٧)، هەروەهـــا پێیـــوایە ئەو فۆنێمـــانەی، کە زمانەوانەکـــانیتر ناویـــان نـــاوە (فـــۆنیمی لاوەکـــی) بـــایەخێکی زۆریـــان لە ئاخاوتنـــدا هەیە و مەبەســـت و هەقیقەتـــی قســـەکردن و ئەو دیـــاردانە دەردەخەن، کە دەوری قســـەیانداوە، ئەمەش بەو واتـــایە دێـــت (فێـــرث) ئەم فۆنیمـــانە وەک کەرەســـتەیەکی جوانکـــاری دەبینێـــت و لە کـــاتی ئاخاوتنـــدا ڕۆڵ و کاریگەرییـــان دەردەکەوێـــت، لەبەرئەوە (فێـــرث) و لایەنگرانـــی پێیـــانوایە باشـــترە نـــاوێکیتر لە فـۆنیمە لاوەکییەکـان بنرێـت، کە تێیـدا ڕەچـاوی بەهـاو ئەرکەکانیـان بکرێـت، ئەویـش بـریتییە لە (دیـــاردە جوانکارییەکـــان- دیاردەکـــانی نەخشـــاندن)، بەمشـــێوەیە (فێـــرث) لە قوڵبـــوونەوە بەردەوام بـوو، تـا لە کۆتایـدا گەیشـتە سیسـتەمێک، یـاخود لقێـک لە فۆنۆلـۆژی، کە تـایبەت بـوو بە تـــوێژینەوەی ئەم دیـــاردانەو ناوینـــا (ProsodicPhonology)، واتە (فۆنۆلۆجیـــای جوانکـــاری- فۆنۆلۆجیـــای نەخشـــاندن.)(واحـــد،٢٠١٣، ٣٥)، مەبەســـتیش لە (فۆنۆلۆجیـــای جوانکـــاری- ســـوپرا ســـەگمێنتەڵەکان(فۆنیمە ناکەرتیەکـــان))، ئەو لایەنـــانەی ئاخـــاوتنن، کە لە فۆنیمەکـــان تێـــدەپەڕن و مـــــامەڵە لەگەڵ ســـــیفەتە بیســـــتراوەکانی دەنگـــــدا دەکەن و ڕۆڵیـــــان لە ئاخاوتنـــــدا دەردەکەوێـت.(Wang,2020,3)، ئـــاخێوەر بـــۆ گەیشـــتن بە ئامانجەکـــانی ســـودیان لێوەردەگرێـــت، لێـــرەوە دەتـــوانین بڵێـــین ئەم تیـــۆرە لە ئاســـتی دەنگســـازیدا لەپـــاڵ گرنگیـــدانی بە فـــۆنیمە کەرتییەکـان (بـایەخی بە فـۆنیمە ناکەرتییەکـانیش داوە، وەک (هێـز- ئـاوازە – وەسـتان، بەرزی و نزمی دەنگ-جۆری دەنگ)(Lyons,1981,224-225).

### ٦/٢-١/١) فۆنیمە ناکەرتییەکان[٧] (Supra Segmental Phoneme)

فــۆنیمە ناکەرتییەکــان بە هەمــوو ئەو دیــاردە و ســیفەتە دەنگیــیە بەهــادارانە دەوترێــت، کە نــرخەکەی لە ئاخاوتنــدا دەردەکەوێــت، بەواتــای ئەوەی فــۆنیمە ناکەرتییەکــان بەپــێچەوانەی فــۆنیمە کەرتییەکــان نــابن بەبەشــێک لە بنیــاتی وشــە، بەڵکــو ڕۆڵیــان لەکــاتی ئاخاوتنــدا دەردەکەوێــت.(واحــد،٢٠١٣، ٣٥)، (فیــرث) یەکێــک بــووە لەو زمانەوانــانەی، کە پێــداگرییەکی زۆری لەســەر گرنگــی فــۆنیمە ناکەرتییەکــان کــردووەتەوەو پێیوابــووە بەشــێکی هەرە گرنگــی کــردەی ئاخــاوتن پێکــدەهێنن، کە قســەکەر بەمەبەســتی سەرنجڕاکێشــانی گــوێگر ســودێکی زۆری لێــدەبینێت، هەربــۆیە لە پرۆســەی هێــزی ڕاکێشــاندا ناتوانرێــت فەرامۆشــبکرێن فــۆنیمە ناکەرتییەکانیش بریتین لە:

### ٦/٢-١/١- آ) هێز (Stress)

هێــز واتــای گــۆکردنی بــڕگەیەک بەشــێوەیەکی ڕونتــرو بەرزتــر لە بڕگەکــانی دەوروبەری دەگەیەنێــت.(موســا ، ٢٠٠٧ ، ١٣)، بەم پێــیە هێــز لەبــڕگەدا دەردەکەوێــت و بەپێــی جــۆری وشــەکان شــوێنی هێزەکــان دەگۆڕێــت، ئاشــکرایە جــگە لە هێــزی وشــە هێــز لە ڕستەشــدا بــوونی هەیە، دیــارە هێــز ڕۆڵ و کــاریگەرییەکی زۆری لە ئاخاوتنــدا هەیە، بەجۆرێــک هەنــدێکجار قســەکەر بــۆ دروســتکردنی کــاریگەری لەســەر گــوێگر بەمەبەســت هێــز دەخــاتە ســەر بــڕگەیەک، یــان وشــەیەک، یــاخود ڕســتەیەک، واتە ئــاخێوەر بــۆ ئەوەی پەیــامەکەی بەڕوونــی بە بەرامــبەر بگــات تیشــکی هێــزەکە دەخــاتە ســەر ئەو بەشــەی ئاخــاوتنەکە، کە مەبەســتییەتی، بــۆ نمــوونە لە وشــەی (ســەرمایە)دا ئەگەر هێــز بخــرێتە ســەر بــڕگەی کۆتــایی بەواتــای (ســەروەت و ســامان) دێــت، بەڵام ئەگەر هێــز بخــرێتە ســەر بــڕگەی پــێش کۆتــایی بەواتــای (کەش و هەوا ســاردە) دێــت، کە ئەمەش بە پێــی دەوروبەری جیــاواز واتــای جیــاواز دەگەیەنێــت، بەشــێوەیەک ئەگەر لەژوورێکــدا بوترێــت، ڕەنــگە ئــاخێوەر مەبەســتی سەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەر بێــت بــۆئەوەی داوایلێبکــات (بەتــانی) بــۆ بهێنێــت، یــان (زۆپــا)کە داگیرســێنێت، یــاخود (دەرگــا و پەنــجەرە)ەکە دابخـــــات، ئەمەش ئەو دەوروبەرەو شـــــوێنی هێـــــزەی، کە ئـــــاخێوەر بەکاریـــــدەهێنێت ڕوونیــدەکاتەوە مەبەســتەکە چیــیە، هەربــۆیە تیــۆری ئەرکــی بــاری دەوروبەر لە کــردەی ئاخاوتنــدا بەگرنــگ دەزانێــت، یــاخود بۆنمــوونە لە ڕســتەی (تــۆ جوانیــت.)، ئەگەر ئــاخێوەر لە وتنــی ئەم ڕســتەیەدا مەبەســتی سەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەر بێــت بــۆئەوەی تــوانجی لێبــدات، هێــز دەخـــاتە ســـەر وشـــەی (جـــوان)، ئەمەش بەواتـــا پـــێچەوانەکەی بەکارهـــاتووەو گـــوێگر واهەســتدەکات تــوانجی لێــدەدرێت، بەڵام ئەگەر هێــز بخــرێتە ســەر وشــەی (تــۆ) بەواتــای ئەوە دێــت، کە بەرامــبەر کەســێکی جــوانە، بەمەش لێــرەدا ئــاخێوەر هێــزی ڕاکێشــانی بــۆ مەبەســتی ستایشــکردن بەکارهێنــاوە، بەم پێــیەش ((هێــز دوو ئەرک دەبینێــت گــۆڕینی دەنــگ و گــۆڕینی

[٧] ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فۆنیمە ناکەرتییەکان بڕوانە(واحد،٢٠١٣، ٣٤- ٥٢) و (حەمەد،٢٠١٤، ٤٩-٦٤).

واتـــا.))(دزەیـــی و ئەوانـــی تـــر ، ۲۰۱٥، ۱۳۹) ، ئەم دوو ئەرکەش ڕۆڵێکـــی گرنـــگ لە پەیوەنـــدی نێـــوان ئاخیوەراندا بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر دەبینن.

## ٦/٢-١/١- ب) ئاوازە (Intonation)

ئـــاوازە بـــریتییە لە بەرزکـــردنەوە و نزمکـــردنەوەی چـــین یـــان پـــلەی دەنـــگ، ئەم بەرزکـــردنەوەو نزمکـــردنەوەیە بە لەریـــنەوەی دەنـــگە ژێیەکـــان پەیوەســـتە، کە بەهۆیـــانەوە ئـــاوازەی مۆســـیقا دروســـتدەبێت.(شـــحرور ، ۲۰۰۹، ۱۰۲)، ئـــاوازە چـــوار ئاســـتی هەیە: (ئـــاوازەی نـــزم، ئـــاوازەی ئاســـایی، ئـــاوازەی بەرز، ئـــاوازەی ســـەروبەرز.)(الخـــولی،۱۹۸۷، ۱۷۰) )، ئـــاوازە لە ئاســـتی دەنگســـازیدا ڕۆڵێکـــی گرنـــگ و بەرچـــاوی لە پەیوەنـــدی نێـــوان ئاخێوەرانـــدا بـــۆ سەرنجڕاکێشـــانی بەرامـــبەر هەیە، چـــونکە (دەنـــگە ژێیەکـــان لە بەرهەمهێنـــانی شـــریتە دەنگییەکـــانی قســـەکەردا ڕۆڵێکـــی کاریگەرییـــان هەیە و چـــۆنیەتی لەرینەوەیـــان پەیوەنـــدی و کـــاردانەوەی ڕاســـتەوخۆی لەســـەر چـــۆنیەتی دەربڕینـــی ڕســـتەو دەربڕاوەکـــانی قســـەکەر هەیە، بەشـــێوەیەک گـــۆڕینی لەریـــنەوەی ئەم دەنـــگە ژێیـــانە لای قســـەکەر دەبێـــتە هـــۆی گـــۆڕینی ئـــاوازەی ڕســـتە و هەرجـــۆرە ئـــــاوازێکیش واتـــــا و مەبەســـــتێکی جیـــــاواز بە ڕســـــتە دەبەخشـــــێت.)(عەلـــی وعەول،۲۰۱۰، ۷)، لەمـــڕووەوە (مارتنـــت) پێیـــوایە (ئـــاوازە چەنـــد ئەرکێکـــی ئـــاڵۆز دەبینێـــت، بەڵام لە هەموویـــان گرنگتـــر ئەرکـــی دەربـــڕینە.)(Martinet,1964,76)، بـــۆ نمـــوونە (منـــداڵ پـــێش ئەوەی لە قســـە تێبگـــات لەڕێـــگەی ئـــاوازەوە هەســـتدەکات، کە قســـەکەر دەیەوێـــت یـــاری لەگەڵ بکـــات، تـــوڕەیە، یـــان دەیەوێـــت هانیبـــدات بـــۆ ئەنجامـــدانی کارێـــک، یـــاخود دەســـتبەرداری کارێـــک بێـــت، بـــۆ ئەمـــانەش منـــداڵ پشـــت بە ڕادەی بەرزی و نزمـــی دەنـــگ و خێرایـــی قســـەکردن دەبەســـتێت.)(واحـــد،۲۰۱۳، ٤٧).

لە زمـــانی کوردیـــدا بەرزی و نزمـــی، یـــاخود هێواشـــی و تونـــدی و گـــۆڕینی لەریـــنەوەی دەنـــگە ژێیەکـــان دەبـــنە هـــۆی گـــۆڕینی ئـــاوازەی ڕســـتە بـــۆ گەیانـــدنی واتـــاو مەبەســـتی جیـــا، هەر لەبەرئەوە کاتێـــک قســـەکەر دەیەوێـــت پەیامێـــک بـــۆ گـــوێگر بنێرێـــت، پێویســـتە زۆر بەئاگـــا بێـــت، کە ســـود لە چ پلەیەکـــی دەنـــگ دەبینێـــت و کامیـــان کـــاریگەری زیـــاترە لە گەیانـــدنی پەیـــامەکەدا، چـــونکە ((زانایـــان گەیشـــتوون بەو ئەنجـــامەی، کە مێشـــکی مـــرۆڤ بەنـــدە بە چـــوار ئاســـتی لەرەوە، کە بەهۆیـــــانەوە کاردەکـــــات ئەوانـــــیش بـــــریتین لە: لەرەی ئەلفـــــا(alpha)، لەرەی بیتـــــا(beta)، لەرەی ثیتـــــا(theta) لەرەی دەلتـــــا(delta)، ئەم لەرانەش لەڕێـــــگەی خـــــولانەوە لە چرکەیەکـــدا دەپێـــورێن.))[٨] (صـــالح،۲۰۲۰، ۲۸۲)، هەریەکە لەم لەرانەش بـــایەخی تـــایبەتی خـــۆی هەیە و بـــۆ مەبەســـتێکی تـــایبەتی گونجـــاوە، بەڵام لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا ئـــاخێوەر پێویســـتە

[٨] ) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شەپۆلەکانی مێشک بڕوانە (صالح،۲۰۲۰، ۲۸٤).

((شەپۆلەکانی مێشکی لە قۆناغی (ئەلفا)[٩] دا بێت، لە هەمانکاتدا پێویستە شەپۆلەکانی مێشکی بەرامبەریش وردە وردە بگەیەنێتە قۆناغی ئەلفا.))(صالح ،٢٠٢٠، ٢٨٥)، بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، جگە لەمەش ئاشکرایە بە گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە ((جۆرو حاڵەتی قسەکەری تێدا دەردەکەوێت وەکو توڕەیی و نەرمی و سەرسوڕمان، هەروەها بەگۆڕینی ئاوازە جۆری ڕستەکەش دەگۆڕێت، وەکو پرسیار، حاڵەت، ئەمر.))(وەیس،١٩٨٤، ٩٣)، هەروەکو تیۆری ئەرکی ئاماژەی پێکردووە، یەکێک لە ئەرکەکانی زمان هەواڵگەیاندنە، هەربۆیە ئەگەر ئاخێوەر مەبەستی بێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت و بیەوێت هەواڵێک بە بەرامبەر بدات، سود لە ئاوازەیەکی ئاسایی وەردەگرێت، چونکە (ئاوازە لە ڕستەی هەواڵداندا لە جۆری ئاوازەی ئاساییەو دەکەوێتە نێوان تەواو بەرزو زۆر نزم، کە تا ڕادەیەک ئاسۆییە.)(واحد،٢٠١٣، ٤٢)، بۆ نموونە لە ڕستەی:

- ئالان خانوویێکی کڕی.

ئاخێوەر دەیەوێت سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و هەواڵی کڕینی خانووەکەی ئالان بە بەرامبەر بدات، چونکە ئەگەر بەرامبەر کەسێکی نزیکی (ئالان) بێت، ئەم پەیامە بۆ ئەو دڵخۆشکەرە و لەڕووی دەروونییەوە هەست بە ئاسودەیی دەکات، هەربۆیە قسەکەر لە کۆتایی ڕستەکەدا دابەزینێک لە ئاوازەی دەربڕینەکەیدا دەکات، واتە لە کۆتایی ڕستەکەیدا ئاوازەیەکی نزم بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت.

لە ڕاستیدا ئاوازە سەربارى واتای فەرهەنگی وشەکان هەڵگری چۆنیەتی واتا و مەبەستە، تەنانەت مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازەی ڕستەوە دەزانرێت و ئاشکرا دەبێت، وەک گاڵتەپێکردن و ڕازیبوون و ڕازینەبوون، خۆشی و ناخۆشی و دوودڵی و بێزاری و ...هتد، واتە هەر وشەو ڕستەیەک بەپێی ئاوازەکەی دەیان واتاو مەبەستی جیاواز دەبەخشێت، بۆ نموونە لە ڕستەی (ئەو پیاوە ئازایە.)، دەکرێت ئاخێوەر بەهۆی ئاوازەی ڕستەکەوە چەندین مەبەست بگەیەنێت، گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکانیش لەلایەن ئاخێوەرەوە، بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکان بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرەو دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە مەبەست و پەیامێک بە بەرامبەر بگەیەنێت، واتە لەم ڕستەیەدا بەهۆی گۆڕینی ئاوازەی ڕستەکە، ڕەنگە ئاخێوەر مەبەستی (هەواڵگەیاندن، پرسیار، سەرسوڕمان، ستایشکردن، ماستاوکردن،.....هتد.) بێت، هەروەکو (لیچ) دەڵێت: (هێزو ئاوازەو خێرایی قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگری واتای کاریگەر، بۆ نموونە ئەگەر

---

[٩]) لەرەی ئەلفا(alpha) باری خاوبوونەوە: لە فریکوێنسی نێوان(٧-١٤) لەیەک خول لە چرکەیەکدا کاردەکات و زۆر خاوە، لەکاتی زیندەخەو یان خەیاڵبوون یان تێڕوانینی ئەفراندن یان بێدەنگی و حەسانەوەدا ڕودەدات، ئەمجۆرە لەرەیە زۆر سودبەخشە بۆ پرۆسەی فێربوون و هاوشانە لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدا، واتە بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵیدایە، بۆیە پێویستە مرۆڤ بڕیارەکانی لەم قۆناغەدا بدات، چونکە هەردوولای ڕاست و چەپی مێشک لە پشودایە و ئامادەیە بۆ بڕیاردانی دروست.(صالح،٢٠٢٠، ٢٨٢-٢٨٣).

هێــزی بەمەبەســت لەســەر وشــەیەک هەبێــت، ئەوە بــۆ ئەوەیە وەرگــر بۆچوونێــک لەســەر قســەکەر وەربگرێت.)(بشر،٢٠٠٠، ٥٠٤)، یـان بـۆ نمـوونە کاتێـک مامۆسـتایەکی ئـاینی لە ڕۆژانـی هەینیـدا وتـار پێشکەشـدەکات، ناکرێـت بەیەک ئـاوازە قسـە بـۆ ئامـادەبووان بکـات، چـونکە ئەمە دەبێــتە هــۆی بێــزاری و لەهەمانکاتتــدا ئامانجەکــانی وتــارەکەش ناتوانریــت بەدەســتبهێنرێت، لەبەرئەوە ئـاوازەی دەنـگ هـۆیەکی سـەرەکی گەیانـدنی پەیـام و توانـای ئـاخێوەرە، هەربـۆیە پێویســتە دەنگەکانمــان بەجۆرێــک بێــت، کە بتوانێــت بــاری دەرونــی و سروشــتی کەســەکە لەڕیگەی دەنگەوە بخوێنرێتەوە، ئینجا کاریگەری لەسەر دروستبکرێت.

## ٦/٢-١-١/ج) وەستان (Pauses)

وەســتان هەڵوێســتەیەکی دەنگیــیە، کە لە کــاتی ئاخاوتنــدا دەنــگ بەرەو نزمبــوونەوە و لاوازبــوون، یــان بێــدەنگبوون دەچێــت، دەگونجێــت ئەو وەســتانە لەنێــوان دوو دەنــگ، یــان لەنێــوان وشــەیەک و وشــەیەکی تــر، یــان گــرێیەک و گرێیەکــی تــر، یــاخود ڕســتەیەک و ڕســتەیەکی تــر دروســتبێت.(الخــولی،١٩٨٧، ١٦٧)، وەســتانیش دوو جــۆری هەیە: (وەســتانی ڕێزمــانی و وەســتانی نارێزمــانی)، وەســتانی ڕێزمــانی ئەو وەســتانەیە، کە لەکۆتــایی هەمــوو ڕســتەیەک دەبینرێــت و ڕۆڵــی خــاڵ لە نوســیندا دەبینێــت، بەڵام وەســتانی نارێزمــانی یــان کــورتن، یــاخود درێــژ، کە تێیــدا گــوێگر ئەمجــۆرە وەســتانە بە بەشــێکی تەواوکەر لە گەیانــدنی پەیـامەکە دادەنێـت.(الحمـدانی،١٩٨٢، ٢٣٦)، لە هێـزی ڕاکێشـاندا (وەسـتان) ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینێـت، چــونکە ئــاخێوەر لە کــردەی ئاخاوتنــدا بــۆئەوەی ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت ســودی زۆری لێــدەبینێت، وەســتانی نێــوان دەربڕینەکــان دەرفەت بە قســەکەر دەدات، تــاوەکو نەخشــە و بیرەکــانی دواتــر دابڕێژێــت و بــاری دەرونــی گــوێگر و دەوروبەری ئاخاوتنەکــان لەبەرچــاو بگرێـت، ئینجـا پەیـامەکە بنێرێـت، چـونکە کـاتی وەسـتانەکان بە گـوێرەی بـاری دەرونـی گـوێگر دەبێـت. بێگومـان هەمـوو ئاخاوتنێـک وەسـتانی تێدەکەوێت جـا کـورت بێـت، یـاخود درێـژ ئەم وەسـتانەش (دوو ئەرک دەبینێـت: یەکەمیـان پێویسـتی قسـەکەرە بـۆ پڕکـردنەوەی سـییەکانی لە هەوا، دووەمیشــــیان پێویســــتی قســــەکەرە بــــۆ پێشــــاندانی واتــــاو مەبەســــتی پەیامەکـانی.)(الحمـد،٢٠٠٢، ٢٦٢)، کە ئەمەی دووەمیـان بـۆ کـارەکەی ئـێمە سـودی دەبێـت، چـونکە لە هێـزی ڕاکێشـاندا ئـاخێوەر بەمەبەسـت وەسـتانی نێـوان دەربڕینەکـانی لەپێنـاو گەیشـتن بە ئامانجەکەی بەکاردەهێنێت. بۆ نموونە لە ڕستەی :

- نمە نوستووە.

ئەگەرچــی ئەم ڕســتەیە بە ڕواڵەت ڕســتەیەکی هەواڵیــیە، بەڵام ئەگەر ئەم ڕســتەیە لەلایەن دایکــێکەوە بــۆ بەرامــبەرەکەی بێــت، لەڕێــگەی وەســتانێکی (کەوت) ەوە، کە دەکەوێــتە کۆتــایی ڕســتەکە ئــاخێوەر دەیەوێــت ســەرنجی بەرامــبەرەکەی بــۆئەوە ڕابکێشــێت و تکــای لێبکــات، کە بێــدەنگ بێــت، چــونکە منــداڵەکە نوســتووە، ئەمەش بەرەچــاوکردنی بــارودۆخی ئاخــاوتنەکە

شـــوێنی وەســـتانەکە دێـــتەبەرهەم، هەربـــۆیە ئـــاخێوەر لەســـەریەتی چەند(وەســـتانێکی نەخشـــە بۆکێشـــراو بەکاربهێنێـــت، کە خـــاڵی بێـــت لە دەنـــگە بێواتـــاو تێنەگەیشـــتراوەکانی وەک ئـــا، ئەمممم،ئێێێێێێێ،......هتـــد.)(شـــحرور،٢٠٠٩، ١٢٥)، ئەمەش شـــێوازێکی کـــاریگەر دەهێنێـــتە ئـــاراوە و ئاســـانتر دەتوانێـــت ســـەرنجی بەرامـــبەرەکەی ڕابکێشـــێت و هێـــزی ڕاکێشـــانەکە ببـــاتە ئاســـتێکی بـــاڵاوە، کەواتە وەســـتان بنەمـــایەکی گرنگـــی ئاخـــاوتنە، ئەگەر بەباشـــی بـــایەخی پێبـــدرێت، چـــونکە ئـــاخێوەری بـــاش وەســـتانی نێـــوان دەربڕینەکـــان بە وریـــایی بەکاردەهێنێـــت، هەروەک چـــۆن (وتـــاربێژ و تـــوێژەرە کـــۆمەڵایەتی و دەرونـــی و پەروەردەییەکـــان، یـــاخود مامۆســـتایانی ئـــاینی) بەکاریـــدەهێنن، ئەمەش ئاســـانکارییەکی باشـــە بۆیـــان، تـــاوەکو ئاســـانتر کـــاریگەری لەســـەر گوێگرەکانیان دروستبکەن.

## ٦/٢-١-١/ د) قەبارەی دەنگ (بەرزی و نزمی دەنگ)

قەبـــارەی دەنـــگ بـــریتییە لە ژمـــارەی لەرەلەرەکـــانی دەنـــگ لە یەکەی کاتـــدا، کە دەنـــگە ژێیەکـــان بەرپرســـن لە توانـــای جـــوڵەی فیزیکـــی و دروســـتکردنی بەرزی و نزمـــی دەنـــگەکە، جیـــاوازی لەریـــنەوەی دەنـــگە ژێیەکـــان لەلای ئافرەتـــان (١٠٠ تـــا ١٣٨) هێرتـــز زیـــاترە لە هـــی پیـــاوان، هەربـــۆیە کاتێـــک دەوترێـــت دەنگـــی ئـــافرەت ناســـکترە لە دەنگـــی پیـــاو، واتە لەرە لەری زیـــاترە.(حەمەد،٢٠١٤، ٤١)، بـــوونی ئەم جیـــاوازییە لە بەرزی و نزمـــی دەنـــگ ڕۆڵێکـــی بەهێـــز لە پرۆســـەی ئاخاوتنـــدا دەبینێـــت و کـــاریگەریی لەســـەر کەشـــی ئاخـــاوتن و هێـــزی ڕاکێشـــاندا دروســـتدەکات، چـــونکە ئـــاخێوەر لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا پێویســـتە زۆر وریایـــانە مـــامەڵە لەگەڵ پـــلەی دەنگـــدا بکـــات، بەشـــێوەیەک بەپێـــی بـــارودۆخ و چوارچێـــوەی ئاخـــاوتنەکە ســـود لە بەرزی و نزمـــی و لەرەی دەنگەژێکـــان ببینێـــت، بـــۆ ئەوەی بزانێـــت لە چ کاتێکـــدا پێویســـتە دەنـــگ بەرزبکـــرێتەوە و لە چ کاتێکیشـــدا پێویســـتە دەنـــگ نزمبکـــرێتەوە، بەمەش کـــۆنترۆڵکردنی قەبـــارەی دەنـــگ وا لە ئـــاخێوەر دەکـــات ئاســـانتر لە ئامـــانجەکەی نـــزیکببێتەوە، بـــۆ نمـــوونە لە ئامۆژگـــاریکردنی منداڵـــدا، دایـــک و بـــاوک ســـودێکی زۆر لە قەبـــارەی دەنـــگ دەبینـــین، بـــۆئەوەی ســـەرنجی منـــداڵەکەیان ڕابکێشـــن لەســـەر ئەنجامـــدانی کـــاری بـــاش و دورکەوتـــنەوەی لەکـــاری خـــراپ، بەشـــێوەیەک ئەگەر دایـــکەکە مەبەســـتی هانـــدانی منـــداڵەکە بێـــت بـــۆ بەردەوامیـــدان بە بەهرەیەکـــی وەک (وێنەکێشـــان)، بـــۆئەوەی سەرنجیرابکێشـــێت، ســـود لە پلەیەکـــی دەنگـــی نـــزم دەبینێـــت، دواتـــر لەڕێـــگەی گـــۆڕینی لەرەی دەنـــگەوە سەرســـوڕمانی خـــۆی بـــۆ کـــارەکەی دەردەبڕێت و بەمشێوەیە سەرنجیڕادەکێشێت و دەڵێت:

- ئەمە هەمووی خۆت کێشاوتە!
- ئافەرین دەستخۆش.
- دەمزانی تۆ توانایەکی زۆر باشت هەیە.
- شانازیت پێوە دەکەم.

بەلام ئەگەر دایکەکە مەبەستی ئەوە بێت منداڵەکەی ئاگاداربکاتەوە لە ئەنجامەندانی کارێک و دوورکەوتنەوە لێی، ئەوە بە دەنگێکی بەرز ئاگاداری منداڵەکەی دەکاتەوە و بەشێوازی توند و هەڕەشەئامێز پەیامی دورکەوتنەوە لەئەنجامدانی کارەکە بە منداڵەکە دەگەیەنێت، بەئامانجی سەرنجڕاکێشانی بۆ ئەوەی پێی بڵێت، کە ئەمە کارێکی نەشیاوەو نابێت ئەنجامیبدات، لێرەدا دایکەکە سود لە دەنگێکی بەرز دەبینێت، بۆئەوەی کاریگەری لەسەری دروستبکات، بەشێوەیەک، ئەگەر بەردەوام بێت سزا دەدرێت.وەک:

- ئەو کارە زۆر هەڵەیە لێی دووربکەوە.
- ئەگەر ئەنجامی بدەیت سزات دەدەم.

### ٦/٢-١-١/ ه) جۆری دەنگ

سیفەتێکی تاکە کەسییە، کە دەنگی کەسێک لە دەنگی کەسێکیتر جیادەکاتەوەو بە (مۆری دەنگ- Voiceprint)یش ناسراوە، چونکە دەنگی دوو کەس جیادەکاتەوە.(البجاری ،٢٠١٥، ٨٤) جۆری دەنگ ڕۆڵێکی کاریگەر لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینێت، بەشێوەیەک هەندێک دەنگ کاریگەرتر و سەرنجڕاکێشترە بەراورد بە دەنگێکیتر، هەربۆیە لە ڕیکلامێکی تەلەفزیۆنیدا گرنگییەکی زۆر بەجۆری ئەو دەنگە دەدرێت، کە لە بەرهەمهێنانی ڕیکلامە تەلەفزیۆنییەکاندا بەکاردەهێندرێن، چونکە جۆری دەنگەکە و سەرنجڕاکێشی دەنگەکە وادەکات ڕاستەوخۆ فرۆشی ئەو بەرهەمە یاخود کالایە بەرزببێتەوە، کە ڕیکلامەکەی بۆ دەکرێت، کەواتە (جۆری دەنگ کاریگەرییەکی دەرونی گەورەی لەسەر خودی قسەکەر و کەسی گوێگریش هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی زۆرجار دەبینین یەکێک، کە قسە دەکات لە کاتی قسەکردنەکەدا ئاسودەین و گوێی لێدەگرین، لەهەمانکاتیشدا کاریگەری لەسەرمان دروستدەکات، بەلام لەبەرامبەر ئەمەدا کاتێک گوێمان لە هەندێک دەنگی ناساز دەبێت زوو بێزار دەبین و ناتوانین زۆر گوێی لێبگرین.)(دزەیی،٢٠١٠، ٥٢)، بۆ نموونە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا زۆربەی حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بێژەری تایبەت هەڵدەبژێرن، وەک ئەوەی بزوتنەوەی (گۆڕان) لە یەکێک لە هەڵبژاردنەکاندا کەسێکی بەناوی (فەرهاد سەنگاوی) هەڵبژارد، بێگومان هەڵبژاردنی ئەم کەسایەتییە لەلایەن ئەم پارتەوە بۆ جۆری دەنگەکەی دەگەڕایەوە، چونکە تۆن و جۆری دەنگی ئەم کەسایەتییە کاریگەرییەکی زۆری لە وروژاندن و سەرنجڕاکێشانی خەڵکدا هەبوو، بەمەبەست ئەم کەسایەتییە دیاریکرابوو، بۆئەوەی دەنگێکی زۆر لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستبهێنن، یاخود لە کاتی هەڵبژاردنی بێژەری هەواڵە سیاسییەکاندا لەپاڵ ڕوخساری کەسەکەدا بایەخێکی زۆر بەجۆری دەنگی ئەو کەسە دەدرێت، کە هەواڵەکان دەخوێنێتەوە، چونکە جۆری دەنگەکە کاریگەرییەکی زۆر لەسەر بینەر یاخود بیسەر دروستدەکات، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە جۆری دەنگ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری لە هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا هەیە.

## ٢-٦/٢) ئاستی وشەسازی

تیــۆری ئەرکــی لە ئاســتی وشەســازیدا گرنگییەکــی زۆر بە (هــاوڕێیەتی) نێــوان وشــەکانی زمـــان دەدات، بیـــرۆکەی هـــاوڕێیەتی( المصـــاحبة– Collocation) یەکـــێکە لەو بیرۆکـــانەی، کە (هالیــدای) لە ناوەڕاســتی شەســتەکاندا خســتییەڕوو.(Halliday,1973,99). پەیوەنــدی هــاوڕێیەتی ئامــاژە بەو کــۆت و بەنــدانە دەکــات، کە لەســەر چــۆنیەتی بەکارهێنــانی وشــەکان پــێکەوە هەن، بــۆ نمــوونە کــام پریپۆزیشــن لەگەڵ کــام کــردار یــان نــاو بەکاردێت، یــاخود کــام کــردار لەگەڵ ئاوەڵنــاو یــان ....هتــد بەکاردێــت، بــۆ نمــوونە لە زمــانی ئینگلیزیــدا کــرداری (Perform– ئەنجامــدان) لەگەڵ (Operation– نەشـــتەرگەری)دا بەکاردێـــت، بەڵام لەگەڵ وشـــەی(گفتوگۆ)دا بەکارنـــایەت، بــۆ وشــەی (گفتوگــۆ) پێویســتە کــرداری (hold) یــان (have– هەیە) هەڵبژێــرین.(احمــد،١٩٨٤، ٦٣)، بـۆ زمـانی کـوردیش بەهەمانشـێوەیە بـۆ نمـوونە دەڵێـین (کچـی جـوان)، بەڵام بـۆ کـوڕ دەڵێـین( کـوڕی قـۆز)، هەروەهـا لەگەڵ وشــەی (تـرش) دا دەڵێـین (هەنـاری تـرش)، بەڵام نـاڵێین (شـوتی تــرش)، چــونکە وەک ئاشــکرایە وشــەی (تــرش) هــاوڕێیەتی لەگەڵ (هەنــار)دا هەیە، بەڵام ئەو هــاوڕێیەتییەی لەگەڵ (شــوتی)دا نیــیە، ئەم بیــرۆکەی هاوســێیەتییە بــایەخی زۆری لە هێــزی ڕاکێشــاندا هەیە، بەشــێوەیەک ئەگەر وشــەکانی زمــان هــاوڕێیەتی لەنێوانیانــدا نەبێــت واتــا و مەبەستەکانی قسەکەر بە گوێگر ناگەن، بۆ نموونە لە ڕستەی:

- چێشتەکە گڕیگرت.

ئاشــکرایە وشــەی (چێشــت) هــاوڕێیەتی لەگەڵ (کــوڵان، ســوتان، نــاخۆش، ....هتــد) دا هەیە، وەک لە (گڕیگــرت)دا، هەربــۆیە کاتێــک ئــاخێوەر دەیەوێــت ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت بـــۆئەوەی ئاگاداریبکـــاتەوە لەوەی، کە بـــڕوات بەلای چێشـــتەکەیەوە، کە لەوانەیە بســـوتێت، ئەگەر ئەم ڕســـتەیەی ســـەرەوە بەکاربهێنێـــت هـــیچ کـــاریگەرییەک لەســـەر بەرامـــبەر دروســتناکات، چــونکە هــاوڕێیەتی لەنێــوان ئەم دوو وشــەیەدا نیــیە، هەربــۆیە تیــۆری ئەرکــی جەخــت لەوەدەکــاتەوە، کە پێویســتە وشــەکان هــاوڕێیەتی لەنێوانیانــدا هەبێــت بــۆ ئەوەی واتــا و مەبەســتی قســەکەر بەڕوونــی بە گــوێگر بگــات، بەمەش پەیوەنــدی هــاوڕێیەتی بــریتییە لە پەیوەنــدی و بەیەکەوە هــاتنی وشــەیەک لەگەڵ وشــەیەکیترو ئەو واتــایەیە، کە وشــە بەهــۆی هەڵســوکەوت و هــاتنی لەگەڵ وشــەیتردا پەیدایــدەکات و لەســەر بنەمــای پەیوەنــدی وشــەیی کاردەکــات، بــۆ نمــوونە هەردوو وشــەی (چــاک و بــاش) لە هاوواتــا دەچــن، بەڵام لە هاوڕێیەتیــدا لەیەکتر جیاوازن. وەک:

- بەیانیت باش.
- بەیانیت چاک*

هەروەک دەبینـــین وشـــەی (بـــاش) لەگەڵ (بەیـــانی)دا هـــاوڕێیەتی هەیە، بەڵام وشـــەی (چـــاک) ئەو هـــاوڕێیەتییەی لەگەڵ وشـــەی (بەیـــانی)دا نییـــە.(دزەیـــی،٢٠٠٩، ٧٣-٧٤)، هەربـــۆیە ئەرکییەکـــان دەڵـــێن بـــۆ گەیانـــدن و تونـــدوتۆڵکردنی پەیوەنـــدی کـــۆمەڵایەتی و کلتـــوری و شارســـتانی نێـــوان تاکەکـــان پێویســـتە ئـــاخێوەران هاریکـــاری یەکتـــربن، بـــۆ ئەوەی واتـــا و مەبەســـتەکانی ئاخاوتنەکـــان ڕوونبێـــتەوە، بەمانـــایەکیتر پێویســـتە وشـــە و دەســـتەواژەکان نزیکـــی و هاوســـێیەتی واتـــایی لەنیوانیانـــدا هەبێـــت، وەک ئەوەی، کە کـــۆمەڵ لەســـەریان ڕێککەوتـــووە، بـــۆ ئەوەی بەو ئەرکە زمـــانییە هەســـتێت، وەک ئەوەی زمانەوانـــانی تێـــۆری ئەرکـــی بانگەشـــەی بـــۆ دەکەن، ئەمەش دەرخەریـــی ئەوەیە، کە هاوســـێیەتی نێـــوان وشـــەکانی زمـــان لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان لەهێزی ڕاکێشاندا هەیە.

یەکێکیتـــر لە بۆچوونەکـــانی تیـــۆری ئەرکـــی ســـەبارەت بە ئاســـتی وشەســـازی ئەوەیە، کە پێیـــــانوایە بەشـــــێکی زۆر لە واتـــــای وشـــــەکان پەیوەســـــتن بە بـــــاری دەوروبەرەوە. ئەم بیـــرۆکەیەش (لە ســـاڵانی ســـیەکاندا ســـەریهەڵدا، کاتێـــک گرنگـــی بەکـــۆمەڵ و پەیوەنـــدی کـــۆمەڵایەتی درا، کە مـــرۆڤ دەتوانێـــت بەهـــۆی زمـــانەوە لە ئەنـــدامانی کـــۆمەڵەکەی بگـــات و تێیانبگەیەنێـــت بەتـــایبەتی لە ســـەردەمی (مالینۆفســـکی) و (فێـــرث)دا ڕێبـــازی دەوروبەر زیـــاتر پەرەیســـەندو بـــایەخی پێـــدرا، دواتـــریش هەریەکە لە زمانەوانـــان (هالیـــدای، ڕۆبینـــز، کـــاتز و فۆدر)یش بایەخیان پێدا.)(محمد،١٩٩٠، ٤٠).

لایەنگرانـــی بیـــردۆزی دەوروبەر جەخـــت لەســـەر دەوروبەرە زمانییەکـــان دەکەن، کە تێیانـــدا بەپێـــی پێویســـتی وشـــەکان بەیەکەوە دەبەســـترێن، لەئەنجامـــدا واتـــا و مەبەســـتی وشـــە دەردەکەوێـــت، واتە بەپێـــی تێڕوانینـــی ئەرکـــی (بونیـــادە مۆرفۆلۆجیەکـــان، کە بـــریتین لە فـــۆرم و هێمـــا لەڕێـــگەی ئەرکەکانیـــانەوە واتـــا دەبەخشـــن.)(Almurashi,2016,74)، ئەو واتـــایەش پەیوەســـتە بەو دەوروبەرە زمـــــانییەوە، کە ئاخاوتنەکـــــانی تێـــــدا بەرهەمـــــدەهێنرێت، واتە چوارچێـــــوەی ئاخاوتنەکـــان مەبەســـتەکانی ئـــاخێوەر ڕوونـــدەکەنەوە، لەبەرئەوە(( لێکـــۆڵینەوەی واتـــای وشـــە دەوروبەر و بـــارودۆخ دیاریـــدەکات، کە وشـــەی تێـــدا بەکاردێـــت، تەنـــانەت ئەگەر دەوروبەرەکە نازمـــانیش بێـــت.))(عمـــر،١٩٨٨، ١٩٦)، هەر لەبەرئەمەشـــە ئەرکییەکـــان دەڵـــێن: ((وشـــە لە فەرهەنگـــدا وەکـــــو جەســـــتەیەکی مـــــردوو وایە لە کـــــاتی بەکارهێنانـــــدا گیـــــانی بەبەردا دەکرێـــت.))(Halliday,2003,153)، بەپێـــی ئەم بۆچـــوونە دەوروبەر تـــاکە ڕێگـــایە، کە واتـــای فەرهەنگـــی و واتـــای مەبەســـت ڕوونـــدەکاتەوە، چـــونکە وشـــە وەک دانەیەکـــی زمـــان خـــاوەنی ئەم دووجـــۆرە واتـــایەیە، هەربـــۆیە هەنـــدێک لە زمانەوانـــان پێیـــانوایە(( مـــرۆڤ بەتەواوی ناتوانێـــت لەواتـــای وشـــەیەکی تـــاک، یـــان تەنیـــا بگـــات، کاتێـــک دادەبڕێـــت لەو وشـــانەی، کە پەیوەنـــدی پێیانەوە هەیە، چونکە وشەکانیتر واتای وشەکە ڕووندەکەنەوە.))(لاینز،١٩٨٧، ٨٣).

لەبەرئەوەی دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ لە ڕوونکردنەوەی واتاو مەبەستەکانی قسەکەردا دەبینێت، هەبۆیە لەم ئاستەدا ئاخێوەر سود لەو وشانە دەبینێت، کە جێگەی بایەخی بەرامبەرە، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی فاکتەرە کاریگەرکانی وەک (دەرونی، کۆمەڵایەتی، سیاسی،....هتد) بۆئەوەی بتوانێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت، بۆیە لە هێزی ڕاکێشاندا بەستنەوەی وشەکان بە پێی دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆری لە کردەی ئاخاوتندا دەبێت، بۆ نموونە وشەی (خوێندکار، قوتابی، فێرخواز) هەریەکەیان لە دەوروبەرێکدا ئاخێوەر دەتوانێت بۆ مەبەستی خۆی سودیان لیببینێت، بەشێوەیەک کاتێک مامۆستایەک دەیەوێت سەرنجی خوێندکارەکەی ڕابکێشێت بۆ ستایشکردن، بەپێی دەوروبەرەکە و لایەنی دەرونی و سیاسی و...هتد سود لە هەریەکە لەم وشانە دەبینێت، بەجۆرێک ئەگەر بەرامبەر سەر بەحزبێکی سیاسی وەک (پارتی) بێت سود لە وشەی ( قوتابی) بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر بەرامبەر دەبینێت هەربۆیە دەڵێت:

- ئاران قوتابییەکی زیرەکە.

لێرەدا بەکارهێنانی وشەی (قوتابی) لەلایەن قسەکەرەوە بۆ مەبەستێک بووە، کە دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە سەرنجی ڕابکێشێت، بەڵام ئەگەر گوێگر سەر بە لایەنێکی سیاسی وەک (یەکێتی) بێت، ئەوا سود لە وشەی (خوێندکار) دەبینێت لە جیاتی وشەی (قوتابی)و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت، هەروەها ئەگەر کەسی بەرامبەر سەربە هیچ لایەنێکی سیاسی نەبێت، یاخود بێلایەن بێت سود لە وشەی (فێرخواز) بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر دەبینێت، هەبۆیە تیۆری ئەرکی گرنگیەکی زۆری بە باری دەوروبەر لە کردەی ئاخاوتندا دەدا، پێیوایە وشەکان لە دەروبەردا بۆ مەبەست و ویستی جیاجیا بەکاردەهێنرێن و ئاخێوەر بۆ ئامانجی خۆی سودیان لێدەبینێت، واتە لە هێزی ڕاکێشاندا ئاخێوەر زیاتر سود لەو وشانە دەبینێت، کە واتایەکی دەوروبەرییان هەیە نەک واتای فەرهەنگی، بۆ نموونە وشەی (تاڵ) لە فەرهەنگدا بەواتای خواردن و خواردنەوەیەک دێت، کە تاڵ بێت، بەڵام ئەم وشەیە لە دەوروبەردا دەشێت چەندین واتایتری هەبێت وەک ( تاڵی قژ، تاڵی دەزوو، تاڵی ڕۆژگار،....هتد). ئاخێوەر بەپێی بارودۆخی ئاخاوتنەکان بۆ مەبەست و مەرامی خۆی سودی لێوەربگرێت، بێگومان ئەم واتایانەش لە سنوری فریزی ناوی و ڕستەدا ڕوون دەبنەوە، کەواتە دەوروبەر هۆکارێکە، کە تەمومژی لەسەر هێما زمانییەکان لادەبات و لە تاریکییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوێزێتەوە، بەواتایەکیتر دەوروبەر کاریگەرییەکی زۆری لە جۆرو شێوازی هەڵبژاردنی دەربڕاوو کەرەستە زمانییەکاندا هەیە.

لە هێزی ڕاکێشاندا کاتێک ئاخێوەر بیەوێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکیشیت پێویستە ئەم وشەیە بخاتە سنوری ڕستەوە بۆئەوەی واتا و مەبەستەکە بە ڕوونی بگات، بۆ نموونە وشەی (باش) ئەگەر لەگەڵ ناوی کەسێک بێت، ئەوا واتایەکی ئەرێنی دەگەیەنێت، وەک:

(کــاک ســۆران بەڕێــوەبەرێکی باشــە.) لێــرەدا ئــاخێوەر، ئەگەر کارمەنــدی (کــاک ســۆران) بێــت، بەســـود وەرگرتـن لە وشـــەی (بـــاش) لە چوارچێـــوەی بەکارهێنانـــدا دەیەوێـــت ســـەرنجی بەرامــبەر بــۆ ئەرکــی (ستایشــکردن، ماســتاوکردن، هانــدان، هەواڵگەیاندن،.....هتــد) بەکاربهێنێــت، بەڵام هەمــان وشــە ئەگەر لەگەڵ وشــەی (درۆ/خــوارد) هــات واتــایەکی نەرێنــی دەگەیەنێـت وەک (ســەردار درۆی باشــدەکات)، یــان (ســیروان پــارەکەمی بــاش خــوارد.)و دەشــێت ئــاخێوەر بە مەبەســت بــۆ دروســتکردنی کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر بــۆ ئەرکــی (هێرشــکردن، توانجــدان، ...هتــد) بەکارهێنابێــت، هەربــۆیە (ونگشــتن)، کە زانــایەکی فەلســەفییە دەڵێــت: (( مەڕوانە واتــای وشە، بەڵکو بڕوانە بەکارهێنانی وشە.))(لاینز، ١٩٨٢، ٦١).

هەر لەم ئاســتەدا ئــاخێوەر ســـودێکی زۆر لە (نــاوو نازنــاو) بــۆ دروســـتکردنی کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دەبینێــت، وەک ئاشــکرایە نازنــاو نــاوێکی نــافەرمییە، کە بەشــێوەیەکی ئاســایی لەشـــوێنی نــاوی ڕاســتەقینەی کەســـەکە، یـــاخود لەگەڵ نـــاوی ڕاســـتەقینەی کەســـەکە لەلایەن کەســانی دەوروبەر و هاوڕێیــان و ئەنــدامانی خێــزانەوە بەکاردەهێنرێــت، یــاخود (نــاوێکە یــان ئاوەڵنـــاوێکە، کە بەمەبەســـتی ناســـاندن بەنـــاوی کەســـێکەوە دەلکێنرێـــت.)(مەعــروف،٢٠١٢، ١١٣)، بەشـــێوەیەک ئەگەر نـــاوەکە ئەرێنـــی بـــوو پێیـــدەوترێت (نازنـــاو)، بەڵام ئەگەر بەپـــێچەوانەوە نەرێنــی بــوو پێــی دەوترێــت (ناوونــاتۆرە)، هەروەهــا نازنــاو چەنــدین جــۆری هەیە، وەک(ئــاینی، کــۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری،سیاســی، ســەربازی، ئەکــادیمی، پیشــەیی،.....هتد)، ئاشــکرایە نازنــاو لە پەیوەنــدییە کۆمەڵاییەتیەکانــدا بــۆ سەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەر ئــاخێوەر، یــاخود کــارلێکەر دەتوانێــت ســـودێکی زۆری لێببینێـــت بە ئامـــانجی کـــاریگەری دروســـتکردن لەســـەر کەســـی بەرامــبەر، کە ئەمەش زۆر جــار دەچێــتە قــاڵبی ڕێزگــرتنەوەو بەکارهێنانیــان بەشــێوەی دروســت دەبێــتە هۆکــارێکی یەکجــار بــاڵا لەسەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەردا، نازناوەکــانیش وەک( خــاتوو شــیلان، شــێخ ئەحمــد، شــا محمــد، تــاهیر بەگ، نەوزادی پــارێزەر، لیــوا هەرێم،......هتــد)، بۆنمــوونە کاتێــک خوێنــدکارێکی زانکــۆ بیەوێــت داوایەک ئاڕاســتەی مامۆســتاکەی بکــات دەتوانێــت بەســود وەرگــرتن لە نازنـــاوە ئەکـــادمییەکەی ســـەرنجی بەرامـــبەرەکەی ڕابکێشـــێت و بەئامـــانجەکەی بگــات، وەک لە جیــاتی بڵێــت(دکتۆر ....)دەڵێــت (کــاک دکتــۆر- بەڕێــز دکتــۆر)، یــاخود (دکتــۆرە خانم)، وەک:

- ببورە دکتۆرە خانم پێویستم بە سەرچاوەی ئەم بابەتە هەیە.

لێــرەدا ئــاخێوەر لەپــاڵ ڕێــزە کــۆمەڵایەتی و ئەکــادیمییەکە بە بەکارهێنـــانی نازنـــاوی پیشـــەیی بەرامــبەر دەیەوێــت ســـەرنجی بەرامــبەرەکەی ڕابکێشــێت بــۆ داواکەی و بە ئامــانجەکەی بگــات، یاخود کاتێک کەسێک دەچێت بۆ لای وەزیرێک لەجیاتی ناوی کەسەکە بهێنێت دەڵێت:

- جەنابی وەزیر پێویستم بە ئیمزای بەڕێزتانە.

ئەم دەربڕینەش ئاخێوەر بۆ ئەوە بەکاریدەهێنێت، تاوەکو بتوانێت سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و ڕازیبکات، بۆ ئەو مەبەستەی خۆی دەیەوێت، کە ئەمەش بەهێزی ڕاکێشانی زمانی ناودەبرێت و مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندی و مەبەستەکانی لە کۆمەڵگادا بەکاریدەهێنێت. هەربۆیە دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی نازناو بە خاڵێکی گرنگ لە هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا دادەنرێت.

## ٣-٦/٢) ئاستی ڕستەسازی

ئاستی ڕستەسازی یەکێکیترە لە ئاستەکانی زمان، کە لە سەرجەم قوتابخانەکانی تیۆری ئەرکیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بێگومان ڕستە پێکهاتەیەکی گرنگی زمانەوانییەو لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا هەموو بایەخێکی زمانەوانی خۆی لە ئاستی ڕستەدا دەبینییەوە و بە سەرتۆپی لێکۆڵینەوەکانیان دادەنا، هەربۆیە بیرۆکەی شیکردنەوەی ڕستە بەپێی (ڕێزمانی ئەرکی–Functional Grammar) ، بۆ وتارەکانی (ماتسیۆس) دەگەڕێتەوە، کە لەساڵی (١٩١١) لە ژێر ناوی (ڕوانگەی ئەرکی بۆ ڕستە – Functional Sentence Perspective) بڵاویکردەوە. (سامسون،١٩٩٧، ١٠٦). ڕاڤەکردنی پێکهاتەی هەر ڕستەیەک لە قوتابخانەی ئەرکیدا ئەوەیە، کە (لە کردەی گەیاندنی زمانیدا ئاستی ڕێزمان و مۆرفۆلۆژی لەلایەک و ئاستی واتاش لەلایەکیتر لێکدەدرێن بۆ بەرهەمهێنانی ئاستێکی تری زمانی ئەویش ئاستی ئاخاوتنە.)(امین ، ٢٠١٣، ٣٠)، ئاستی ئاخاوتن ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە چۆن ئاستی ڕێزمان و ئاستی واتا لە کردەی ئاخاوتندا بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر کار لەیەکدەکەن. لە ڕێزمانی ئەرکیدا زمان وەکو هۆیەکی دەربڕاوی کاریگەر لەناو ئاستی ئاخاوتندا بەکاردێت، هەربۆیە (ئەرکییەکان پێیانوایە ڕستە لە دوو بەش پێکدێت: (بابەت–Topic، کۆمێنت– Comment)، یان (زانیاری کۆن Given، زانیاری نوێ –New)، یاخود (باس– Theme، خواس– Rheme)(ئیسماعیل،٢٠١٥، ١٤٧).

(باس–Theme) لەڕوانگەی ئەرکییەکانەوە ئەو بەشەیە، کە زانیارییەکانی لای قسەکەر و گوێگر زانراوە و زانیارییەکی تازەی تێدا نییە، بەڵام (خواس–Rheme) زانیارییەکانی تازەیە و قسەکەر دەیەوێت بەگوێگری بگەیەنێت، واتە زانیارییەکانی نەزانراون، بۆ نموونە لەڕستەی :

- <u>ژیلوان</u>  <u>ڕۆیشت بۆ هەولێر</u>.
  باس  خواس
- <u>منداڵەکە</u>  <u>لە دایک بوو</u>.
  باس  خواس
- <u>هەینی</u>  <u>باران دەبارێت</u>
  باس  خواس

له هەر یەکێــک لەم ڕســتانەدا (بــاس) زانیــارییە زانــراوەکەیە، واتە زانیــارییە کــۆنەکەیە، (خــواس)یش زانیــارییە تــازەکەیە و نەزانــراوە بــۆ گــوێگر، هەربــۆیە لە کــردەی ئاخاوتنــدا کاتێــک ئــاخێوەر بیەوێــت ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت بــۆ توخمێــک لە توخمەکــانی نــاو ڕســتەکە، ئــاڵوگۆڕ لە ڕیزکردنــی کەرەســتەکاندا دەکــات، بەو واتــایەی هەر توخمێــک، کە قســەکەر مەبەســتی بــوو گــوێگری پــێ بوروژێنێــت و کــاریگەری لەســەر دروســتبکات، شــوێنی (خــواس)ی پێدەبەخشــێت، چــونکە (واتــای کــاریگەری بەنــدە بە هەڵبژاردنــی وشــە و ڕیزکردنیــان لەنــاو ڕستەدا.)(دزەیی،٢٠٠٤، ٥١)، وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

– رۆیشت بۆ هەولێر ژیلوان ، لەدایکبوو منداڵەکە ، باران دەبارێت هەینی.
باس خواس باس خواس باس خواس

چەمکــی (بــاس و خــواس) لەهێــزی ڕاکێشــاندا ڕۆڵێکــی کــاریگەر دەبینێــت، چــونکە لە کــردەی ئاخاوتنــدا ئــاخێوەر دەتوانێــت جێگــۆڕکێ بە کەرەســتە زمانییەکــان بکــات لە پێنــاو گەیشــتن بە ئامــانجەکەی، ئەمەش بە لەبەرچــاوگرتنی بــاری دەرونــی و ڕۆشــنبیری کــۆمەڵایەتی و سیاســی و ئــاینی ...هتــد، جێگــۆڕکێ بە کەرەســتە زمانییەکــان دەکــات، واتە جێگــۆڕکێ بە (بــاس و خــواس) دەکــات و لەم ڕێــگەیەوە هەلــی زیــاتری بــۆ دەرەخســێت، تــاوەکو گــوێگر ڕابکێشــێتە نــاو ئاخاوتنەکە و کاریگەری لەسەر دروستبکات، بۆ نموونە لە ڕستەی:

– ئەم مانگە وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکەم وەزارەتە موچە وەردەگرێت.
خواس باس

ئاشــکرایە (مــوچە) (بــاس)ە، و زانیــارییە زانــراوەکەیە و (یەکەم وەزارەت)یــش (خــواس)ە، لێــرەدا ئەگەر ئــاخێوەر بیەوێــت ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت (بــاس و خــواس) پــێچەوانە دەکاتەوە و دەڵێت:

– یەکەم وەزارەت خوێندنی باڵایە موچە وەربگرێت.

بێگومــان ئــاخێوەر لە ئــاڵوگۆڕکردنی (بــاس و خــواس)دا، دەیەوێــت ســەرنجی فەرمــانبەران و مامۆســتایانی خوێنــدنی بــاڵا بۆخــۆی ڕابکێشــێت، چــونکە ئەم هەواڵە بــۆ ســەرجەم کارمەنــدانی ئەم وەزارەتە دڵخۆشکەرە. یان لە ڕستەی:

– چێشتەکە سوتا.
باس خواس

ئەم ڕســتەیە لە ڕواڵەتــدا ڕســتەیەکی هەواڵیــیە، بەڵام کاتێــک ئــاخێوەر بیەوێــت ســەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت شوێنی (باس و خواس) ئاڵوگۆڕ دەکات و دەڵێت:

- سوتا چێشتەکە.
خواس باس

بێگومــان ئــاڵوگۆڕکردنی (بــاس و خــواس) لەم ڕســتەیەدا بەمەبەســت ئەنجامــدراوە و دەشــێت ئــاخێوەر مەبەســتی ئاگــادرکردنەوە بێــت، تــاوەکو چێشــتەکە نەســوتێت، یــاخود ڕەنــگە توانجــدان بێــت، بەوەی کەســێکی بێبــاکەو زۆربەی جــار چێشــتی دەســوتێت، ئاشکراشــە هەریەکە لەم مەبەســتانەی قســەکەر دەوروبەر ڕوونیــدەکاتەوە، کە قســەکەر بــۆ چ مەبەســتێک ئەم ڕســتەیەی دەربڕیــوە، جــگەلەمەش لەکــاتی بانگەشــەی هەڵبژاردنــدا زۆربەی هێــزو لایەنە سیاســییەکانی کوردســتان چەنــدین دروشــم بەکــاردەهێنن، تــاوەکو دەنگــدەران دەنگیــان پێبــدەن، ئەگەر گــوێگر لەڕووی ئــاینییەوە کەســێکی پابەنــد بەدیــن بێــت، ئــاخێوەری ســەربەحزبێکی سیاســی ئیســلامی هەوڵــدەدات لەڕوانــگە ئــاینییەکەوە ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت، واتە بە ســود وەرگــرتن لە فــاکتەری ئــاینی، تــاوەکو کــاریگەی بکــاتە ســەری و ڕازیبکــات بەو مەبەســتەی خــۆی دەیەوێــت، وەک ئەوەی دەڵێت:

- خــوای گەورە لە ڕۆژی دواییــدا لێپرســینەوەی ئەوەت لەگەڵــدا دەکــات، کە دەنگــت بەکەسێکی دادپەروەر و پابەند بە ئاینەوە نەداوە.

واتە ئــاخیوەر دەیەوێــت لەم ڕوانــگەیەوە بەرامــبەر ڕازیبکــات، تــاوەکو دەنــگ بەو لایەنە بــدات، کە قســەکەر مەبەســتییەتی، لێــرەدا (هەڵبــژاردن) (بــاس) هکەیەو زانیــارییەکی زانــراوە لەلای گــوێگر، بەڵام (خــواس) زانیــارییە تــازەکەیە، کە ئەویــش (دەنگــدانە بەکــام پــارت و لایەن)، هەربــۆیە ئــاخێوەر بە مەبەســت (بــاس و خــواس) بــۆ سەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەر ئــاڵوگۆڕ دەکــات، تــاوەکو هەلــی ســەرکەوتنی زیــاتر بێــت و هێــزی ڕاکێشــان بەرزبکــاتەوە، هەرلەبەرئەمەشــە زمــانەوانە ئەرکییەکــان پێیــانوایە (گــوێگرەکە بڕیــار دەدات، کە چ زانیــارییەک پێویســتە لە ڕیــزی زانیــارییە کۆنەکــان هەژمــار بکرێــت و چ زانیــارییەکیش پێویســتە بە تــازە دابنرێــت.)(یــول،١٩٩٧، ٢٢٥)، لەلایەکــی تــرەوە ئەرکییەکــان زۆر جیــاوازتر دەڕوانــنە ڕســتە بەراورد بە قوتابخانەکانی تر بۆنموونە لە ڕستەی :

- سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جۆبایدنە .

- جۆبایدن سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە.

بە بۆچــوونی هەنــدێک لە قوتابخــانە زمانەوانییەکــان ئەم دوو ڕســتەیە هاوواتــای یەکتــرن، بەڵام لەڕوانــگەی تیــۆری ئەرکیــیەوە جیــاوازن، چــونکە هەریەک لەم ڕســتانە لە چوارچێــوەی بــارێکی جیــاوازدا بەکاردێــت و بەکارهێنانەکەشــی پشــت بەو زانیــارییە دەبەســتێت، کە لە نێــوان قســەکەر و گــوێگردا هەیە، هەربــۆیە قســەکەر ئەو دانە زمــانییە دەکــاتە بــابەتی باســەکەی، کە گــوێگر زانیــاری لەبــارەیەوە دەزانێــت، دواتــریش زانیــاریتری پەیوەســت بەتەوەرەکە بە

گــوێگرەکە دەدات، لە ژێــر ڕۆشــنایی ئەم ڕونکــردنەوەیەدا هەریەکێــک لەم ڕســتانە بەپێــی ئەو دەوروبەرە زمــانییەی تێیــدا بەکارهــاتووە واتــایەکی جیــاواز دەبەخشــێت، بــۆ نمــوونە لە ڕســتەی یەکەمــدا ئەرکــی ڕاگەیانــدنی ئەوە دەبینێــت، کە (کــێ) ســەرۆکی ئەمریکــایە؟، بەڵام لە ڕســتەی دووەمــدا ناســاندنی (جۆبایــدنە وەک ســەرۆکی ئەمریکــا)، هەربــۆیە دەتــوانین جیــاوازی نێــوان ڕۆنانکارەکــان و ئەرکییەکــان لەوەدا چــڕ بکەیــنەوە، کە ((ڕۆنانکارەکــان وەســفی ڕســتەکە دەکەن لەکاتێکــدا ئەرکییەکــان پرســیاری هۆکارەکــان دەخەنەڕوو، واتە بونیادگەرەکــان بەدوای وەڵامــی (چــۆن) و(چــی) دا دەگەڕیــن، بەڵام ئەرکییەکــان بەدوای وەڵامــی (لەبەرچــی) دا دەگەڕێن.))(Seuren,1998,158).

چەمکی(بــاس و خــواس) لای (جــان فێربــاس – J.Firbas) جیــاوازە لەگەڵ (ماتســیۆس)دا، چــونکە (ماتســیۆس) زیــاتر گرنگــی بە تــوخمی زانیارییەکــان دەدات لە دیــاریکردنی (بــاس و خــواس)دا، بەڵام (فێربــاس) زیــاتر گرنگــی (بە ئەرکــی بــاس و خــواس دەدات لە کــردەی گەیانــدنی زمــانی لە ڕێــگەی دیــاریکردنی پــلەی دینــامیکی گەیانــدن(dynamism communicative)، هەربــۆیە (خــواس) بەرزتــرین پــلەی دینــامیکی گەیانــدنی هەیەو (بــاس)یش کەمتــرین پــلەی دینــامیکی گەیانــدنی هەیە و لەدوای ئەم دوو یەکەیە چ لەپــێش یــاخود نێوانیــان بێــت یەکەی گواســتنەوە (transition) دێــت، کە زۆربەی کــات تــوخمی زیــادەن وەک پریپۆزشــنەکان ، ئــامرازە لێکــدەرەکان، ......هتــد)(ئیســماعیل،٢٠١٥، ١٤٩)، بــۆ ئەوەی ئەم ســێیەکەیە بەیەکەوە کاربکەن، پێویستە سێ هۆکار لەبەرچاوبگرین : (فەرهادی،٢٠٠٨، ٢٦).

١- چۆنیەتی ڕیزکردنی بەشەکانی ڕستە.

٢- دەوروبەری گشتی بۆ ڕووداوی ناو ڕستەکە.

٣- دەوروبەری واتایی تایبەت بۆ ڕستە(بینای واتایی).

وەک / دەوروبەر : کێ منداڵەکەی لە باخەکەدا بینی؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕستە/ | <u>ئارا</u> | <u>لەباخەکەدا</u> | <u>منداڵەکەی بینی</u>. |
| | باس | یەکەی گواستنەوە | خواس |

دەوروبەر/ لەکوێ ئارا منداڵەکەی بینی؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕستە/ | <u>لەناو باخەکەدا</u> | <u>ئارا</u> | <u>منداڵەکەی بینی</u>. |
| | یەکەی گواستنەوە | باس | خواس |

## ٦/٢-٣/آ) ڕستەی باسمەند (Topicalization)

باسـمەند گواسـتنەوەیەکی سەرپشـکییە، کە ئـاخێوەر بە تـاک لایەنـانە دروسـتیدەکات، بەڵام لەسـەر سیسـتەمی گواسـتنەوەی خـورتی زمـانەکە دروسـتیدەکات، ئەم پرۆسـەی گواسـتنەوەیەش لە زمـانی کوردیـدا کاتێـک ڕوودەدات، ((کە پێکهێنێـک دەجوڵێنرێـت و دەهێنـرێتە پێشـەوەی ڕسـتە، واتە ڕیزبـوونە سـتانداردەکەی (SOV) بەپێـی ویسـتی قسـەکەرو ئەو مەبەسـتەی، کە دەیەوێـت بیگەیەنێـت دەگۆڕێـت، بەتـایبەتیش لە پـاش و پێشخسـتنی بـکەرو بەرکـاردا، بەمەرجێـک کـار لەواتـای گشـتی ڕسـتەکە نەکـات.))(مـحەمەد،٢٠٠٩، ٢٦٠)، واتە ڕسـتەی باسـمەند[١٠] ڕاکێشـانی تیشـکی ڕوونـاکییەکە بـۆ سـەر ئەو وشـەیە یـاخود مەبەسـتەی، کە ئـاخێوەر دەیەوێـت بیگەیەنێـت، هۆکـاری بەکارهێنانیشـی دەگەڕێـتەوە بـۆ بەگرنگزانینـی ئەو وشـەیە لەلایەن قسـەکەرەوە، یـاخود گـوێگرەوە، بەواتـایەکیتر لە لوتکەکردنـدا ئـاخێوەر بەپێـی ئامـانج و ویسـتی خـۆی بابەتێـک دەکـات بەسـەرتۆپی (بـاس)ەکەی بەرامـبەریش بەم هـۆیەوە زیـاتر لە مەبەسـتی ئـاخێوەر دەگـات، هەربـۆیە لە هێـزی ڕاکێشـاندا لەسـەر کـارلێکەر پێویسـتە ئەو وشـەیە بخـاتە سـەرەتای ڕسـتەوە، کە جـێگەی بایەخپێـدانی بەرامـبەرە، (هـۆی دانـانی ئەو شـوێنە گـرنگەی ڕسـتەش بـۆ نـاوە دەرپەڕیـوەکە، ئەگەر ئەرکێکـی ڕێزمانیشـی نەبێـت، بەڵام لە مێشـکی قسـەکەردا بـایەخی خـۆی هەیە، چـونکە دەبێـتە تەوەرەیەک، کە هەمـوو ڕسـتەکە بەدەوریـدا دەسـوڕێتەوە.)(صـالح،٢٠١٨، ١٤٧)، هەربـۆیە لەڕسـتەی (باسـمەند)دا ئـاخێوەر ئەو کەرەسـتەیە پێشـدەخات، کە لەڕوانـگەی بەرامـبەرەوە گـرنگە بـۆئەوەی لەم ڕێـگەیەوە سـەرنجی بەرامـبەرەکەی ڕابکێشـێت، لەبەرئەوە شـوێنی کەرەسـتەکانی نـاو ڕسـتە کـاریگەری دەرونـی قسەکەرمان پیشاندەدات. بۆ نموونە لە ڕستەی:

- ژاڵە کراسێکی جوانی بۆ هات.
- کراسێکی جوان بۆ ژاڵە هات.

یەک بیـرۆکە و دوو ڕیزکردنـی جیـاواز لەم ڕسـتەیەدا دەبینرێـت، لە ڕوانـگەی قوتابخـانەی ئەرکـی هەریەکە لەم دوو ڕسـتەیە واتـایەکی جیاوازیـان هەیە و بـۆ دەوروبەرێکـی جیـاواز بەکـاردەهێنرێن، بەشـێوەیەک لە ڕسـتەی یەکەمـدا ئـاخێوەر دەشـێت تەنیـا مەبەسـتی هەواڵگەیانـدن بووبێـت، بەڵام لە ڕسـتەی دووەمـدا مەبەسـتی ڕاکێشـانی سـەرنجی بەرامـبەر بـۆ ئەرکـی هەسـتدەربڕین بێـت، ئەمەش ئەو هێـزەیە، کە لە کـردەی ئاخاوتنـدا قسـەکەر بـۆ مەبەسـتێکی دیـاریکراو بەکاریـدەهێنێت، هەروەهـا هێـزی ڕاکێشـانی زمـانیی لە ڕسـتەدا کـار لەسـەر ئەو کەرەسـتانەی زمـان دەکـات، کە گرنـگ و کـاریگەرە بـۆ سەرنجراکێشـانی بەرامـبەر، هەربـۆیە ئـاخێوەر پەنـا بـۆ ڕسـتەی باسـمەند دەبـات، واتە کەرەسـتە گـرنگەکە دەکـات بە(Topic)

---

[١٠]) بـۆ وردەکـاری زیـاتر لەسـەر ڕسـتەی باسـمەند بـڕوانە: (قـادر، ٢٠٠٨، ٥٩) ،هەروەهـا بـڕوانە (فەتـاح،٢٠١٠، ٣٢٩) و( محەمەد، ٢٠٠٩، ٢٥٩).

له پێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر و گەیشتن بە ئامانجەکەی، بۆ نموونە لە ڕستەی:

- من سەروپێ ناخۆم.
- سەروپێ ناخۆم.

ئاشکرایە بە (Topic) کردنی وشەی (سەروپێ) لە ڕستەی دووەمدا بۆئەوەیە، کە ئاخێوەر سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت بۆ ڕەتکردنەوەی خواردنەکە، ئەمەش ئەو هێزەیە، کە لە کردەی ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت، یاخود کاتێک خوێندکارێکی قۆناغی چواری زانکۆ دەچێت بۆ لای سەرپەرشتی توێژینەوەکەی، بەو کەرەستەیە دەستپێدەکات، کە گرنگە بۆ بەرامبەر، بۆ ئەمەش ئاخێوەر پشت بە فاکتەرە کاریگەرەکانی وەک ( دەرونی و کۆمەڵایەتی و ....هتد) دەبەستێت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دروستبکات، هەربۆیە دەڵێت:

- کاری زۆر باشم لەتوێژینەوەکەدا کردووە.

لە جیاتی ئەوەی بڵێت :

- لە توێژینەوەکەدا کاری زۆر باشم کردووە.

لێرەدا ئاخێوەر بەمەبەست ئاڵوگۆڕی لە کەرەستە زمانییەکاندا کردووە بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت بۆ ئەرکی (هەواڵگەیاندن، خۆهەڵکێشان، جێخۆشکردن)، یاخود لە نموونەیەکیتردا کاتێک لەهەڵبژاردنەکاندا سەرۆکی بازنەیەکی هەڵبژاردن بۆلای سەرۆکی حزبەکەی دەچێت دەڵێت:

- دەنگی زۆر باشمان هێناوە لەم بازنەیەدا.

لەجیاتی ئەوەی بڵێت:

- لەم بازنەیەدا دەنگی زۆر باشمان هێناوە.

لێرەدا ئاخێوەر بەمەبەست ئەم کارەی ئەنجامداوە، کە دەکرێت بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر بۆ ئەرکی (جێخۆشکردن یان ماستاوکردن) بووبێت، ئەمەش ئەم هێزەیە، کە ئاخێوەر لە کردەی ئاخاوتندا پیادەیدەکات بۆئەوەی بە ئامانجەکەی بگات، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەک لەسەر لایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکە دروستبکات، هەربۆیە لێرەدا گرنگە ئاماژە بە دووجۆر ڕیزبوون بکەین، کە لە زمانی کوردیدا پەیڕەودەکرێن، ئەوانیش بریتین لە: تەنیا جۆری ڕیزبوونەکە وەرگیراوە لە: (برزۆ، ٢٠١٠، ٩٤).

**ا – ڕیزبوونی چەسپاو**: لەم جۆرە ڕیزبوونەدا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا، بەشەش قاڵبی بنجی ڕیزدەبن و دەخرێنە تەک یەک و

پابەنـدی ئەو ڕیزبوونـانە دەبـن، بـۆیە ناتوانرێـت شـوێنیان ئـاڵوگۆڕ بکرێـت، هەربـۆیە (هەر گۆڕانێـک لە سـنووری کەرەسـتەکان یـان لە سـنوری گرێکانـدا ڕوو بـدات، دەبێـتە هـۆی گـۆڕینی ئەرکـی سینتاکسـی کەرەسـتەکان و هەروەهـا واتـای ڕسـتەکانیش دەگۆڕێـت.)(عەلـی،١٩٩٨، ١٠)، بۆ نموونە:

- هیوا مێزەکەی شکاند.
مێزەکە هیوای شکاند.
- پزیشکەکە نەخۆشەکەی چارەسەرکرد.
نەخۆشەکە پزیشکەکەی چارەسەرکرد.
- پشیلەکە مشکەکەی خوارد.
مشکەکە پشیلەکەی خوارد.

لەم ڕسـتانەی سـەرەوەدا جیـاواز لەوەی، کە ئەرکە سینتاکسـییەکان گـۆڕاون، هەروەهـا لەڕووی واتاییشـەوە گـۆڕان تێیانـدا ڕوویـداوە ،هەربـۆیە زمـانی کـوردی ڕێـگە بەم جـۆرە ڕیزبوونە نادات.

**ب – ڕیزبـوونی ئـازاد:** لەم جـۆرە ڕیزبـوونەدا ئـاخێوەر سەرپشـکە لەوەی جێگـۆڕکێ بە کەرەسـتە زمانییەکـان بکـات، بەبـێ ئەوەی کـار لە ئەرکـی سینتاکسـی و واتاییـان بکـات، واتە ڕیزبـوونی وشـەکان لە نـاو ڕسـتەدا بەچەنـد شـێوەیەکی جیـاوازە بـێ ئەوەی کـار لە واتـای ڕسـتەکە بکـات، هەر گـۆڕانێکی وەک پـاش و پێشـکردن لە ڕیزبـوونی کەرەسـتەکان ڕووبـدات نـابێتە هـۆی گـۆڕانی ئەرکەکەی، ئەم پرۆسـەیەش بە پرۆسـەی (سـکرامبلینگ)[11] ناودەبرێـت، ئەم پرۆسـەیەش وەک ((یاسـایەکی سەرپشـکی پێشـنیاز کـراوە، بەوەی هەنـدێک لە پێکهاتەکـانی ڕسـتە لە ڕیزبوونیانـدا ئـازادانە هەڵسـوکەوتیان لەگەڵـدا بکرێـت و شـیاو بێـت لە هەر جێکەوتەیەکی ڕستەکەدا بێت))(قادر،٢٠٠٨، ٦٥). بۆ نموونە:

- ئالان بەدەست نان دەخوات.
ئالان نان بەدەست دەخوات.
- ناز بەپەلە ڕایکرد.
بەپەلە ناز ڕایکرد.

### ٦/٢-٤) ئاستی واتا

لە تیـۆری ئەرکیـدا هەریەکە لە واتـا و ئەرک و دەوروبەر سێگۆشـەیەکی پەیوەنـدیکردن پیکـدەهێنن، کە ناکرێـت دەسـتبەرداری هـیچ کـام لەلاکـانی سێگۆشـەکە بـین، هەرچەنـدە چەمکـی

[11]) بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی (سکرامبلینگ) بڕوانە :(قادر، ٢٠٠٨، ٦٥-٦٨).

واتـــا چەمکێکـــی فـــراوانە و بـــوونێکی مـــادی نیـــیە، لەڕێـــگەی لێکـــدانەوەی خـــودی وشـــەکان و تێگەیشـتن لێیـانەوە پێیـدەگەین و بەپێـی ڕێککەوتنـی کـۆمەڵ دانـراوە و هەر کۆمەڵیشـە گوتەکـان واتـادار دەکـات، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشـدا نـاتوانین لە چوارچێـوەی ئاخاوتنـدا پشـتگوێی بخەیـن، بەهـۆی بـوونی ئەو ڕۆڵە گـرنگەی، کە لە زمانـدا هەیەتـی واتـا پانتـاییەکی فراوانـی لە بچـوکترین یەکەوە تـــاوەکو گەورەتـــرین یەکە لە زمانـــدا داگیرکـــردووە. هەربـــۆیە (فێـــرث) لە زۆربەی نوسـینەکانیدا دەڵێـت: (لێکـۆڵینەوەی زمـان بە پـلەی یەکەم بـریتییە لە لێکـۆڵینەوەی واتـا، ئەم بیرکـردنەوەیەش لەلای (هالیـدای) بەئاشـکرا ڕەنگیـداوەتەوە و پێیـوایە زمـان بـریتییە لە جۆرێـک لە ڕەوشـــتی واتـــای ئەگەری، مەبەســـتیش لە ڕەوشـــتی واتـــای ئەگەری ئەو ئەرکـــانەیە، کە مـرۆڤ بە زمـان جێبەجێیـدەکات.)(فەرهـادی،٢٠٠٨، ٣٧)،هەربـۆیە تیـۆری ئەرکـی گرنگیەکـی زۆری بەم ئاستەی زمان داوە.

(فێـرث) واتـا بەوە دەستنیشـاندەکات،( کە بـریتییە لە پەیوەنـدی دەوروبەر.)(لاینـز، ١٩٨٢، ٦٨)، لێـرەدا (فێـرث) مەبەسـتی لەوەیە، کە پێویسـتە هەمـوو واتـایەک بەسـەر ڕیزێـک لە ئەرکـی بچووکـــدا دابەشـــبکرێت، هەریەکە لەم ئەرکـــانەش بەپێـــی بەکارهێنـــانی لەڕووی فـــۆرم و تـــوخمەوە لەنـــاو دەقـــی زمـــانێکی دیـــاریکراودا دەناســـرێتەوە، بەمەش ((واتـــا بەوە دەستنیشـاندەکات، کە لە کۆمەڵێـک پەیوەنـدی تێکچـڕژاوی دەوروبەری پێکـدێت و هەریەکە لە زانسـتەکانی دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسـازی و واتاسـازی بۆخـۆی داگیردەکـات، کە لە کۆمەڵێـک تایبەتمەنـدی و ئەدگـاری زمانیـدا کـۆدەبێتەوە.))(Sampson,1980,217)، بـۆیە هەریەکە لەمـانە لە ئاسـتێکی جیـاوازدا سـەیردەکرێت و تـوێژینەوەی لەسـەر ئەنجامـدەدرێت. وەک (واتـای دەنگـی، واتـای مۆرفۆلـۆجی، واتـای سینتاکسـی، واتـای سـیمانتیکی، واتـای پراگمـاتیکی). لەم ئاسـتەدا تیـۆرەکە واتـا بەسـەر دووپۆلێنـدا دابەشـدەکات، کە بـریتین لە (ئاستی سیمانتیک و ئاستی پراگماتیک) بەمشێوەیە:

## ٦/٢-٤-١) ئاستی سیمانتیک

لە ئاسـتی سـیمانتیکدا تیـۆری ئەرکـی و قوتابخـانەی لەنـدەن بۆچوونیـان وایە وشـەکانی زمـان لە چوارچێـوەی ڕسـتەدا بـۆ گەیانـدنی واتـا بە دووجـۆر پەیوەنـدییەوە پەیوەسـتدەبن، ئەوانـیش (پەیوەنـدی واتـایی ئاسـۆیی، پەیوەنـدی واتـایی سـتوونی)[١٢]ن ، کە لەسـەرجەم ئاسـتەکاندا سـودیان لێوەردەگیرێـت و هـیچ کـام لەم دوو پەیوەنـدییەش بەبـێ ئەویتـر نـایەت.)(کامـل،١٩٩٧، ٢٢٧)، بەمەش دەرکەوتنـی وشـەکان لە هەر ڕسـتەیەک لە ڕسـتەکانی

[١٢] ) ئەم دوو پەیوەندییە یەکێکە لە دوانەکانی (سۆسێر)و بەیەکەم کەس دادەنرێت، کە ئاماژەی بەم دوو جۆرە پەیوەندییە کردووە، دوای ئەمیش زمانەوانانی تیۆری ئەرکی گرنگییەکی زۆریان بەم دوو جۆرە پەیوەندییەدا.

زمانـــدا، پەیوەســـتە بەم دووجـــۆرە پەیوەنـــدییەوە، کە لە نێـــوان وشـــەکاندا ڕەچاودەکرێـــت بەمشێوەیە:

**آ- پەیوەنـــدی واتـــایی ئاسۆیی(تەکنشـــینی) (Syntagmatic)**: بـــریتییە لە پەیوەنـــدی سینتاکســـی نێـــوان وشـــەکان، بەپێـــی گونجـــان و دەرکەوتنیـــان لەگەڵ یەکتـــردا، بەمەش زۆرجـــار نـــرخ و بەهـــای وشـــەکان لە ڕێـــی پەیوەنـــدییەوە لەگەڵ وشـــەکانیتری ڕســـتە چ لە پێشـــییەوە، یـــان لەدوایەوە بێت بەدەستدەهێنرێت.(محمد،٢٠١٠، ٧٠). بۆ نموونە لە ڕستەی:

- لەنجە منداڵەکەی خەواند.

ئەگەر ســـەیری وشـــەکانی (لەنـــجە، منـــداڵ، خەوانـــد) بکەیـــن پەیوەنـــدییەکی ئاســـۆیی لە نێوانیانـــدا هەیە، کـــرداری (خەوانـــد) کردارێکـــی تێـــپەڕە و کـــارێکە، کە مـــرۆڤ ئەنجامیـــدەدات، هەربـــۆیە پێویســـتە بـــکەر و بەرکـــار (گیانـــدار) بێـــت، بـــۆئەوەی ڕســـتەکە لەڕووی ڕێزمـــان و واتـــاوە دروستبێت.

**ب- پەیوەنـــدی واتـــایی ستوونی(جێنشـــینی) (Paradigmatic)**: بـــریتییە لە پەیوەنـــدی نێـــوان وشـــەیەکی ڕســـتە، لەگەڵ وشـــەیەکی تـــری زمـــانەکە، کە بتـــوانن جێـــی یەکتـــر بگـــرنەوە، واتە بتوانرێـــت وشـــەیەکی ڕســـتەیەک بگۆڕێـــت بە وشـــەیەکی تـــری زمـــانەکە لەدەرەوەی ڕســـتەکە، بەڵام لەهەمـــان ژێـــنگەی زمـــانی بەبـــێ ئەوەی کـــار لەپێکهـــاتەی ڕێزمـــانی و واتـــایی ڕســـتەکە بکات.(علی،١٩٩٨، ٣٤). بۆ نموونە:

نەخۆشەکە
مرد
کۆچی دوایی کرد
ئەمری خوای کرد
گەڕایەوە بۆ لای خوا

وەک لەم هێڵکـــارییەدا دەردەکەوێـــت، کە پەیوەنـــدی نێـــوان وشـــەکانی (مـــرد، کـــۆچی دوایـــی کـــرد، ئەمـــری خـــوای کـــرد، گەڕایەوە بـــۆ لای خـــوا) پەیوەنـــدییەکی ســـتوونییە، چـــونکە ســـەربەیەک ژێـــنگەی زمـــانیین (کـــردارن)، لەهەمانکاتیشـــدا توانســـتی جێگـــرتنەوەی یەکتریـــان هەیە بەبـــێ ئەوەی کاربکاتە سەر لایەنی ڕیزمانی رستەکە.

لەم نموونەیەدا هەردوو جۆری پەیوەندییەکە دیاریکراوە :

شیرین + نانەکەی + خوارد

پەیوەندی ئاسۆیی (سینتاکسی)

| | | |
|---|---|---|
| پیاوەکە | سێوەکەی | کڕی |
| کوڕەکە | گۆشتەکەی | برد |
| کچەکە | چێشتەکەی | سوتا |
| ژنەکە | میوەکەی | گەنی |

پەیوەندی ستوونی (مۆرفۆلۆجی)

ئەم دوو پەیوەندییەش لە ئاستی سیمانتیکدا بایەخێکی زۆریان لە هێزی ڕاکێشاندا هەیە، چونکە واتای سیمانتیکی تیشکدەخاتە سەر(چۆنیەتی دانانی باشترین شێوەی واتایی وشەیەک و، هەروەها پەیڕەوکردنی پەیوەندیی واتایی تەکنشینی و جێنشینی وشەکان و گۆڕین و فراوانبوونی وشەکان بە تێپەڕبوونی کات.)(حەمەکەریم،٢٠١٥، ٧٠)، هەربۆیە پێویستە ئاخێوەر لە دارشتنی پەیامەکانیدا ڕەچاوی پەیوەندی واتایی وشەکانی زمان بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری بکاتە سەر بەرامبەرو بە ئامانجەکەی بگات، چونکە ئەگەر وشەکانی زمان لە کردەی ئاخاوتندا پەیوەندیەکی واتایی لەنێوانیاندا نەبێت، مەبەست و واتاکانی ئاخێوەر ناتوانن کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکەن.

لە هێزی ڕاکێشاندا ناردنی پەیام بە شێوەیەکی سیمانتیکییانە لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی کەسایەتی و باری دەرونی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری،.....هتد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بارودۆخی ئاخاوتنەکان و کەسایەتی گوێگر ڕۆڵدەبینێت، لەوەی کە قسەکەر پەیامەکەی بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاراستەی گوێگر بکات، بۆئەوەی کاریگەری لەسەر دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات. بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەر بە بەرامبەر دەڵێت:

- ئاشنا ئەمرۆ جلەکانت زۆر جوانە.

لێرەدا ئاخێوەر بەرەچاوکردنی پەیوەندییە واتاییەکانی (ئاسۆیی و ستونی) ئەم ڕستەیەی بەرهەمهێناوە و دەیەوێت بەشێوەیەکی سیمانتیکیانە سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات، بێگومان ئاخێوەر لە بەرهەمهێنانی ئەم پەیامەدا ڕەچاوی فاکتەرە کاریگەرەکانی وەک (دەرونی ، کۆمەڵایەتی ......هتد)کردووە، چونکە زۆرجار لە هێزی

ڕاکێشاندا بارودۆخی ئاخاوتنەکان وادەخوازێت، کە قسەکەر پەیامەکەی بە شێوەیەکی سیمانتیکییانە ئاڕاستەی گوێگر بکات، لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکەی.

هەر پەیوەست بە پەیوەندییە واتاییەکانەوە ڕۆڵ و گرنگی لە هێزی ڕاکێشاندا دەتوانین بڵێین یەکێک لەو پەیوەندییە واتاییانەی لە ئاستی ستوونیدا بایەخی لە هێزی ڕاکێشاندا هەیە، دیاردەی (هاوواتایی)ە، کە کارلێکەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەر سودی لێدەبینێت، بەمەش دیاردەی هاوواتایی ((بریتییە لەوەی، کە دوو وشە، یان زیاتر لە فۆرم و نوسین و خوێندنەوەدا جیاوازبن، بەڵام یەک واتا بگەیەنن، یاخود واتاکانیان لێک نزیکبن.))(محمد،٢٠١٠، ٨٣)، بۆ نموونە وشەی (گەورە) و (مەزن) هاوواتای یەکترن و توانستی جێگرتنەوەی یەکتریان هەیە وەک:

- تۆ پیاوێکی <u>گەورە</u>یت. ↓ پەیوەندی هاوواتایی ستوونی
- تۆ پیاوێکی <u>مەزن</u>یت.

یان لە ڕستەی:

- تۆ <u>کچ</u>ێکی <u>زۆر</u> جوانی. ↓ پەیوەندی هاوواتایی ستوونی
- تۆ <u>کەنیشک</u>ێکی <u>فرە</u> جوانی.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا هەریەکە لە وشەی(گەورە و مەزن)،( کچ و کەنیشک)، هاوواتای یەکن، هەروەها وشەی( زۆر- فرە)ش بەهەمانشێوە هاوواتای یەکن، لێرەدا ئەگەر گوێگر سەربە ناوچەی گەرمیان بێت ئاخێوەر سود لە وشە هاوواتایانە دەبینێت، کە سەر بەزاری ناوچەی گوێگرە، بێگومان ئەمەش لەپێناو دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر بەرامبەر و گەیشتنیەتی بە ئامانجەکەی، واتە ئاخێوەر لەم ڕستانەی سەرەوەدا بە ڕەچاوکردنی زاری ناوچەی بەرامبەر هێزی ڕاکێشانی بۆ ئەرکی ستایشکردن بەکارهێناوە، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات، یاخود کاتێک کەسێک دەچێتە دوکانی فەرش کڕین، ئەگەر دوکاندارەکە بزانێت کڕیارەکە سەر بەناوچەی هەولێرە، هەوڵدەدات سود لەو وشانە وەربگرێت، کە لەو ناوچەیەدا بەکاردەهێنرێن، ئەمەش لەپێناو سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر بەکاردەهێنێت و لەجیاتی بڵێت:

- ئەم <u>فەرش</u>ە بۆتۆ بەنرخێکی کەم دایدەنێم. (ناوچەی سلێمانی)

دەڵێت:

- ئەم مافورە بۆتۆ بەنرخێکی کەم دایدەنێم.   (ناوچەی هەولێر)

## ٦/٢-٤-٢) ئاستی پراگماتیک

لەم ئاستەدا تیۆری ئەرکی گرنگییەکی زۆر بە دەوروبەی ئاخاوتنەکان دەدات، بەشێوەیەک (فێرث) واتای بە دەوروبەرەوە بەستۆتەوە، ئاشکراشە (فێرث) بۆچوونەکانی دەربارەی (واتاو دەوروبەر) لە زانای ئەنثرۆپۆلۆجی (مالینۆفسکی- Malinowski)ەوە وەرگرت، بیرو بۆچوونەکانی (مالینۆفسکی) لەبارەی دەوروبەرەوە بریتییە لەوەی، (کە واتای ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، کە لێیەوە دێت دیاریدەکرێت، ئەو دەوروبەرەی، کە (مالینۆفسکی) مەبەستییەتی بریتییە لە ژینگەیەکی سروشتی، یان واقیعی ڕۆشنبیری کۆمەڵگا، بەڵام زۆر بەفراوانی باسی دەوروبەر و چۆنیەتی بەدەستهێنانی لە چوارچێوەی تیۆرێکی شیکردنەوەی واتادا نەکردووە، لەبەرئەوەی مالینۆفسکی زمانەوان نەبووە، بۆیە بایەخی بەدارشتنی تیۆرێکی زمانەوانی نەداوە.)(سامسون،١٩٩٧، ٢٣٩). جگە لە (فێرث) دەتوانین بڵێین زۆربەی زمانەوانانی قوتابخانەی ئەرکی گرنگییەکی زۆریان بە (دەوروبەر) داوە، لەوانە (جاکۆبسن، هالیدای، هایمز......هتد).

(دەوروبەر) چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، لەبەرئەوە لەهەر دەوروبەرێکدا جۆرە واتایەک بەدەستدەهێنرێت، بۆیە گرنگە لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا ئاگاداری ئاخاوتنەکانمان بین، چونکە (یەکەکانی ئاخاوتن واتاکانیان بەدەوروبەری زمانییەوە بەندە، بەواتایەکی تر هەریەکەیەکی ئاخاوتن لە (دەنگ، وشە، ڕستە) واتاکەی بەپێی دەوروبەرە زمانییەکە دەستنیشاندەکرێت، کە یەکە ئاخاوتنەکەی تێدا بەکاردەهێنرێت.)(لاینز، ١٩٨٧، ٢٢٧)، هەروەک (هالیدای) دەڵێت: (دەوروبەر بەشێکە لە هەموو ئاخاوتنەکە و هیچ جیاوازییەک لەنێوان چی دەڵێین و چۆن دەیڵێین نییە، چونکە زمان بەشێکە لە بەکارهێنانی لە باری دەوروبەردا و هەرچی تێیدایە بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە.)[١٣] (Halliday,1973,33).

---

[١٣]) هالیدای دەوروبەر لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە: (Halliday,1978,33)

١/ بوار- بابەت(Field): مەبەست و بارودۆخی قسەکردنە.

٢/شێوازی ئاخاوتن (Mode): هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتەوە، کە قسەکەرو گوێگر دەیگرنەبەر، کە ئامانجی ئاخاوتنەکە دیاریدەکات.

٣/ بەشداربووانی ئاخاوتن(Tenor): هەموو بەشداربووانی ئاخاوتنەکە دەگرێتەوە.

هەروەها هالیدای بەشیکردنەوەی چەمکی دەوروبەر پێیوابوو، کە پێویستە (دوو دەستەواژە لە دەوروبەردا بۆ واتا دابنرێت ئەویش (واتای وشە-Semantics)، (واتای بواری ناوەکی-Semiotics).

(فیـــرث) پێیـــوایە مەبەســـتی تـــوێژینەوە لە زمانـــدا بـــریتییە لە ئـــامرازێکی کـــۆمەڵایەتی، کە تاکەکـــانی کـــۆمەڵ بەمەبەســـتی جێبەجێکردنـــی ئامـــانج و ویســـتی خۆیـــان بەکاریـــدەهێنن.(علـــی، ٢٠١١، ٤٣)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـــت، کە تیـــۆرەکە بـــایەخێکی زۆری بە ئاســـتی پراگماتیـــک داوە، چـــونکە یەکێـــک لە پێناســـەکانی پراگماتیـــک ئەوەیە، کە ((لە پەیوەنـــدییەکانی نێـــوان زمـــان و دەوروبەر دەکـــۆڵێتەوە.))(Livinson,1997,9)، بـــۆیە (دەوروبەر) ڕۆڵێکـــی گرنـــگ لە دیـــاریکردنی واتـــادا دەبینێـــت و چوارچێـــوەیەکە بـــۆ بەکارهێنـــانی وشـــە و ڕســـتەو دەربڕاوەکـــان، واتە دەربـــڕینە زمانییەکـــان بەگـــوێرەی بەکارهێنانیـــان لە بـــۆنە کۆمەڵایەتییەکانـــدا واتـــا دەبەخشـــن. لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا دەوروبەر کـــاریگەرییەکی زۆری لە جـــۆر و شـــێوازی هەڵبژاردنـــی دەربـــڕاوو کەرەســـتە زمانییەکانـــدا هەیە، بـــۆئەوەی واتـــاو مەبەســـتی ئاخاوتنەکـــان بەڕوونـــی بە گـــوێگر بگـــات، چـــونکە لە ئاســـتی پراگماتیکـــدا گرنگـــی بەوە دەدرێـــت، کە ڕســـتە بـــۆ چ مەبەســـت و واتـــایەک بەکارهـــاتووە، نەک واتـــای فەرهەنگـــی و سینتاکســـی ڕســـتەکە، ئەم مەبەســـتەش لەو دەوروبەرەوە بەدەستدەهێنرێت، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت.

کەواتە دەوروبەر وەکـــو یەکەیەکـــی پراگمـــاتیکی کـــاریگەری زۆری لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا هەیە، چـــونکە بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی واتـــای هەر دەربڕاوێـــک لەکـــردەی ئاخاوتنـــدا پێویســـتمان بە دەوروبەر و ئەو ژینـــگە زمـــانییە دەبێـــت، کە ئاخـــاوتنەکەی تێـــدا ئەنجامـــدەدرێت، مەبەستیشـــمان لە ژینـــگە زمـــانییەکە فـــاکتەرە کاریگەرەکـــانی ســـەر هێـــزی ڕاکێشـــانە لەنێـــوان ئاخێوەرانـــدا وەک (دەرونـــی، کـــۆمەڵایەتی، ئـــابووری، ڕۆشـــنبیری، ئـــاینی، سیاســـی)، کە بـــایەخێکی زۆریـــان هەیە، قســـەکەر بەڕەچـــاوکردنی ئەم فـــاکتەرانە دەتوانێـــت هێـــزی ڕاکێشـــان ببـــاتە ئاســـتێکی بـــاڵاوە، هەربـــۆیە (فیـــرث) بـــانگەوازی ئەوەیـــدەکرد، کە ((واتـــا ڕووننـــابێتەوە ئەگەر لەنـــاو ســـیاقی یەکەکـــانی زمانـــدا نەبێـــت.))(علـــی،٢٠١١، ٤٤)، ئەمەش بەو مانـــایە دێـــت، کە بەشـــێکی زۆر لە واتـــای وشـــە و ڕســـتە بەکارهێنراوەکـــان پشـــت بە زانیـــاری هاوبەشـــی نێـــوان ئـــاخێوەران دەبەســـتن، بـــۆیە پێویســـتمان بە بـــاری دەوروبەر دەبێـــت، دیســـانەوە (فیـــرث) جەخـــت لەســـەر ئەوە دەکـــاتەوە، کە (واتـــا بـــریتییە لەو ئەرکـــانەی لە دەوروبەردا دەیبینێـــت، واتە ئەرک و مەبەســـتی ئاخاوتنەکـــان ئەو کـــاتە ڕوونـــدەبێتەوە، کە لە دەوروبەرێکـــدا بەرجەســـتە بکرێـــت.)(یـــونس،٢٠٠٤، ٧٨-٨٠)، هەربـــۆیە دەوترێـــت هەریەکە لە (واتـــا و ئەرک) تەواو پەیوەســـتن بە دەوروبەرەوە و ناکرێـــت دوور لە دەوروبەر لە واتـــاو ئەرکـــی هـــیچ یەکەیەک لە یەکەکـــانی زمـــان بگەیـــن، لەمبـــارەیەوە (لـــیچ) دەڵێـــت: ( دەوروبەر بـــریتییە لە هەر زانیـــارییەکی پێشـــینە، کە چاوەڕوانـــدەکرێت لەنێـــوان قســـەکەر و گـــوێگردا هـــاوبەش بێـــت، کە یـــارمەتی گـــوێگر دەدات بـــۆ گەیشـــتن بە مەبەســـتەکانی قســـــەکەر لە هەر گـــــوتنێکی دیـــــاریکراودا.)(Leech,1983,13)، بەپێـــی ئەم بۆچـــوونە دەوروبەر هەمـــوو ئەو زانیاریـــانە دەگـــرێتەوە، کە وەک خـــاڵێکی جەمســـەردار لەنێـــوان قســـەکەرو گـــوێگردا

بوونیـان هەیە و دەبـنە هۆکـار بـۆ یارمەتیـدانی گـوێگر سـەبارەت بەو واتـاو مەبەسـتانەی، کە قسەکەر ئامانجیەتی لە دەربڕینەکانیدا بیگەیەنێت.

ئاشـکرایە ئەرکەکـانی زمـان بەپێـی گـۆڕانی هەریەک لە واتـاو دەوروبەر دەگۆڕێـت، واتە ئەو ئەرکـانەی زمـان دەیبینێـت شـتێکی حەتمـی نیـیە گـۆڕانی بەسـەردا نەیەت، بەڵکـو ئەو ئەرکەی، کە لە شـوێنێک و لە دەوروبەرێکـدا دەیبینێـت جیـاواز دەبێـت لەو ئەرکەی، کە لە شـوێن و دەوروبەرێکیتـر دەیبینێـت، بێگومـان ئەمەش لە دەوروبەرە جیاجیاکانـدا بەڕوونـی دەبینرێـت، هەروەهـا ئەرکییەکـان پێیـانوایە لەپـاڵ هەر ئەرکێـک مەبەسـتێکی گرنـگ هەیە، بەڵام ئەو مەبەسـتەی، کە ئـێمە دەمانەوێت تیشـکی بخەینەسـەر هێـزی ڕاکێشـانە لە کـردەی ئاخاوتنـدا، کە تـاک بـۆ سەرنجڕاکێشـانی بەرامـبەر سـودی لێـدەبینێت، لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین تیـۆرەکە لە ئاسـتی پراگماتیکـدا بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئامـاژەی بەهێـزی ڕاکێشـان کـردووە، کەواتە دەوروبەر تـاکە ڕێگـایە، کە واتـای فەرهەنگـی و واتـای مەبەسـت ڕوونـدەکاتەوە، چـونکە وشـە و ڕسـتەکانی زمـان خـاوەنی ئەم دووجـۆرە واتـایەن، بـۆ نمـوونە کـرداری (شـکا) بەپێـی دەوروبەر دەتوانێت چەندین واتا بگەیەنێت وەک:

- پەنجەرەکە شکا. (واتای فەرهەنگی)
- لانە دڵی شکا. (واتای عاجزبوون)
- منداڵەکە ترسی شکا. (واتای غیرەت پەیداکردن)
- هێڤی شەرمی شکا . (واتای ڕووکرانەوە)

هەریەکە لەم ڕسـتانەی سـەرەوە بـۆ دەوروبەرێـک گونجـاوە بەپێـی مەبەسـتی ئـاخێوەر، بەشـێوەیەک لە ڕسـتەی یەکەمـدا بەپێـی دەوروبەر دەشـێت ئـاخێوەر مەبەسـتی سەرنجڕاکێشـانی بەرامـبەر بێـت بە پێـدانی هەواڵـی (شـکانی پەنـجەرە)کە. لە ڕسـتەی دووەمیشـدا سـەرنجی بەرامـبەری ڕاکێشـاوە بۆمەبەسـتی هەڕەشـەکردن لەبەرامـبەر بەوەی، کە جـارێکیتر (دڵـی لانە نەشـکێنێت)، هەروەهـا لە ڕسـتەی سـێیەمدا مەبەسـتی سەرنجڕاکێشـانی بەرامـبەر بێـت بـۆ هەسـتدەربڕین، لە ڕسـتەی چوارەمیشـدا مەبەسـتی سەرنجڕاکێشـانی بەرامـبەر بێـت بـۆ ئەرکـی توانجـدان، بەمەش دەتـوانین بڵێـین هەمـوو وشـە و ڕسـتەو دەسـتەواژەکان لە دەوروبەردا دەکرێـت واتـای جیـاواز لەخـۆبگرن، چـونکە پـێگەو دابونەریـت و کلتورو بۆنە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن واتا بگۆڕن، یان لە ڕستەی:

- سبەینێ سێشەممەیە. (هەواڵگەیاندن)

ئەگەر کەسـێک پرسـیار لە گـوێگر بکـات و بڵێـت: (سـبەینێ چەنـد شـەممەیە؟)، گـوێگر لە وەڵامـدا دەڵێت:(سـبەینێ سێشـەممەیە.)، ئەم ڕسـتەیە لەمکـاتەدا هەواڵگەیانـدنە و ئەو زانیـارییەی

قسـەکەر لەڕێـی پرسـیارەوە مەبەسـتییەتی گـوێگر پێـی دەبەخشـێت، واتە ڕسـتەکە واتـایەکی فەرهەنگـی هەیە، بەڵام ئەم ڕسـتەیە لە دەوروبەری جیـاوازدا چەنـدین واتـای هەیە و ئـاخێوەر بـۆ مەبەسـتی خـۆی بەکاریـدەهێنێت بەشـێوەیەک لێـرەدا ئەگەر (بڕیـار و ڕامیـار) لە دەوروبەرێکدا بـوون بڕیـار بە ڕامیـار بڵێـت : (سـبەینێ دەچـم سـەرم چاکـدەکەم.)، ڕامیـاریش لە وەڵامدا بڵێت:

- سبەینێ سێشەممەیە.

ئاشـکرایە لێـرەدا ئەم ڕسـتەیە بـۆ مەبەسـتی هەواڵگەیانـدن بەکارنەهـاتووە، بەڵکـو بـۆ مەبەسـتێک بەکارهـاتووە، کە ئەویـش سەرنجڕاکێشـانی گـوێگرە بـۆئەوەی، کە ڕۆژی سێشـەممە سەرتاشـخانە نیـیە، واتە ئـاخێوەر لەڕێـی ئەم وەڵامەوە پراگماتیکییـانە هێـزی ڕاکێشـانی بـۆ کـردەی ئاگـادارکردنەوە بەکارهێنـاوەو دەیەوێـت لەم ڕێـگەیەوە سـەرنجی بڕیـار بۆ ئەوە ڕابکێشێت و پێیبڵێت:

- سبەینێ مەچۆ بۆ سەرچاککردن، چونکە سەرتاشخانە نییە.

هەروەهـا هەمـان ڕسـتە دەشـێت لە دەوروبەری تـردا چەنـدین واتـایتر بگەیەنێـت وەک: ئەگەر (ئـالان و بەرهەم) دوو هـاوڕێ بـن، (بەرهەم) چەنـد جارێـک بەڵێنـی بە (ئـالان) دابێـت شـتێکی بـۆ بهێنێـت دواجـار بڕیاریـداوە ڕۆژی سێشـەممە شـتەکەی بـۆ بهێنێـت، بەڵام ئەمجـارەش وەک جارانی پێشو بیری چووە، بۆیە ڕۆژێک دوای ئەوە، کە ئالان دەبینێت پێیدەڵێت:

- پێم بڵێ سبەینێ چەند شەممەیە؟ تا بۆتی بهێنم.

لە وەڵامدا دەڵێت:

- سبەینێ سێشەممەیە.

دیـارە لێـرەدا بەپێـی دەوروبەری ئاخـاوتنەکە هـیچ کـام لە واتاکـانی پێشـوو ناگەیەنێـت، بەڵکـو لێـرەدا ئـاخێوەر بەم وەڵامەی دەیەوێـت پراگماتیکییـانە سـەرنجی بەرامـبەر بـۆ مەبەسـتی کردەی توانجدان ڕابکێشێت، بۆیە بەتەوسەوە ڕستەکە بەمجۆرە بەکاردەهێنێت.

بیـرۆکەی (واتـا و دەوروبەر)و مەبەسـتەکانی ئـاخێوەر، کە تیـۆرەکە تیشـکی خستۆتەسـەر ڕۆڵێکـی کـاریگەر لە هێـزی ڕاکێشـاندا دەبینێـت، چـونکە لە هێـزی ڕاکێشـاندا ئـاخێوەر پێویسـتە زۆر وریایـانە مـامەڵە لەگەڵ ئەرک و گەیانـدنی واتاکانـدا بکـات، بـۆئەوەی سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکیشـێت و ئامـانج و مەبەسـتەکەی بە ڕوونـی بگـات، ئەمەش پاڵپشـت بەو دەوروبەرە زمـانییە دێـتەبەرهەم، کە تیـۆری ئەرکـی ئامـاژەی پێکـردووە، وەک: ئەگەر وشـەی (بـاش) بە

نمـوونه وەربگـرین لەنـاو ڕسـتەدا، جـگە لەواتـا فەرهەنگیـیەکەی بەپێـی بەکارهێنـانی واتـاکەی دەگۆڕێت، هەروەها لەگەڵیدا زۆربەیکات ئەرکەکەشی دەگۆڕێت:

- دکتۆر ئاراز دکتۆرێکی باشە. (شارەزا)
- مامۆستا هێرش موچەیەکی باشی هەیە. (زۆر)
- ئاران مامۆستاکەی زۆر باشە. (لێهاتوو زیرەک)
- مامۆستا نەوزاد کوڕێکی باشە. (ڕەوشتجوان)
- بڕیار ئۆتۆمبێلێکی باشی هەیە. (مۆدێلەکەی)
- ئەوین خانووێکی باشی هەیە. (کوالیتی)

لە ڕستەی:

- مامۆستا نەوزاد کوڕێکی باشە.
- مامۆستا هێرش موچەیەکی باشی هەیە.

ئەگەر بە وردی سـەرنج لە وشـەی ( بـاش) لەم دوو ڕسـتەیەدا بـدەین، دەبینـین لە هەر ڕسـتەیەکیاندا لەپـاڵ واتـا فەرهەنگییەکەیانـدا، بەپێـی دەوروبەر دەشـێت واتـای جیـاواز بگەیەنـن، کە جیـاوازە لەواتـا فەرهەنگیـیەکەی، بەشـێوەیەک لە ڕسـتەی یەکەمـدا وشـەی (بـاش) بەواتـای کەسـێکی ڕەوشـتجوان و ڕێکـو پێکهـاتووە، واتە لێـرەدا ئەگەر (لەنـجە و تـریێ) دوو هـاوڕێبن و لە دەوروبەرێکـدا بـن، (لەنـجە) هەوڵبـدات سـەرنجی (تـریێ) ڕابکێشـێت و بیەوێـت بـۆ (مامۆسـتا نەوزاد) ڕازیبکـات، پێویسـتە دەوروبەرەکە لەبەرچاوبگرێـت، بەشـێوەیەک سـود لەو هۆکـارە ببینێـت، کە جـێگەی بایەخپێـدانی بەرامـبەرە، هەربـۆیە ئەگەر گـوێگر هۆکـاری کـۆمەڵایەتی لەلا گرنـگ بـوو، قسـەکەر هەوڵـدەدات لەو ڕوانـگەیەوە سەرنجیڕابکێشـیت و ڕازیبکـات، هەربـۆیە دەڵێت:

- مامۆستا نەوزاد کوڕێکی باشە.

بەڵام بە پـێچەوانەوە ئەگەر گـوێگر هۆکـارە ئـابوورییەکەی لەلا گرنـگ بـوو، لەمکـاتەدا قسـەکەر سود لە ڕستەی دووەم دەبینێت و دەڵێت:

- مامۆستا نەوزاد موچەیەکی باشی هەیە.

واتە لێـرەدا قسـەکەر بـۆئەوەی سـەرنجی بەرامـبەرەکەی ڕابکێشـێت و کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکات لە ڕێـگەی هۆکـاری ئـابورییەوە پەیـامەکە بەرهەمـدەهێنێت بـۆئەوەی بە ئامـانجەکەی بگـات. ئەمەش دەرخەری ئەوراسـتییەیە، کە وشـە و ڕسـتەکانی زمـان لە بەکارهێنانـدا ئەرک و واتاکانیـان بەپێـی دەوروبەر گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، ئەمەش ئەوە

دەگەیەنێــت، کە ئــاخێوەر بــۆ ئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشــێت، پێویســـتە ئەو دەوروبەرە لەبەرچـــاو بگرێـــت، بـــۆ ئەوەی بتوانێـــت کـــاریگەری لەســـەر بەرامـــبەر دروســـتبکات و بە ئامـــانجەکەی بگـــات، هەربـــۆیە لە یەکێـــک لە پێناســـەکانی پراگماتیکـــدا دەوترێـــت ((پراگماتیـــک بـــریتییە لە لێکـــدانەوەی واتـــا و مەبەســـتی قســـەکەر بەپێـــی دەوروبەر.))(خلیـل،٢٠٠٩، ٢٣١)، کەواتە دەتـــوانین بڵێـــین لەکـــردەی ئاخاوتنـــدا گـــۆڕانی دەوروبەر تەنیـــا کـــار لە واتـــای وشـــەکان ناکـــات، بەڵکـــو مەبەســـت و ئەرکەکەشـــی لەگەڵ دەگۆڕێـــت، بەم پێـــیەش ســـنوردانان بـــۆ ئەرکەکـــانی زمـــان کـــاریکی ئەســـتەم دەبێـــت، چـــونکە هەریەکە لە (واتـــا و ئەرک و دەوروبەر) سێگۆشـــەیەکی پەیوەنـــدیکردن پێکـــدەهێنن، نـــاتوانین لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا دەســـتبەرداری هـــیچ کامێکیـــان ببـــین. هەروەک (لیڤنســـن) دەڵێـــت : ((پراگماتیـــک بـــریتییە لە پەیوەنـــدی نێـــوان زمـــان و دەوروبەر، کە گرنگە بۆ تێگەیشتن.))(Levinson,1997,284) .

لێـــرەوە دەتـــوانین بڵێـــین پراگماتیـــک ئەو واتـــا شـــاراوەیەیە، کە لەپـــاڵ گـــوتنەکەدا ئـــاخێوەر بەمەبەســـت بەشـــاراوەیی و ناڕاســـتەوخۆیی پەیـــامەکەی ئاڕاســـتەی بەرامـــبەر دەکـــات و دەیەوێـــت بەهـــۆی ئەم پەیـــامە شـــاراوەیەی سەرنجیڕابکێشـــێت و بەمەبەســـتەکەی بگـــات، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاســـتییەیە، کە (بەکارهێنـــانی زمـــان لەلایەن ئـــاخێوەرەوە زۆرجـــار بـــۆ ئامـــانجێکە، کە لەگەڵ واتـــا فەرهەنگیـــیەکەی یەکنـــاگرێتەوە، بەجۆرێـــک دەشـــێت زۆرجـــار بـــۆ مەبەســـتی ڕازیکـــردن، یـــان هەڵخەڵەتانـــدن، یـــاخود نـــاڕەزایی دەربـــڕین، وەیـــان کـــاریگەری دروســـتکردن لەسەر بیرو باوەڕی بەرامبەر بێت.)(دزەیی،٢٠٠٦، ٩)، بۆ نموونە لە ڕستەی:

- ئاری زوو نەهاتی.

لێـــرەدا ئەگەر (ئـــاری) خوێنـــدکار بێـــت و دواکەوتبێـــت لە چـــوونی بـــۆ خوێنـــدنگە، دواتـــر لەلایەن مامۆســـتاکەیەوە ئەم ڕســـتەیەی ئاڕاســـتە بکرێـــت، بێگومـــان لێـــرەدا مامۆســـتاکە مەبەســـتی لە پرســـیارکردن لە گـــوێگر نیـــیە، بەڵکـــو دەیەوێـــت بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ هێـــزی ڕاکێشـــان بـــۆ کـــردەی (توانجـــدان) بەکاربهێنێـــت و پێـــی بڵێـــت، کە (درەنـــگ کەوتـــوە)، یـــاخود ڕەنـــگە مەبەســـتی ئەوەبێـــت هێـــزی ڕاکێشـــان بـــۆ کـــردەی (ئاگـــادارکردنەوە) بەکاربهێنێـــت و ناڕاســـتەوخۆ پێـــی دەڵێـــت، کە جـــارێکی تـــر دوانەکەوێـــت، کەواتە دەوروبەر هۆکـــار و یارمەتیـــدەرە لە ناســـینەوەو دەرخســـتنی مەبەســـتی هێـــزی ڕاکێشـــانەکەدا، هەربـــۆیەش لە ئاســـتی پراگماتیکـــدا لێکـــدەدرێتەوە. لەهێـــزی ڕاکێشـــاندا بـــۆ ئەنجامـــدانی کردەیەکـــی ئاخـــاوتنی ســـەرکەوتوو، ئـــاخێوەر پێویســـتی بە زەمینەیەکـــی گونجـــاو و لەبـــار هەیە، بـــۆئەوەی بتوانێـــت ســـەرکەوتوو بێـــت لە گەیانـــدنی پەیـــام و مەبەســـتەکانی بە گـــوێگر، بـــۆ ئەمەش پێویســـتی بە(چوارچێـــوەی بـــار)، یـــاخود (چوارچێـــوەی بەکارهێنان) هەیە، تاوەکو ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامبدات، بۆ نموونە لەڕستەی:

- دیدار دەستت دەگاتە ئەو قەڵەمە؟

لێـرەدا ڕەنـگە قســەکەر مەبەسـتی پرسـیارکردن لە توانـای گـوێگر نەبێـت، بەڵکـو مەبەسـت لە سەرنجراکێشـانی بێـت بـۆ ئەرکـی (داواکـردن)، بـۆ ئەوەی قەڵەمەکەی بـداتێ، واتە لێـرەوە دەتـوانین بڵێـین پراگماتیـک و هێـزی ڕاکێشـان ئـاوێتەی یەکتـر دەبـن، هەردووکیـان پشـت بە چوارچێـوەی بـاری ئاخاوتنەکـان دەبەسـتن بـۆئەوەی مەبەسـتەکە بە گـوێگر بگەیەنـن، بەمەش لەواتـای پراگماتیکیـدا قسـەکەر شـتێک دەڵێـت و مەبەسـتی شـتێکی تـرە، گـوێگریش شـتێک دەبیسـتێت و شـتێکی تـر لێکـدەداتەوە، ئەمەش پشـت ئەسـتورە بەو زانیـارییەی، کە هاوبەشـە لەنێـوان هەردووکیانـدا، واتە ڕوونکـردنەوەی مەبەسـتەکان لە نێـوان قسـەکەرو گـوێگردا پشـت بە توانـای هۆشـەکی و کـۆمەڵایەتی ،....هتـد دەبەسـتێت تـاوەکو زانیارییەکـان بە دروسـتی شوێنی خۆیان بگرن و ئاخێوەر سەرکەوتوو بێت لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، یان لە ڕستەی:

- منداڵەکان لە دەرەوەن.

لێـرەدا چوارچێـوەی بەکارهێنـان و شـێوازی گـوتنەکە مەبەسـتی ئـاخێوەر ڕوونـدەکاتەوە بەشـێوەیەک، ئەگەر ئەم ڕسـتەیە لەلایەن دایکـێکەوە بـۆ کـچەکەی بێـت، ڕەنـگە مەبەسـت لێـی سەرنجراکێشـانی کـچەکەی بـۆ (ئاگـادارکردنەوە، داواکـردن، هەڕەشـەکردن) بێـت، ئەو واتایانەش ئەگەر بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان نەبێت هەرگیز دروستنابن، یان لە ڕستەی:

- باوکم خەوی لێکەوت.

جـگە لەواتـا سـیمانتیکییەکەی، کە ڕسـتەیەکی هەواڵیـیە، بەڵام واتـا پراگمـاتیکییەکەی ئەگەر لە نەخۆشـخانەیەکدا بوترێـت ڕەنـگە مەبەسـت لێـی سەرنجراکێشـانی گـوێگر بە (ئاگـادارکردنەوە) بێـت، کە دوای کـاتێکی زۆر لە نەخەوتـن دواجـار خەوی لـێکەوت، یـاخود (تکـاکردن)ی بێـت، کە بێـدەنگ بێـت، هەربـۆیە (فێـرث) پێیوابـوو ((زمـان پەیوەنـدییەکی ئەنـدامییانەیە، کە بەدەوروبەری کـۆمەڵایەتییەوە دەبەسـترێتەوە.))(Langendoen,1969,293)، هەروەهـا دەڵێـت ڕاسـتە ئاخـاوتن بەرهەمێکـی تاکەکەسـییە، بەڵام کاتێـک قسـەکەر ڕسـتەیەک دەردەبڕێـت پێویسـتە بە پێـی ئەو دەوروبەرەی ڕستەکەی تێدا وتراوە شیکردنەوەی بۆ بکرێت. بۆ نموونە لەڕستەی:

- منداڵەکان خەویان دێت.

ئەم ڕسـتەیە لە ڕوانـگەی قوتابخانەکـانی تـرەوە تەنیـا یەک مەبەسـت دەگەیەنێـت، بەڵام ئەگەر ئەم ڕسـتەیە لە ڕوانـگەی ئەرکیـیەوە بە دەوروبەرەوە ببەسـتینەوە، کە ڕسـتەکەی تێـدا وتـراوە، ڕەنـگە چەنـدین مەبەسـت بـدات، بەشـێوەیەک ئەگەر ئەم ڕسـتەیە لە میوانییەکـدا لەلایەن ژنـێکەوە بـۆ مێـردەکەی بێـت، ڕەنـگە بیەوێـت بەشـێوەکی شـاراوە سـەرنجی مێـرەدەکەی بـۆ کـردەی داواکـردن ڕابکێشـت، واتە لێـرەدا قسـەکەر هێـزی ڕاکێشـانی بـۆ کـردەی (داواکـردن) بەکارهێناوە لەپیناو گەیشتن بەئامانجەکەی.

هەربۆیە دەتوانین بڵێین بیرۆکەی (دەوروبەر)، کە تیۆری ئەرکی گرنگیەکی زۆری پێداوە ڕۆڵێکی کاریگەر لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینێت، چونکە بەپێی ئەم قوتابخانەیە (واتای ڕستە بەرهەمی هەڵوێستە ڕاستەوخۆیەکانی تاکە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، کە تاک لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت، بۆیە پێشنیازی ئەوەیکرد، کە زمان وەک بەشێک لە کردە کۆمەلایەتییەکاندا بخوێندرێت.) (امین،٢٠١٣، ٣٦). بۆ نموونە لە ڕستەی:

- چەند تینومە.

لەم ڕستەیەدا گوێگر بەپێی دەوروبەر دەتوانێت لە واتایەک زیاتر هەڵێنجێت، بەشێوەیەک ئەگەر قسەکەر پیاوێک بێت و تازە گەیشتبێتەوە ماڵەوەو خێزانەکەی بینی و وتی (چەند تینومە)، لێرەدا ئاخێوەر مەبەستی ئەوەیە سەرنجی خێزانەکەی ڕابکێشێت بۆ ئەرکی (داواکردن)، کە ئەویش هێنانی (پەرداخێک ئاو)ە، بەڵام هەمان ڕستە ئەگەر لە ڕەمەزاندا بوترێت، مەبەست لێی سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرە بۆ ئەرکی هەواڵگەیاندن بەوەی، کە قسەکەر(بەڕۆژووە)، هەربۆیە تیۆری ئەرکی دەڵێت یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکانی هێزی ڕاکێشان دەروازەی ناڕاستەوخۆیە، کە مەبەست لێی واتای پراگماتیکییە.

## ٧/٢) کاریگەری شێواز لە هێزی ڕاکێشان لە نێوان ئاخێوەراندا

### ١-٧/٢) شێوازی زمان

مرۆڤ هەمیشە بۆ گەیاندنی بیرۆکەکانی زۆر ڕێگا ئەزموون دەکات بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگایەکی کورت و پوخت و کاریگەر، تابەهۆیەوە بەرامبەرەکەی ڕازیبکات و هاریکاری نێوانیان بکات، بەم پێیەش شێواز ئامرازێکی بەهێزو کاریگەری قسەکەرە، کە بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکان پیادەیدەکات، بەشێوەیەک بەهۆی شێوازەوە دەتوانرێت ((وشەکان بەجۆرێک دەربب‌ڕدرێت، کە گرنگ و کاریگەرە، هەربۆیە گریکەکان شێوازیان بە بەشێک لە هونەری قایلکردن زانیوە.))(کاکی،٢٠٠٨، ١٤). شێواز[١٤]ی بەکارهێنانی زمان و ڕێکخستنی وشە و هەڵبژاردنی وشەکان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکیتر دەگۆڕێت بەپێی ئەو بارودۆخەی، کە قسەکەری تێدایە، واتە لە هەموو زمانێکدا شێوازی ئاخاوتنی تاکەکان جیاوازن و ئاخێوەری هەموو زمانێک بۆ گوزارشتکردن لە مەبەست و هەستەکانی شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیایدەکاتەوە لە ئاخێوەرێکی تر، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شێواز لە کۆمەڵ دابڕین، بەڵکو پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان شێواز و کۆمەڵدا هەیە، چونکە ئەوە کۆمەڵە بڕیار لەسەر

---

[١٤]) بالی(١٨٦٤-١٩٤٧) گرنگیدانەکانی خۆی سەبارەت بەو شێوازانەی ، کە لە دەربڕینە زمانییەکاندا بەکاردەهێنرێن کورتکردۆتەوە و یەکەم کەس بوو توانی شێواز لە ڕەوانبێژی جیابکاتەوە، وەکو زانستێکی سەربەخۆ لێی بکۆڵێتەوە، لە سەردەمی تازەدا بە یەکەمین دامەزرێنەری زانستی شێواز یان شێوازگەری دادەنرێت، کە زاراوەیەکی نوێیە لە شێوازی ئاخاوتن یان نوسین دەکۆڵێتەوە و کار لە سەر شێواز دەکات ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(ئەحمەد، ٢٠٠٩، ٢٠ و ٤٥) و (کاکی،٢٠٠٨، ١٥).

ئەوە دەدات، چ دەربڕینێک پەسەندە، یاخود بەپێچەوانەوە، کام شێوازی دەربڕین ناپەسەندە، لەبەرئەوە (شێواز پەیوەستە بە کۆمەڵەوە و کۆمەڵ بڕیار لەسەر شێوازی ئاخاوتنەکان و ئەرکەکانیان دەدات.)(خرما، ١٩٧٨، ١٩٩)، ئاشکراشە شێوازی ئاخاوتنی تاک بەشێکی گرنگی پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگرە، چونکە ڕێگرە لە دروستبوونی هەر کێشەیەک، کە لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە دێتە ئاراوە، لەبەرئەوە ((شێوازی ئاخاوتن دەبێتە مۆرکێک یان تایبەتمەندییەک، کە قسەکەری پێدەناسرێتەوە، چونکە کۆمەڵێک هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی کاریگەرییان لەسەر تاک هەیە و لە شێوازدا ڕەنگدەدەنەوە.))(شەمس،٢٠٠٦، ٣٧)، هەر لەبەرئەوەیە (بۆفن) دەڵێت: (( شێواز خودی مرۆڤەکە خۆیەتی و ناتوانرێت شێواز وەربگیرێت، یان بگوازرێتەوە، یاخود دەستکاریبکرێت.))(عیاد، ١٩٨٨، ٢٤٧).

کۆزمانەوانەکان بۆچوونیان وایە (زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە هەریەکەیان بۆ دەوروبەرێکی تایبەت دەستدەدات.)(فەتاح،١٩٩٠، ٥)، هەروەها (کریستاڵ)یش پێیوایە ((شێواز جۆرەکانی ئاخاوتن و نوسینمان بۆ دیاریدەکات، کە لەگەڵ هەڵویستە جیاوازەکاندا دەگونجێت، هەروەها هەوڵی بەرەو پێشبردنی زانیارییەکانمان و دەستگرتنمان بەسەر ئەو جیاوازییانە دەدات، کە هەندێکیان لەسەرەتای تەمەنمانەوە فێریان بووین.))(عبدالعزیز، ١٩٨٣، ٩٨)، بۆیە شێواز لەزماندا بریتییە لە ((هەڵبژاردن لە نێوان چەند دەربڕینێکی هاوشاندا.))(فەتاح، ٢٠١٠، ٨٧). دیارە شێواز کاریگەرییەکی زۆری لە هێزی ڕاکێشاندا هەیە ،چونکە لە ڕێگەی شێوازەوە ئاخێوەر هەوڵدەدات سەرنجڕاکێشترین جۆریان پیادە بکات، کە جێگەی بایەخپێدانی بەرامبەرە لە ڕێگەی ئاوازەی دەنگ و وشە و ڕستەی بەهادار، کە کاریگەی دەکاتە سەر بەرامبەر و هەلی سەرکەوتنی کردەکە زیاتر دەکات، چونکە وەک وتمان هێزی ڕاکێشانی زمانیی کردەیەکە لەنێوان (کارلێکەر و کارلێکراو)دا و پێویستە ڕەچاوی بارودۆخی هەردوولا بکرێت لەڕووی (دەروونی و ئاینی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری) پشتبەست بە شێوازێکی گونجاو، تاوەکو پرۆسەکە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

لەهێزی ڕاکێشاندا دەوروبەر و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەری تەواوی لەسەر شێواز و دەربڕینەکانی ئاخێوەر هەیە، بەوپێیەی ئامانج و بۆنەو کات و شوێنی ئاخاوتنەکە و تەمەن و ڕەگەز و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری قسەکەر و گوێگر، ئاخێوەر ئاڕاستەدەکەن بە هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو لە پێناو دورستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر، بۆ نموونە شێوازی قسەکردنی هاوڵاتییەک لەگەڵ وەزیرێکدا، هاوڵاتییەکە والیدەکات، کە دەربڕینی پڕ ڕێز و گەورەیی هەڵبژێرێت بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەرەکەی لەپێناو جێبەجێکردنی کارەکەی و گەیشتن بە ئامانجەکەی، بەڵام هەمان هاوڵاتی لەگەڵ کەسێکی تردا، کە هاوشان و هاوڕێی بێت جۆرە شێوازێکیتر بۆ سەرنجڕاکێشانی

بەکاردەهێنێت، کە خاڵییە لە زمانی فەرمی، بەزمانێکی سادەو ئاسایی لەگەڵی دەدوێت، هەربۆیە لە هێزی ڕاکێشاندا، تاوەکو زیاتر گرنگی بە شێوازی ئاخاوتنەکان بدرێت، دروستکردنی کاریگەرییەکانیش ئاسانتر دەبن، بەمەش شێوازی ئاخاوتنی تاک بە گۆڕانی بابەت و بەشداربووانی ئاخاوتن، هەروەها فاکتەرە کاریگەرەکانی وەک دەورونی کۆمەڵایەتی ....هتد گۆڕانی بەسەردادێت.

## ٢-٧/٢) جۆرەکانی شێواز (Types of Style)

زمانناسان و پسپۆڕانی بواری زمانەوانی بۆچوونی جیاوازیان سەبارەت بە پۆلێنکاریی و جۆرەکانی شێواز هەیە، بۆ نموونە (مارتن جوس) شێواز دابەشدەکاتە سەر پێنج جۆری سەرەکی (شێوازی وشک، شێوازی فەرمی، شێوازی ڕاوێژکاری، شێوازی نافەرمی، شێوازی دۆستانە)[١٥] ،هەندێک لە زمانناسانی تر دەیکەن بە دوو جۆری سەرەکی وەک (فەرمی و نافەرمی) ،هەروەها بەشێکی تریان لەڕووی زانستییەوە دابەشیدەکەن بەسەر سێ جۆردا وەک(شێوازی ئەدەبی ،شێوازی زانستی ،شێوازی زانستی بە ئەدەب کراو)[١٦]، بەڵام ئاراستەی تویژینەوەکە وادەخوازێت گشتگیرترین و سەرەکیترین دابەشکاریی بۆ جۆرەکانی شێواز لێرەدا بخرێتەڕوو، کە تاک لەژیانی ڕۆژانەیدا پەیڕەویدەکات بەپێی ئەو هەل و مەرج و بارودۆخ و شوێنەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، لەمڕووەوە دەتوانین جۆرەکانی شێواز دابەشبکەین بەسەر دوو جۆردا ئەم دابەشکارییە وەرگیراوە لە: .(Pennebaker&Laura,2000,137)

### ١/٢-٧/٢) شێوازی نافەرمی / ئاسایی/ (Informal) :

شێوازی نافەرمی زمانی ڕۆژانەی خەڵکە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاریدەهێنن، ئاخێوەر ئەم جۆرە شێوازە زیاتر لەگەڵ کەسانی نزیک لەخۆی وەک ئەندامانی خێزانەکەی یان هاوڕێ و دۆست و هاوپیشە و هاوتەمەنی خۆی،...هتد بەکاردەهێنێت، کە پەیوەندییەکی باش لە نێوانیاندا هەیە. زمان لەم شێوازەدا زمانی ئاخاوتنی خەڵکی سادە و ئاساییە، بێگومان ئەمجۆرە لە شێوازیش کاریگەری خۆی لە هێزی ڕاکێشاندا هەیە، بەشێوەیەک لە هەندێک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا وادەخوازێت ئاخێوەر سود لە زمانێکی نافەرمی وەربگرێت لە پێناو گەیشتن بەئامانجەکەی، بۆ نموونە کاتێک دەستگێڕێک لەناو بازاڕدا دەیەوێت سەرنجی کڕیاران بۆلای خۆی ڕابکێشێت، سود لە زمانێکی نافەرمی وەردەگرێت، واتە سود لەو وشانە وەردەگرێت، کە لە فەرهەنگی ئەودا بوونی هەیە و پێیوایە جێگەی بایەخپێدانی بەرامبەرە، هەربۆیە کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی سەرنجی کڕیاران ڕابکێشێت، وەک دەڵێت: (توری شێخاودەلان،

---

[١٥]) بۆزانیاری زیاتر لەسەر هەریەک لەم جۆرە شێوازانە بڕوانە (دزەیی،٢٠١٢، ٢٩) ، هەروەها بڕوانە (شەمس،٢٠٠٦، ٣٨-٣٩).
[١٦]) بڕوانە (دزەیی ، ٢٠١٢ ، ٣٠ – ٣٣).

ماســـتی دەشـــتی هەولێـــر، هەنـــاری هەڵەبجە،....هتـــد)، ئاشـــکرایە بەکارهێنـــانی هەریەکە لەم دەربڕینـــانە بـــۆئەوەیە، کە کڕیـــارێکی زۆر ڕابکێشـــێت بـــۆ بەرهەمەکەی، بـــۆ ئەمەش ســـودی لە شـــوێنی جـــوگرافی هەریەکە لەم بەرهەمـــانە بینیـــوە بـــۆ ئەوەی ســـەرنجی کڕیـــاران ڕابکێشـــێت، چـــونکە ئاشـــکرایە هەریەکە لەم بەرهەمـــانە ناوبـــانگێگی باشـــیان هەیە، یـــاخود کاتێـــک باوکێـــک کـــوڕەکەی لە خوێنـــدن دەرنەچـــووە، دەیەوێـــت هێـــزی ڕاکێشـــان بـــۆ ئەرکـــی هەڕەشـــەکردن بەکاربهێنێت بۆ ئەمەش سود لە زمانێکی نافەرمی دەبینێت و دەڵێت:

- ئارا ئەمساڵ دەرنەچیت ناهێڵم بخوێنیت.

ئاشـــکرایە بـــاوکەکە بەبەکارهێنـــانی ئەم ڕســـتە هەڕەشـــە ئـــامێزە، کە لەگەڵیشـــیدا زمـــانی جەســـتە بەکاردەهێنێـــت، وەک دەستڕاوەشـــاندن و چـــاو لێزیتکـــردنەوە و جـــۆرە ئـــاوازەیەکی بەرز، دەیەوێـــت ســـەرنجی کـــوڕەکەی ڕابکێشـــێت و هانیبـــدات بـــۆ ئەوەی زیـــاتر هەوڵبـــدات و لە خوێندنەکەی سەرکەوتوو بێت.

**٢/٢-٧/٢) شێوازی فەرمی/ ڕەسمی** (Formal):

شـــێوازی فەرمـــی کـــاریگەرییەکی زۆری لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا هەیە، چـــونکە زۆرجـــار شـــوێن و بـــۆنە و کەشـــی ئاخاوتنەکـــان وادەخوازێـــت قســـەکەر بـــۆ سەرنجڕاکێشـــانی بەرامـــبەر ســـود لە زمـــانێکی فەرمـــی وەربگرێـــت لەپێنـــاو گەیشـــتن بە ئامـــانجەکەی، واتە دەوروبەرەکە ڕۆڵـــدەبینێت لەوەی، کە ئـــاخێوەر ســـود لە چ جـــۆرە شـــێوازێک ببینێـــت، جـــگە لەمەش بەکارهێنـــانی ئەم شـــێوازەی زمـــان زیـــاتر لە نێـــوان ئەو کەســـانەدا کـــارایە، کە نزیکییەکـــی ئەوتۆیـــان لەگەڵ یەکتـــردا نیـــیە، لەبەرئەوە پێویســـتە کاتێـــک ئـــاخێوەر دەیەوێـــت ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت ســـود لە زمـــانێکی فەرمـــی وەربگرێـــت، بـــۆئەوەی هێـــزی ڕاکێشـــان ببـــاتەوە ئاســـتێکی بـــاڵاوە، بۆنمـــوونە کەشـــی نـــاو زانکـــۆ وادەخوازێـــت شـــێوازێکی فەرمـــی و ئاکادیمیـــانەی تێـــدا بەکاربهێنرێـــت، لەبەرئەوە کاتێـــک خوێنـــدکاران داوایەکیـــان لە مامۆســـتاکەیان هەبێـــت، وەکـــو (دواخســـتنی تـــاقیکردنەوەیەک، یـــاخود کەمکـــردنەوەی بابەتێـــک) هەوڵـــدەدەن ســـود لە شـــێوازێکی پـــڕ ڕێـــزو فەرمـــی و ئەکادیمیـــانە وەربگـــرن، چـــونکە ڕێـــز یەکـــێکە لەو فـــاکتەرە کـــاریگەرانەی، کە ڕۆڵێکـــی گرنگ لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینێت، هەربۆیە لەجیاتی بڵێن:

- دکتۆر تۆ وتوتە تاقیکردنەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت.

دەڵێن:

- کاک دکتۆر بەڕێزتان فەرمووتانە تاقیکردنەوەکە لەکاتی خۆیدا ئەنجامدەدرێت.

بێگومـــان پەیڕەوکردنـــی ئەم جـــۆرە لە شـــێوازی فەرمـــی، دەبێـــتە هۆکـــارو پاڵنەرێـــک بـــۆئەوەی ئـــاخێوەر زووتـــر بەرامـــبەر ڕابکێشـــێتە نـــاو کەشـــی ئاخـــاوتنەکە و هەلـــی سەرکەوتنیشـــی

لەگەیشــتن بە ئامــانجەکەی زیــاتر دەبێــت، یــاخود کاتێــک ئەفســەرێک دەیەوێــت داوای مــۆڵەت لە ســەرۆکەکەی بکــات، بێگومــان پێویســتە بــۆ ئەوەی سەرنجیڕابکێشــێت ســود لە زمــانێکی فەرمــی وەربگرێت بۆئەوەی ڕازیبکات بەو داوایەی، کە ئاخێوەر مەبەستییەتی، هەربۆیە دەڵێت:

ئەفســـەر: گەورەم بەیانیـــت بـــاش( بە ســـڵاوی ســـەربازییەوە، بە قـــاچ کوتـــان بەزەوی و دەستبەرزکردنەوە بۆلای سەر).

سەرۆک: سەرچاو کارت چییە؟

ئەفسەر: ئەتوانیت مۆڵەتم بدەیت بۆ بەیانی؟

سەرۆک: بەڵێ دەتوانیت.

ئەفسەر: زۆر سوپاس گەورەم بە سڵاوی سەربازییەوە.

بەمشــێوەیە ئەفســەرەکە بەڕەچــاوکردنی زمــانێکی پــڕ لە ڕێــز و فەرمییــانە تــوانی ســەرنجی بەرامــبەر ڕابکێشــێت و بە ئامــانجەکەی بگــات، هەربــۆیە لە کــردەی ئاخاوتنــدا پەیوەنــدیمان لەگەڵ گـــوێگر ئەوە دیاریـــدەکات، کە لە چ شـــێوازێکی زمـــان ســـوود وەربگـــرین ئەم پەیوەنــدییەش لە ئەنجــامی چەنــد هۆکــارێکی وەکــو(ڕادەی هاوســۆزی و میهرەبــانی و ئاشــنایی لەگەڵ گــوێگر و پەیوەنــدی پیشــەیی و دووری و کــۆمەڵایەتی ...هتــد دیاریــدەکرێت، بەمپێــیە لەگەڵ لەبەرچـــاوگرتنی جـــۆرو هەڵـــومەرجی پەیوەنـــدی زمـــانی یەکێـــک لە شـــێوازەکان بەکاردەهێنرێــت.)(زنــدی ،١٣٨٨ ، ١٠). شــێوازی فەرمــیش دابەشــدەبێت بەســەردوو جــۆردا، کە بریتین لە : ئەم دابەشکارییە وەرگیراوە لە: (دزەیی، ٢٠٢١، ٢٠ -٢٢).

## ٢/٧-٢/٢-آ) بەهێز (powerfull) :

شــێوازی گــوتن لەم جۆرەیانــدا زیــاتر لەلایەن کەســانی دەســت ڕۆیشــتوو و بە دەســەڵاتەوە پیـــادە دەکرێـــت، کە تێیـــدا قســـەکەر پلەیەکـــی بەرزی هەیە (لەڕووی سیاســـی، ئـــایینی، کۆمەڵایەتی،....هتــد)، کە بە زمـــانی هێـــز و دەســـەڵاتەوە قســـە لەگەڵ بەرامـــبەر دەکـــات، لەم ڕێـــگەیەوە دەیەوێـــت ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت، واتە لەمجـــۆرە شـــێوازەدا ئـــاخێوەر بـــۆئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت ســـود لە زمـــانی هێـــز وەردەگرێـــت بـــۆ ئەوەی بە ئامـــانجەکەی بگـــات، بـــۆ نمـــوونە کاتێـــک ســـەرۆکی پـــارتێکی سیاســـی دەیەوێـــت ســـەرنجی ئەنــدامانی پــارتەکەی ڕابکێشــێت بــۆ بڕیارێــک و ڕازیانبکــات بەو بڕیــارە، لێــرەدا ئــاخێوەر، کە ســەرۆکی پــارتەکەیە، ســود لەو پــێگە سیاســییە دەبینێــت و بە زمــانی هێــز دەیەوێــت ئەنــدامانی پارتەی ڕازیبکات، هەربۆیە دەڵێت:

- هەرکەسێک دژی ئەم بڕیارە بوەستێتەوە بەدەستی خۆم سزای دەدەم.

بێگومــان وتنــی ئەم دەربڕینــانەی ئــاخێوەر پاڵپشــتە بە فــاکتەرە کاریگەرەکــانی وەک (دەرونــی ، سیاســی، ئــابوری، ....هتــد)، واتە لێــرەدا ئــاخێوەر پشتبەســت بەم فــاکتەرانە بە زمــانی هێــز دەیەوێــت ئەنــدامانی پــارتەکەی ڕازیبکــات و بە ئامــانجەکەی بگــات، بەمەش دەتــوانین بڵێــین (لەشــێوازی هێــزدا ڕێــز تــا ڕادەیەکــی زۆر پشــتگوێ دەخرێــت و دەســەڵات جــێگەی دەگرێتەوە.)(Longkumer,2016,12).

## ٢/٢-٧/٢- ب) بێهێز(Powerless) :

ئەم شــێوازە زیــاتر کەســانی ئاســایی و بێدەســەڵات و کەمــدەرامەتەکان بەکاریــدەهێنن، کە تێیــدا بە شــێوازێکی بێهێــز لەگەڵ کەســانی ســەروخۆیان دەدوێــن، بــۆئەوەی بتــوانن ســەرنجی بەرامبەرەکەیــان ڕابکێشــن و بە ئامانجەکەیــان بــگەن، بەمەش دەتــوانین بڵێــین، کە زمــانی بێهێــز ڕۆڵ و کــــاریگەرییەکی زۆری لە هێــــزی ڕاکێشــــاندا هەیە، چــــونکە زۆرجــــار دەوروبەر و چوارچێــوەی ئاخاوتنەکــان وادەخوازێــت ئــاخێوەر ســود لە زمــانێکی بێهێــز ببینێــت لە پێنــاو گەیشــتن بە ئامــانجەکەی، بــۆ نمــوونە کاتێــک کرێکــاری کۆمپانیــایەکی پــاککەرەوە دەیەوێــت بەرپرســــەکەی لە کــــارەکەی دووری نەخــــاتەوە، بــــۆئەوەی سەرنجڕابکێشــێت و بیەوێــت ڕازیبکات سود لە زمانێکی بێهێز وەردەگرێت لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی، دەڵێت:


- کــاک (....) بەڕێزتــان بڕیارتــان داوە مــن لە بەیــانییەوە لێــرە کــار نەکەم، بەڵام مــن زۆر پێویســتیم بەو کــارە هەیە، چــونکە بژێــوی مــاڵ و منــداڵم لەســەر ئەم کــارەیە، بــۆیە تکاتان لێدەکەم، ڕێگە بدەن بەردەوامبم لە کارەکەم.

بێگومــان بەکارهێنــانی ئەمجــۆرە شــێوازە لەلایەن ئــاخێوەرە، بــۆ سەرنجڕاکێشــانی بەرامــبەرە بــۆئەوەی بەداواکەی ڕازیبێــت، هەربــۆیە دەوترێــت بەکارهێنــانی شــێوازی زمــانی بێهێــز ڕۆڵ و کــاریگەی زۆری لە هێــزی ڕاکێشــان لە کــردەی ئاخاوتنــدا هەیە، یــاخود کاتێــک کرێکارێــک داوا لە سەرپەرشــتیارەکەی دەکــات، کە ڕەچــاوی بــاری دارایــی بکرێــت و کــرێکەی بــۆ زیــاد بکرێــت لێــرەدا کرێکــارەکە بــۆ ئەوەی بتوانێــت ســەرنجی بەرامــبەرەکەی ڕابکێشــێت ســود لە شــێوازی زمــانی بێهێــز دەبینێــت، بــۆئەوەی بە ئامــانجەکەی بگــات، بــۆیە بەمشــێوەیە گفتوگــۆکەی دەستپێدەکات:

- کرێکار: من دوو ساڵە لێرە کاردەکەم دەکرێت کرێکەم بۆ زیاد بکرێت؟
- سەرپەرشــتیار: مــن دەزانــم تــۆ کەســێکی باشــیت لە کارەکەتــدا، بەڵام بەداخەوە کۆمپانیــاکە ڕێــگە بە هــیچ جــۆرە زیــادبوونێکی کــرێ نــادات، تــاوەکو ســێ ســاڵ بەســەر کارکردنت تێنەپەڕێت.
- کرێکــار: ئەگەر وابێــت مــن ناچــارم پێشــنیازێتر قبــوڵ بــکەم بــۆ هەمــان کــار، بەڵام کرێیەکی باشتر.

- سەرپەرشتیار: ئەو شوێنە کوێیە؟
- کرێکار: لە کۆمپانیای (........)
- سەرپەرشتیار: کۆمپانیای(.....!!!!!!)
- کرێکار: بەڵێ بەئەگەرێکی زۆر داواکەم قبوڵ دەکرێت.
- سەرپەرشتیار: بوەستە، رێگەم بدە سەبارەت بەم بابەتە قسە لەگەڵ بەڕێوەبەر بکەم دەکرێت ڕێگایەک هەبێت بۆ ئەوەی بتوانین کرێکەت بۆ زیاد بکەین.

بەمشێوەیە ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا دیارە ئەوەیە هەرچەندە کرێکارەکە ژێردەستە بوو، بەڵام بە بەکارهێنانی زمانی بێهێزو بێدەسەڵاتی خۆی توانی دەسەڵاتی بەسەر سەرپەرشتیارەکەدا هەبێت و سەرنجی رابکێشێت و ڕازیبکات بەداواکەی، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئاخێوەر دەتوانێت بەبەکارهێنانی کارامەییەکی باش لە بەکارهێنانی زماندا و پشتبەست بەو چوارچێوەی بارەی، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت سود لەو شێوازە ببینێت، کە جێگەی بایەخپێدانی بەرامبەرە، بێگومان بۆ ئەمەش پێویستە ڕەچاوی فاکتەرە کاریگەرەکان بکرێت لە پێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەرو گەیشتن بە ئامانجەکە، لێرەوە دەتوانین بڵێین لەهێزی ڕاکێشاندا ئاخێوەر سود لەم دوو جۆرە شێوازە دەبینێت، بەشێوەیەک قسەکەر ئەوەی دەسەڵاتی بەسەردا بشکێت بە زمانێکی بەهێز قسەی لەگەڵدا دەکات، ئەوەشی هاوئاستی خۆی بێت بەشێوازێکی ئاسایی لەگەڵی دەدوێت، بەڵام ئەوەی لەخۆی باڵا دەستترو بە دەسەڵاتتر بێت، بەشێوازێکی بێهێز لەگەڵی دەدوێت، لەپێناوسەرنجڕاکێشان و پاراستنی بەرژەوندییەکانی خۆی لەناو کۆمەڵدا.وەک لەم هێڵکارییەدا ڕووندەبێتەوە: وەرگیراوە لە (دزەیی، ٢٠٠٩، ٧).




**هێڵکاری ژمارە (٥)**

# بەشی سێیەم

# پراکتیزەکردنی هێزی ڕاکێشان پەیوەست بە ئەرکەکانی زمانەوە

## ١/٣) هێزی ڕاکێشان لە ئەرکەکانی زماندا لە ڕوانگەی ڕێبازی ئەرکییەوە:

هەروەک لە بەشــی دووەمــدا ئاماژەمــان پێکــرد ڕێبــازی ئەرکــی لەســەر دوو بنەمــای ســەرەکی، کە کـۆڵەکەی پێکهێـنەری ڕێبـازەکەن بنیـاتنراوە، ئەوانـیش (ئەرکـی زمـان و بـوونی کـۆمەڵ)ە و لە سـادەترین مانـادا ڕێبـازی ئەرکـی کـۆمەڵ بە زمـان و ئەو ئەرکـانەی، کە زمـان لەکۆمەڵـدا پێـی هەڵدەسـتێت دەبەسـتێتەوە، واتە بەپێـی تیـۆری ئەرکـی بـۆ دەستنیشـانکردنی هەر ئەرکێکـی ڕسـتە پێویسـتە بەتەواوی لە مەبەسـتی قسـەکەر تێـبگەین و بەپێـی ئەو دەوروبەرە و مەبەسـتی ئـاخێوەر ئەرکەکە دەستنیشـانبکەین، بەشـێوەیەکی گشـتی زمانەوانەکـان ئەرکەکـانی زمـان دابەشـدەکەن بەسـەر حەوت جـۆردا: وەک (هەواڵگەیانـدن، پرسـیارکردن، فەرمانـدان، ڕاپەڕانـدن، هەسـت دەربـڕین، وروژانـدن، جێخۆشـکردن)، هەرجـۆرێکیش لەبـارودۆخێکی دیـاریکراوی کۆمەڵایەتیـدا ڕۆڵێکـی کـاریگەر لە هێـزی ڕاکێشـاندا دەبیـنن، بەڵام ئـێمە لێـرەدا دەمانەوێـت بەکـورتی ئامـاژە بە هەریەکێـک لەو ئەرکـانە بکەیـن، چـونکە تیشـکی سـەرەکی تـوێژینەوەکەی ئـێمە لەسـەر ئەرکەکـانی زمـانە لە بـۆنە کۆمەڵایەتییەکانـدا، بەمشـێوەیەی خوارەوە:

### ١-١/٣) هەواڵگەیاندن:

بەیەکێـک لە ئەرکە هەرە سـەرەکییەکانی زمـان ئەژمـار دەکرێـت و(ئەو بەکارهێنـانەی زمـان دەگـرێتەوە، کە بەهـۆیەوە مـرۆڤ لە دەوروبەری خـۆی و دیاردەکـانی دەوروپشـتی دەدوێ.)(فتـاح،٢٠١١، ٣١)، واتە قسـەکەر سـەرچاوەی زانیـارییەو زانیـارییەکە بە گـوێگر دەدات، لە هێـزی ڕاکێشـاندا ئـاخێوەر ئەمجـۆرە ڕسـتەیە بـۆ مەبەسـتێک بەکاردەهێنێـت، ئەم مەبەسـتەش پەیوەسـتە بەدەوروبەرەوە بەو واتـایەی، کە دەوروبەر ئەوە ڕوونـدەکاتەوە ئـاخێوەر ئەمجـۆرە ڕسـتەیە بـۆ چ مەبەسـتێک بەکاردەهێنێـت دەیەوێـت لەم ڕێـگەیەوە سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکێشـێت و مەبەسـتەکەی بەگـوێگر بگەیەنێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک لە نێـوان دوو هاوڕێـدا یەکێکیان بەوەی تر دەڵێت:

- ئەزانی بەیانی بەفر دەبارێت و کەشوهەوا زۆر خۆشدەبێت.

لێـرەدا قسـەکەر ئاشـنایە بەوەی، کە هـاوڕێکەی ئـارەزووی بەفـرو یـاری شـەڕەبەفر دەکـات، هەربـۆیە لەم ڕێـگەیەوە دەیەوێـت سـەرنجی ڕابکێشـێت و ڕازیبکـات، تـاوەکو بـۆ چیـای کـۆڕەک، یـاخود چیـای ئەزمەڕ بـۆ شـەڕە بەفـر بـڕۆن، کەواتە لێـرەدا قسـەکەر مەبەسـتی هەواڵگەیانـدن نیـیە، بەڵکـو مەبەسـتی سەرنجڕاکێشـانی هـاوڕێکەیەتی، چـونکە قسـەکەر ئاشـنایە بە حەزو

خولیاکـــانی گـــوێگر، هەر لەم ڕێگەیەوەشـــەوە بەجۆرێـــک لەجۆرەکـــان دڵ و هەســـت و هۆشـــی هاوڕێکەی بەدەستدەهێنێت و بە ئامانجەکەی دەگات.

### ٢-١/٣) پرسیارکردن:

یەکێکیتـــر لە ئەرکەکـــانی زمـــان پرســـیارکردنە، مەبەســـت لە پرســـیارکردنیش دەستخســـتنی زانیـــارییە. لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا کاتێـــک قســـەکەر پرســـیار ئاڕاســـتەی گـــوێگر دەکـــات مەبەســـتی لایەنە ســـیمانتیکییەکەی نیـــیە، بەڵکـــو دەیەوێـــت لەڕێـــگەی ڕســـتەی پرســـیارییەوە ســـەرنجی گـــوێگر بـــۆ مەبەســـتێک ڕابکێشـــێت، ئەم مەبەســـتەش دەوروبەرەکە ڕوونیـــدەکاتەوە، بـــۆ نمـــوونە کاتێـــک کەســـێک دەچێـــت بـــۆلای میـــوە فرۆشـــێک و پرســـیاری نرخـــی لێـــدەکات، بەڵام ســـەیر دەکـــات نرخەکان زۆر بەرزن، هەربۆیە لەمکاتەدا کڕیارەکە بە فرۆشیارەکە دەڵێت :

- تۆ نوێژ دەکەیت؟

وتنـــی ئەم ڕســـتەیە لەلایەن کڕیـــارەکەوە بەو مانـــایە نـــایەت، کە بزانێـــت ئایـــا فرۆشـــیارەکە نـــوێژ دەکـــات، یـــاخود نـــا، بەڵکـــو دەیەوێـــت لەڕێـــگەی ئەم ڕســـتە پرســـیارییەوە ســـەرنجی گـــوێگر بـــۆ مەبەســـتێک ڕابکێشـــێت، ئەویـــش (بێـــویژدانی) فرۆشـــیارەکەیە، واتە لێـــرەدا قســـەکەر هەوڵـــدەدات لەڕێـــگەی ئـــایینەوە ترســـی خـــودا و ڕۆژی دوایـــی لە دڵـــی خـــاوەن دوکانـــدا دروســـتبکات، تـــاوەکو پاشـــگەزبێتەوە لە فرۆشـــتنی بەرهەمەکـــانی بەو نرخـــانە، کەواتە لێـــرەدا هێـــزی ڕاکێشـــانەکە بـــۆ مەبەســـتێک بەکارهـــاتووە مەبەســـتەکەش لەڕێـــگەی ئەرکـــی پرســـیارکردنەوە بەدەســـتدەهێنرێت و ئەو مەبەستەش دەوروبەرەکە ڕوونیدەکاتەوە.

### ٣-١/٣) داخوازی (فەرماندان) :

ئەو ڕســـتەیەیە، کە قســـەکەر داوا لە گـــوێگر دەکـــات کارێـــک ئەنجامبـــدات، لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا ئـــاخێوەر ســـود لەمجـــۆرە ڕســـتەیە وەردەگرێـــت بـــۆ ئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت بـــۆ ئەنجامـــدانی کارێـــک، لە ڕســـتەی داخوازیـــدا چوارچێـــوەی قســـەکردن و دەوروبەرو پەیوەنـــدی نێـــوان بەشـــداربووان ئەوە ڕوونـــدەکاتەوە، کە بـــۆ چ مەبەســـتێک بەکاردێـــت وەک(داواکـــردن، تکاکردن، بێزاری، ئامۆژگاریکردن، ڕەتکردنەوە، توانجدان ......هتد.)، بۆ نموونە لە رستەی:

- دەست بە نوسینی نامەی ماستەرەکەت بکە.

وتنـــی ئەم ڕســـتەیە لەلایەن قســـەکەرەوە بـــۆ چەنـــد مەبەســـتێک بەکارهـــاتووە، واتە قســـەکەر لەڕێـــگەی ڕســـتەی فەرمانـــدانەوە دەیەوێـــت ســـەرنجی گـــوێگر بـــۆ چەنـــد مەبەســـتێک ڕابکێشـــێت وەک:

- تۆ کاتی نوسینت کەم ماوە.
- هەوڵبدە لەم ماوەیەدا نوسینەکەت تەواوبکەیت.
- خەم لە نوسینی نامەی ماستەرەکەت بخۆ.

هەریەکە لەم واتایانەش دەوروبەر ڕوونیدەکاتەوە، کە ئاخێوەر ئەمجۆرە ڕستەیەی بۆ چ مەبەستێک بەکارهێناوە.

## ٣/١-٤) ڕاپەڕاندن:

ئەرکی ڕاپەڕاندن لەو ڕستانەدا دەردەکەوێت، کە خۆیان بریتین لە ڕاپەڕاندنی کارێک، بەو واتایەی لەجیاتی قسەکەر کارێک بە گوێگر ڕاپەڕێنێت خۆی کارەکە ڕادەپەڕێنێت و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە، بۆ نموونە مەلایەک لە کاتی ناونای منداڵێکدا دەڵێت ئەوە ئەو منداڵەمان ناونا (ئالێ)، لێرەدا گوتنەکە خۆی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە، کە بریتییە لە ناونانی منداڵەکە، واتە لێرەدا قسەکەر هێزی ڕاکێشانی بۆ کردەی ڕاپەڕاندن بەکارهێناوەو ڕاستەوخۆ سەرنجی ئامادەبووانی ڕاکێشاوە بۆ ئەم ئەرکە.

## ٣/١-٥) هەست دەربڕین:

ئەو رستەیەیە، کە قسەکەر بەشێوەی سەرسوڕمان هەستی خۆی بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەر دەردەبڕێت. بێگومان ئاخێوەر بەهۆی ئەم شێوازی ڕستەیەوە و بە ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکە دەتوانێت لە ئاخاوتندا سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت و بە مەبەستەکەی بگات. بۆ نموونە کاتێک کوڕێک بەلای کچێکدا دەڕوات و دەڵێت:

- ئای کە جوانی!
- وای لەم جوانییە!

ئاشکرایە لێرەدا ئاخێوەر سودی لەمجۆرە ڕستەیە بینیوە بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی بەرامبەری و ڕازیکردنی و گەیشتن بە ئامانجەکەی.

## ٣/١-٦) وروژاندن:

ئەمجۆرە ئەرکەیان بۆ وروژاندنی هەست و ئارەزوویەکی تایبەت لە گوێگردا بەکاردێت، بەو واتایەی قسەکەر سود لەمجۆرە ڕستەیە دەبینێت بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی گوێگر بەشێوەکی ئەرێنی، یاخود نەرێنی، ئەم ئەرکە لەم ڕۆژانەی دواییدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە کوردستاندا بەکاردەهێنرێت تەنانەت لە بەرامبەردا وشەی (دفع) بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەفع دەکرێت بۆ (گۆرانی وتن) و دەنگیشی خۆش نییە، هۆکارەکەشی

بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە قسەکەر دەیەوێت کەسەکە ببێتە گاڵتەجاڕی ئەو کۆمەڵگایە، واتە لێرەدا قسەکەر هێزی ڕاکێشان بەشێوەیەکی نەرێنی بەکاردەهێنێت و دەیەوێت لەم ڕیگەیەوە هەستو سۆزی بەرامبەرەکەی بۆخۆی ڕابکێشیت و بە ئامانجەکەی بگات.

## ١/٣- ٧) جێخۆشکردن:

ڕستەی جێخۆشکردن لەو ئەرکانەیە، کە زۆر بڵاوەو لە هەموو زمانێکدا هەست بە بوونی دەکرێت، ئەم ئەرکە زیاتر لەو گوتنانەدا دەردەکەوێت، کە ڕۆژانە بەکاردێت و بەسەر زاری هەموو کەسێکەوەیە، لە هێزی ڕاکێشاندا ئاخێوەر ئەم ئەرکەی زمان بۆ مەبەستی خۆبرنە پێشەوەو جێ خۆشکردن و خۆچەسپاندن لەناو کۆمەڵگادا بەکاردەهێنێت لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەی، کە مەبەستییەتی، بۆ نموونە لە نەخۆشخانەیەکدا کاتێک سکرتێری پزیشکەکە دەڵێت:

- بەیانیت باش کاک دکتۆر تەندروستیتان باشە؟

لێرەدا ڕەنگە ئاخێوەر ئەم ڕستەیەی بۆ مەبەستی پرس بەکارنەهێنابێت، بەڵکو دەیەوێت لەڕێگەی ئەم ڕستەیەوە زمان بۆ ئەرکی جێ خۆشکردن بەکاربهێنێت و بیەوێت لەم ڕێگەیەوە سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت بۆ بەمەبەستێک ئەو مەبەستەش دەوروبەرەکە ڕوونیدەکاتەوە، بەشێوەیەک لەوانەیە بیەوێت داوای مۆڵەت بکات، یاخود چارەسەر بۆ کەسێکی نزیکی بکات،...هتد، هەموو ئەم مەبەستانەش چوارچێوەی ئاخاوتنەکە ڕوونیدەکاتەوە بۆ چ مەبەستێکە، هەربۆیە تیۆری ئەرکی باری دەوروبەری بە گرنگ زانیوە بۆ ڕوونکردنەوەی واتاو مەبەستەکانی ئاخێوەر.

## ٢/٣) پەیوەستبوونی هێزی ڕاکێشان بەئەرکەکانی زمانەوە لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا:

لەم بەشەدا هەوڵدەدەین پراکتیزەکردنی هێزی ڕاکێشان پەیوەست بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی تیۆری ئەرکیدا لێکبدەینەوە، بەشێوەیەک جگە لە تیۆرەکە پێویستە کۆمەڵێک فاکتەری گرنگ لەبەرچاوبگرین وەک (دەرونی، ئاینی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری)، کە ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە هێزی ڕاکێشاندا هەیە، هەروەها جگە لەم فاکتەرانە هەندێک خاڵی گرنگیتر هەیە، کە بەڕەچاونەکردنیان دەبێتە هۆی ئەوەی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان کەلێن و کەموکورتی تێبکەوێت، ئەوانیش بریتین لە (ڕەگەز، تەمەن، ڕیزگرتن، زمانی جەستە، ناوو نازناو)، سەرباری ئەمانەش ناکرێت لێکدانەوەی سەرجەم ئاستەکانی زمان لە چوارچێوەی تیۆری ئەرکیدا فەرامۆشبکەین، چونکە ڕۆڵێکی

یەکجـار بـاڵا لە پرۆسـەی هێـزی ڕاکێشـاندا دەبینـین بەشـێوەیەک لە ئاسـتی دەنگسـازیدا پێویسـتە هەریەکە لە (هێـز، ئـاوازە، وەسـتان، قەبـارەی دەنـگ، جـۆری دەنـگ) لەبەرچاوبگیرێـت، لە ئاسـتی وشەسازیشـدا پێویسـتە ڕەچـاوی هـاوڕێیەتی نێـوان وشـەکان و واتـای دەوروبەری وشـەکان بکرێـت، لە ئاسـتی ڕستەسازیشـدا سـود لە چەمکـی (بـاس و خـواس) و ڕسـتەی باسـمەند وەردەگـرین، لەئاسـتی سیمانتیکیشـدا ڕەچـاوی پەیوەنـدی واتایی(ئاسـۆیی و سـتوونی) دەکەین، لە ئاستی پراگماتیکیشدا دەوروبەری ئاخاوتنەکان لەبەرچاودەگرین.

## ٢/٣-١) ڕازیکردن:

ڕازیکـردن بە یەکێـک لە ئەرکە گرنگەکـانی زمـان دادەنرێـت و پرۆسـەیەکە، کە قسـەکەر لەڕێـگەی بەرهەمهێنـانی پەیـامێکەوە ئاڕاسـتەی گـوێگری دەکـات. لە هێـزی ڕاکیشـاندا ئـاخێوەر بـۆئەوەی بتوانێـت سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکیشـێت و کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکات، پێویسـتی بە شـارەزایی و لێهـاتووییەکی بـاش هەیە لە هەڵبژاردنـی ئـاوازەی دەنـگ و وشـە و ڕسـتە و دەوروبەر و زمـانی جەسـتە و نـاوو نازناو...هتـد، بـۆئەوەی بتوانێـت سـەرکەوتنی کـردەکە ببـاتە ئاسـتێکی بـاڵاوە، بێگومـان لە کـردەی ئاخاوتنـدا ئـاخێوەر بـۆ مەبەسـتێک سـەرنجی بەرامـبەر ڕادەکێشـێت ئەو مەبەسـتەش بـریتییە لە ڕازیکـردن، ڕازیکـردنیش پێویسـتی بە کۆمەڵێـک ڕێـو شـوێنی گونجـاوو لەبـار هەیە، بـۆئەوەی پرۆسـەکە سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنێت، واتە هێـزی ڕاکێشـان کردەیەکـی مەبەسـتدارە و ئامـانجەکەش بـریتییە لە ڕازیکـردن، بۆنمـوونە کاتێـک باوکێـک دەیەوێـت سـەرنجی کـوڕەکەی ڕابکێشـێت بـۆئەوەی ڕازیبکـات بە ئەنجامـدانی پرۆسـەی هاوسـەرگیری، لێـرەدا پێویسـتە ئـاخێوەر پەیوەسـت بە تیـۆرەکەوە کۆمەڵێـک خـاڵ لەبەرچاوبگرێـت، یەکێـک لەوانە ئەو فـاکتەرە لەبەرچاوبگرێـت، کە بـۆ بەرامـبەر جـێگەی بـایەخە، هەروەهـا ڕەچـاوی لایەنـی ئەرکـی ئاخـاوتنەکە لەسـەرجەم ئاسـتەکان بکـات لەپێنـاو سـەرکەوتنی پرۆسەکە.

بەشـێوەیەک لە ئاسـتی دەنگـدا پێویسـتە ڕەچـاوی ئـاوازەی دەنـگ بکـات، چـونکە کـۆنترۆڵکردنی دەنـگ یەکـێکە لە هەنگـاوە گرنگەکـان، کە ئـاخێوەر بە مەبەسـتی سەرنجراکێشـانی بەرامـبەر بەکاریـدەهێنێت لەپێنـاو سـەرکەوتنی پرۆسـەکەو ڕازیکردنـی بـۆ ئەو ئامـانجەی، کە مەبەسـتییەتی، لەبەرئەوە لەم ئاسـتەدا لەسـەر ئـاخێوەر پێویسـتە ڕەچـاوی هەریەکە لە بەرزی و نزمـی دەنـگ و وەسـتان و جـۆری دەنـگ و شـەپۆلەکانی دەنـگ بکـات، تـاوەکو بتوانێـت لەم ڕێـگەیەوە سـەرنجی بەرامـبەرەکەی ڕابکێشـێت، بەجۆرێـک سـود لە جـۆرە ئـاوازەیەکی ئاسـایی دەبینێـت، کە تێیـدا ڕەچـاوی لەرەکـانی مێشـک بکـات، چـونکە بـۆ دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر، پێویسـتە شـەپۆلەکانی مێشـکی قسـەکەر لە قۆنـاغی

(ئەلفــا)دا بێــت، لەهەمانکاتیشــدا پێویســتە شــەپۆلەکانی مێشــکی بەرامــبەریش وردە وردە بگەیەنــرێتە ئەو قۆنــاغە، بــۆئەوەی ســەرکەوتنی کــردەکە مســۆگەربکات، هەروەهــا لەگەڵیــدا وەستانێکی کورت لەو شوێنەدا، کە پێویستە، بۆ نموونە لە ڕستەی:

- ئەو کچە جوانە.( کچێکی جوانە).
- ئەو کچە جوانە.(کچەکە ناوی جوانە).

لەم دوو ڕســتەیەی ســەرەوەدا هەرچەنــدە هەردوو ڕســتەکە لە ڕواڵەتــدا هەواڵگەیانــدنە، بەڵام ئــاخێوەر بە گــۆڕینی شــوێنی وەســتانەکان دەتوانێــت واتــا و مەبەســتی ڕســتەکە لە بەرژەوەنــدی خــۆی بەکاربهێنێــت بــۆئەوەی کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دروســتبکات، بەجۆرێــک لە ڕســتەی یەکەمــدا وەســتانەکە دەکەوێــتە کۆتــایی وشــە (جــوانە)، واتە لێــرەدا بــاوکەکە بەمجــۆرە وەســتانەی کۆتــایی دەیەوێــت ســەرنجی کــوڕەکەی بــۆ مەبەســتێک ڕابکێشــێت، کە ئەویــش ڕازیکردنیەتــی، بەڵام لە ڕســتەی دووەمــدا وەســتان لەنێــوان (جــوان + ە)، کە بەواتــای ئەوە دێــت کــچەکە نــاوی (جــوان)ە. بەهەمــان شــێوەش هێــز خستەســەر بــڕگەیەک، یــاخود وشــەیەک لەکــاتی دەربڕینــدا بــۆئەوەیە، کە ئــاخێوەر دەیەوێــت مەبەســتێک بگەیەنێــت و کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دروســتبکات، کەواتە لە هێــزی ڕاکێشــاندا بــۆ ئەوەی بتــوانین بەرامــبەر ڕازیــبکەین بە ئەنجامدانی کارێک یەکەم هەنگاو کۆنترۆڵکردنی دەنگەکانمانە.

لە ئاســتی وشەســازیدا وشــە ڕۆڵێکــی گرنــگ لە بنیاتنــان و داڕشــتنی شــێوازی دەربڕینەکــان دەبینێــت، ئاشکراشــە هەر تاکێــک خــاوەنی فەرهەنگێکــی تــایبەت بەخــۆیەتی، کە بەفەرهەنگــی ئــاوەزی ناودەبرێــت، هەربــۆیە لەســەر ئــاخێوەر پێویســتە بەوریــایی وشــەکان هەڵبژێرێــت بەشــێوەیەک، کە ڕەچــاوی هــاوڕێیەتیی نێــوان وشــەکان بکــات، هەروەهــا ئەو دەوروبەرە لەبەرچــاو بگرێــت، کە وشــەکانی تێــدا بەکاردەهێنرێــت، واتە لە هێــزی ڕاکێشــاندا ئــاخێوەر ســود لەو وشــانە دەبینێــت، کە واتــایەکی دەوروبەرییــان هەیە، هەروەک تیــۆرەکە ئامــاژەی پێکــردووە، بــۆئەوەی بتوانرێــت کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دروســتبکات، لەپێنــاو گەیشــتن بەئامــانجەکەی، بــۆ نمــوونە کاتێــک دوو هــاوڕێ گفتوگــۆ لەبــارەی بــابەتێکەوە دەکەن و یەکێکیــان دەیەوێــت کــاریگەری بکــاتە ســەر بەرامــبەرەکەی و ڕازیبکــات بەو بۆچــوونەی خــۆی مەبەســتییەتی، هەربۆیە لە جیاتی بڵێت:

- بۆچوونەکەت هەڵەیە.

دەڵێت:

- ئەمە بۆچوونێکە، بەڵام بۆچوونێکی تر هەیە وانالێت.

یــاخود لە جیــاتی وشـــەی (تــۆ) ، ســود لە وشـــەی (ئێــوە، جەنابــت) وەردەگرێــت، بــۆئەوەی بتوانێـت سـەرنجی بەرامـبەرەکەی ڕابکێشـێت و ڕازیبکـات، یـاخود کاتێـک مامۆسـتایەکی ئـاینی دەیەوێـت سـەرنجی گەنجێـک ڕابکێشـێت و ڕازیبکـات بـۆ ئەوەی نـوێژ بکـات، سـود لە کۆمەڵێـک وشـــەی کــاریگەری وەک (بەهەشــت، حەوزی کەوســـەر، بینینــی ڕووی پێغەمــبەر، ڕێزلێگیــراو، ئــارامی دەرون، پــارێزراوی، پــاک و خاوێنی،...هتــد) دەبینێــت، بێگومـــان بـــۆ بەکارهێنـــانی هەریەک لەم وشــانە ئــاخێوەر پشــت بە دەوروبەرەکە دەبەســتێت، بــۆئەوەی ســەرنجی گــوێگر زیاتر ڕابکیشێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاســتی ڕستەسازیشــدا ئــاخێوەر بەو کەرەســتەیە دەســتپێدەکات، کە جــێگەی بــایەخی بەرامـبەرە، چـونکە شـێوازی ڕۆنـانی ڕسـتە بە خـاڵێکی گرنـگ دادەنرێـت بـۆ گەیشـتن بە ترۆپکـی پرۆســەکە، هەربــۆیە لەم ئاســتەدا ئــاخێوەر چەمکــی (بــاس و خــواس) لەپێنــاو سەرنجڕاکێشــانی بەرامـبەردا پـێچەوانە دەکـاتەوەو سـود لە ڕسـتەی باسـەمەند دەبینێـت، بـۆئەوەی بەرامـبەرەکەی ڕازیبکــات، بۆنمــوونە کاتێــک بەڕێــوەبەری کۆمپانیــایەک بیەوێــت کارمەنــدەکانی ڕازیبکــات بــۆ ماوەی هەفتەیەک ڕۆژانە دوو کاتژمێری زیادە کاربکەن، لەجیاتی بڵێت :

- لەپاڵ موچەی مانگانەکەتاندا پاداشتێکی (موکافەئە) باشتان بۆ دەکەم.

باس خواس

دەڵێت:

- پاداشتێکی (موکافەئە) باشتان بۆ دەکەم لەپاڵ موچەی مانگانەکەتاندا.

خواس باس

واتە لێــرەدا ئــاخێوەر ســـودی لە فـــاکتەرە ئـــابورییەکە بینیـــووە، بـــۆئەوەی لەم ڕێـــگەیەوە سەرنجی کارمەندەکان ڕابکێشێت و ڕازییانبکات بە داواکەی و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاســـتی سیمانتیکیشـــدا زۆرجـــار چوارچێـــوەی ئاخاوتنەکـــان وادەخوازێـــت ئـــاخێوەر بـــۆئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت بـــۆ کـــردەی ڕازیکـــردن پەیامەکـــانی بەشـــێوەیەکی ســیمانتیکییانە ئاڕاســتەی بەرامــبەر بکــات، لە پێنــاو گەیشــتن بە ئامــانجەکەی،بۆ نمــوونە کاتێــک پزیشــکێک دەیەوێــت ســـەرنجی نەخۆشـــەکەی ڕابکێشــێت بــۆ ڕازیبــوون بەوەی، کە پــارێزییەکی بــاش بکــات لە جــۆری خواردنەکــانی، چــونکە نەخۆشــی شــەکرەی هەیە، لێــرەدا پزیشــکەکە بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ پەیــامەکەی ئاڕاســتەی گــوێگر، کە نەخۆشــەکەیە دەکــات، بێگومــان ئەمەش بەڕەچاوکردنی دەوروبەری ئاخاوتنەکە، هەربۆیە دەڵێت:

- ببورە کاک (.....) ئەگەر ئەم پارێزییانە نەکەیت ناچاردەبین دواتر قاچەکانت ببڕینەوە.

- کــــاک (.......) ئەگەر ئەم ڕێنماییـــانەی وتـــم جێبەجێـــی نەکەیـــت دواتـــر چاوەکانـــت لەدەستدەدەیت.

ئاشــکرایە ئەم دەربـــرینە کـــاریگەریەکی زۆری لەســـەر گـــوێگر هەیە، ئـــاخیوەر بەرچـــاوکردنی دەوروبەرەکە پەیـــامەکەی بەهەمهێنـــاوە، بـــۆئەوەی بتوانێـــت ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشـــێت و ڕازیبکـــات، یـــاخود لە نمـــوونەیەکی تـــردا کاتێـــک دایـــک و باوکێـــک دەیانەوێـــت ســـەرنجی منـــداڵەکەیان ڕابکێشـــن بـــۆئەوەی ڕازیـــبکەن، کە بچێـــت بـــۆ خوێنـــدنگە، لێـــرەدا ئـــاخێوەرەکە، کە (دایک و باوک)ەکەن بەشێوەکی ڕاستەوخۆ سەرنجی منداڵەکەیان ڕادەکێشن و دەڵێن:

- خوێنـــدنگە زۆر خۆشـــە و منـــداڵی زۆری لێـــیە و بەیەکەوە یـــاری خۆشـــدەکەن و شـــتی تازە فێردەبن.
- تۆ منداڵێکی وریا و زیرەکیت دڵنیام یەکەمی پۆلەکەت دەبیت.
- .......هتد

ئاشــکرایە پراگماتیــک ڕۆڵێکــی گرنــگ لە کــردەی ڕازیکردنــدا دەبینێــت، لەم ئاســتەدا دەوروبەر ڕۆڵێکــی گرنــگ دەگێڕێــت، چــونکە ئەوە چوارچێــوەی بــارە قســەکەر ئاڕاســتە دەکــات بــۆئەوەی ئاخاوتنەکــانی بەشــێوەیەکی پراگمــاتیکی دەرببڕێــت، هەربــۆیەش لەم ئاســتەدا ئــاخێوەر پشــت بەو دەوروبەرە زمــانییە دەبەســتێت، تــاوەکو ســـەرنجی بەرامـــبەر ڕابکێشــێت و ڕازیبکــات بەو ئامــانجەی، کە خــۆی مەبەســتییەتی، بۆنمــوونە کاتێــک ژنێــک دەیەوێــت هاوســەرەکەی ڕازیبکــات بۆئەوەی لە رۆژی هەینیدا بچنە دەرەوە بەمەبەستی سەیران و گەشت، دەڵێت:

- باوکی شادمان ئەزانی ڕۆژی هەینی کەش و هەوا زۆر خۆشە.
-ماڵی کاک (ئەحمەد) بەنیازن بۆ سەیران بۆ هەورامان بچن.
- منداڵەکان لە ماڵەوە زۆر بێتاقەتن.

لێــرەدا ئــاخیوەر بەمەبەســت ئەم ڕســتەیەی دەربڕیــوە، واتە دەوروبەرەکەی لەبەرچــاوگرتووە، هەربــۆیە پەیــامەکەی بەشــێوەیەکی ناڕاســتەخۆ ئاڕاســتەی بەرامــبەر کــردووە، واتە بــۆئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەرەکەی ڕابکێشــێت و ڕازیبکــات ســـودی لە دەروازەی ناڕاســـتەوخۆ بینیـــوە، چــونکە لێــرەدا ئــاخێوەر بــۆ واتــا ســیمانتیکییەکە ئەم ڕســتانەی دەرنەبڕیــوە، بەڵکــو دەیەوێــت پراگماتیکییـــانە هێـــزی ڕاکێشـــان بـــۆ کـــردەی ڕازیکـــردن بەکاربهێنێـــت، تـــاوەکو لە ڕۆژی هەینیـــدا بـــۆ ســـەیران بچـــن، هەرلەبەر ئەمەشـــە تیـــۆری ئەرکـــی ئەوەنـــدە گرنگـــی بە بـــاری دەوروبەر لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا داوە. چـــونکە لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا دەوروبەر ئـــاخێوەر ئاڕاســـتە دەکـــات، کە سود لە چ شێوازێکی زمان ببینێت لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی.

### ٢-٢/٣) هەڵخەڵەتاندن:

له كــردەی ئاخاوتنــدا هەنــدێكجار ئــاخێوەر هێــزی ڕاكێشــان بــۆ مەبەســتی هەڵخەڵەتانــدن بەكاردەهێنێــت، بەشــێوەیەک دەیەوێــت لەم ڕێــگەیەوە ســەرنجی بەرامــبەرەكەی ڕابكێشــێت و بە ئامــانجەكەی بگــات، واتە لێــرەدا ئــاخێوەر پەیامێــک بەرهەمــدەهێنێت، هەنــدێک پەیمــان و بەڵێنــی ناڕاســت بە بەرامــبەر دەدات و دواتــریش قســەكانی بەمجــۆرە دەرناچێــت لە ئەنجامــدا پرۆســەكە دەچێــتە بــواری هەڵخەڵەتانــدنەوە، ئاشكراشــە كــردەی هەڵخەڵەتانــدن پێویســتی بە كەســانی شــارەزا هەیە بــۆ ئەوەی كــردەكە ســەركەوتوو بێــت. لەم پرۆســەیەدا بــۆئەوەی قســەكەر بەمەبەســتەكەی بگــات پێویســتە كۆمەڵێــک خــاڵ لەبەرچاوبگرێــت، لەوانە لە ئاســتی دەنگســازیدا پێویســتە ئــاخێوەر ڕەچــاوی هەریەكە (هێــزو ئــاوازە و وەســتان و بەرزی و نزمــی دەنــگ جــۆری دەنــگ) بكــات، بــۆئەوەی پرۆســەكە ســەركەوتن بەدەســتبهێنێت.، بۆنمــوونە مــاوەیەكە لە كوردســتان چەنــد كۆمپانیــایەک، كە كاریــان هێنــانی فلــتەری ئــاوە دروســتبوون لەڕێــگەی تەلەفونــونەوە پەیوەنــدی بە هاوڵاتیــانەوە دەكەن و دەڵــێن پشــكنینی ئاوەكەتــان بــۆ دەكەیــن بەبێ بەرامــبەر، بــۆئەوەی بــزانن ئاوەكەتــان پــاكە یــاخود نــا؟ لێــرەدا كۆمپانیــاكە بەرەچــاوكردنی لایەنــی ســایكۆلۆژی خەڵــک و گرنگــی تەندروســتی جەســتەییان دێــت پەیــامەكە دادەڕێژێــت و ئاراســتەی خەڵكــی دەكــات، هەربــۆیە یەكەم هەنگــاو ڕەچــاوی لایەنــی دەنگیــان دەكەن بــۆئەوەی ســەرنجی هاوڵاتیــان بــۆلای خۆیــان ڕابكێشــن، كە دواجــار ئەمەش بــۆ مەبەســتێک ئەم كۆمپانیــایە ئەم پشــكنینە دەكــات ئەویــش بەرزكــردنەوەی فرۆشــی بەرهەمەكەیــانە، هەربــۆیە لەكــاتی پشــكنین بەبەكارهێنــانی چەنــد مەوادێكــی كیمیــایی لە ئــاوەكەدا وایلێــدەكات، كە لە پشــكنینەكەدا دەرنەچێــت و ڕەنگــی بگۆڕێــت لە ئەنجامــدا ســەرنجی بەرامــبەری پێڕادەكێشــێت بــۆ كڕینــی ئەو كــاڵایەی، كە مەبەســتیانە فرۆشــی بەرزبــكەنەوە، دواتــریش ئەمە دەچێــتە خــانەی هەڵخەڵەتاندنەوە، بۆیە دەڵێن:

- ئەم ئاوەی ئێوە بۆ خواردنەوە ناشێت.
- هیچ مەوادێكی پێویستی جەستەیی تێدا نییە.
- دەیان بەكتریا و ڤایرۆسی زیانبەخشی تێدایە.
- گورچیلە وێران دەكات!

بێگومــان لە دوای دەنــگ كــاریگەری وشــە دەســتپێدەكات، هەربــۆیە لە ئاســتی وشەســازیدا لەســەر ئــاخێوەر پێویســتە ئەو وشــانە هەڵبژێرێــت، كە كــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دروســتدەكات، بــۆئەمەش لەســەر ئــاخێوەر پێویســتە هــاوڕێیەتی نێــوان وشــەكان و ئەو دەوروبەرە لەبەرچاوبگرێــت، بــۆئەوەی بتوانێــت ســەرنجی بەرامــبەرەكەی ڕابكێشــێت بــۆ كــردەی هەڵخەڵەتانــدن، بــۆ نمــوونە كاتێــک كەســێک دەچێــت بــۆ دوكــانی بــۆن (عەتــر) فرۆشــێک، لێــرەدا ئــاخێوەر بە لەبەرچــاوگرتنی دەوروبەرەكە ســود لە كۆمەڵێــک وشــەی وەک (مــاركە،

ئۆرجینـاڵ، فەیک،....هتـد) دەبینێـت، واتە ئـاخێوەر زیـاتر جەخـت لەو وشـانە دەکـاتەوە، کە بـۆ بەرامــبەر گرنـگ و کـاریگەرە، بێگومــان بـۆئەمەش پشـت بەدەوروبەری ئاخـاوتنەکە دەبەسـتێت، لە ئەنجامدا سەرنجی بەرامبەر ڕادەکێشێت و دەیخەڵەتێنێت.

لە ئاسـتی ڕستەسـازیدا شـێوازی ڕۆنـانی ڕسـتە کـاریگەرییەکی زۆری لە هێـزی ڕاکێشـاندا هەیە، تـاوەکو لەڕێـگەیەوە بەرامـبەر بخەڵەتێنێـت، بـۆیە لەم ئاسـتەدا ئـاخێوەر سـود لە چەمکـی (بـاس و خـواس) دەبینێـت و تێیـدا بەو کەرەسـتەیە دەسـتپێدەکات، کە گرنـگ و کـاریگەرە، تـا لەڕێـگەیەوە سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکێشـێت و بیخەڵەتێنێـت، بـۆ نمـوونە کاتێـک کوڕێـک دەیەوێـت داوای هاوسەرگیری لە کچێک بکات لە جیاتی بڵێت:

- <u>ئەگەر شوم پێبکەی</u>  <u>ئاڵتونێکی زۆرت بۆدەکەم</u>.

باس  خواس

دەڵێت:

- <u>ئاڵتوونێکی زۆرت بۆدەکەم</u>  <u>ئەگەر شوم پێبکەی</u>.

خواس  باس

دیــارە لێــرەدا ئــاخێوەر بەمەبەسـت چەمکـی (بــاس و خــواس) ی پــێچەوانە کــردووەتەوە، بەشـــێوەیەک لە بەرهەمهێنـــانی پەیامەکەیـــدا ڕەچـــاوی دەوروبەری ئاخـــاوتنەکەی کـــردووە، هەروەهـــا لەگەڵیـــدا ئەو فـــاکتەرەی لەبەرچـــاو گرتـــووە، کە بـــۆ بەرامـــبەر جـــێگەی بـــایەخە، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دروستبکات و لەئەنجامدا بیخەڵتێنێت.

لە ئاسـتی سـیمانتیکدا زۆرجـار کەشـی ئاخاوتنەکـان وادەخوازێـت، کە قسـەکەر پەیـامەکەی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتەی گـوێگر بکـات و ڕەچـاوی ئەو پەیوەنـدییە واتـاییە بکـات، کە لەنێـوان وشـەکانی زمانـدا بـوونی هەیە، بـۆئەوەی سـەرکەوتنی پرۆسـەکە ببـاتە ئاسـتێکی بـاڵاوە، بـۆ نمـوونە کاتێـک میـوە فرۆشـێک دەیەوێـت سـەرنجی کڕیارێـک بـۆ لای خـۆی ڕابکێشـێت بەسـود وەرگـرتن لە زاری نـاوچەی بەرامـبەر دەیەوێـت کـردەی هەڵخەڵەتانـدن بەجێبگەیەنێت، بەشێوەیەک ئەگەر کڕیارەکە خەڵکی دەڤەری هەولێر بێت لە جیاتی بڵێت:

- <u>کاڵەکی</u> مەشهەدیمان هەیە. (سلێمانی)

دەڵێت:

- <u>گندۆرەی</u> مەشهەدیمان هەیە. (هەولێر)

لێـرەدا ئــاخێوەر بەشـێوەیەکی ڕاســتەوخۆو بــێ هــیچ  پــێچ و پەنــایەک هێـزی ڕاکێشــانی بــۆ کردەی هەڵخەڵەتاندن بەکارهێناوە.

هەرچـی پەیوەسـتە بە ئاسـتی پراگمـاتیکەوە، ئـاخێوەر لەم ئاسـتەدا پشـت بە بـاری دەوروبەر دەبەسـتێت بــۆ گەیانــدنی واتــاو مەبەســتەکەی، واتە بەمەبەســت پەیــامەکەی بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ ئاڕاســتەی بەرامــبەر دەکــات، تــاوەکو لەم ڕێــگەیەوە بیخــاتە ژێــر کــاریگەری خـۆیەوە، بـۆ نمـوونە کاتێـک کۆمپانیـا بازرگانییەکـان دەیانەوێـت سـەرنجی کڕیـارێکی زۆر بـۆ بەرهەمەکانیــان ڕابکێشــن لەڕێــگەی ڕیکــلامە تەلەفزیۆنییەکــانەوە، زۆربەیکــات پەیــامی ڕیکلامەکــان بەشــێوەیەکی پراگماتیکییــانە ئاڕاســتەی بیــنەران و بیســــەرانیان دەکەن و دەیانەوێــت لەم ڕێــگەیەوە خەڵکێکــی زۆر بخەڵەتێــنن، وەک لە یەکێــک لە ڕیکــلامە تەلەفزیۆنییەکانــدا ، کە بــۆ بەرهەمێکــی کــێش دابەزانــدن دەکــرا پەیامەکەیــان بەمشــێوەیە داڕشتبوو:

- قەڵەوی یەکــێکە لە کێشــە ســەرەکیەکانی مرۆڤــی ئەمــڕۆ، کە بەهــۆی زۆر خــواردنەوە دروستدەبێت!
- چەنـد دڵتەنـگ دەبیـت کاتێـک ئەم هەمـوو جـل و بەرگە مـارکەیە لە بـازاڕ دەبینیـت و ناتوانیت بیانپۆشێت!
- کاردەکــات بــۆ کەمکــردنەوەی هۆرمــۆنی کــۆرتیزۆڵ، کە بەرپرســە لە کەمکــردنەوەی هەســتکردن بــۆ خــواردن و واتلێــدەکات کەمتــر بخۆیــت و بەردەوام هەســت بە تێــری بکەیت!
- چارەســەری نەخۆشـیەکانی قۆلـۆن و گەدە دەکـات و وادەکـات لە قەبـزی ڕزگـارت ببێـت و هەڵاوسان کەم دەکاتەوە!

ئاشــکرایە هەریەک لەم جــۆرە دروشــمانە بەرەچــاوکردنی لایەنــی دەرونــی ئەو کەســانەی، کە کیشــی زیادەیــان هەیە، هەروەهــا لە ڕوانــگە کــۆمەڵایەتیەکەوە چــۆن ســەیر دەکــرێن لە نــاو کۆمەڵگــادا، ئەم جــۆرە پەیــامە بەرهەمهــاتووە، لە ئەنجامــدا ســەرنجی چەنــدان کەســیان ڕاکێشــاوە، چــونکە ناکرێـت ئەم هەمـوو تایبەتمەنـدییە لە بەرهەمێکـی دروسـتکراودا کـۆببێتەوە، کە ئەمەش دواجــار دەتوانێــت بچێــتە خــانەی هەڵخەڵەتانــدنەوەو قــازانجێکی زۆری مــادی بــۆ کۆمپانیاکە تێدا بێت.

## ٣-٢/٣) ستایشکردن:

یەکێکیتــر لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکــانی زمــان ستایشــکردنە، کە کلتــورێکی بــاوی کــۆمەڵە و ئــاخێوەران بەبەردەوامــی لە ژیــانی ڕۆژانەیانــدا بەکاریــدەهێنن و بــریتییە لە پیاهەڵــدان بە شــان

و باڵی کەسێک، یاخود گروپێکدا لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، ئاشکرایە لە کردەی ئاخاوتندا هەندێکجار ئاخێوەر بۆ ئەوەی سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت پەنا بۆ کردەی ستایشکردن دەبات، لەم کردەیەشدا بۆئەوەی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان سەرکەوتوو بێت، پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئەرکی زمانی ئاخاوتنەکە لە سەرجەم ئاستەکاندا بکرێت، هەروەها لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە کاریگەرەکان بۆئەوەی سەرکەوتنی پرۆسەکە بە ئاستێکی باڵا بگات، بۆ نموونە کاتێک ئەفسەرێکی سەربازی دەچێت بۆلای سەرۆکەکەی بۆ ئەوەی پلە سەربازییەکەی بۆ بەرزبکاتەوە یەکەم هەنگاو کۆنترۆڵکردنی ئاستی دەنگییەتی بەشێوەیەک پێویستە ئاستی دەنگی قسەکەر شێوەیەکی سروشتی وەربگرێت، واتە سود لەپلەیەکی دەنگی ئاسایی نەزۆر بەرز نەزۆر نزم وەربگرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر گوێگر دروستبکات، لەپاڵ ئاوازەی دەنگ کارلێکەر لەسەرییەتی چەند وەستانێکی نەخشە بۆکێشراو بەکاربهێنێت، هەروەها هێزی بەمەبەست لەو بڕگەو وشانەدا زیاد بکات، کە ئامانجیەتی بە کارلێکراو بگات، لەپاڵ ئەمەشدا ڕەچاوی پێگەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بکات، تاوەکو سەرکەوتنی کردەکە مسۆگەربکات هەربۆیە دەڵێت:

- گەورەم کارکردن لەگەڵ ئێوە و لەژێر فەرمانی ئێوە بۆ من شەرەفێکی گەورەیە!

لە ئاستی وشەسازیشدا لەسەر کارلێکەر پێویستە گوڵبژێرێکی ئەو وشانە بکات، کە بۆ بەرامبەر جێگەی بایەخە، بۆئەمەش لەسەر ئاخێوەر پێویستە ڕەچاوی هاوڕێیەتی نێوان وشەکان بکات، هەروەها وشەکان بەو دەوروبەرەوە ببەستێتەوە، کە ئاخاوتنەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، چونکە وشەکان بەپێی چوارچێوەی بەکارهێنان واتاو مەبەستەکانیان دەگۆڕێت، بۆ نموونە کاتێک مامۆستایەک لە پۆلدا دەیەوێت سەرنجی خوێندکارەکانی ڕابکێشێت بۆ ئەوەی توانای زانستیان بەرز بکەنەوە، هەربۆیە لێرەدا مامۆستاکە پەنا بۆ کردەی ستایشکردن دەبات، بۆئەوەی سەرکەوتنی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان مسۆگەر بکات و بە ئامانجەکەی بگات، بۆئەمەش سود لە کۆمەڵێک وشە دەبینێت، کە بۆ بەرامبەر بەهادارە وەک (دەستخۆش، ئافەرین، سەرکەوتووبن، ئێوە ئایندەن......هتد)، بێگومان هەریەکە لەم وشانە لەرووی دەرونییەوە ئارامی و متمانە بەخۆبوونێک لای خوێندکاران دروستدەکەن و هۆکارێکن بۆ بەرزکردنەوەی توانای زانستییان.

ڕۆنانی ڕستە خاڵێکی گرنگی دیکەیە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی پرۆسەکە، هەربۆیە لەم ئاستەدا قسەکەر چەمکی (باس و خواس) ئاڵوگۆڕدەکات و سود لە ڕستەی باسمەند دەبینێت، بۆ نموونە کاتێک بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک دەیەوێت سەرنجی یەکێک لە

فەرمانبەرەکـــانی ڕابکێشــێت، بــۆ ئەمەش ســود لە کــردەی ستایشــکردن دەبینێــت لە پێنــاو ئەو ئامانجەی، کە دەیەوێت بەدەستی بهێنێت، هەربۆیە لەجیاتی بڵێت:

- بۆ ئەم فەرمانگەیە تۆ سەرمایەیەکی گرنگیت.

باس خواس

دەڵێت:

- تۆ سەرمایەیەکی گرنگیت بۆ ئەم فەرمانگەیە.

خواس باس

ئاشــکرایە ئــاخێوەر لێــرەدا بەمەبەســت چەمکــی (بــاس و خــواس) ی پــێچەوانە کــردووەتەوە و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو سودی لە ڕستەی (باسمەند) بینیووە.

دیــارە لە ئاســتی ســیمانتیکدا ئــاخێوەر پەیامەکــانی بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ ئاڕاســتەی وەرگــر دەکــات، هەروەهــا لەگەڵیــدا ڕەچــاوی پەیوەنــدی واتــایی نێــوان وشــەکان لە ئاســتی (ئاســۆیی و ســتوونی)دا دەکــات لەپێنــاو گەیشــتن بەو ئامــانجەی، کە مەبەســتییەتی، بــۆ نمــوونە کاتێــک لەدوای کۆبــوونەوەیەکی بەرهەمــدار ســەرۆکی کۆمپانیــاکە و جێگــرەکەی دێــنە دەرەوە، لەم کاتەدا جیگرەکەی دەڵێت:

- کــاک (.....) زۆر ســوپاس بــۆ پشــتگیریکردنم لە کۆبــوونەوەی ئەم بەیــانییەدا بەڕاســتی پێزانینم بۆتان هەیە.

ئاشکرایە لێرەدا قسەکەر بەشـێوەیەکی سـیمانتیکیانە سـەرنجی گـوێگری ڕاکێشـاوە بـۆ کـردەی ستایشــکردن، ئەمەش بەلەبەرچــاوگرتنی بەهــای ڕێزگــرتن لەبەرامــبەر بــۆئەوەی بتوانێــت بە مەبەستەکەی بگات و کاریگەری لەسەر دروستبکات.

لە ئاســـتی پراگماتیکـــدا لێکـــدانەوەکان بەپێـــی دەوروبەری ئاخـــاوتنەکە و لێکـــدانەوەی قســـەکەرو گـــوێگر دەگۆڕێـــت، بێگومـــان ئـــاخێوەر لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا بە پێـــی پێویســـتی و دڵنیـــابوونی لە گـــوێگر دەدوێـــت، واتـــا بـــۆئەوەی بتوانێـــت ســـەرنجی گـــوێگر ڕابکێشـــێت بەشـێوەیەکی پراگماتیکییـانە پەنـا بـۆ کـردەی ستایشـکردن دەبـات، بـۆ نمـوونە لە کـۆنگرەیەکی ڕۆژنـــامەوانی ســـەرۆکی پێشـــووی ویـــلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمریکـــا (دۆناڵـــد ترەمـــپ)، کە لە کۆشـکی سـپی سـازکرابوو، یەکێـک لە ڕۆژنامەنوسـەکان خـۆی بەسـەرۆکی ئەمریکـا دەناسـێنێت و دەڵێــت مــن کــوردم و لە دەزگــای (......) کــاردەکەم، لەمکــاتەدا (دۆناڵــد ترەمــپ) دەکەوێــتە ستایشکردن و پیاهەڵدانی گەلی کورد بەمجۆرە:

- كوردەكانم خۆشدەوێت.
- كوردەكان جەنگاوەرێكی ئازان.
- شەڕكەرێكی زۆر بەتوانان.
- كوردەكان دۆست و هاوبەشێكی گرنگی ئێمەن!

بێگومـــان لە بەرهەمهێنـــانی هەریەک لەم پەیامـــانەدا، ســـەرۆكی ئەمریكـــا ڕەچـــاوی فـــاكتەری (سیاســـی و دەرونـــی و ئـــابوری، ....هتـــد) ی نەتەوەی كـــوردی كـــردووە، دواتـــر بەشـــێوەیەكی پراگماتیكییـــانە پەیـــامەكەی ئاڕاســـتەی وەرگـــر كـــردووە، هەروەهـــا ئەم ســـتایش و پیاهەڵـــدانەی (دۆناڵـد ترەمـپ) بـۆ گەلـی كـورد لە گەرمەی جەنگـی هاوپەیمانـان دژ بە ڕێكخـراوی تیرۆرسـتی (داعـــش) بە ســـەركردایەتی ئەمریكـــا بـــوو، كە دەیەویســـت لەڕێـــگەی ئەم پەیامـــانەوە ســـۆزی كورد ڕابكێشێت، تاوەكو لە جەنگ بەرامبەر بەم ڕێكخراوە بەردەوامبن.

### ٤-٢/٣) ماستاوكردن:

ماســـتاوكردن بـــریتییە لە زیـــادەڕەویكردن لە پیاهەڵـــدانی كەســـێک، یـــاخود گروپێـــک، ئەم دیـــاردەیەش لەكلتـــوری كوردیـــدا زۆر بـــاوەو بەرچـــاو دەكەوێـــت، لە هێـــزی ڕاكێشـــاندا ئـــاخێوەر بـــۆ ئەوەی بتوانێـــت كـــاریگەری لەســـەر بەرامـــبەر دروســـتبكات و بە ویســـتەكانی بگـــات ئەم كـــردەیە بەكاردەهێنێـــت، ئەم كـــردەیەش زیـــاتر لەلایەن كەســـانی بێهێـــز لە ڕووی پـــلەو پـــایەو جیـــاوازی چینـــایەتی و ئاســـتی ڕۆشـــنبیری و لایەنـــی ئـــابوری و سیاســـیەوە بەكاردەهێنرێـــت، واتە لەڕووی پـــێگەوە پەیوەنـــدی نێـــوان نێـــرەر و وەرگـــر تـــاڕادەیەک لەیەک دوورە، بەمەش لەم كـــردەیەدا قســـەكەر زیـــاتر ســـود لە شـــێوازێكی بێهێـــز دەبینێـــت، جـــگە لەمەش پێویســـتە لایەنـــی ئەركـــی زمـــانی ئاخـــاوتنەكە لەســـەرجەم ئاســـتەكاندا لەبیرنەكـــات، بـــۆئەوەی ســـەركەوتنی پرۆســـەكە بە ئاســـتێكی بـــاڵا بگـــات، بەشـــێوەیەک لە ئاســـتی دەنگســـازیدا لە ســـەر ئـــاخێوەر پێویســـتە ڕەچـاوی لایەنـی دەنگـی ئاخـاوتنەكە بكـات، بـۆ نمـوونە كاتێـک ئەنـدامی عەشـیرەتێک دەچێـــت بـــۆ لای ســـەرۆک عەشـــیرەتەكەیان و بە ئامـــانجی خـــۆنزیكردنەوە و گەیشـــتن بە ویســـتەكانی دەســـتدەكات بە ماســـتاوكردن بـــۆ ســـەرۆكەكەی و دەیەوێـــت بەهـــۆی ئەمەوە ســـەرنجی بەرامـبەرەكەی ڕابكێشـێت، بـۆ ئەمەش سـود لە شـێوازێكی زمـانیی بێهێـز دەبینێـت، كە پـــڕە لە ڕێـــز و خـــۆ بەكەمـــزانین، ئەمە لەلایەكەوە، لەلایەكیتـــرەوە پێویســـتە كـــارلێكەر لەم كـردەیەدا ئاسـتی دەنگـی لە تـۆنێكی نزمـدا بێـت، هەروەهـا وەسـتانی نێـوان دەربڕینەكـانی بەباشـــی بەكاربهێنێـــت و بەوردی شـــوێنی وەســـتانەكانی دیاریبكـــات، جـــگە لەمەش هێـــز لەو وشـــەو بڕگـــانەدا بەكاربهێنێـــت، بـــۆئەوەی واتـــاو مەبەســـتەكەی بە گـــوێگر بگەیەنێـــت، هەربـــۆیە ڕەچـــاوكردنی هەریەكە لە ئـــاوازەی دەنـــگ و بەرزی و نزمـــی دەنـــگ و وەســـتان و هێـــز و

هــارمۆنی دەنــگ و شــەپۆلەکانی دەنــگ کــاریگەرییەکی گەورە لەســەر بەرامــبەر دروســتدەکەن و وا لە ئاخێوەر دەکەن ئاسانتر بە ئامانجەکەی بگات، هەربۆیە دەڵێت:

- کــاک شــێخ لەوکــاتەوەی ئێــوە بــوون بە ســەرۆک عەشــیرەت ئەم پــێگەیە شــەهامەتی بــۆ گەڕاوەتەوە!
- ئەم پۆستە هەر لەخۆتان جوانە!

ئاشــکرایە لەدوای دەنــگ وشــە لەم ئاســتەدا ڕۆڵێکــی گرنــگ دەبینێــت لە بنیاتنــان و داڕشــتنی شــێوازی ئەو دەربڕینــانەی، کە لە هێــزی ڕاکێشــاندا بەکــاردەهێنرێن، چــونکە تــاوەکو وشــەکان کــاریگەرترین ســەرنجی گــوێگر زیــاتر بــۆلای خۆیــان ڕادەکێشــن، لە هێــزی ڕاکێشــاندا بەکارهێنــانی هەر وشــەیەک مەبەســتێکی تێــدایە ئەو مەبەســتەش پەیوەســتە بەبــاری دەوروبەرەوە، بــۆ نمــوونە کاتێــک کەســێک دەچێــت بــۆلای ســەرۆکی حزبێکــی سیاســی بــۆئەوەی سەرنجیڕابکێشــێت پەنــا بــۆ کــردەی ماســتاوکردن دەبــات بــۆئەوەی بە ئامــانجەکەی بگــات کۆمەڵێــک وشــە بەکاردەهێنێــت، بێگومــان بــۆ هەریەکێــک لەم وشــانەش ســود لەو فــاکتەرە دەبینێــت، کە بەهــادارە بــۆ بەرامــبەر، وەک (بەڕێزتــان، گەورەم، گیــان فیــداییتان، جەنــابی ســەرۆک، ســایە و ســێبەر....هتد)، ئاشــکرایە هەریەکە لەم وشــانە جــگە لەواتــا فەرهەنگییەکەیــان واتــایەکی دەوروبەرییــان هەیەو لەهێــزی ڕاکێشــاندا ئــاخێوەر ســود لە واتــا دەوروبەریــیەکە دەبینێت. وەک دەڵێت:

- بەو هەموو خەبات و گیان فیداییەی جەنابتان داوتانە شایەنی زۆر زۆر لەوە زیاترن.
- ئەم پۆستەی بەڕێزتان شتێکی زۆر کەمە لەچاو ئەو هەموو سەروەرییەی جەنابتان.
- سایە و سێبەرتان لەسەر سەرمان کەم نەکات.

بێگومــان بەکارهێنــانی هەر وشــەیەک لەم دەربڕینــانەدا بەپێــی دەوروبەر کــاریگەری خــۆی لەسەر بەرامبەر هەیە و وا لە ئاخێوەر دەکات ئاسانتر بە ئامانجەکەی بگات.

لەئاســتی ڕستەسازیشــدا قســەکەر بەو کەرەســتەیە دەســتپێدەکات، کە گرنــگ و کــاریگەرە، هەربــۆیە لەم ئاســتە چەمکی(بــاس و خــواس) پــێچەوانە دەکــاتەوەو چەمکی(خــواس) دەکــات بە ســەرتۆپی باســەکەی، بــۆ نمــوونە کاتێــک ژنێــک دەیەوێــت مێــردەکەی ڕازیبکــات بــۆئەوەی ڕۆژی پێــنج شــەممە بــڕواتەوە مــاڵی بــاوکی، لێــرەدا بەپێــی بــارودۆخی ئاخاوتنەکــان و بــاری دوروبەر قســەکەر پەنــا بــۆ کــردەی (ماســتاوکردن) دەبــات لەپێنــاو گەیشــتن بە ئامــانجەکەی. هەربــۆیە لە جیاتی بڵێت:

- <u>پیاوەکە بۆ ئێوارە</u>    <u>حەزت لە چییە بۆت ئامادە بکەم.</u>

باس                خواس

دەڵێت:

- <u>حەزت لە چییە</u>    <u>بۆ ئێوارە بۆت ئامادەبکەم ؟</u>

خواس                باس

لێرەدا ژنەکە لەڕێگەی ئەم شێوازی دەربڕینەوە زمان بۆ ئەرکی ماستاوکردن بەکاردەهێنێت بۆئەوەی لەڕێگەی ئەم کردەیەوە سەرنجی مێردەکەی ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی سیمانتیکیشدا ئاخێوەر بەرەچاوکردنی پەیوەندییە واتاییەکانی (ئاسۆیی و ستوونی) پەیامەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەرگر دەکات، بێگومان بۆئەمەش پشت بەو دەوروبەرە دەبەستێت، کە ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە کاتێک فەرمانبەرێک لەناو زانکۆدا دەچێت بۆلای سەرۆکی زانکۆکەی، کە تازە دەستبەکاربووە، لێرەدا قسەکەر بۆئەوەی سەرنجی گوێگرەکەی بۆخۆی ڕابکێشێت، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەنا بۆ کردەی ماستاوکردن دەبات لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجەی، کە مەبەستییەتی، هەربۆیە دەڵێت:

- کاک دکتۆری بەڕێز ئەم زانکۆیە بەئێوە نەبێت بەکەسیتر بەڕێوەناچێت، لەوکاتەوەی جەنابتان دەستبەکاربوون زانکۆ سیمایەکی زانستی و دامەزراوەیی بۆ گەڕاوەتەوە.
- من هەمیشە خۆم بە خزمەتکاری ئێوەی بەڕێز دەزانم و هەرکارێک بەمن بکرێت لە خزمەتاندام.
- ئێمەی چینی فەرمانبەران تەنها دڵمان بە بەڕێزتان خۆشە، کە نەهێڵیت مافمان بخورێت و داکۆکیمان لێبکەیت.

ئاشکرایە ئاخێوەر بەلەبەرچاوگرتنی فاکتەری ڕۆشنبیری و هەروەها سوودبینین لە شێوازێکی زمانیی فەرمی، کە خاڵییە لە هێز و پڕاو پڕە لە ڕێزی کۆمەڵایەتیی ئەم پەیامانەی بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاڕاستەی بەرامبەر کردووە، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە هێزی ڕاکێشان بۆ کردەی ماستاوکردن بەکاربهێنێت و کاریگەری لەسەر دروستبکات. بێگومان لە هێزی ڕاکێشاندا ئەو شێوازەی، کە قسەکەر دەیگرێتەبەر زۆر گرنگە بۆ پێکانی ئامانجەکەی، هەربۆیە لە هەندێک باردا قسەکەر پەنا بۆ دەروازەی ناڕاستەوخۆ دەبات، کە مەبەست لێی واتای پراگماتیکییە. لەم ئاستەدا ئاخێوەر بۆئەوەی بە ئامانجەکەی بگات پشت بەو دەوروبەرە دەبەستێت، کە ئاخاوتنەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، بۆ نموونە کاتێک کوڕێک

دەیەوێت سەرنجی خۆشەویستەکەی ڕابکێشێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو پەنا بۆ کردەی ماستاوکردن دەبات و ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی دەنێرێت و دەڵێت:

- ئەمڕۆ زۆر جوانی!
- کەشی چێشتخانەکەت بەدڵە؟
- خواردنەکان چۆنن بەلاتەوە؟
- پێتخۆشە دوای ئێرە بۆ چ شوێنێکی تر بچین؟
- زۆردڵخۆشم، کە ئەمڕۆ لەگەڵ تۆ بەسەردەبەم.
- سوپاس بۆئەوەی، کە متمانەت پێبەخشیم.

ئاشکرایە هەریەکە لەم ڕستانە بۆ واتا سیمانتیکییەکەی بەکارنەهاتووە، بەڵکو قسەکەر بەپێی دەوروبەرەکە هەریەکە لەم دەربڕینانەی بۆ مەبەستێک بەکارهێناوە، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بە ئامانجەکەی بگات و کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر گوێگر دروستبکات.

## ٢/٣-٥) دڵدانەوە:

یەکێکیتر لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان بریتییە لە دڵدانەوە، کە تێیدا ئاخێوەر بەمەبەستی دڵدانەوەی بەرامبەر بۆ لەبیرکردنی خەمێک، یان کارەساتێک، یاخود هەر ڕووداوێکیتر، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات بەکاریدەهێنێت، دەکرێت وەرگر کەسێک یاخود کۆمەڵە کەسێک بێت، لەکردەی ئاخاوتندا زۆرکات قسەکەر هێزی ڕاکێشان بۆ کردەی دڵنەواییکردن بەکاردەهێنێت، بۆئەوەی کردەکەش سەرکەوتوو بێت پێویستە لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکانداو، هەروەها فاکتەرە کاریگەرەکان لەبەرچاوبگرێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەیەوێت دڵنەوایی خانەوادەیەکی پرسەدار بداتەوە، بۆئەوەی کاریگەری لەسەری دروستبکات، هەربۆیە زمان بۆ ئەرکی دڵنەواییکردن بەکاردەهێنێت، بۆئەمەش پێویستە لەسەری لە ئاستی دەنگدا ڕەچاوی لایەنی دەرونی بەرامبەر بکات و سود لە ئاوازەی جۆراوجۆر وەربگرێت، چونکە جۆراوجۆری دەنگ و ئاوازەی دەربڕین و کۆنترۆڵکردنی بەرزی و نزمی دەنگ کاریگەری زیاترە و سەرنجی گوێگر ئاسانتر ڕادەکێشێت، هەروەها لەگەڵیدا وەستانی نێوان وشەو دەربڕینەکانیش بەهەمانشێوە بەکاربهێنێت، چونکە سودێکی زۆریان لە پرۆسەی هێزی ڕاکێشاندا هەیە، هەربۆیە بەڕەچاوکردنی لایەنی دەنگی کردەکە بەمشێوەیە بەکاردەهێنێت:

- بۆخۆتان خۆشبن.
- کەس و کارتان سەلامەت بێت.
- مردن لەڕێی هەموومانە.

- دەبێت شکوربین، هیچ لەگەڵ کاری خوادا ناکرێت.

لە ئاستی وشەسازیدا ئاخیوەر بۆئەوەی سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت سود لە کردەی دڵدانەوە دەبینێت و بەپێی دەوروبەر سود لەو وشانە دەبینێت، کە بۆ ئەو دەوروبەرە واتایەکی کاریگەرییان هەیە، بۆ نموونە کاتێک نەخۆشێک دەچێت بۆلای پزیشک و پشکنینەکان دەریدەخەن، کە ئەو کەسە توشی نەخۆشی (شێرپەنجە) بووە، هەربۆیە پزیشکەکە بۆئەوەی کەسوکاری نەخۆشەکە و خودی نەخۆشەکەش هەست بە نائومێدی نەکەن، بەرەچاوکردنی لایەنی دەرونی و ئایینی بەرامبەر سود لە کۆمەڵێک وشەی کاریگەری وەک (قۆناغی سەرەتا، چاکبوونەوە، خۆشەویستی خوا، چارەسەری زۆرباش، ....هتد) دەبینیت و هەوڵدەدات لەڕێگەی کردەی دڵدانەوەوە کاریگەری لەسەر نەخۆشەکە دروستبکات و ورەی بەرزبکاتەوە، بۆیە دەڵێت:

- نەخۆشیەکەت لە قۆناغی سەرەتا دایە و پێویست بە دڵەڕاوکێ ناکات.
- چەندان کەس وەک تۆ توشبووی هەمان نەخۆشی بوون چاکیش بوونەتەوە.
- خوای گەورە کەسێکی خۆشنەوێت باری گران نادا بەسەرشانیدا.
- لە ئێستادا چارەسەری زۆرباش هەیەو دەتوانیت بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ بیت.

ئاشکرایە هەریەکە لەم وشانە بۆ ئەو بارودۆخەی نەخۆشەکە واتایەکی کاریگەرییان هەیە، لەڕووی دەرونییەوە گوێگر هەست بە ئاسودەیی دەکات و قسەکەریش لەگەیشتن بە ئامانجەکەی نزیکدەکاتەوە.

لەئاستی ڕستەسازیدا نێرەر بەوکەرەستەیە دەستپێدەکات، کە گرنگ و کاریگەرە، هەربۆیە لەم ئاستەدا ئاخێوەر چەمکی (باس و خواس) پێچەوانە دەکاتەوە لەپێناو سەرنجڕاکێشانی بەرامبەردا، بۆ نموونە کاتێک هاوڕێیەکت توشی ڕووداوی هاتوچۆ دەبێت و تۆش دەتەوێت دڵی بدەیتەوە، لەو کارەساتەی کە بەسەری هاتووەو خەفەت نەخوات، هەربۆیە لەجیاتی بڵێیت:

- <u>هەرچی سەروەت و سامانی دونیا هەیە</u>، <u>تاڵە قژێکی خۆت و ماڵ و منداڵت ناهێنێت.</u>

باس خواس

دەڵێت:

- <u>تاڵە قژێکی خۆت و ماڵ و منداڵت</u> <u>هەرچی سەروەت و سامانی دونیا هەیە دەیهێنێت.</u>

خواس باس

یان لەجیاتی بڵێت:

- تاقیکردنەوەی خوای گەورەیە          دیارە خوا خۆشی ویستووی.

باس                    خواس

دەڵێت:

- دیارە خوا خۆشی ویستووی          بۆیە ئەو تاقیکردنەوەی خستووەتە سەر شانت.

خواس                    باس

لێرەدا ئاخێوەر بەرچاوکردنی فاکتەری دەرونی ئەو کەرەستەیەی بە (Topic) کردووە، کە بۆ بەرامبەر جێگەی بایەخەو بەهایەکی گرنگی هەیە.

لە ئاستی سیمانتیکدا ئاخێوەر بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات ڕەچاوی هەردوو پەیوەندی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و بۆ ئەم مەبەستەش سود لە پەیوەندیی هاوواتایی دەبینێت و پەیامەکەی بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی دەکات، بۆ نموونە کاتێک دوو هاوڕێی دوو ناوچەی جیاواز بەیەکەوە لە بەشەناوخۆییدا دەژین و لە تاقیکردنەوەیەکدا خراپ دەبن، یەکێک لەم دوو هاوڕێیە خەڵکی ناوچەی کەلار دەبێت، لێرەدا بۆئەوەی قسەکەر بتوانێت سەرنجی هاوڕێکەی ڕابکێشێت پەنا بۆ کردەی دڵدانەوە دەبات و بە سود بینین لە زاری ناوچەی گوێگر پەیامەکەی بەشێوەیەکی سیمانتیکی ئاڕاستە دەکات، بێگومان بۆئەمەش ڕەچاوی فاکتەری دەرونی گوێگری کردووە، دواتر پەیامەکەی بەرهەمهێناوە، هەربۆیە دەڵێت:

- کچێ پێویست بە خەمخواردن ناکات، هاوڕێکانمان هەمووی خراپبوون.   (سلێمانی)
- کەنیشکە خەمخواردنی گەرەک نییە، هاوڕێکانمان گشتی خراوبین.   (گەرمیان)

لە ئاستی پراگماتیکدا دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە هێزی ڕاکیشاندا، بۆنموونە کاتێک خوێندکارێکی پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵدا نەیتوانیوە ئەو نمرەیە بەدەستبهێنێت، کە خۆی مەبەستی بووە، بۆیە لێرەدا کاتێک دایک و باوکی خوێندکارەکە دەیانەوێت منداڵەکەیان خەفەت نەخوات پەنا بۆ کردەی دڵنەواییکردن دەبەن، بۆئەمەش ڕەچاوی لایەنی دەرونی منداڵەکەیان دەکەن و پراگماتیکییانە پەیامەکەیان دەنێرن و دەڵێن:

- ڕۆڵە گیان پۆلی شەش قورسە، ئەمساڵ نا ساڵێکی تر خۆ کۆتایی دنیا نییە.
- پێویست ناکات تۆ خەفەت بخۆیت، گرنگ ئەوەیە تۆ هەوڵی خۆتداوە.

- خوا نەبێت، هیچ کەسێک نازانێت خێر بەچییەوەیە.
- تۆ جارێ منداڵیت تەمەنی زۆرت لەپێش ماوە.

## ٦-٢/٣) هاندان:

هانـدان ئەرکێکیتـری زمـانە و کردەیەکـی کـۆمەڵایەتییە، بـریتییە لە بـاوترین ڕێگـا، کە تێیـدا ئـاخێوەر پشـتگیری بـۆ کەسـێک یـاخود کـۆمەڵە کەسـێک دەردەبڕێـت و بەشـێکە لە ژیـانی ڕۆژانەی هەر تاکێـک لەنـاو کۆمەڵگـادا، هەروەک (ئەلفرێـد ئالـدێر) دەڵێـت: ((هانـدان بـریتییە لە پرۆسـەی ئاسـانکاری بـۆ پەرەپێـدانی سـەرچاوەی نـاوەوەی کەسـەکان لە ڕێـگەی چانـدنی بـــوێری و کـــۆڵنەدان و متمـــانە و هیـــوا لە کەســـێکدا لە چوارچێـــوەی ئاخاوتنـدا.))(Wong,2014,182). لە هێـزی ڕاکێشـاندا ئـاخێوەر دەتوانێـت هانـدان بـۆ مەبەسـتێکی ئەرێنـی، یـاخود بە پـێچەوانەوە بـۆ مەبەسـتێکی نەرێنـی بەکاربهێنێـت، ئاشـکرایە لە کـردەی ئاخاوتنـدا هەنـدێکجار قسـەکەر بـۆ ئەوەی کـاریگەری لەسـەر گـوێگر دروسـتبکات پەنـا بـۆ کـردەی هانـدان دەبـات، لەم کردەیەشـدا بـۆئەوەی پرۆسـەی هێـزی ڕاکێشـان سـەرکەوتوو بێـت، پێویسـتە ڕەچـاوی لایەنـی ئەرکـی زمـانیی ئاخـاوتنەکە لە سـەرجەم ئاسـتەکاندا بکرێـت، هەروەهـا لەبەرچـاوگرتنی کـاریگەرترین فـاکتەر بـۆئەوەی سـەرکەوتنی پرۆسـەکە بە ئاسـتێکی بـاڵا بگـات، بـۆ نمـوونە کاتێـک بەڕێوەبەرێـک دەیەوێـت سـەرنجی فەرمانبەرەکـانی ڕابکێشـێت، بـۆئەوەی بەدڵسـۆزی کارەکانیـان ئەنجامبـدەن پەنـا بـۆ کـردەی هانـدان دەبـات، لێـرەدا یەکەم هەنگـاو، کە پێویسـتە قسـەکەر لەبەرچـاوی بگرێـت بـریتییە لە دەنـگ، لەبەرئەوەی دەنـگ هـۆیەکی سـەرەکی گەیانـدنی پەیـام و توانـای نێـرەرە، بەشـێوەیەک لەسـەر نێـرەر پێویسـتە کـۆنترۆڵی ئاسـتی دەنگـی بکـات لەڕووی ئـاوازەی دەنـگ و بەرزی و نزمـی دەنـگ و وەسـتان و هێـزو هـارمۆنی دەنـگ، چـونکە لە چـرکە یەکەمەکـانی سـەرەتای ئاخاوتنـدا دەنـگ ڕۆڵێکـی کـاریگەر لەهێـزی ڕاکێشـاندا دەبینێـت، هەربـۆیە بە لەبەرچـاوگرتنی لایەنـی دەنـگ لەسـەر قسـەکەر پێویسـتە ئەو فـاکتەرانە لەبەرچاوبگرێـت، کە بەهـاو نرخێکـی تایبەتییـان لای گـوێگر هەیە، بەمشێوەیە:

- بەڕاستی شوێن دەستی یەکە بەیەکەتان دیارە!
- ئێـوە نمـوونەی مـرۆڤ گەلێکـی دڵسـۆزن، خـوای گەورەش مرۆڤـی دڵسـۆزی خۆشدەوێت!
- هەوڵدەدەم سوپاس و پێزانینێکی وەزارەتتان بۆبکەم.

لە هەریەکە لەم نموونـانەی سـەرەوەدا قسـەکەر سـودی لە ئـاوازەی جۆراوجـۆر وەرگرتـووە، لەگەڵیـدا ڕەچـاوی لەرەی مێشـکی گـوێگری کـردووە، کە پێویسـتە لە قۆنـاغی ئەلفـادا بێـت،

هەروەهــا بەوردی شــوێنی هێــز و وەســتانی نێــوان وشــەو بڕگەکــانی دیــاریکردووە، بــۆئەوەی بتوانێــت مەبەســتەکانی بگەیەنێــت، کە دواجــار هەمــوو ئەمــانەش پرۆســەی هێــزی ڕاکێشــان بەرزدەکەنەوە.

لە ئاســتی وشەســازیدا وەک ئاشــکرایە لەســەر نێــرەر پێویســتە هــاوڕێیەتی و واتــای دەوروبەری وشــەکان لەپێنــاو ســەرکەوتنی پرۆســەکەدا لەبەرچاوبگرێــت، هەربــۆیە لەم ئاستــەدا ئــاخێوەر ســود لەو وشــانە دەبینێــت، کە لای بەرامــبەر بەهــادارن و واتــایەکی کاریگەرییــان هەیە، بــۆ نمــوونە کاتێــک مامۆســتایەک دەیەوێــت کــاریگەری لەســەر خوێنــدکارێک دروســتبکات بــۆ ئەوەی پەرە بە توانــا و لێهاتووییەکــانی بــدات، پەنــا بــۆ کــردەی هانــدان دەبــات و لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت سەرنجیڕابکێشێت، بۆ ئەم مەبەستەش پەنا بۆ کۆمەڵێک وشە دەبات، کە بــۆ خوێنــدکارەکە بەهــادارن وەک (بــاوەڕم پێــتە، تــۆ دەتوانیــت، دەســتخۆش، ئــافەرین، دکتــۆری دواڕۆژ، جــێگەی شــانازی ....هتــد)، بێگومــان بەکارهێنــانی هەریەکە لەم وشــانە لەڕووی دەرونیــیەوە بــۆ خوێنــدکارەکە بەهــاو نرخێکیــان هەیە، هەروەهــا هانــدانێکی باشیشــە بــۆ ئەوەی خوێنــدکارەکە بەردەوام بێــت لە پەرەدان بە تواناکــانی و قســەکەریش لە گەیشــتن بە ئامانجەکەی نزیکدەکاتەوە.

لە ئاســتی ڕستەســازیدا نێــرەر بــۆئەوەی بتوانێــت کــاریگەری لەســەر وەرگــر دروســتبکات چەمکــی (بــاس و خــواس) پــێچەوانە دەکــاتەوە، کە ئەمەش لەپێنــاو سەرنجڕاکێشــانی وەرگــرە و ئەو کەرەســتەیە پێشــدەخات، کە لەڕوانــگەی وەرگــرەوە بەهــایەکی هەیە و دەیەوێــت لەم ڕێگەیەوە بە ئامــانجەکەی بگــات، بــۆ نمــوونە کاتێــک مامۆســتایەکی ئــاینی دەیەوێــت کــاریگەری لەسەر گەنجێک دروستبکات و هانیبدات بۆ نوێژکردن، لە جیاتی بڵێت:

– <u>خواپەرستی</u> <u>دەتکات بە مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی.</u>

باس خواس

دەڵێت:

– <u>مرۆڤی خاوەن کەسایەتی</u> <u>بە خوا پەرستییەوە جوانە.</u>

خواس باس

یان لە جیاتی بڵێت:

– <u>مرۆڤ کاتێک نوێژ دەکات</u> <u>هەست بە ئاسودەیی و پارێزراوی دەکات.</u>

باس خواس

دەڵێت:

- هەست بە ئاسودەیی و پارێزراوی دەکەیت کاتێک نوێژ دەکەیت.

خواس باس

ئاشکرایە قسەکەر لە هەریەک لەم دەربڕینانەدا ڕەچاوی لایەنی دەرونی گوێگری کردووە، چونکە ئەم دەربڕینانە بۆ گوێگر بەهایەکی گرنگییان هەیە و زیاتر کاریگەری لەسەر دروستدەکەن و هانیدەدەن بۆ هەنگاونان بۆ ئەم کردەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار ئاخێوەر هاندان بۆ مەبەستێکی نەرێنی بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە کاتێک دوو هاوڕێ کێشەیەکیان دەبێت لایەنی سێیەم دێتە ناو بابەتەکەو بەڕەچاوکردنی لایەنی دەرونی بەرامبەر هێزی ڕاکێشان بۆ ئەرکی هاندان بەشێوەیەکی نەرێنی بەکاردەهێنێت، هەربۆیە لە جیاتی بڵێت:

- ئەگەر سنورێکی بۆ دانەنێیت خراپ لەسەرت دەکەوێت.

باس خواس

دەڵێت:

- خراپ لەسەرت دەکەوێت ئەگەر سنورێکی بۆ دانەنێیت.

خواس باس

لە ئاستی سیمانتیکدا ئاخێوەر ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و پەیامەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاراستەی بەرامبەر دەکات، بۆئەوەی بە لوتکەی پرۆسەکە بگات، بۆ نموونە کاتێک دایکێک دەیەوێت کاریگەری لەسەر منداڵەکەی دروستبکات بۆ ئەوەی بەکارهێنانی (مۆبایل و ئایپاد) کەمبکاتەوە، پشت بەو پەیوەندییە واتاییە دەبەستێت لە ئاستی ستوونیدا و ئەو دەوروبەر و فاکتەرە لەبەرچاو دەگرێت، هەروها لەگەڵیدا سود لە زمانی جەستە دەبینێت وەک سەیرکردنی چاوی منداڵەکە بەئارامی هەروەها لەگەڵیدا جوڵانی دەست و پەنجەکانی بەشێوەیەکی بازنەیی، بۆئەوەی بتوانێت زیاتر هانی منداڵەکە بدات و سەرنجی بۆلای خۆی ڕابکێشێت، هەربۆیە دەڵێت:

باران گیان زۆرسەیرکردنی مۆبایل و ئایپاد چاوەکانت ← کوێر دەکات / کز دەکات / ئازار دەدات / وێراندەکات — ئاستی ستوونی

ئاشــــکرایە لێــــرەدا دایــــکەکە بەشـــێوەیەکی ســـیمانتیکییانە ســـەرنجی منـــداڵەکەی ڕاکێشـــاوە و دەیەوێــت لەڕێــگەی هەریەکە لەم وشــانە هــانی منــداڵەکەی بــدات بــۆ وازهێنــان لە بەکارهێنــانی (مۆبایــل و ئایپــاد). لە ئاســتی پراگماتیکیشــدا چوارچێــوەی بەکارهێنــان و ئەو دەوروبەرەی، کە ئاخاوتنەکــانی تێــدا ئەنجامــدەدرێت واتــا و مەبەســتی دەربڕاوەکــانی ئــاخێوەر ڕوونــدەبنەوە، بــۆ نموونە کاتێک مامۆستایەک لە پۆلدا ستایشی یەکێک لە خوێندکارەکانی دەکات و دەڵێت:

- چرا خوێندکارێکی زیرەک و عاقڵە.
- ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت دەبێتە یەکەمی سەر ئاستی خوێندنگاکەی.
- جێگەی شانازی خێزان و خوێنندگاکەیەتی.

هەریەکە لەم دەربڕینــانەی مامۆســتاکە بەپێــی دەوروبەرەکە بــۆئەوە نیــیە، کە ستایشــی (چــرا) بکــات، بەواتــایەکیتر مەبەســتی قســەکەر بــۆ لایەنە ســیمانتیکییەکەی ئەم ڕســتانە نیــیە، بەڵکــو دەیەوێــــت بەشــــێوەیەکی ناڕاســــتەوخۆ لەڕێــــگەی ئەم ستایشــــکردنانەوە ســــەرنجی خوێنــدکارەکانیتر ڕابکێشــێت و هانیانبــدات بــۆئەوەی ســەیری (چــرا) بــکەن و دواڕۆژێکــی گەشیان هەبێت، ئەمەش ئەو هێزەیە، کە ئاخێوەر لە کردەی ئاخاوتندا بەکاریدەهێنێت.

### ٢/٣-٧) سوێندخواردن:

یەکێکیتــر لە کــردە کۆمەڵایەتییەکــانی زمــان بــریتییە لە ســوێندخواردن، کە لە کــۆمەڵی کوردەواریــدا کردەیەکــی بــڵاوە و بەردەوام بەســەر زاری تاکەکــانی کــۆمەڵەوەیە و بــریتییە لە ســوێندخواردنی کەسێک، کە تێیــدا جەخــت لەســەر شــتێک، یــاخود کارێــک بەشــێوەیەکی ئەرێنــی، یــاخود نەرێنــی دەکــات، کە بەزۆری لەشــێوەی هەواڵگەیاندنــدا بەرچاودەکەوێــت، هۆکــاری ســوێندخواردنیش لە کــردەی ئاخاوتنــدا زۆرجــار دەگەڕێــتەوە بــۆ کەمبــوونی متمــانە لەنێــوان تاکەکــانی کۆمەڵــدا، یــاخود ڕاهــاتن و خوپێــوەگرتن، یــان نەهێشــتنی گومــان لە ڕاســتی و دروستی ئەو زانیارییانەی، کە دەریدەبڕین بەمەبەستی ڕازیکردنی بەرامبەر.

لە کــردەی ئاخاوتنــدا هەنــدێکجار قســەکەر بــۆئەوەی ســەرنجی گــوێگر بۆخــۆی ڕابکێشــێت پەنــا بــۆ ئەرکــی ســوێندخواردن دەبــات، لەم کردەیەشــدا پێویســتە ڕەچــاوی ئەرکــی زمــانی ئاخــــاوتنەکە لەســــەرجەم ئاســــتەکاندا بکرێــــت، لەهەمانکاتیشــــدا فــــاکتەرە کاریگەرەکــــان لەبەرچاوبگیرێــــت، بــــۆ نمــــوونە کاتێــــک باوکێــــک بیەوێــــت کــــاریگەری لەســــەر کــــوڕەکەی دروســــتبکات بەوەی، کە(جگەرەکێشــــان) کردەوەیەکــــی خــــراپە و زیــــان بە تەندروســــتی دەگەیەنێـت پەنــا بــۆ کــردەی ســوێندخواردن دەبــات بــۆئەوەی مەبەســتەکەی بپێکێـت، هەربــۆیە لێــرەدا بــاوکەکە بە لەبەرچــاوگرتنی لایەنــی دەنــگ لەڕووی بەرزی و نزمــی و شــەپۆلەکانی مێشــک و هێــز و هــارمۆنی و وەســتانی نێــوان دەربڕینەکــان کــردەکە ئەنجامــدەدات. لە کــردەی

ئاخاوتنـــدا ئـــاوازەی دەنــگ گرنگییەکـــی زۆری هەیە، بەشـــێوەیەک دەتوانرێــت ئەو دەربڕینـــانەی پێجیـــابکرێتەوە، کە بـــۆ مەبەســـتی ســـوێند بەکاردێـــت، بەجۆرێـــک هێـــزو ئـــاوازەیەکی بەرز دەخرێتەســـەر ئەو دەربـــڕینەی، کە بە ســـوێند بەکاردێـت، بەڵام لە ســـوێندی بێمەبەســـتدا هێـــز و ئـــاوازەیەکی ئاســـایی بەکاردێـــت، هەربـــۆیە کاتێـــک بـــاوکەکە دەیەوێـــت ســـەرنجی کـــوڕەکەی ڕابکێشێت دەڵێت:

- بەخوای باڵا دەست کوڕم جگەرەکێشان زیانێکی زۆر بەجەستەت دەگەیەنێت.
- بەخوای تاک و تەنیا ......
- بەزات و سیفەتی خوا......
- وەڵلا وەبیللا وە تەڵلا......

لێـــرەدا بەبەکارهێنـــانی هێـــزو ئـــاوازەیەکی بەرز لەســـەر وشـــەی (بەخـــوا)، بـــاوکەکە دەیەوێـــت کـــاریگەری لەســـەر کـــوڕەکەی دروســـتبکات، واتە بـــاوکەکە لەڕێـــگەی وشـــەی (بەخـــوا)، کە ســـــوێندێکە و ڕۆژانە تاکەکـــانی کۆمەڵگـــا بەکاریـــدەهێنن دەیەوێـــت ســـەرنجی کـــوڕەکەی ڕابکێشێت و ئەو باوەڕەی لا دروستبکات، کە (جگەرەکێشان) خراپە بۆ تەندروستی.

لە ئاســـتی وشەســـازیدا ئـــاخێوەر ئەو وشـــانە بەکاردەهێنێـــت، کە کـــاریگەرییەکی باشـــیان لەســـەر بەرامـــبەر هەیە، بـــۆ نمـــوونە هەنـــدێکجار کەســـایەتییە سیاســـییەکان لە شاشـــەی تیڤییەکـــانەوە دەردەکەون بـــۆ ئەوەی ســـەرنجی کەســـوکاری شـــەهیدان بـــۆلای خۆیـــان ڕابکێشـــن پەنـــا بـــۆ کـــردەی ســـوێندخواردن دەبەن، بـــۆئەوەی بتـــوانن کـــاریگەری زیـــاتر لەســـەریان دروستبکەن، هەربۆیە دەڵێن:

- بە گۆڕی شەهیدان، بەخوێنی شەهیدان، بە مەزاری شەهیدان، بەپیرۆزی شەهیدان

ئاشـــکرایە بەکارهێنـــانی هەریەکە لەم وشـــانە بەشـــێوەی ســـوێندخواردن لەلایەن قســـەکەرەوە بـــۆ مەبەســـتێکە و دەیەوێـــت لەم ڕێـــگەیەوە ســـەرنجی کەســـوکاری شـــەهیدان بۆخـــۆی ڕابکێشـــێت و ئاسانتر بە مەبەستەکەی بگات.

لە ئاســـتی ڕستەســـازیدا قســـەکەر ســـود لە چەمکـــی (بـــاس و خـــواس) دەبینێـــت و ئەو کەرەســـتەیە پێشـــدەخات، کە جـــێگەی بایەخپێـــدانی گـــوێگرە، بـــۆ نمـــوونە کاتێـــک کەســـێک دەچێـــتە چێشـــتخانەیەک و پرســـیار لە خـــاوەنی چێشـــتخانەکە دەکـــات، کە ئایـــا لە ئامـــادەکردنی خواردنەکانیانـــدا (گۆشـــتی زینـــدوو- تـــازە) بەکـــاردەهینن، خـــاوەن چێشـــتخانەکەش بەلەبەرچـــاوگرتنی فـــاکتەری ئـــایني و بەســـودبینین لە کـــردەی ســـوێندخواردن دەیەوێـــت سەرنجی گوێگر ڕابکێشیت و بە ئامانجەکەی بگات هەربۆیە لەجیاتی بڵێت:

- (بەخوا، بەقورئان، بە پێغەمبەر) برا گیان  گۆشتی زیندوو(تازە) بەکاردەهێنین.

باس  خواس

- (بەتەڵاقم، بەشەرەفم، بەناموسم) برا گیان  گۆشتی زیندوو(تازە) بەکاردەهێنین.

باس  خواس

دەڵێت:

- گۆشتی زیندوو(تازە) بەکاردەهێنین  (بەخوا، بەقورئان، بە پێغەمبەر) برا گیان.

خواس  باس

- گۆشتی زیندوو(تازە) بەکاردەهێنین  (بەتەڵاقم، بەشەرەفم، بەناموسم) برا گیان.

خواس  باس

لە ئاستی سیمانتیکدا قسەکەر بەرەچاوکردنی کەشی ئاخاوتنەکان پەیامەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاراستەی گوێگر دەکات، بۆئەمەش رەچاوی پەیوەندیی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و سود لە پەیوەندی هاوواتایی دەبینێت، بۆئەوەی کاریگەری لەسەر گوێگر دروستبکات، بۆ نموونە کاتێک باوکێک بە منداڵەکەی دەڵێت:

- تۆ پەنجەرەی ماڵی کاک نەوزادت شکاندووە؟

لە وەڵامدا منداڵەکە دەڵێت:

- بەخوا باوکە من نەمشکاندووە.
- بەقورئان باوکە من نەمشکاندووە.  ← پەیوەندیی هاوواتایی ستوونی
- بەپێغەمبەر باوکە من نەمشکاندووە.
- بەماڵی خوا باوکە من نەمشکاندووە.

لێرەدا منداڵەکە لەرێگەی کردەی سوێندخواردنەوە دەیەوێت سەرنجی باوکی رابکێشێت، بۆئەوەی باوەڕی پێبکات، بۆئەمەش سود لەم وشانە دەبینێت، کە کاریگەری لەسەر باوکەکە دروستدەکات.

لە ئاستی پراگماتیکدا قسەکەر بەرەچاوکردنی دەوروبەری ئاخاوتنەکە پەیامەکەی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاراستەی گوێگر دەکات، بۆ نموونە کاتێک خوێندکارێک لە پۆلدا بە مامۆستاکەی دەڵێت:

- ببورە مامۆستا گیان، بەخوا پۆلەکە زۆر گەرمە.
- بەقورئان مامۆستا گیان سوتاین.

لێــرەدا خوێنــدکارەکە بەپێــی دەوروبەر مەبەســتی لەوە نیــیە، کە هەواڵــی گەرمــی پــۆلەکە بە مامۆســتاکە بــدات، بەڵکــو دەیەوێــت بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆو بە ســودبینین لە کــردەی سـوێندخواردن سـەرنجی مامۆسـتاکەی ڕابکێشـێت بـۆئەوەی پێـی بڵێـت دەرگـاکە بکـاتەوە، یـان پـانکەکە دابگیرسـێنێت، یـاخود مەبەسـتی لەوە بێـت، کە زوو وانەکە کۆتـایی پێبهێنێـت، چـونکە ژوورەکە گەرمە، بێگومان هەریەکە لەم مەبەستانەش دەروبەرەکە ڕوونیدەکاتەوە.

## ٨-٢/٣) خۆهەڵکێشان:

خۆهەڵکێشـــان کردەیەکـــی تـــری کـــۆمەڵایەتییە و بـــریتییە لەوەی، کە قســـەکەر تێیـــدا هەڵدەسـتێت بە ستایشـکردنی خـودی خـۆی، بـۆئەوەی وەک کەسـێکی لێهـاتوو و شـارەزا و بەتوانـا دەربکەوێـت، واتە خۆهەڵکێشـان بـریتییە لە پیاهەڵـدان بە شـانو بـاڵی خـودی قسـەکەر خــۆی، کە تێیــدا بەشــێوەیەکی ئەرێنــی ستایشــی خۆیــدەکات، لەم کردەیەشــدا دەشــێت خۆهەڵکێشـانەکە لەسـەر بنەمـای ڕاسـتی، یـاخود ناڕاسـتی بێـت. بەشـێوەیەکی گشـتی کـردەی خۆهەڵکێشـان لە کۆمەڵگـای کوردیـدا بە پەسـەند نازانرێـت، چـونکە زۆربەی کـات دەبێـتە هـۆی بێـزاری کەسـی گـوێگر، لەکـردەی ئاخاوتنـدا هەنـدێکجار نێـرەر بـۆئەوەی سـەرنجی وەرگـر ڕابکێشـێت سـود لە کـردەی خۆهەڵکێشـان دەبینێـت، لەم کردەیەشـدا لەسـەر ئـاخێوەر پێویسـتە ڕەچـاوی لایەنـی ئەرکـی زمـانی ئاخـاوتنەکە بکـات، هەروەهـا یەکێـک لەفـاکتەرە کاریگەرەکـان لەبەرچاوبگرێـت لەپێنـاو دروسـتکردنی کـاریگەری لەسـەر بەرامـبەر، بـۆ نمـوونە کاتێـک کەسـێک بــۆ چــاوپێکەوتنی کــار لەگەڵ کۆمپانیــایەک دادەنیشــێت و دەیەوێــت لەگەڵ ئەو کۆمپانیــایە کاربکـات، بـۆئەمەش پشـت بە فـاکتەری ڕۆشـنبیری دەبەسـتێت، هەروەهـا لەگەڵیـدا سـود لە کـردەی ڕێزگـرتن و نازنـاو دەبینێـت، کە بـۆ بەرامـبەر جـێگەی بـایەخە، لەهەمانکاتیشـدا ڕەچـاوی لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکاندا دەکات بەمشێوەیە:

لە ئاسـتی دەنگـدا سـود لە ئـاوازەیەکی جۆراوجـۆر دەبینێـت، واتە ئـاوازەو پـلەی دەنگـی لە ئاســتێکدا دەبێــت، کە نەزۆر بەرز و نەزۆر نــزم، هەروەهــا لەگەڵیــدا هێــز و وەســتانی نێــوان دەربڕینەکــانی بە وریــایی بەکاردەهێنێــت، جــگە لەمەش ســود لە زمــانی جەســتەش بەوردی دەبینێـت، چـونکە جـوڵە جەسـتەییەکان زۆر شـت دەربـارەی مـرۆڤ ئاشـکرادەکەن، وەک قـاچ لەسـەر قـاچ دانـان، کە هێمـایەکە بـۆ متمـانە بەخۆبـوون، واتە دەیەوێت لەم ڕێـگەیەوە گـاریگەری زیـاتر لەسـەر بەرامـبەر دروسـتبکات، ئاشـکرایە لەدوای کـۆنترۆڵکردنی دەنـگ کـاریگەری وشـە دەســتپێدەکات، هەبــۆیە لەم ئاســتەدا پێویســتە قســەکەر هــاوڕێیەتی نێــوان وشــەکان و ئەو دەوروبەرە لەبەرچاوبگرێـــت، کە وشـــەکانی تێـــدا بەکاردەهێنرێـــت، چـــونکە وشـــە بە

کەرەستەیەکی گرنگ لە کوردەی ئاخاوتندا ئەژماردەکرێت، لەبەرئەوە سود لەو وشانە دەبینێت، کە بۆ بەرامبەر جێگەی بایەخە، وەک دەڵێت:

- زمانزانین
- کۆنفرانس و ۆرکشۆپ
- بڕوانامە
- ئەزموونی کار
- خوێندن لە دەرەوەی وڵات

ئاشکرایە، بەکارهێنانی هەریەکە لەم وشانە بۆ بەرامبەر بەهایەکی هەیە و ئاخێوەر بە سود بینین لەم وشانە، کە خۆهەڵکێشانە دەیەوێت سەرنجی بەرامبەرەکەی زیاتر ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لەئاستی ڕستەسازیشدا قسەکەر لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر چەمکی (باس و خواس) پێچەوانە دەکاتەوە بۆئەوەی بتوانێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت، هەبۆیە لەجیاتی بڵێت:

- <u>کاک (......)ی بەڕێز</u>   <u>دەتوانم بە سێ زمان قسەبکەم.</u>

باس   خواس

دەڵێت:

- <u>دەتوانم بە سێ زمان قسەبکەم</u>  <u>کاک (......)ی بەڕێز.</u>

خواس   باس

یان لە جیاتی بڵێت:

- <u>دە ساڵ ئەزموونی کارکردنم</u>   <u>لەگەڵ کۆمپانیای (..........)هەیە.</u>

باس   خواس

دەڵێت:

- <u>لەگەڵ کۆمپانیای (.........)</u>   <u>دە ساڵ ئەزموونی کارکردنم هەیە.</u>

خواس   باس

لە ئاستی سیمانتیکیشدا ئاخێوەر بۆئەوەی پەیامەکانی بەڕوونی بە بەرامبەر بگات پەنا بۆ دەروازەی ڕاستەوخۆ دەبات و لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆخۆی ڕابکێشێت بۆئەمەش ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) وشەکان دەکات، واتە

لەم ئاستەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ئاشکرا لەڕێگەی کردەی خۆهەڵکێشانەوە سەرنجی بەرامبەری ڕادەکێشێت بۆئەوەی بە ئامانج و مەبەستەکەی بگات.

لە ئاستی پراگماتیکدا لەسەر قسەکەر پێویستە ڕەچاوی دەوروبەری ئاخاوتنەکان بکات، بۆ ئەمەش پشت بە دەروازەی ناڕاستەوخۆ دەبەستێت، واتە لەم ئاستەدا دەربڕینەکان بەپێی دەوروبەری ئاخاوتنەکەو لێکدانەوەی قسەکەرو گوێگر دەگۆڕێت، هەربۆیە سود لە شێوازێکی فەرمی پڕ لە ڕێز وەردەگرێت بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات و بەمەبەستەکەی بگات، هەربۆیە دەڵێت:

- کاک(.....) بەڕێز من یەکەم کەسم بڕوانامەی باڵام لەو بوارەدا هەبێت.
- ئەمە بواری خۆمە و هیچ کەسێک وەک منی لێنازانێت.
- ئەم بەرهەمەی لە کۆمپانیای (.....) ناوبانگی پەیدا کرد بیرۆکەکەی هی من بوو.
- لە ئێستادا چەندین پرۆژەم هەیە، کە کاریان تێدا دەکەم.

ئاشکرایە هەریەکە لەم دەربڕینانە بەپێی باروۆخی ئاخاوتنەکە قسەکەر بۆ واتا سیمانتیکییەکەی بەکاری نەهێناون، بەڵکو دەیەوێت پراگماتیکییانە هێزی ڕاکێشان بۆ کردەی خۆهەڵکێشان بەکاربهێنێت و بە ئامانجەکەی بگات، ئەمەش ئەو هێزەیە، کە لە کردەی ئاخاوتندا پەیڕەودەکرێت.

### ٢/٣-٩) هێرشکردن:

هێرشکردن یەکێکیترە لە کردە کۆمەڵایەتییەکانی زمان و بریتییە لە هەڵچوونێکی دەرونیی، کە تێیدا قسەکەر پەنا بۆ هەندێک دەربڕین دەبات، کە زۆر توند و بریندارکەرە. لە هێزی ڕاکێشاندا زۆرکات کەشی ئاخاوتنەکان وادەخوازێت، کە ئاخێوەر بۆئەوەی سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێت پەنا بۆ کردەی هێرشکردن ببات و لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات و بگات بەو ئامانج و مەبەستەی، کە خۆی دەیەوێت. لەم کردەیەشدا بۆئەوەی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان سەرکەوتوو بێت، پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکان و، هەروەها فاکتەرە کاریگەرەکانی سەر هێزی ڕاکێشان لەنێوان ئاخێوەراندا بکرێت، بۆئەوەی پرۆسەکە بە ئامانج بگات، بۆ نموونە لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا پارتە (ئۆپۆزسیۆن)ەکان زۆر سود لەم کردەیە دەبینن، بۆئەوەی سەرنجی زۆرترین دەنگدەر بۆلای خۆیان ڕابکێشن، بۆ ئەمەش ڕەچاوی لایەنی دەرونی و ئابوری دەنگدەران دەکەن، بۆئەوەی سەرکەوتنی پرۆسەکە مسۆگەر بکەن و بە ئامانجەکانیان بگەن، بەمشێوەیە لە ئاستی دەنگدا بانگەشەکاران سود لە پلەیەکی دەنگی بەرز دەبینن، هەروەها سود لە جۆری دەنگی ئەو کەسانە دەبینن، کە لە

نــاو کۆمەڵگــادا کاریگەرییــان زۆرە، جــگەلەمەش زۆر بەوردی کــار لەســەر شــەپۆلەکانی مێشــکی بەرامـــبەر دەکەن و هەوڵـــدەدەن لەرەی مێشـــکی بەرامبەرەکەیـــان بگەیەنـــن بە قۆنـــاغی (ئەلفـــا)، چـــونکە لەم قۆنـــاغەدا هەردووڵای مێشـــکی مـــرۆڤ لە پشـــوودایە و ئامـــادەیە بـــۆ بڕیـــاردان، بێگومـــان کـــارلێکەر هێـــز و وەســـتانی نێـــوان دەربڕینەکـــانیش لەیادناکـــات، چـــونکە ڕۆڵ و کــاریگەرییەکی زۆریــان لە پرۆســەی هێــزی ڕاکێشــاندا هەیە، هەربــۆیە ئاســتی دەنــگ گرنگییەکــی زۆری هەیە و کارلێکەر سودێکی زۆری لێدەبینێت، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی.

لە ئاســتی وشەسازیشــدا بێگومــان ئــاخێوەر ســود لەو وشــانە دەبینێــت، کە کــاریگەرییەکی زۆریـــان لەســـەر بەرامـــبەر هەیە، بـــۆئەمەش ڕەچـــاوی هـــاوڕێیەتی و واتـــای دەوروبەری وشـــەکان دەکەن، بـــۆئەوەی زۆرتـــرین کـــاریگەری لەســـەر بەرامبەرەکانیـــان دروســـتبکەن، وەک وشــەی (میلیشــیا، دەســکەلای حــزب، پــارێزەری بنەمــاڵە، ســەرۆکی مــاوە بەســەرچوو، حکــومەتی کـــاربەڕێکەر، حزبـــی بنەمـــاڵە، نیومـــوچە، میـــدیای ســـێبەر، گەنـــدەڵ، بنـــدیوار، خـــۆفرۆش، خاکفرۆش.....هتـــد)، دیـــارە هەریەکە لەم وشـــانە واتـــایەکی کاریگەرییـــان هەیە و حـــزبە ئۆپۆزســـیۆنەکان وەک هێرشـــکردن بەرامـــبەر بە حـــزبە دەســـەڵاتدارەکان بەکاریـــدەهێنن و لەم ڕێگەیەشەوە دەنگی کەسانێکی زۆر بۆخۆیان ڕادەکێشن و بە ئامانجەکانیان دەگەن.

لە ئاســتی ڕستەسازیشــدا قســەکەر لەپێنــاو دروســتکردنی کــاریگەری لەســەر گــوێگر چەمکــی (بــاس و خــواس) پــێچەوانە دەکــاتەوە و ئەو کەرەســتەیە دەکــات بە ســەرتۆپی باســەکەی، کە بــۆ بەرامبەر بەهادارە، هەربۆیە لەجیاتی بڵێت:

- <u>ئەگەر ئێمە دەسەڵات بگرینە دەست</u> <u>تاڵانی نەوت ڕادەگرین</u>.

باس خواس

دەڵێت:

- <u>تاڵانی نەوت ڕادەگرین</u> <u>ئەگەر ئێمە دەسەڵات بگرینە دەست</u>.

خواس باس

یان لە جیاتی بڵێن:

- <u>ئەگەر متمانە بەلیستەکەمان بدەن</u> <u>موچە پاشەکەوتکراوەکانتان بۆ دەگەڕێنینەوە</u>.

باس خواس

دەڵێن:

- موچە پاشەکەوتکراوەکانتان بۆ دەگەڕێنینەوە ئەگەر متمانە بەلیستەکەمان بدەن.

خواس باس

ئاشکرایە هەریەکە لەم دەربڕینانە کاریگەری زۆریان لە سەر تاکی کورد هەیە و کارلێکەر لەڕێگەی کردەی هێرشکردنەوە دەیەوێت کاریگەری لەسەر گوێگر دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی سیمانتیکیشدا کارلێکەر لەپێناو دروستکردنی زۆرترین کاریگەری پەیامەکانی بەشێوەیەکی سیمانتیکی بەرهەمدەهێنێت و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆخۆی ڕابکێشێت، بێگومان بۆئەمەش ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و بەشێوەکی ئاشکرا سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت هەربۆیە دەڵێت:

- ئێوە متمانەمان پێبدەن بۆئەوەی ئێمەش گەندەڵی نەهێڵین.
- کوردستان لە دەستی جووت بنەماڵە ڕزگاردەکەین.
- میدیای سێبەر لەم وڵاتەدا ناهێڵین.
- سیستەمی نیو موچە لادەبەین.

لە ئاستی پراگماتیکدا قسەکەر بە ڕەچاوکردنی دەوروبەری ئاخاوتنەکان پەیامەکەی بەرهەمدەهێنێت و پراگماتیکییانە لەڕێگەی کردەی هێرشکردنەوە سەرنجی گوێگرەکەی بۆخۆی ڕادەکێشێت هەربۆیە دەڵێت:

- کوردستان پێویستی بە کەسانی خۆفرۆش و خاکفرۆش نییە.
- کوردستان پێویستی بە دەموچاوی تازە و عەقڵی تازە هەیە.
- سەردەمی فرۆشتنەوەی خەباتی شاخ بەسەرچوو.

بێگومان لە هەریەکە لەم دەربڕینانەدا ئاخێوەر دەیەوێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەرنجی زۆرترین دەنگدەر بۆ خۆی ڕابکێشێت و بەو ئامانجە بگات، کە مەبەستییەتی.

## ٢/٣-١٠) توانج و تانە:

یەکێکیتر لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، بریتییە لە توانج وتانە، کە لەزۆربەی کایەکانی ژیانی ڕۆژانەی هەرتاکێکدا بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر ڕەگەزی مێ و لەناو ئەم ڕگەزەشدا زیاتر بەتەمەنەکان بەکاریدەهێنن، لە هێزی ڕاکێشاندا زۆرجار قسەکەر بۆئەوەی سەرنجی گوێگر بۆخۆی

ڕابکێشیێت پەنا بۆ کردەی توانج و تانە دەبات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، بەشێوەیەکی گشتی توانج و تانە بە کردەیەکی شیاو لەکۆمەڵگادا دانانرێت. لە کردەی ئاخاوتندا بۆئەوەی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان سەرکەوتوو بێت، پێویستە لەسەر نێرەر ڕەچاوی لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکان، هەروەها فاکتەرە کاریگەرەکانیش لەیاد نەکات، بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات، بۆ نموونە کاتێک خەسویەک دەیەوێت سەرنجی بوکەکەی ڕابکێشیێت، کە چەند ساڵێکە هاوسەرگیری کردووە، بەڵام منداڵی نییە، لێرەدا قسەکەر پەنا بۆ کردەی توانجدان دەبات، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بە ئامانجەکەی بگات، بۆ ئەمەش یەکەم هەنگاو، کە سودی لێدەبینێت ئاستی دەنگسازییە، چونکە لەم ئاستەدا هەریەکە لە (هێز و ئاوازە و وەستان و پلەی دەنگ و جۆری دەنگ)ەکە کاریگەرییەکی زۆرییان لە گەیاندنی واتاو مەبەستەکانی قسەکەردا هەیە، بۆیە قسەکەر یەکەم هەنگاوی بە کۆنترۆڵکردنی دەنگی دەستپێدەکات و دەڵێت:

- جا ڕۆڵە گیان ژن تاوەکو منداڵیکی نەبێت کوا پێی دەوترێت ژن!
- ڕەفیقی تۆ خاوەنی دە منداڵە.

لە ئاستی وشەسازیشدا لەسەر ئاخێوەر پێویستە ڕەچاوی هاوڕێیەتی نێوان وشەکان و واتای دەوروبەری وشەکان بکات، بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، هەربۆیە لەم ئاستەدا قسەکەر گوڵبژێری کۆمەڵێک وشەی کاریگەر و مەبەستدار دەکات لەپێناو گەیشتن بە لوتکەی پرۆسەکە وەک( نەزۆک، داری بێبەر، سەر بێ ڕسق)، بێگومان هەریەکە لەم وشانە جگە لەواتای فەرهەنگی واتایەکی دەوروبەرییان هەیە، ئاخێوەر لە هێزی ڕاکێشاندا بۆ کردەی توانجدان سودیان لێدەبینێت. هەروەک دەڵێت:

- ژنی بێ منداڵ وەک <u>داری بێبەر</u> وایە.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا کاتێک ئاخێوەر بیەوێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشیێت چەمکی (باس و خواس) پێچەوانە دەکاتەوە و ئەو کەرەستەیە بە لوتکە دەکات، کە بۆ بەرامبەر جێگەی بایەخە و لەم ڕێگەیەوە هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات، بۆیە لەجیاتی بڵێت:

- <u>هەتا ماوین ناتوانین ببین بە داپیرەو باپیرە</u> <u>لەسایەی سەری تۆوە.</u>

باس خواس

دەڵێت:

- لەسایەی سەری تۆوە هەتا ماوین ناتوانین ببین بە داپیرە و باپیرە.

خواس باس

یان لەجیاتی بڵێت:

- هەموو منداڵێک خێرو بەرەکەتی خۆی لەگەڵدایە.

باس خواس

دەڵێت:

- خێرو بەرەکەتی خۆی لەگەڵدایە هەموو منداڵێک.

خواس باس

ئاشکرایە هەریەک لەم دەربڕینانەی سەرەوە قسەکەر بۆ مەبەستی توانجدان لەبەرامبەر بەکاریهێناوە و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە سەرنجی ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی سیمانتیکیشدا چوارچێوەی ئاخاوتنەکان ڕۆڵ دەگێڕن لەوەی، کە قسەکەر پەیامەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا و بێ هیچ پێچ و پەنایەک ئاڕاستەی گوێگر بکات و بەو مەبەستە بگات، کە خۆی دەیەوێت، بۆ ئەمەش ڕەچاوی پەیوەندی واتایی(ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و پەیامەکە دەنێرێت، بەشێوەیەک ئەگەر گوێگرەکە، کە (بووک)ەکەیەتی منداڵی هەبێت و قسەکەر، کە خەسووەکەیە بیەوێت کاریگەری لەسەر بووکەکەی دروستبکات ڕاستەوخۆ دەیەوێت لەڕێگەی توانجدانەوە سەرنجی ڕابکێشێت، هەربۆیە دەڵێت:

- بەخوا ڕۆڵە منداڵ وا بەخێوناکرێت.
- ژنی بە منداڵ پێویستە هەموو ڕۆژێک زوو لە خەو هەستێت.
- مادام تاقەتی منداڵ بەخێوکردنت نەبوو بۆچی شوت کرد.

دیارە لێرەدا ئاخێوەر هەریەکە لەم دەربڕینانەی بۆ مەبەستی توانجدان بەکارهێناوەو دەیەوێت لەڕێگەی ئەم کردەیەوە سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و بە مەبەستەکەی بگات.

لە ئاستی پراگماتیکیشدا ئاخێوەر بە ڕەچاوکردنی دەوروبەری ئاخاوتنەکان پەیامەکانی بەشێوەیەکی پراگماتیکی (ناڕاستەوخۆ) ئاراستەی بەرامبەر دەکات و دەیەوێت لە ڕێگەی کردەی توانجدانەوە سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕابکێشێت و پرۆسەکە بەرەو لوتکە ببات، هەربۆیە لەم ئاستەدا ئاخێوەر، کە (خەسو)ەکەیە دەڵێت:

- نە کابانە نە سەردار.

- داری بێبەر بۆ بڕینەوە باشە.
- خوایە تاوانمان چیبوو وات بەسەرهێنانین.
- ئەڵێی نیسکە بەرو پشتی نییە.

ئاشــکرایە هەریەکە لەم دەربــڕاوانە بــۆ مەبەســتە ســیمانتیکییەکانیان بەکارنەهــاتوون، بەڵکــو پراگماتیکییــانە بــۆ مەبەســتێک بەکارهــاتوون، کە ئەویــش توانجــدانە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە. کە پرۆســەی هێــزی ڕاکێشــان هەر بەئەرێنــی کارناکــات، بەڵکــو زۆرجــار بەشــێوەیەکی نەرێنــی بەکاردەهێنرێــت و تەنهــا لایەنێــک لێــی ســودمەند دەبێــت، وەک لە کــردەی توانجدانــدا خرایەڕوو.

## ٣/٢-١١) داواکردن:

داواکــردن ئەرکێکــی تــری زمــانە و بــریتییە لە وەی، کە قســەکەر داواکــارییەک لە گــوێگر دەکــات، کە کارێــک ئەنجامبــدات. لەم ئەرکەی زمانــدا پــلەو پــایە و ئاســتی ڕۆشــنبیری قســەکەرو گــوێگر کاریگەرییــان لە چــۆنیەتی شــێوازی دەربڕینەکانــدا هەیە، بەشــێوەیەک دەشــێت نێــرەر و وەرگــر لە پلەوپــایەدا یەکســان بــن، یــاخود دەشــکرێت جیــاوازبن، بــوونی ئەم یەکســانی و جیــاوازییەی نێــوان (نێــرەرو وەرگــر)یش ڕاســتەوخۆ ڕەنگــدانەوەی لە شــێوازی دەربڕینەکانــدا دەبێــت. لە هێــزی ڕاکێشــاندا هەنــدێکجار ئــاخێوەر بــۆئەوەی بتوانێــت کــاریگەری لەســەر بەرامــبەر دروســتبکات، پەنــا بــۆ ئەم کــردەیە دەبــات، بەجۆرێــک ئەگەر قســەکەر لەڕووی پلەوپــایەوە لە گــوێگر بەرزتــر بــوو، ســود لە زمــانێکی بەهێــز دەبینێــت، بەڵام ئەگەر بە پــێچەوانەوە بــوو ئەوە ســود لە زمــانێکی بێهێــز دەبینێــت، بێگومــان بــۆئەوەی ئەم کــردەیەش ســەرکەوتوو بێــت، لەســەر ئــاخێوەر پێویســتە ڕەچــاوی لایەنــی ئەرکــی زمــانی ئاخــاوتنەکە لەســەرجەم ئاســتەکاندا بکــات، هەروەهــا فــاکتەرە کاریگەرەکــانیش لەیــاد نەکــات، بــۆ نمــوونە کاتێــک خوێنــدکارێکی زانکــۆ دەچێــت بــۆ کتێبخــانە بــۆ وەرگرتنــی کۆمەڵێــک ســەرچاوەی تایبەتمەنــد بە تــوێژینەوەکەی، لێــرەدا ئــاخێوەر بــۆئەوەی بتوانێــت کــاریگەری لەســەر بەرامــبەرەکەی دروســتبکات، ســود لە شــێوازێکی پــڕ لە ڕێــز و فەرمــی دەبینێــت، کە بــۆ بەرامــبەر بەهــایەکی گرنگــی هەیە، هەروەهــا لەگەڵیــدا ڕەچــاوی لایەنــی ئەرکــی زمــانیی ئاخاوتنەکە دەکات، لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەکەدا بەمشێوەیە:

لە ئاســتی دەنگســازیدا لەســەر کــارلێکەر پێویســتە ڕەچــاوی لایەنــی دەنگــی بکــات، بەجۆرێــک ئــاوازەی دەنــگ یەکەم هەنگــاوە، کە کــارلێکەر ســودی لێــدەبینێت، چــونکە کــۆنترۆڵکردنی هەریەکە لە بەرزی و نزمــی دەنــگ و هێــزو هــارمۆنی و شــەپۆلەکانی دەنــگ و جــۆری دەنــگەکە، ڕۆڵێکــی گەورە دەگێــڕن لە ســەرکەوتنی پرۆســەکەدا و ئــاخێوەر لە گەیشــتن بە ئامــانجەکەی

نزیکتـر دەکەنەوە، لەهەمانکاتـدا بەکارهێنـانی هێـزو وەسـتانی نێـوان دەربڕینەکـان بەشـێوەیەکی زیرەکانە کاریگەرییەکی زۆری لە پرۆسەکەدا دەبێت، هەربۆیە خوێندکارەکە دەڵێت:

- ببورە کاک ئارامی بەڕێز دەتوانم ئەم سەرچاوەیەم بۆ ماوەی هەفتەیەک لەلا بێت؟
- بەیارمەتیت بەڕێزم کتێبخانە تا کاتژمێر چەند کراوەیە؟

لێـرەدا ئـاخێوەر ئەم دەربڕینـانەی بـۆ مەبەسـتی پرسـیارکردن بەکارنەهێنـاوە، بەڵکـو دەیەوێـت بەلەبەرچـاوگرتنی لایەنـی دەنگـی و، هەروەهـا بەکارهێنـانی شـێوازێکی پـڕ لە ڕێـز و فەرمییـانە سـەرنجی بەرامـبەرەکەی بـۆ ئەرکـی داواکـردن بەکاربهێنێـت و لەم ڕێـگەیەوە کـاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاسـتی وشەسازیشـدا لەدوای دەنـگ کـاریگەری وشـە دەسـتپێدەکات، هەربـۆیە لەم ئاسـتەدا ئـاخێوەر ئەو وشـانە بەکاردەهێنێـت، کە واتـایەکی کاریگەرییـان هەیە، بـۆئەمەش پشـت بە هـاوڕێیەتی وشـەکان و واتـای دەوروبەی وشـەکان دەبەسـتێت لەپێنـاو سـەرکەوتنی پرۆسـەکەدا، هەربـۆیە گـوڵبژێری کۆمەڵێـک وشـەی وەک( دەتـوانم، دەکرێـت، بەیارمەتیـت، ببـورە، ئاسـاییە، پـێم خۆشـە، حەزدەکەم....هتـد)، ئاشـکرایە هەریەکە لەم وشـانە بـۆ بەرامـبەر جـێگەی بـایەخن و ئـاخێوەر لەپێنـاو گەیشـتن بە ئامـانجەکەی سـودێکی زۆریـان لێـدەبینێت، وەک دەڵێت:

- <u>ئاساییە</u> چەند پەرتوکێک بەسەریەکەوە ببەم؟
- <u>ببورە</u> <u>دەکرێت</u> بەبێ بوونی ناسنامە پەرتوکەکان ببەم؟

لە ئاسـتی ڕستەسازیشـدا ئـاخێوەر بەو کەرەسـتەیە دەسـتپێدەکات، کە جـێگەی بایەخپێـدانی بەرامـبەرە، هەربـۆیە لەم ئاسـتەدا چەمکـی (بـاس و خـواس) پـێچەوانە دەکـاتەوە و ئەو کەرەستەیە بە ترۆپک دەکات، لەپێناو سەرنجڕاکێشانی بەرامبەردا هەربۆیە لەجیاتی بڵێت:

- <u>ببورە دەوامی ئێرە</u>   <u>ڕۆژانە کاتژمێر چەند دەستپێدەکات؟</u>

باس                    خواس

دەڵێت:

- <u>ببورە ڕۆژانە کاتژمێر چەند</u>   <u>دەوامی ئێرە دەستپێدەکات؟</u>

خواس                    باس

یان لەجیاتی بڵێت:

- <u>دەتوانم ئەم سەرچاوەیەم</u>  <u>بۆماوەی هەفتەیەک لەلابێت؟</u>

باس خواس

دەڵێت:

- دەتوانم بۆماوەی هەفتەیەک ئەم سەرچاوەیەم لەلابێت؟

خواس باس

ئاشکرایە هەریەکە لەم دەربڕینانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر گوێگر هەیەو قسەکەر بۆ مەبەستی سەرنجراکێشانی گوێگر بۆ ئەرکی داواکردن سودیان لێدەبینێت و لەم ڕێگەیەوە هەلی سەرکەوتنی پرۆسەکە زیاد دەکات.

لە ئاستی سیمانتیکدا ئاخێوەر بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات پەیامەکانی بەشێوەیەکی سیمانتیکییانە ئاڕاستەی بەرامبەر دەکات، بۆئەمەش لەم ئاستەدا ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەکەدا هەربۆیە دەڵێت:

- بەیارمەتیت ئەم دوو سەرچاوەیەم دەوێت دەتوانیت بۆم بهێنیت.
- کاک(......) ی بەڕێز پێم باشە هەریەکە لەم سەرچاوانەش زیادبکەن لە کتێبخانەکەدا، چونکە خوێندکارێکی زۆر لێی سودمەند دەبێت.
- یارمەتی هەیە ئەم کتێبە ببەم.

دیارە لێرەدا ئاخێوەرەکە بەڕەچاوکردنی شێوازێکی زمانیی ڕێزدارانە و بەشێوەیەکی ئاشکرا سەرنجی بەرامبەرەکەی بۆ ئەرکی داواکردن ڕاکێشاوە و لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی.

لە ئاستی پراگماتیکیشدا قسەکەر سود لەو دەوروبەرە دەبینێت، کە ئاخاوتنەکانی تێدا ئەنجامدەدریت، هەربۆیە لەم ئاستەدا نێرەر پەیامەکانی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەرگر دەکات و دەیەوێت پراگماتیکییانە سەرنجی وەرگر بۆ کردەی داواکردن ڕابکێشێت، هەربۆیە دەڵێت:

- خۆزگە کاک (....) ی بەڕێز پێگە ئەلیکترۆنییەکەتان کاراتر دەبوو، چونکە خوێندکارێکی زۆر لێی سودمەند دەبوون.
- خۆزگە دەمتوانی بەبێ بوونی ناسنامەکەم ئەم سەرچاوانەم ببردایە.
- حەزمدەکرد لەهەموو بوارەکاندا ئەم کتێبخانەیە دەوڵەمەندتر بووایە.

بێگومـــــان له هەریەکە لەم دەربڕینـــــانەی ســــــەرەوەدا ئـــــاخێوەر ڕەچـــــاوی دەوروبەری ئاخاوتنەکـــانی کـــردووە، هەربـــۆیە ســـودی لە دەروازەی ناڕاســـتەوخۆ وەرگرتـــووە و دەیەوێـــت لەم ڕێـــگەیەوە ســـەرنجی بەرامـــبەرەکەی بـــۆ کـــردەی داواکـــردن ڕابکێشـــێت و بە مەبەســـتەکەی بگات.

## ١٢-٢/٣) تکاکردن:

یەکێکیتـــر لە ئەرکەکـــانی زمـــان بـــریتییە لە تکـــاکردن، کە لەزۆربەی بـــۆنە کۆمەڵایەتییەکانـــدا بەکاردەهێنرێـــت و تێیـــدا قســـەکەر تکـــا لە گـــوێگر دەکـــات، کە کارێـــک ئەنجامبـــدات، یـــاخود ئەنجـــامنەدات. لەم کـــردەیەدا دیـــاردەی ڕێزگـــرتن زۆر بەکاردەهێنرێـــت، کە ئەمەش دەوەســـتێتە ســـەر ئاســـتی ڕۆشـــنبیری قســـەکەر و گـــوێگر، لەکـــردەی ئاخاوتنـــدا هەنـــدێکجار نێـــرەر بـــۆئەوەی ســـەرنجی وەرگـــر ڕابکێشـــێت پەنـــا بـــۆ کـــردەی تکـــاکردن دەبـــات و لەم ڕێـــگەیەوە دەیەوێـــت کـــــاریگەری لەســـــەر بەرامـــــبەر دروســـــتبکات و بە مەبەســـــتەکەی بگـــــات. لە پرۆســـــەی پەیوەندیکردنـــدا بـــۆئەوەی هێـــزی ڕاکێشـــان بە ئاســـتێکی بـــاڵا بگـــات، لەســـەر ئـــاخێوەر پێویســـتە ڕەچـــاوی لایەنـــی ئەرکـــی زمـــانیی ئاخـــاوتنەکە لەســـەرجەم ئاســـتەکاندا بکـــات، هەروەهـــا ئەو فـــاکتەرە لەبەرچاوبگرێـــت، کە بـــۆ بەرامـــبەر جـــێگەی بـــایەخە، بـــۆئەمەش ســـود لە فـــاکتەری دەرونـــی دەبینێـــت، بـــۆ نمـــوونە کاتێـــک مامۆســـتایەک دەیەوێـــت ســـەرنجی خوێنـــدکارەکانی ڕابکێشێت بۆ مەبەستێک سود لە کردەی تکاکردن دەبینێت و دەڵێت:

- تکاتان لێدەکەم گوێ بۆ قسەکانم بگرن و کارییان پێبکەن، چونکە بۆ قازانجی ئێوەمە.
- لوتف بفەرموون و ئەوەی من پێتان دەڵێم جێبەجێی بکەن، چونکە بۆ ئێوەمە.
- هیوادارم ئەوەی من دەیڵێم جێبەجێی بکەن، بەڵکو سودێکتان پێبگەیەنێت.
- ئەگەر بکرێت ئامۆژگارییەکانمان لەبەرچاوبگرن، دڵنیام ئایندەیەکی گەشتان دەبێت.

لێـــرەدا لەســـەر ئاخێوەر(مامۆســـتا)ەکە پێویســـتە یەکەم هەنگـــاو ڕەچـــاوی لایەنـــی دەنگســـازی بکـــات، چـــونکە دەنـــگ هـــۆیەکی ســـەرەکییە لە گەیانـــدنی واتـــا و مەبەســـتەکانی ئـــاخێوەردا، هەربـــۆیە پێویســـتە لەم ئاســـتەدا کـــارلێکەر ڕەچـــاوی هەریەکە لە (هێـــزو ئـــاوازە و وەســـتان و بەرزی و نزمـــی دەنـــگ و جـــۆری دەنـــگ) بکـــات، بەشـــێوەیەک ســـود لەئـــاوازەیەکی ئاســـایی وەردەگرێـــت و لەگەڵیـــدا تـــۆنی دەنـــگ لەو شـــوێنانەدا بەرزدەکـــاتەوە، کە گـــرنگە بـــۆ بەرامـــبەر، هەروەهـــا هێـــزو وەســـتانی نێـــوان بـــڕگە و وشـــەکان زۆر بەوردی بەکاردەهێنێـــت، بـــۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە سەرنجیان ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاســـتی وشەسازیشـــدا قســـەکەر بەپێـــی دەوروبەر و هـــاوڕێیەتی نێـــوان وشـــەکان ســـودی لە کۆمەڵێـــک وشـــەی (تکـــا، لوتـــف بفەرمـــوون، بەڵکـــو، ئەگەر بکرێـــت) وەرگرتـــووە، چـــونکە هەریەکە

لەم وشـــانە واتـــایەکی کاریگەرییـــان هەیە و ســـەرنجی بەرامـــبەر زیـــاتر ڕادەکێشـــن و ئاخێوەریش لە گەیشتن بە ئامانجەکەی نزیکتر دەکەنەوە.

لە ئاســتی ڕستەسازیشــدا قســەکەر ئەو کەرەســتەیە پێشــدەخات، کە بەهــایەکی بــۆ گــوێگر هەیە، هەربــۆیە لەم ئاســتەدا نیــرەر چەمکــی (بــاس و خــواس) پــێچەوانە دەکــاتەوە و ئەو کەرەستەیە بە ترۆپک دەکات، کە بۆ وەرگر بایەخێکی هەیە، هەربۆیە لەجیاتی بڵێت:

- تکاتان لێدەکەم گوێ بۆ قسەکانم بگرن و کارییان پێبکەن، بۆ قازانجی ئێوەمە.

باس خواس

دەڵێت:

- من بۆ قازانجی ئێوەمە تکاتان لێدەکەم گوێ بۆ قسەکانم بگرن و کارییان پێبکەن.

خواس باس

یان لە جیاتی بڵێت:

- من بۆ ئێوەمە لوتف بفەرموون و ئەوەی من پێتان دەڵێم جێبەجێی بکەن.

باس خواس

دەڵێت:

- لوتف بفەرموون و ئەوەی من پێتان دەڵێم جێبەجێی بکەن ، من بۆ ئێوەمە.

خواس باس

یاخود لەجیاتی بڵێت:

- ئەگەر بکرێت ئامۆژگارییەکانمان لەبەرچاوبگرن، دڵنیام ئایندەیەکی گەشتان دەبێت.

باس خواس

دەڵێت:

- دڵنیام ئایندەیەکی گەشتان دەبێت ئەگەر بکرێت ئامۆژگارییەکانمان لەبەرچاوبگرن.

خواس باس

لەئاســتی سیمانتیکیشــدا ئــاخێوەر بــۆئەوەی کــاریگەری لەســەر بەرامــبەرەکەی دروســتبکات، لەهەنــدێک بــاردا پەیامەکــانی بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ ئاڕاســتەی وەرگــر دەکــات و دەیەوێــت لەم ڕێــگەیەوە ســەرنجی ڕابکێشــێت و بە ئامــانجەکەی بگــات، بــۆئەمەش ڕەچــاوی پەیوەنــدی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات لەپێناو گەیشتن بە لوتکەی پرۆسەکە، وەک دەڵێت:

- تکاتان لێدەکەم گوێ بۆ قسەکانم بگرن و کارییان پێبکەن، چونکە بۆ قازانجی ئێوەمە.

لێرەدا ئاخێوەر بەشێوەیەکی ئاشکرا هێزی ڕاکێشانی بۆ ئەرکی تکاکردن بەکارهێناوە و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بە ئامانجێک بگات.

لە ئاستی پراگماتیکیشدا ئاخێوەر ڕەچاوی دەوروبەری ئاخاوتنەکان دەکات، دواتر پەیامەکانی بەرهەمدەهێنێت، واتە کەشی ئاخاوتنەکان وادەخوازێت قسەکەر بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، پەنا بۆ دەروازەی ناڕاستەوخۆ ببات، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە سەرنجیڕابکێشێت و بەمەبەستەکەی بگات ، هەربۆیە دەڵێت:

- تکایە خوێندکارەکانی دواوە گوێیان لەهیچ نییە.
- تکایە بەڕێزان لوتف بفەرموون با لەیەکتر تێبگەین.

لێرەدا مامۆستاکە ئەم ڕستەیەی بۆ مەبەستە سیمانتیکییەکەی بەکارنەهێناوە، بەواتایەکیتر قسەکەر بەپێی دەوروبەرەکە ئەم ڕستەیەی بۆ مەبەستی هەواڵگەیاندن بەکارنەهێناوە، بەڵکو دەیەوێت پراگماتیکییانە لەڕێگەی کردەی تکاکردنەوە سەرنجی ئەو خوێندکارانە ڕابکێشێت، کە ژاوە ژاوی پۆلەکە کەمبکەنەوە، یاخود بێدەنگ بن.

## ٢/٣-١٣) پاڕانەوە:

پاڕانەوە ئەرکێکیتری زمانە و بریتییە لە پاڕانەوەی قسەکەر لە گوێگر، بەجۆرێک کە گوێگر کەسێکی بەدەسەڵات و خاوەن بڕیارە و توانای جێبەجێکردنی داواکارییەکانی قسەکەری هەیە. پاڕانەوەش هەرجۆرێکی داواکردنە، بەڵام لەڕووی پلەو پایەی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هەیە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم کردەیە زیاتر لەلایەن کەسانی بێهێز لەڕووی دەسەڵات و پلەوپایەوە ئەنجامدەدرێت. لە کردەی ئاخاوتندا ئاخێوەر هەندێکجار بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات، پەنا بۆ کردەی پاڕانەوە دەبات، لەم کردەیەشدا لەسەر قسەکەر پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکاندا بکات، هەروەها ئەو فاکتەرە لەبەرچاوبگرێت، کە بۆ گوێگر بەهادارە، بۆ نموونە کاتێک کەسێک کرێچییەو دەیەوێت خاوەن ماڵەکەی دەرینەکات، لێرەدا قسەکەر بۆئەوەی بتوانێت سەرنجی گوێگر ڕابکێشێت، بەڕەچاوکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر، هەروەها بە سودوەرگرتن لە ئاستی دەنگی و ڕەچاوکردنی شێوازێکی زمانیی بێهێز کردەکە ئەنجامدەدات، بەشێوەیەک لەم ئەرکەی زماندا ئاوازە ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، کە تێیدا قسەکەر بەئاوازەیەکی نزم و خاو لەگەڵیدا هەندێکجار تێکەڵ بە گریان، کە بۆ وروژاندنی هەست و سۆزی گوێگرە، هەروەها

بەکارهێنـــــانی دەربـــــڕینە نازمانییەکـــــانیش بەهەمانشـــــێوە کاریگەرییـــــان هەیە وەک (ســەرنزمکردنەوە بـۆ خــوارەوە و لەســەریەک دانــانی دەســتەکان بەرەو خوارەوە،.....هتــد)، جــگە لەمەش بەبەکارهێنـــانی هێـــزو وەســـتانی نێـــوان بـــڕگە و دەربڕینەکـــان بەشـــێوەیەکی ورد دەیەوێت سەرنجی خاوەن خانووەکە بۆخۆی ڕابکێشێت و بەمەبەستەکەی بگات دەڵێت:

- تو ئەو خوایە لە خانووەکەت دەرمان مەکە.
- تو خاتری ئەو مانگە پیرۆزە بێماڵمان مەکە.
- بیکە بە خاتری گەورەیی خۆت و بێلانەمان مەکە.

لە ئاســتی وشەسازیشــدا ســود لە کۆمەڵێــک وشــەی کــاریگەر دەبینێــت، بـۆئەمەش ســود لە هــاوڕێیەتی وشــەکان، هەروەهــا واتــای دەوروبەری وشــەکان وەردەگرێــت لەپێنــاو بەدیهێنــانی ئامــانجەکەی، چــونکە ئاشــکرایە وشــە بە کەرەســتەیەکی گرنــگ لەپرۆســەی هێــزی ڕاکێشــاندا دادەنرێــت، هەربــۆیە لەم ئاســتەدا ئەو وشــانە گــوڵبژێر دەکــات، کە بــۆ ئەو دەوروبەرە واتــایەکی کــاریگەری هەیە، هەربــۆیە لێــرەدا قســەکەر ســودی لە کۆمەڵێــک وشــەی وەک (تــو ئەوخــوایە، توخــاتری ئەم مــانگە پیــرۆزە، خــاتری گەورەیــی خــۆت) بینیــوە، کە ئەمەش بــۆ دروســتکردنی کاریگەرییە لە سەر بەرامبەر.

لەئاســتی ڕستەسازیشــدا ئاشــکرایە ئــاخێوەر بەو کەرەســتەیە دەســتپێدەکات، کە بــۆ بەرامــبەر جــێگەی بــایەخە، چــونکە ڕســتە خــاڵێکی گرنگــی دیــکەیە بــۆ گەیشــتن بە ترۆپکــی پرۆســـەکە، هەربـــۆیە لەم ئاســـتەدا قســـەکەر چەمکـــی (بـــاس و خـــواس) پـــێچەوانە دەکـــاتەوە و ئەو کەرەســـتەیە بە لـــوتکە دەکـــات، کە جـــێگەی بایەخپێـــدانی گـــویگرە، تـــاوەکو لەم ڕێـــگەیەوە سەرنجیڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات، بۆیە لە جیاتی بڵێت:

- <u>دەرمان مەکە</u> <u>تو ئەو خوایە لە خانووەکەت.</u>

باس خواس

دەڵێت:

- <u>تو ئەو خوایە لە خانووەکەت</u> <u>دەرمان مەکە.</u>

خواس باس

یان لەجیاتی بڵێت:

- <u>بێماڵمان مەکە</u> <u>تو خاتری ئەم مانگە پیرۆزە.</u>

باس خواس

دەڵێت:

- تو خاتری ئەو مانگە پیرۆزە بێماڵمان مەکە.

باس خواس

لەئاستی سیمانتیکیشدا هەندێکجار کەشی ئاخاوتنەکان و دەوروبەری ئاخاوتنەکان وادەخوازیت نێرەر پەیامەکەی بەشێوەیەکی سیمانتیکییانە ئاڕاستەی وەرگر بکات، بۆئەمەش قسەکەر ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە سەرنجی گوێگرەکە بۆخۆی ڕابکێشێت و بە ئامانجەکەی بگات، واتە لەم ئاستەدا ئاخێوەر سود لەو وشە هاوواتایە دەبینێت، کە کاریگەری زیاتر لەسەر بەرامبەر دروستدەکات. هەربۆیە دەڵێت:

- تو خاتری ئەو مانگە پیرۆزە بێماڵمان مەکە.
- بیکە بە خاتری گەورەیی خۆت و بێلانەمان مەکە.

ئاشکرایە لێرەدا ئاخێوەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئەرکی پاڕانەوەوە سەرنجی بەرامبەری ڕاکێشاوە، بۆئەمەش سودی لە وشەی (بێماڵ، بێلانە) وەرگرتووە، کە هاوواتای یەکترن، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی پراگماتیکیشدا ئاخێوەر ڕەچاوی ئەو دەوروبەرە دەکات، کە ئاخاوتنەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، هەربۆیە لەم ئاستەدا قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی ئاڕاستەی گوێگر دەکات، بۆئەوەی لەم ڕێگەیەوە بەرامبەرەکەی بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە و بە ئامانجەکەی بگات، هەربۆیە دەڵێت:

- توخوا با منداڵەکانم نەکەونە سەرجادە.
- لەڕاهی خوا ڕەحم و بەزەییەکت هەبێت.
- بیکە سەدەقەی سەری خۆت و ماڵ و منداڵت.

بێگومان هەریەکە لەم دەربڕینانە قسەکەر بۆ واتا سیمانتیکییەکەی بەکاری نەهێناون، بەڵکو بەپێی دەوروبەرەکە بەشێوەیەکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی کردەی پاڕانەوەوە دەیەوێت سەرنجی گوێگر بۆئەوە ڕابکێشێت، کە لە خانوەکە دەرینەکات، ئەمەش ئەو هێزەیە، کە لە کردەی ئاخاوتندا پەیڕەودەکرێت.

### ١٤-٢/٣) دوعاكردن:

دوعـــاكردن بەیەكێكیتـــر لە ئەركە گرنگەكـــانی زمـــان دادەنرێـــت، كە بەشـــێوەیەكی بەردەوام ئـــاخێوەر ڕۆژانە لە بـــۆنەو بـــوارە كۆمەڵایەتییەكانـــدا بەكاریـــدەهێنێت، لە نزاكردنـــدا (مـــرۆڤ لە هێزێكـــی ســـەرووی خـــۆی دەپـــاڕێتەوە و داوای ئەنجامـــدانی كـــارێكی لێـــدەكات، واتە نزاكـــردن جـــۆرێكە لە داوا، بەڵام جیاوازیشـــیان هەیە، چـــونكە لە دوعاكردنـــدا پـــلەو پـــایەی نێـــوان قســـەكەر و گـــوێگر بەشـــێوەیەک دوورن، كە بەراورد نـــاكرێن.)(تۆفیـــق،١٩٩٥، ٦٧). دوعـــاكردن دووجـــۆری ســـەرەكی هەیە، كە بـــریتین لە: (دوعـــای چـــاک- دوعـــابۆكردن) و (دوعـــای خـــراپ- دوعـــالێكردن). لەكـــردەی ئاخاوتنـــدا زۆرجـــار قســـەكەر لەپێنـــاو سەرنجڕاكێشـــانی گـــوێگردا، پەنـــا بـــۆ ئەركـــی دوعـــاكردن دەبـــات و دەیەوێـــت لەم ڕێـــگەیەوە كـــاریگەری لەســـەر بەرامـــبەر دروســـتبكات، بـــۆئەمەش لەســـەر ئـــاخێوەر پێویســـتە ڕەچـــاوی لایەنـــی ئەركـــی زمـــانیی ئاخـــاوتنەكە لەســـەرجەم ئاســـتەكاندا بكـــات، هەروەهـــا ئەو فـــاكتەرە لەبەرچاوبگرێـــت، كە جـــێگەی بایەخپێـــدانی بەرامـــبەرە، بـــۆ نمـــوونە كاتێـــک كەســـێک دەچێـــت بـــۆ لای نەخۆشـــێک بەڕەچـــاوكردنی لایەنـــی دەرونـــی نەخۆشـــەكە زمـــان بـــۆ ئەركـــی دوعـــاكردن بەكاردەهێنێـــت و دەیەوێـــت لەم ڕێـــگەیەوە سەرنجیڕابكیشـــێت، بەجۆرێـــک ئەگەر ئـــاخێوەر لە ڕەگەزی (مـــێ) بێـــت، ئاشـــكرایە شـــێوازی بەكارهێنانەكەش جیاواز دەبێت، بەمشێوەیە:

لەئاســـتی دەنگـــدا ئـــافرەت زیـــاتر ســـود لە ئـــاوازەیەكی تـــاڕادەیەک بەرز دەبینێـــت، هەروەهـــا لەگەڵیشـــیدا زمـــانی جەســـتەش زیـــاتر بەكاردەهێنێـــت وەک دەســـتبەرزكردنەوە بـــۆ ســـەرەوە، كە ئامـــاژەیەكە بـــۆ پـــاڕانەوە بـــۆ كەســـی گـــوێگر بـــۆئەوەی زیـــاتر كـــاریگەری لەســـەر دروســـتبكات، هەربۆیە دەڵێت:

- یاڕەبی خوای گەورە شیفای بەڕەحمت بۆ بنێرێت.
- ئیشەڵڵا بەڵا گێڕە.
- ڕەبی دەردەبەڵات لەمن كەوێت.
- خوای گەورە ڕەزیلی سەرجێگاو سەرینت نەكات.
- خوا بەگەنجی و جوانی خۆت لەگەڵبكات.

بەڵام ئەگەر قســـەكەر لە ڕەگەزی نێـــر بـــوو ئاشـــكرایە ئاســـتی دەنگـــی نێـــر لە ئاخاوتنـــدا جیـــاوازە، هەربـــۆیە كاتێـــک قســـەكەر دەیەوێـــت ســـەرنجی گـــوێگر ڕابكێشـــێت ســـود لە ئـــاوازەیەكی ئاســـایی دەبینێت و دەڵێت:

- خوا شیفات بۆ بنێرێت.
- چاكدەبیت ئیشەڵڵا.

- کەفارەتە.
- خوا رەحمت لێبکات (پێبکات).

لەئاستی وشەسازیشدا دوای دەنگ کاریگەری وشە دەستپێدەکات، چونکە لە کردەی ئاخاوتندا وشەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە هێزی ڕاکێشاندا دەبینن، هەربۆیە لەم ئاستەدا قسەکەر بەلەبەرچاوگرتنی هاوڕێیەتی نیوان وشەکان، هەروەها واتای دەوروبەری وشەکان، ئەو وشانە بەکاردەهێنێت، کە بۆ گویگر بەهایەکییان هەیە، وەک (شیفا، بەلاگێر، کەفارەت، ڕەحمی خوا، دەردوبەلا،....هتد)، چونکە هەریەکە لەم وشانە لەڕووی دەرونییەوە کاریگەرییان لەسەر گوێگر هەیە، ئاخێوەریش بە بەبەکارهێنانیان ئاسانتر دەتوانێت کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا نێرەر بەو کەرەستەیە دەستپێدەکات، کە بۆ وەرگر بەهادارە، هەربۆیە لەم ئاستەدا چەمکی (باس و خواس) لەپێناو سەرنجڕاکێشانی بەرامبەردا پێچەوانە دەکاتەوە و ئەو کەرەستەیە بە تۆپیک دەکات، کە بۆ بەرامبەر بەهادارە، بۆ نموونە کاتێک دایک و باوکێک دەیانەویت سەرنجی کورەکەیان ڕابکێشن، کە بەنیازی ئەنجامدانی کارێکە، لێرەدا دایک و باوکەکە لەڕێگەی دوعاکردنەوە دەیانەوێت کاریگەری لەسەر کوڕەکەیان دروستبکەن، هەربۆیە لەجیاتی بڵێن:

- <u>کاک ئەحمدی شێخ</u> <u>سەرکەوتوو بیت</u>. (مێ)
  باس خواس
- <u>کوڕی خۆم</u> <u>خوا مۆفەقت بکات</u>. (نێر)
  باس خواس

دەڵێن:

- <u>سەرکەوتوو بیت</u> <u>کاک ئەحمەدی شێخ</u>. (مێ)
  خواس باس
- <u>خوا مۆفەقت بکات</u> <u>کوڕی خۆم</u> (نێر)
  خواس باس

لە ئاستی سیمانتیکیشدا هەندێکجار بارودۆخی ئاخاوتنەکان وادەخوازێت، کە ئاخێوەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی پشت بە دەروازی ڕاستەوخۆ ببەستێت، بۆئەمەش ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و لەڕێگەی ئەرکی دوعاکردنەوە سەرنجی بەرامبەرەکەی سیمانتیکییانە ڕادەکێشێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەیەوێت دوعایەکی

خـراپ لە کەسـێکی تـر بکـات چەنـد دەربڕینێـک بەکاردەهێنێـت بـۆئەوەی کـاریگەری لەسـەر دروستبکات، وەک ئەگەر قسەکەر (مێ) بێت دەڵێت:

- خوا لەناوی دەمت بدات.
- خوا ڕوو ڕەشت بکات
- دەردی بێدەرمان بگریت.
- کوێرایت دایە.

ئەگەر قسەکەر (نێر) بێت دەڵێت:

- خەجاڵەتی دونیاو قیامەت بیت.
- خێر لەماڵ و سامانت نەبینیت.
- ڕوو زەردی دونیا و قیامەت بیت.

ئاشـکرایە لێـرەدا لەهەریەکە لەم دەربڕینـانەدا ئـاخێوەر بەشـێوەیەکی ئاشـکرا و بـێ هـیچ پـێچ و پەنـایەک پەیـامەکەی ئاڕاسـتەی بەرامـبەر کـردووە، تـاوەکو لەم ڕێـگەیەوە سەرنجیڕابکێشـێت و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاسـتی پراگماتیکیشـدا قسـەکەر بەڕەچـاوکردنی دەوروبەری ئاخاوتنەکـان پەیـامەکەی بەشـێوەکی ناڕاسـتەوخۆ ئاڕاسـتە دەکـات، چـونکە لە کـردەی ئاخاوتنـدا دەوروبەر ڕۆڵێکـی گرنـگ لە ڕونکـردنەوەی واتـای پراگماتیکیـدا دەبینێـت، هەربـۆیە لەم ئاسـتەدا قسـەکەر لەپێنـاو دروسـتکردنی کـاریگەری پەیـامەکەی بەشـێوەیەکی شـاراوە بـۆ گـوێگر دەنێرێـت، بۆنمـوونە کاتێـک دایکێـک دەیەوێـت سـەرنجی کـچەکەی بـۆ خـۆی ڕابکێشـیت پەنـا بـۆ کـردەی دوعـاکردن دەبات و پراگماتیکییانە دەیەوێت سەرنجیڕابکێشێت، بۆیە دەڵێت:

- خوا دەست بەباڵتەوە بگرێت.
- ڕوو سپی بیت، ڕوو سوور بیت.
- خوایە بەردی ساردو گەرمت نەیەتە ڕێ.
- بەبەختی چاک بیت.

ئاشـکرایە هەریەکە لەم دەربـڕاوانە بـۆ واتـا سـیمانتیکییەکەی بەکارنەهـاتوون، بەڵکـو بەپێـی دەوروبەر بـۆ واتـایەکی پراگمـاتیکی هـاتوون و ئـاخێوەر بـۆ سەرنجڕاکێشـانی بەرامـبەر سـودی لێ بینیوون.

## ٣/٢-١٥) هەڕەشەکردن:

هەڕەشەکردن بەیەکێکی تر لە ئەرکەکانی زمان دادەنرێت، کە لە زۆربەی بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەرچاودەکەوێت. هەڕەشەکردن زیاتر لەلایەن ئەو کەسانەوە پیادە دەکرێت، کە لەڕووی پلەو پایە و دەسەڵاتەوە لە گوێگر بە دەسەڵاتترن، لە هەڕەشەکردندا ئاخێوەر زیاتر بە زمانی هێز دەدوێت، بۆئەمەش سودێکی زۆر لە دەربڕینە نازمانییەکانی وەک (پەنجەڕاوەشاندن، چاولێزیتکردنەوە، گرژکردنی برۆکان،....هتد) وەردەگرێت. لەکردەی ئاخاوتندا هەندێکجار نێرەر بۆئەوەی سەرنجی وەرگر ڕابکێشێت پەنا بۆ کردەی هەڕەشەکردن دەبات و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر بەرامبەر دروستبکات و بە مەبەستەکەی بگات. لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا بۆئەوەی هێزی ڕاکێشان بە ئاستێکی بالآ بگات، لەسەر ئاخێوەر پێویستە ڕەچاوی لایەنی ئەرکی زمانیی ئاخاوتنەکە لەسەرجەم ئاستەکاندا بکات، هەروەها ئەو فاکتەرە لەبەرچاوبگرێت، کە بۆ بەرامبەر جیگەی بایەخە، بۆ نموونە کاتێک دایکێک دەیەوێت سەرنجی منداڵەکەی ڕابکێشێت بۆئەوەی کارێکی هەڵە نەکات، یاخود دووبارەینەکاتەوە، یەکەم هەنگاو بەکارهێنانی دەنگییەتی، لەم ئاستەدا قسەکەر (دایک) بۆئەوەی کاریگەری لەسەر گوێگر (منداڵ) دروستبکات، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی کردەکە ئەنجامدەدات، لەپێناو ئەوەی کاریگەری لەسەر دروستبکات، هەربۆیە دەڵێت:

- مەگەر باوکت نەگەڕێتەوە.
- ژن نەبم ئەگەر بە باوکت نەڵێم.
- شەرتبێ شین و مۆرت بکەمەوە.

ئاشکرایە هەریەکە لەم دەربڕینانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر منداڵەکە هەیە و دایکەکە سودێکی زۆری لێدەبینێت بۆئەوەی بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی وشەسازیشدا لەدوای دەنگ قسەکەر هەوڵدەدات ئەو وشانە بەکاربهێنێت، کە واتایەکی کاریگەرییان هەیە، هەربۆیە لەم ئاستەدا ڕەچاوی هاوڕێیەتی نێوان وشەکان و دەوروبەری واتایی وشەکان دەکات و کۆمەڵێک وشەی وەک (گوێت دەبڕم، چاوت دەردێنم، دەمت دەشکێنم، سزات دەدەم، ئاقڵت دەکەم، تۆڵەت لێدەکەمەوە، .....هتد.) هەڵدەبژێرێت وەک دەڵێت:

- سوێند بەخوا دەبێت ئاقڵت بکەم.
- وەڵڵا تۆڵەت لێدەکەمەوە.
- پیاو نەبم سزات نەدەم.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا ئاخێوەر بۆئەوەی واتاو مەبەستەکانی بە بەرامبەر بگەن، بەو کەرەستەیە دەستپێدەکات، کە بۆ بەرامبەر جێگەی بایەخە، هەربۆیە لەم ئاستەدا چەمکی (باس و خواس) پێچەوانە دەکاتەوە و ئەو کەرەستەیە بە لوتکە دەکات، کە بۆ بەرامبەر بەهایەکی هەیە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دروستبکات و بە مەبەستەکەی بگات، بۆ نموونە هەندێکجار ئەگەر وڵاتێک بیەوێت وڵاتێکی تر بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بەرەچاوکردنی فاکتەری سیاسی پەنا بۆ کردەی هەڕەشەکردن دەبات و لەجیاتی بڵێت:

- ئەگەر دەست لەم کارەتان هەڵنەگرن و پەشیماننەبنەوە هەڵوێستی جدیمان دەبێت.

باس خواس

دەڵێت:

- هەڵوێستی جدیمان دەبێت ئەگەر دەست لەم کارەتان هەڵنەگرن و پەشیماننەبنەوە.

خواس باس

یان لەجیاتی بڵێت:

- ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن گشت پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان دەپچڕێنین.

باس خواس

دەڵێت:

- گشت پەیوەندییە دیبلۆماسییەکان دەپچڕێنین ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوام بن.

خواس باس

لەئاستی سیمانتیکیشدا زۆرکات چوارچێوەی ئاخاوتنەکان وادەخوازێت، کە قسەکەر پەیامەکانی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی گوێگر بکات، تاوەکو بتوانێت بیخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، هەربۆیە لەم ئاستەدا نێرەر ڕەچاوی پەیوەندیی واتایی( ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دروستدەکات بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەری ئابوری دەڵێت:

- ئەگەر قسەکانمان بەجدی وەرنەگرن گەمارۆی ئابوریتان دەخەینەسەر.
- ئەگەر قسەکانمان بەجدی وەرنەگرن یارمەتی ساڵانەکەتان دەبڕین.
- شادەماری ئابوریتان دەپچڕێنین.

ئاشـكرایە لێـرەدا ئـاخێوەر سـیمانتیکییانە پەیـامەکەی ئاڕاسـتەی بەرامـبەر کـردووە بەبـێ هـیچ پـێچ و پەنـایەک و لەڕێـگەی کـردەی هەڕەشـەکردنەوە سـەرنجی ڕاکێشـاون، بـۆئەوەی بە ئامانجەکەیان بگەن.

لە ئاسـتی پراگماتیکـدا هەنـدێکجار کەشـی ئاخاوتنەکـان وادەخوازێـت، کە ئـاخێوەر بەشـێوەکی ناڕاسـتەوخۆ سـەرنجی بەرامـبەر ڕابکێشـێت، هەربـۆیە لەم ئاسـتەدا ئـاخێوەر بـۆئەوەی بە ئامانجەکـانی بگـات پشـت بەو دەوروبەرە دەبەسـتێت، کە ئاخـاوتنەکەی تێـدا ئەنجامـدەدرێت، بـۆ نمـوونە کاتێـک کێشـەیەک دەکەوێـتە نێـوان دوو عەشـیرەتەوە، یەکێکیـان دەیەوێـت کـاریگەری لەسـەر لایەنەکەی تـر دروسـتبکات، پەنـا بـۆ ئەرکـی هەڕەشـەکردن دەبـات و بەرچاوکردنی پێگەی کۆمەلایەتی پەیامەکە بەشێوەیەکی پراگماتیکییانە دەنێرن و دەڵێن:

- ئەم کارەی ئێوە کردتان قابیلی قبوڵ نییە و بێدەنگیش نابین.
- بەرامبەر ئەو کارەی کردتان هەروا دەستەوەستان ناوەستین.
- هیوادارین ئەم کارەی کردتان جارێکیتر دووبارەی نەکەنەوە.
- ئەگەر هەروا بەردەوام بن ئیمەش بێدەنگ نابین.

ئاشـکرایە هەریەکە لەم دەربڕینـانە بـۆ واتـا سـیمانتیکییەکانیان بەکـارنەهێنراون، بەڵکـو قسـەکەر بەپێـی دەوروبەرەکە پراگماتیکییـانە هێـزی ڕاکێشـانی بـۆ کـردەی هەڕەشـەکردن بەکارهێنـاوە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بە مەبەستەکەی بگات.

## ٢/٣-١٦) پۆزشهێنانەوە:

پۆزشـهێنانەوە یەکێکیتـرە لە ئەرکە گرنگەکـانی زمـان، کە لەبـۆنە کۆمەلایەتییەکانـدا بەکاردەهێنرێـت، ئەم کـردەیەش لە کاتێکـدا پەنـای بۆدەبرێـت، کە قسـەکەر هەسـت بەهەڵەیەک، یـان کەموکـورتییەک بکـات، ئەمەش لە زۆربەی حاڵەتەکانـدا بـۆ بـرەودانە بە پەیوەنـدییە کۆمەلایەتییەکـانی نێـوان تاکەکـان. لەکـردەی ئاخاوتنـدا هەنـدێکجار نێـرەر بـۆئەوەی سـەرنجی وەرگـر بۆخـۆی ڕابکێشـیت پەنـا بـۆ کـردەی پۆزشـهێنانەوە دەبـات، تـاوەکو لەم ڕێـگەیەوە کـاریگەری لەسـەر دروسـتبکات. لەم پرۆسـەیەدا بـۆ ئەوەی هێـزی ڕاکێشـان بە ئاسـتێکی بـاڵا بگـات، لەسـەر ئـاخێوەر پێویسـتە ڕەچـاوی لایەنـی ئەرکـی زمـانیی ئاخـاوتنەکە لەسـەرجەم ئاسـتەکاندا بکـات، هەروەهـا ئەو فـاکتەرە لەبەرچـاو بگرێـت، کە بـۆ بەرامـبەر بـایەخێکی هەیە، بۆنمـوونە کاتێـک لە فەرمانگەیەکـدا فەرمانبەرێـک نوسـراوێک بەهەڵە دەکـات، لێـرەدا فەرمـانبەرەکە بـۆئەوەی کـاریگەری لەسـەر بەرێـوەبەرەکەی دروسـتبکات بەرچـاوکردنی پـێگەی کـۆمەلایەتی، هەروەهـا نازنـاوی گـوێگرەکە پەنـا بـۆ کـردەی پۆزشـهێنانەوە دەبـات و دەیەوێـت لەم ڕێـگەیەوە سەرنجیڕابکێشـیت و بە ئامـانجەکەی بگـات، هەربـۆیە

بەلەبەرچاوگرتنی لایەنی دەنگ کردەکە ئەنجامدەدات، بەشێوەیەک لەم کردەیەدا سود لە ئاوازەیەکی نزم لەگەڵیدا وەستانێکی کورت و هەروەها هێز خستنە سەر وشە مەبەستدار، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات، بۆیە دەڵێت:

- جەنابی بەڕێوەبەر زۆر داوای لێبوردن دەکەم نەمزانیبوو نوسراوەکەم بەهەڵە کردووە.
- کاک (......) بەڕێز بەمەبەست نەبوو، ئینشەڵڵا دووبارە نابێتەوە.

ئاشکرایە لەدوای دەنگ کاریگەری وشە دەستپێدەکات، هەربۆیە لەم ئاستەدا وشە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بنیاتنان و داڕشتنی شێوازی ئەو دەربڕینانەی، کە لە هێزی ڕاکێشاندا بەکاردەهێنرێن، چونکە تاوەکو وشەکان کاریگەرترین سەرنجی گوێگر زیاتر بۆلای خۆیان ڕادەکێشن، هەربۆیە لێرەدا لەسەر ئاخێوەر پێویستە هاوڕێیەتی نێوان وشەکان و دوروبەری وشەکان لەبەرچاوبگرێت لەپێناو گەیشتن بە لوتکەی پرۆسەکە، بۆیە قسەکەر لەم کردەیەدا سود لە کۆمەڵێک وشەی وەک (داوای لێبوردن، بەگیانی برایەتیمان، نەمدەویست، مەبەستم نەبوو، ببورە، دووبارە نابێتەوە، عەفوم بکە، بەگەورەیی خۆت،.....هتد) وەردەگرێت، تاوەکو کاریگەری زیاتر لەسەر بەرامبەر دروستبکات و بە ئامانجەکەی بگات.

لە ئاستی ڕستەسازیشدا ئاشکرایە نێرەر ئەو کەرەستەیە دەکاتە سەرتۆپی بابەتەکەی، کە بۆ وەرگر بەهایەکی هەیە، هەربۆیە لەم ئاستەدا قسەکەر چەمکی (باس و خواس) لەپێناو سەرنجراکێشانی گوێگردا پێچەوانە دەکاتەوە، تاوەکو بە مەبەستەکەی بگات، بۆ نموونە لێرەدا ئەگەر فەرمانبەرەکە ڕۆژێک پێشتر دەوامی نەکردبێت لەجیاتی بڵێت:

- <u>دوێنێ نەمتوانی پابەند بم بەدەوامەوە</u>، <u>زۆر داوای لێبوردن دەکەم کاک(...)ی بەڕێز</u>.

باس خواس

دەڵێت:

- <u>زۆر داوای لێبوردن دەکەم کاک(...)ی بەڕێز</u> <u>دوێنێ نەمتوانی پابەند بم بەدەوامەوە.</u>

خواس باس

لە ئاستی سیمانتیکیشدا ئاخێوەر ڕەچاوی پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) دەکات و پەیامەکانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەرامبەر دەکات، بۆئەوەی بە لوتکەی پرۆسەکە بگات و کاریگەری لەسەر بەرامبەرەکەی دروستبکات، هەربۆیە لێرەدا فەرمانبەرەکە دەڵێت:

- ببەخشە  کە نەمتوانی دوێنێ دەوامبکەم.
- داوای لێبوردن دەکەم کە نەمتوانی دوێنێ دەوام بکەم.
- مەبەستم نەبوو دوێنێ دەوام نەکەم، بەڵام زۆر زەروربووم.

هەرچـــی پەیوەســـتە بە ئاســـتی پراگمـــاتیکەوە، ئاشـــکرایە ئـــاخێوەر بـــۆئەوەی ســـەرنجی بەرامـــبەرەکەی ڕابکیشـــێت، لەم ئاســـتەدا پشـــت بە بـــاری دەوروبەر دەبەســـتێت بـــۆ گەیانـــدنی واتـــاو مەبەســـتەکەی، واتە بەمەبەســـت پەیـــامەکەی بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ ئاڕاســـتەی بەرامـــبەر دەکـــات، تـــاوەکو لەم ڕێـــگەیەوە کـــاریگەری لەســـەر دروســـتبکات، هەربـــۆیە لێـــرەدا فەرمانبەرەکە دەڵێت:

- جەنابی بەڕێوەبەر ئەوەی دوێنێ ڕوویدا بەمەبەست نەبوو.
- ئینشەڵڵا دووبارە نابێتەوە.
- بەگەورەیی خۆت لەبیریبکە.
- بڕوات هەبێت تازە زانیومە.

ئاشـــکرایە هەریەکە لەم دەربڕینـــانەی قســـەکەر بـــۆ واتـــا ســـیمانتیکییەکەی نیـــیە، بەڵکـــو دەیەوێـــت بەشـــێوەیەکی شـــاراوە ســـەرنجی گـــوێگر بـــۆ کـــردەی پۆزشـــهێنانەوە ڕابکێشـــێت و لەم ڕێـــگەیەوە بە ئامانجەکەی بگات.

# ئەنجام

# ئەنجام

لەکۆتایی نامەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

1. زمـــان هۆکـــاریکی ســـەرەکی و بنەڕەتیـــیە لە پرۆســـەی پەیوەندیکردنـــدا، هێـــزی ڕاکێشـــانیش وەک کردەیەکـــی مەبەســـتدار ئـــاخێوەر بـــۆ ئامـــانجێکی دیـــاریکراو بەکاریـــدەهێنێت، ئەم ئامـــانجەش دەکرێـــت بـــۆ(ڕازیکردن، داواکـــردن، ئاگـــادارکردنەوە، هەواڵگەیانـــدن، تکـــاکردن، ستایشـــکردن، هانـــدان، ماســـتاوکردن، پرســـیارکردن،.....هتد) بێـــت، کە تێیـــدا ڕەچـــاوی کۆمەڵێـــک هۆکـــاری گرنگـــی وەک (دەرونـــی، ئـــاینی، سیاســـی، ڕۆشـــنبیری، کـــۆمەڵایەتی، سیاسی) لەپێناو سەرکەوتنی پرۆسەکەدا دەکرێت.
2. تیـــۆری ئەرکـــی هێـــزی ڕاکێشـــانی بە یەکێـــک لە ئەرکە گرنگەکـــانی زمـــان دانـــاوەو لەژێـــر ناونیشـــانی (سەرنجڕاکێشـــان)دا ئامـــاژەی پێکـــردووە، کە ئـــاخێوەر بەبەردەوامـــی لە ژیـــانی ڕۆژانەدا لە ســـەرجەم بـــۆنە کۆمەڵایەتییەکانـــدا بەمەبەســـتی دروســـتکردنی کـــاریگەری لەســـەر بەرامبەر سودێکی زۆری لێدەبینێت.
3. لە کـــردەی ئاخاوتنـــدا ســـەرجەم ئاســـتەکانی زمـــان ڕۆڵێکـــی گرنـــگ و ســـەرەکی لە هێـــزی ڕاکێشـــاندا دەگێـــڕن، بەشـــێوەیەک تیـــۆری ئەرکـــی لە ئاســـتی دەنگســـازیدا فـــۆنیمە ناکەرتییەکـــان بەیەکێـــک لە گرنگتـــرین هۆکارەکـــانی دروســـتبوونی هێـــزی ڕاکێشـــان دادەنـــێن و پێیـــانوایە هەریەکە لە (هێـــز و ئـــاوازە و وەســـتان و قەبـــارەی دەنـــگ و جـــۆری دەنـــگ) ڕۆڵیـــان لەکـــاتی ئاخاوتنـــدا دەردەکەوێـــت، هەر لەبەر ئەوەشـــە لە ئاســـتی دەنگســـازیدا فـــۆنیمە ناکەرتییەکـــان ڕۆڵێکـــی گرنـــگ و بەرچاویـــان لە پەیوەنـــدی نێـــوان ئاخێوەرانـــدا بـــۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەر هەیە.
4. تیـــۆری ئەرکـــی لە ئاســـتی وشەســـازیدا گرنگییەکـــی زۆر بەهـــاوڕێیەتی نێـــوان وشـــەکان و واتـــای دەوروبەری وشـــەکان دەدات، لەبەرئەوەی کـــاریگەرییەکی زۆریـــان لە پرۆســـەی هێـــزی ڕاکێشـــاندا هەیە، بەشـــێوەیەک بەپێـــی ئەم تیـــۆرە دەوروبەر تـــاکە ڕێگـــایە، کە واتـــای فەرهەنگـــی و واتـــای مەبەســـت ڕوونـــدەکاتەوە، چـــونکە وشـــە وەک دانەیەکـــی زمـــانی خـــاوەنی ئەم دوو جـــۆرە واتـــایەیە، هەربۆیەشـــە وشـــە بەیەکێـــک لە چەکە هەرە بەهێزەکـــانی دروستکردنی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان لەکردەی ئاخاوتندا دادەنرێت.
5. لە تیـــۆری ئەرکیـــدا چەمکـــی (بـــاس و خـــواس) ڕۆڵێکـــی گرنـــگ و بەرچـــاو لە دروســـتکردنی هێـــزی ڕاکێشـــاندا دەگێڕێـــت، کە تێیـــدا ئـــاخێوەر لەپێنـــاو سەرنجڕاکێشـــانی بەرامـــبەردا ئەو کەرەســـتەیە بە لـــوتکە دەکـــات، کە بـــۆ بەرامـــبەر جـــێگەی بـــایەخە، هەربـــۆیە لە ئاســـتی

ڕستەسازیدا ڕۆنانی ڕستە بە خاڵێکی گرنگی تری دروستکردنی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا دادەنرێت.

6. لێکدانەوەی تیۆری ئەرکی بۆ هێزی ڕاکێشان لە ئاستی سیمانتیکدا ئەوەیە، کە ئاماژەیان بە پەیوەندی واتایی (ئاسۆیی و ستوونی) کردووە، کە ڕۆڵیان لە پرۆسەی هێزی ڕاکێشاندا هەیە، بەشێوەیەک لەئاستی ستوونیدا قسەکەر لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر گوێگر سود لە پەیوەندیی هاوواتایی دەبینێت، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە بە ئامانجەکەی بگات.

7. لە تیۆری ئەرکیدا بەستنەوەی وشە و ڕستەو دەربڕاوەکان بەدەوروبەرەوە بە هەنگاوێکی سەرەکی بۆ دروستکردنی کاریگەری پەیام لەسەر بەرامبەر دادەنرێت، هەروەها خاڵێکیشە بۆ بەستنەوەی پرۆسەی هێزی ڕاکێشان بە ئاستی پراگماتیکەوە، لەبەرئەوەی دەوروبەر بنەمایەکە لە بنەماکانی پراگماتیک، بەواتایەکی تر پراگماتیک و هێزی ڕاکێشان لە کردەی ئاخاوتندا ئاوێتەی یەکتر دەبن، چونکە هەردووکیان پشت بە چوارچێوەی بەکارهێنان دەبەستن.

8. هەڵبژاردنی شێوازێکی زمانی گونجاو یەکێکیترە لە هەنگاوە گرنگەکان، چونکە لە پرۆسەی هێزی ڕاکێشاندا دەوروبەرو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە کاریگەری تەواوی لەسەر شێوازو دەربڕینەکانی ئاخێوەر هەیە، بەشێوەیەک ئامانج و بۆنە و کات و شوێنی ئاخاوتنەکە و تەمەن و ڕەگەز و پلەو پایەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر، ئاخێوەر ئاڕاستەدەکەن بە هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو لەپێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بەرامبەر و گەیشتن بە ئامانجەکەی.

9. لە کردەی ئاخاوتندا هۆکارە کاریگەرەکانی وەک (دەرونی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابوری سیاسی، ڕۆشنبیری) ڕۆڵێکی یەکجار باڵا لە سەرخستنی پرۆسەی هێزی ڕاکێشاندا دەبینن و بە ڕەچاوکردنیان قسەکەر بە لوتکەی پرۆسەکە دەگات.

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## کوردی


١. عەبـــدولرەحمان، شـــيلان عوســـمان(٢٠٠٩)، کـــارابوونی زمـــان لە پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتیەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

٢. خۆشـناو و عەبـدڵڵا، نەریمـان عەبـدوڵڵا و ئیـدریس(٢٠١٠)، کوردۆلـۆجی، چـاپی شەشـەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

3. دزەیـی و ئەوانـی تـر، عەبدولواحیـد موشـیر و دانـا تەحسـین و دەرون عبـدلرەحمان(٢٠١٥)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤. دزەیـی، پ. د.عبدولواحیـد موشـیر(٢٠٢١)، هێـز و کـاریگەری ڕسـتەی پـرس، چـاپی یەکە، هەولێر.

٥. دزەیـی، د.عەبدولواحیـد موشـیر(٢٠٠٩)، واتاسـازی چەنـد لێکـۆڵینەوەیەکی سـیمانتیکی و پراگماتیکییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، هەولێر.

٦. دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر(٢٠٠٥)، ڕەهەنـدی دەرونـی لەبـواری پراگماتیکـدا، چاپخـانەی شەهاب، هەولێر.

٧. دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر(٢٠١٠)، واتاسـازی وشـە و ڕسـتە، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

8. دزەیـی، عەبدولواحیـد موشـیر(٢٠١٢)، شـێواز و پراگماتیـک، چاپـا ئێکـێ، چاپخانەیـا الروضـە/ ئیستەنبول.

٩. دزەیی، عەبدولواحید موشیر(٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، چاپی دووەم، هەولێر.

10. سـەعید، پ.د. یوسـف شـەریف(٢٠١١)، زمـانەوانی، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١١. صـالح، دەروون عبـدالرحمن (٢٠٢٠)، ڕۆڵـی زمـان لە ئاراسـتەکردنی لایەنـی دەرونیـی تاکـدا (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەرونییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان.

12. علـی، طالـب حسـین(٢٠١١)، واتاسـازی چەنـد بـابەتێکی لێکـدانەوەی واتـای وشـە، چاپخـانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٣. عەلـی و قـادر، پ.ی.د.بەکـر عـومەر، م.شـێرکۆ حەمەئەمـین (٢٠٠٦)، زار و شـێوەزار، چـاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

١٤. عەلـی، مـحەمەد مـحەمەد یـونس(٢٠١٠)، دەروازەیەک بـۆ زمـانەوانی، وەرگێڕانـی: نەریمـان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

١٥. فەتــاح، پرۆفیســۆر د. مــحەمەد مەعــروف(٢٠١٠)، لێکــۆڵینەوە زمانەوانییەکــان، کــۆکردنەوە و ئامــادەکردنی شــێروان حســێن خۆشــناو و شــێروان میــرزا قــادر، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
16. فەتاح، محەمەد مەعروف(١٩٩٠)، زمانەوانی، چاپخانەی دارالحکمە، هەولێر.
١٧. فەرهــادی، ســاجیدە عەبــدوڵلا(٢٠٠٨)، ڕســتە و پــاش ڕســتە، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی ئــاراس، هەولێر.
18. قــادر، کــاروان عــومەر(٢٠٠٨)، ڕســتەی باســمەند لەزمــانی کوردیــدا، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی تیشک، سلێمانی.
19. کــاکی، د. حەمە نــوری عــومەر(٢٠٠٨)، شــێواز لە شــیعری کلاســیکی کوردیــدا، مەڵبەنــدی کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک ، سلێمانی.
٢٠. گــوڵمحەمەدی، ئەحــمەد(٢٠٠٧)، بەجیهــانیبوون ، کلتــوور، شــوناس، و/ عەبــدوڵلا بەهرامــی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
٢١. محمــد، د.دارا حمیــد(٢٠١٤)، هەنــدێ لایەن لە تیۆرەکــانی زمــان، چــاپی یەکەم، چاپخــانەی گەنج.
22. محمــد، دارا حمیــد(٢٠١٠)، واتاســازی هەنــدێ لایەن لە ســیمانتیک و پراگمــاتیکی کــوردی، چاپخانەی ژیر، چاپی یەکەم.
23. مــحەمەد، حــاتەم ولیــا(٢٠٠٩)، پەیوەنــدییە ڕۆنانییەکــانی نوانــدنە سینتاکســییەکان، چــاپی یەکەم، چاپخانەی خانی ، دهۆک.
24. وەیــس، غــازی فــاتح(١٩٨٤)، فۆنەتیــک، لە چاپکراوەکــانی ئەمینــداریێتی گشــتی ڕۆشــنبیری و لاوان، ناوچەی کوردستان، زنجیرە (٥)، چاپخانەی الادیب، چاپی یەکەم بەغداد.

## نامەی زانکۆیی

١. امــین، بیــان مــلا حمــد(٢٠١٣) ، ڕێبــازی ئەرکــی و شــیکردنەوەی دەق ، نــامەی ماســتەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین .
2. بابــان، عبــدالله عزیــز محمــد(١٩٩٠)، گــۆڕانی واتــای وشــە لەکوردیــدا، نــامەی ماســتەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
3. بــــرزو، ئومێــد بەرزان (٢٠١٠)، مۆرفۆســـینتاکس و دروســـتەکانی لەشـــێوەزاری خانەقیـــدا توێژینەوەیەکی کارەکییە، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
4. توفیــق، قــیس کاکــل(١٩٩٥)، جۆرەکــانی ڕســتە و تیــۆری کــردە قســەییەکان، نــامەی ماســتەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

5. حســن، ڕێــژنه ســیف الــدین(٢٠٢٠)، کــردەی پلانــدانانی ئاخــاوتن له پرۆســەی وانەوتــنەوەدا خوێنــدنی زابکــۆیی به نموونه(لێکــۆڵینەوەیەکی زمــانەوانی دەروونیــیه)، نــامەی دکتــۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
6. حوســێن، ڕێــژنه مەعــروف(٢٠١٠)، ڕۆڵــی شــێوەزاره کۆمەلایەتییەکــان لەدەوڵەمەنــد کردنــی فەرهەنگی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
7. حەمەد، ســۆران عەبولڕەحمــان(٢٠١٤)، ڕۆڵــی ئــاوازه له گەیانــدنی واتــادا، نــامەی ماســتەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
8. حەمەکەریــم، نەریمــان حەســەن(٢٠١٥)، دروســتەی ســیمانتیک لەزمــانی کوردیــدا، نــامەی ماستەر سکوڵی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
9. دزەیــی، عبدالواحــد موشــیر(٢٠٠٤)، واتــای کــاریگەر له بــواری ڕاگەیاندنــدا لێکــۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییه، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
10. ســەعید، نــاز ئەکــرەم (٢٠١٣)، کــردە قســەییەکان (هێــورکردنەوه لەدەربڕینــدا)، نــامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. شــەمس، هــێمن عەبدولحەمیــد(٢٠٠٦)، شــێواز و دەربــڕین لەبــۆنه کۆمەلایەتییەکانــدا، نــامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەرده، زانکۆی کۆیه.
12. صــالح، ئــاوات ئەحمــد محمــد(٢٠٠٩)، شــێوازی گــوتنی فەرمانــدان له زمــانی کوردیــدا لێکــۆڵینەوەیەکی پراگمــاتیکییه، نــامەی ماســتەر، کــۆلێجی زمــان، زانکــۆی ســەلاحەدین، هەولێر.
١٣. صــدیق، شــێرزاد ســعید(٢٠٠٨)، ڕســتەی زمــانی کــوردی بەپێــی تیــۆری (کــاتیگۆری پێــوانه)ی هالیدەی لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییه ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین .
14. عــارف، زوبێــر عەلــی(٢٠١٢)، ئیــدیەم لەشــێوەزاری هەورامیــدا، نــامەی ماســتەر، ســکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
15. عــومەر، نەوزاد ئەنــوەر(٢٠١٤)، هەنــدێک لایەنــی کــۆمەلایەتی پراگماتیــک له زمــانی کوردیــدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
16. عەبــدوڵلا، هیــوا مەولــود(٢٠١٦)، ئەنالۆژیــای کــۆد گــۆڕینەوه له زمــان کوردیــدا، نــامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
17. عەلــی، تالیــب حســێن(١٩٩٨)، هەنــدێک لایەنــی پەیوەنــدی ڕســته و واتــایی له زمــانی کوردیــدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
18. عەلــی، کســپه ئەبــوبەکر(٢٠١١)، پەیوەنــدی بیــر و زمــان له کوردیــدا، نــامەی ماســتەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

19. فەرەج، شاخەوان جەلال(٢٠١١)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

20. فەرەج، هۆگر مەحموود(٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

21. قادر، هانی فخری(٢٠٢١)، ڕێکخستنی زانیاری لە ڕستەی زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی بنیات، زانکۆی دهۆک.

٢٢. محمد، دارا حمید(٢٠٠٦) ، پەیوەندییە واتاییەکان ، نامەی ماستەر، بەغدا.

23. محەمەد، پێشکەوت مەجید( ٢٠١٣)، ڕەگەز لەڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

24. معین، سازان رضا (٢٠٠٥)، واتاو دەوروبەر ، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

25. موسا، عبدالوهاب خالید(٢٠٠٧)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی ژووروودا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر.

26. مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمە ڕەشید(٢٠١٢)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا)، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٢٧. واحد، ساکار کەمال(٢٠١٣)، کاریگەری دەنگ لەسەر گۆڕانی واتا لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٨. ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد(٢٠١٥)، تێکردە بیرییەکان لە پەیکاڵبوونی (فۆرم) و (واتا)دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

## گۆڤار

١. برزو و عەزیز، ئومێد بەرزان، عومەر ئەحمەد(٢٠١٩)، هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و هەمەجۆری لە زماندا، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان، سلێمانی، ژمارە (٢).

2. دزەیی، پ.ی.د.عبدالواحید مشیر محمود(٢٠١٤)، ڕێزمانی ئەرکی و پەیوەندی بە پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، گۆڤاری زانکۆی دهۆک بۆ زانستە مرۆڤاییەتییەکان، بەرگی ١٧، ژمارە(٢)،

3. دزەیی، پ.ی.د.عبدالواحید موشیر محمود(٢٠١٠)، ڕۆڵی زمان لە دەستنیشانکردنی کەسایەتی تاکدا، لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازی ڕەوشتییە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٠).

٤. دزەیـــی، عەبدولواحیـــد موشـــیر(٢٠٠٦)، واتـــا لەنێـــوان ســـیمانتیک و پراگماتیکـــدا (لێکـــۆڵینەوەیەکی ئەرکـــی شـــیکارییە)، گۆڤـــاری الاســـتاذ، ژمـــارە (٥٦)، کـــۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد، زانکۆی بەغدا.
٥. دزەیـــی، عەبدولواحیـــد موشـــیر(٢٠٠٩)، کـــاریگەری هێـــز لە پەیوەنـــدی نێـــوان ئاخێوەرانـــدا، لێکـــۆڵینەوەیەکی پراگمـــاتیکییە، گۆڤـــاری زانکـــۆی ســـەلاحەدین بـــۆ زانســـتە مرۆڤایەتییەکـــان، ژمارە (٤٢).
٦. ســـورخی، رەحـــیم (٢٠١٦)، زمـــان ، کەلتـــور و پێوەنـــدییە مرۆییەکـــان، ســـایتی پێنـــوس، بەرواری سەردانی کردن (٢٠٢١/٩/٢٧).
٧. شـــەمس و قـــادر، د.شـــێرکۆ حەمەئەمـــین، هـــێمن عبدولحەمیـــد(٢٠١٠)، شـــێوازی ئاخـــاوتنی ژن لە کۆیە (تێروانینێکی پراگماتیکی)، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ژمارە (١٤).
٨. صـــالح، دەرون عبـــدالرحمن(٢٠١٨)، بەهـــای زمـــان لە شـــتنەوەی مێشـــکدا، گۆڤـــاری زانکـــۆی کەرکوک بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (١٣) ، ژمارە (١).
٩. عەبـــدولکەریم، کـــاوە(٢٠٠٧)، زمـــان و پرۆســـەی پەیوەنـــدیکردن، گۆڤـــاری ڕامـــان، ژمـــارە (١١٨).
١٠. عەلـــی و عەول، د.بەکـــر عـــومەر و د.مـــحەمەد عـــومەر(٢٠١٠)، ئـــاوازو پراگماتیـــک لە ئاخـــاوتنی ناراســـتەوخۆدا لە دیـــالێکتی کرمـــانجی خـــوارووا، گۆڤـــاری زانکـــۆی ســـلێمانی، ژمـــارە (٢٨) ، بەشی (B).
١١. فەتـــاح، مـــحەمەد مەعـــروف(١٩٨٦)، ســـنور و بنەمـــاو ئەرکەکـــانی کۆزمـــانەوانی، گۆڤـــاری ڕۆشنبیری، ژمارە (١١٢).
١٢. موحسین، بەهزاد(٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩).

**عەرەبی**

١. ابـــو اصـــبح، صـــالح خلیـــل(١٩٩٩)، الاتصـــال والاعـــلام فـــی المجتمعـــات المعاصـــره، ط٣ ، دار ارام للدراسات والنشر، عمان، الاردن.
٢. ابو مغلی ، سمیع (١٩٨٧) ، کتابات فی اللغه ، شریکه الاصدقاء للطابعه والتجاره.
٣. احمـــد ، یحیـــی ،(١٩٩٩) ، الاتجـــاه الـــوظیفی ودوره فـــی تحلیـــل اللـــغه، عـــالم الفکـــر، المجلـــد العشرون ، العدد الثالث، کویت.
4. اوستن،(١٩٩١)، نظریه افعال الکلام، ترجمه: عبدالقادر قنینی، افریقیا، الشرق دار البیضاء.
5. البجـاری، صـباح عبدالصـمد(٢٠١٥)، آثـر مهـارات الاتصـال اللفظـی فـی التحصـیل ق الاسـتقباء لـدی طلـبه المـرحله الثـانیه، انتـاج فـی قسـم التقنیـات المیکـانکیه، مجـله کلـیه التـربیه الانسـانیه للعلوم التربویه الانسانیه، جامعه بابل، العدد(٢٠).

6. براون،ج ب، و.ج يول(١٩٩٧) تحليل الخطاب، ترجمه محمد الزليطني، و منير التريكي(الرياض: جامعه الملك سعود.
7. بشر، د.كمال(٢٠٠٠)، علم الاصوات، دار غريب للطباعه والنشر والتوزيع، القاهره.
8. بلقاسم، دفه (٢٠٠٩)، التركيب اللغوي من منظور اللسانيات التداوليه ديوان(كاني آري) للشاعر عبدالقادر الحصني النموذجا، كليه الاداب والعلوم الانسانيه والاجتيماعيه، جامعه بسكره، الجزائر.
9. الحمد، غانم قدوري(٢٠٠٢)، المدخل الي علم الاصوات العربيه، منشورات المجمع العلمي، بغداد.
10. الحمداني، موفق(١٩٨٢)، اللغه و علم النفس، دار الكتب للطباعه والنشر، الموصل.
11. خرما ، د. نايف (١٩٧٨) ، اضواء علي الدراسات اللغويه ، المعاصر عالم المعرفه ، يصدرها المجلس الوطني للثقافه والفنون والاداب ، الكويت.
12. خليل، ابراهيم(٢٠٠٩)، المدخل العلم اللغه.
13. الخولي، محمد علي(١٩٨٢)، معجم علم اللغه النظري،(ئنكليزي-عربي)، مكتبه لبنان، بيروت.
14. الخولي، محمد علي(١٩٨٧)، الاصوات اللغويه، مكتبه الخريجي، الرياض.
١٥. روبنز ، (١٩٩٧) ، موجز تاريخ علم اللغه ، ت.د احمد عوض ، الكويت .
16. سامسون، جفري(١٩٩٧)، مدارس اللسانيات التسابق والتطور، ترجمه: د.محمد زيد كبه، جامعه ملك سعود.
17. السعران، محمود (١٩٥٨) ، اللغه والمجتمع ، رآي و منهج ، بنغازي.
18. الشايب، فوزي حسن(٢٠١٢)، قراءات و اصوات، عالم الكتب الحديث، ط١، الاردن.
19. شحرور، ليلي (٢٠٠٩)، فن التوصل والاقناع، الطبعه الاولي الدار العربيه للعلم و ناشرون ، لبنان.
٢٠. عبدالعزيز، محمد حسن (١٩٨٣) ، مدخل الي علم اللغه ، دار النمر للطباعه ، قاهره.
٢١. علي، محمد محمد يونس(٢٠٠٤) ، مدخل الي اللسانيات، دار الكتب الجديد المتحده بنغازي، ط(١).
٢٢. عمر، احمد موختار(١٩٧٧)، مدرسه براغ اللغويه، مجله كليه الاداب و التربيه، كويت، عدد(١١).
23. عمر، احمد مختار(١٩٨٨)، علم الدلاله، الطبعه الثانيه، القاهره.
24. عمر، د.احمد مختار(١٩٨٢)، علم الدلاله، كويت.

25. عياد، شكرى محمد(١٩٨٨)، اللغه والابداع، مبادى علم الاسلوب العربى، ط١، دمشق.
٢٦. فضل، صلاح (١٩٩٨) ، نظريه البنائيه فى النقد الادبى، الطبع الاول، دار الشروق، القاهره.
27. كامل، الدكتوره وفاء محمد(١٩٩٧)، البنيويه فى اللسانيات، عالم الفكر، كويت، المجلد ٢٦ ، عدد (٢).
٢٨. لاينز، جون(١٩٨٧) ، اللغه و المعنى و السياق ، ترجمه عباس صادق عبدالوهاب ، بغداد .
29. المتوكل، احمد(٢٠١٦)، المنهج الوظيفى فى البحث اللسانى، ط١، دار الامان ، الرباط.
30. المتوكل، احمد(٢٠١٢)، اللسانيات الوظيفيه المقارنه، دراسه فى التنميط و التطور، دار العربيه للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر.
31. موسى، دكتور رشاد على عبدالعزيز(١٩٩٨)، سيكولوچيه الفروق بين الجنسين، الطبعه الثانيه، موسسه المختار للنشر والتوزيع، القاهره.
٣٢. نهر ، هادى (١٩٨٨) ، علم اللغه الاجتماعى عند العرب ، دار الغصون ، بيروت.
٣٣. هدسن (١٩٨٧)، علم اللغه الاجتماعى عند العرب، بيروت ، دار الغضون.
٣٤. هيشن، كلاوس(٢٠٠٢) ، القضايا الاساسيه فى علم اللغه ، ت.د سعيد حسن، موسسه المختار، القاهره.
٣٥. وافى، د. على عبدالواحد(١٩٧١)، اللغه والمجتمع ، دار نهضه مصر للطبع والنشر، الفجاله، القاهره.
36. يحيى، احمد(١٩٨٤)، المجله العربيه العلوم الانسانيه، المجلد الرابع.
٣٧. يوسف، د.جمعه سيد(١٩٩٠)، سيكولوجيه اللغه والمرض العقلى، عالم المعرفه، سلسله كتب الثقافيه شهريه، الكويت.

**فارسی**

١. مهاجر، مهران ، (١٩٩٧) ، بەسوی زبانشناسی شعر، نشر مرکز ، تهران، ١٣٧٦.

**ئینگلیزی**

1. Fatimayin, Foluke (2018), what is Communication? (Research gate), School of Education, National Open University of Nigeria, Lagos.
2. Pearson, j, nelson, p, titsworth, sand Harter, L. (2003) Human communication, MC Graw- Hill higher Education.
3. Elinda, I. and Youssef, E. A. (2001). Introduction to Mass Communication. Cairo: Cairo University.
4. Keating, Elizabeth, (2013), Language and Culture, University of Texas at Austin, USA.
5. Snell Julia, (2014), social class and language, research gate, university of Leeds.

6. Hudson Richard A. (1996), Sociolinguistics, 2ed, Great Britain: Cambridge University Press.
7. Kuo, Ming-Mu, (2016), Linguistics across Cultures: The Impact of Culture on Second Language Learning, Assistant Professor, and the Department of Foreign Language Instruction Wenzao Ursuline College of Languages.
8. Dr. V. Radhika, M. A, B. ED, M PHIL, PHD Asset Prof G R- II, (2017) Importance of Communication in Language Learning, International Journal of English Language, Literature and Humanities.
9. Radhika Kapur, September 2020, the Elements of Communication (Article) University of Delhi.
10. Keyton, J. (2005). Communication and Organizational Culture, North Carolina State University.
11. Fred C. Lunenburg, (2010), communication: The Process, Barriers, And Improving Effectiveness, Sam Houston State University.
12. Rasul, kawa Abdul Kareem, (2006), the syntax of journalism with Refernce of English and Kurdish, Salahddin University – Erbil, master degree.
13. Bonner, William H., and Lillian H. Chaney. (2003), Communicating effectiveEffectively in an Information Age. Second Edition, Dame Publishing.
14. Hanson, R.E. (2005). Mass Communication: Living in a Media World. Boston: Mc Graw-Hill High Education.
15. Kapur, Radhika (2020) the models of communication, university of Delhi, research gate.
16. Almurashi, Wael Abdulrahman (2016), An Introduction to Hallidays Systemic Functional Linguistics, Journal for the study of English linguistics, vol 4.
17. Dik, Simon, (1978), functional grammar, Amsterdam, north Hollan.
18. Fairclough, Norman (2001), Power and Language, Lancaster University, ResearchGate.
19. Halliday M.A.K. (1971), Introduction to Functional Grammar, London.
20. Halliday M.A.K. (2003): On Language and Linguistics. London: Great Britain by MPG Books Ltd, Bodmin, Cornwall.
21. Halliday M.A.K. Halliday (1973). Exploration in the Functions of language, Edward Arnold.
22. Hu Zhuanglin. (1988). *A Course of Linguistics*. Peking: Peking University Press.
23. Hurmmiz, Salam Nimat (2009), Politeness in English and Syriac: A comparative Study, Unpublishesd PhD, Dissertation, University of Salahaddin- Erbil.
24. J. Lachlan Mackenzie, (1993), what is functional grammar, free university, amsterdan.
25. Langendoen, Terence (1969), the London school of linguistics.
26. Leech, G (1983), Principles of pragmatics, London, Logman.
27. Levinson, S.C. (1997), Pragmatics, Cambridge University Press.
28. Liu, Mingxia (2019), The Research on body languages role in English teaching, International journal of English Literature and social science.

29. Longkumer, Arkotong, (2016), the power of persuasion: Hindutva, Christianity, and the discourse of religion and culture in Northeast India, research gate, The University of Edinburgh.
30. Lyons, J., (1981). Language and linguistics. Cambridge university press.
31. Martinet, Andre (1964), Elements of general Lingustics, translated by Palmer E. Faber Ltd, London.
32. Pennebaker & King, James W, Laura A (2000), Linguistic Style: Language use as an Individual Difference, Journal of Personailty and Social Psychology, Research Gate.
33. Robins, R, H, (1967), Ashort history of Linguistics, Lendend Longman, London.
34. Sampson, Geoffrey (1980), schools of linguistics competition and evolution.
35. Saussure, f, Ed, (1968), course de linguistique general payot, parris.
36. Seuren, P. A. M, (1998) Western Linguistics: An Historical introduction (oxford: Blackwell publishers Ltd.
37. Thomas Holtgraves and Benjamin Lasky, (1999), Lingustics Power and Persuasion, Journal of Language and Social Psychology. Research articl.
38. Vijendra Pratap Singh, (2018), Language and Body Language, assistant prof in India, research gate.
39. Wang, Xue (2020), Segmental versus suprasegmental which one is more important to teach? Research gate, RELC Journal.
40. Wong, Joel (2014), The Psychology of encouragement, Indian university Bloomington, research gate.

**پێگەی ئینتەرنێت**

1. Transaction Model of Communication – Introduction to Communication in nursing (ryerson.ca).
2. Prague Linguistic Circle - New World Encyclopedia.
3. The powerful language of encouragement | CareforKids.com.au.

# ملخص البحث

هـذا البحـث بعنـوان (قـوة الاجتـذاب فـي الافعـال الكلاميـة) وهـو بحـث اجتمـاعي لغـوي، والـذي عمـل فـي إطـار نظريـة الوظيفـة وأخـذت المـواد البحثيـة مـن لغـة الكـلام اليوميـة للنـاس، تتكـون مـن ثلاثـة فصول عدا المقدمة و قائمة المصادر و النتائج.

ينـاقش الفصـل الأول عمليـة الاتصـال المتعلقـة بـالمجتمع والتـي تشـمل نظريـا المواضـع التاليـة: اللغـة وعمليـة الاتصـال، مفهـوم الاتصـال و تعريفـة، أنـواع الاتصـال، أهـداف العمليـة الاتصـال ، أشـكال الاتصـال ، نظريـات الاتصـال ، ثـم دور الاتصـال و اهميـة، اللغـة والمجتمـع يـتم مـن خلالهـا شـرح اللغـة والثقافـة و تـأثير اللغـة والثقافـة فـي بعضـهما الـبعض، وكـذلك يتطـرق الحـديث عـن وظيفـة اللغـة فـي العلاقـات الاجتماعيـة والوظيفـة الاجتماعيـة للغـة والعلاقـات الاجتماعيـة بـين الأفراد.

امـا الفصـل الثـاني ، فينـاول موضـوع قـوة الجـذب المتعلقـة بالنظريـة الوظيفيـة. وقـد ناقشـنا فـيه، قـوة الجـذب فـي الفعـل الكلامـي، والعوامـل التـي تـؤثر فـي قـوة الجـذب بـين متحـدثين، كـذلك بحثنـا او تناولنـا علـى انعكـاس الجاذبيـة فـي مسـتويات اللغـة الكرديـة المتعلقـة بالنظريـة الوظيفيـة مثـل (الصوتيات ، المفردات ، النحو ، الدلالات ، البراغماتية).

امـا الفصـل الثالـث ، وناقشـنا ممارسـة قـوة الجـذب فـي المهـام اللغويـة ، والتـي تـذكر بإيجـاز الجـذب فـي المهـام اللغويـة مـن منظـور نهـج المهمـة ، مثـل التواصـل ، وطـرح الأسـئلة ، والمطالبـة ، والأداء ، ومـا إلـى ذلـك، لأن التركيـز الرئيسـي لهـذا البحـث ينصـب علـى المناسـبات الاجتماعيـة ، هـذا الفصـل تطبيقيـآ لقـوة الجـذب فـي المناسـبات الاجتماعيـة تحـت عنـوان (ربـط الانجـذاب بالوظـائف اللغويـة فـي المناسـبات الاجتماعيـة) مثـل (الإقنـاع ، الخـداع ، الثنـاء ، التشـجيع، الشـتائم ، التبـاهي ، الهجـوم، الإهانـة، الترافـع، الـدعاء، التهديـد، الاعتذار)،مـذيلا بخـاتمه لأهـم النتـائج لتـى توصلنا إليها.

# Abstract

This research is entitled (The Power of Attraction in the Speech), and it is a socio-linguistic research, He worked within the framework of functional theory and drew his research materials from the everyday language of the people, in addition to the vocational, conclusions and list of sources, this paper consists of three parts:

The first part discusses the communication process related to society, which theoretically includes the following topics: language and the communication process, the concept and definition of communication, types of communication, goals of the communication process, forms of communication, theories of communication, and the role and importance of communication. Language and Society Language and culture are explained, the influence of language and culture on each other, as well as the function of language in social relations, the social function of language, and social relations between individuals.

In the second part, the force of attraction related to the theory of function is discussed. In this section, the force of attraction in the speech act was discussed, and the factors affecting the force of attraction between speakers, and we worked on the reflection of attraction in the levels of the Kurdish language related to functional theory such as (phonetics, vocabulary, grammar, semantics, pragmatics).

In the third section, we discussed the practice of attraction in language tasks, which briefly mentions attraction in language tasks from a task approach perspective, such as communicating, asking questions, prompting, performing, etc. Because the main focus of this research is on social occasions, this section is devoted practically The power of attraction in social events under the heading (linking attraction to linguistic functions in social events) such as (persuasion, deception, praise, encouragement, encouragement) insults, ostentatiously, attacking, insulting, pleading, pleading, pleading, supplicating, threatening, apologizing), which has been very carefully prepared.

حكومة إقليم كردستان / العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسه‌جامعة السليمانية
كلية التربية الاساسية
قسم اللغة الكردية

# قوة الاجتذاب في الافعال الكلامية

## (دراسة لغوية اجتماعية)

رسالة تقدمت بها الطالبة :
ژاوەرۆ عباس عمر

لمجلس كلية التربية الاساسية/ قسم اللغة الكردية بجامعة السليمانية وهي جزء من متطلبات نيل شهاده الماجستير في اللغة الكردية

بإشراف
أ.م.د. دەرون عبدالرحمن صالح

٢٧٢٢ ك                                        ٢٠٢٢ م

Kurdistan Regional Government / Iraq
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Primary Education
Kurdish Language Department

# The power of Attraction in the speech

(A sociolinguistic study)

A Thesis

Submitted to the council of collage of primary education/ Kurdish language department at university of sulaimani, this is a part of the requirements for obtaining a master's degree in Kurdish language

By:

Zhawaro Abbas Omar

Supervised by:

Asst. prof. Dr. Daron Abdurrahman Saleh

2022 AD Kurdish ٢٧٢٢